نان فرۆش

کزافییە دو مونتبان .

وەرگێرانی

مەدینە ئەحمەد .

پێشەکی

ڕۆمـــانی نـــان فـــرۆش یەکـــێکە لەو ڕۆمانـــانەی کەلە نیـــوەی ســـەدەی نـــۆزدەهەم نوســـراوە لەســـاڵی ١٨٨٩، بەدەرنەبـــووە لەناوبـــانگی و شـــوهرەتێکی باشـــی هەبـــووە ودواتـــر کـــراوە بەشـــانۆیی و زنجیـــرەی تەلەفزیـــۆنی [پەخشـــانە، وشـــەیەکی کودی پەتییە لەهەمبەر تەلەفزیۆن].

ڕۆمـــانێکی تاوانکـــاری و خۆشەویســـتی و تراژیـــدی و تـــۆڵەکردنەوەیە، بـــاس لە نەهەمـــاتی ژنێکـــی خـــاوەن دوو منـــداڵ دەکـــات کەلە دوای مردنـــی مێـــردەکەی لەیەکێـــك لەکارگەکـــانی میکـــانیکی دەســـپێدەکات، وخـــاوەن کـــارگەکە کردویەتـــی بە دەرگـــاوان لەپـــای ئەوەی مێـــردەکەی لەکـــارگەکەی ئەودا مـــردووە و دواتـــر بە دزیـــن و ســـوتاندنی کـــارگەکەی بەڕێـــز جـــۆڵ لابـــرۆ و کوشـــتنی تۆمەتباردەکرێـــت لەلایەن ئەوکەســـەی کە خۆشـــی دەوێـــت و دەخـــرێتە زینـــدان وشـــێت دەبێـــت و دوای بیســـت ویەك ســـاڵ هەڵـــدێت تـــاوەکو بەمنـــداڵەکانی شادببێتەوە و بێتاوانی خۆی بسەلمێنێت.

لیستی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە:

جان فۆرتییە:

بێوەژنێکی خاوەن دوومنداڵ، مێردەکەی لەکاتی ڕاپەڕاندنی کارەکەی لەکارگە مردووە و خاوەن کارگە بۆئەوەی بژێوی ژیانی دابین بکات کردویەتی بە دەرگاوانی کارگە.

جۆڵ لابرۆ:

خاوەن کارگە، ژنەکەی مردووە و کوڕێکی بەناوی لوسیان بۆ بەجێهێشتووە.

جاك جارۆد:

چاودێری کارگە، هاوڕێی پیاوەکەی جان و دوای مردنی پیاوەکەی داوای هاوسەرگیری لێکرد.

جۆرج دارییە:

کوڕی جانە، و نازناوی داریـیە ی هەڵگرتووە لەو خێزانەی بەخێویان کردووە.

پۆڵ هرمان:

کەسێکی مردووە لە خەستەخانە وجاک جارۆد ناوەکەی هەڵگرتووە تائاشکرا نەبێت.

ئۆڤید سۆلیفەر:

کوڕی پوری پۆڵ هرمان.

ماری:

کچی پۆڵ هرمان (جاک جارۆد)، نەخۆشی سیلی هەیە.

فریمی :

ئەو ژنەی لەهەمبەر بەخێوکردنی لوسی پارەی مانگانەی وەردەگرێت.

لوسی:

کچی جانە و دەزگیرانی لوسیان.

لوسیان:

کوڕی جۆڵ لابرۆی کوژرا و خاوەن کارگەیە، و دەزگیرانی لوسی.

خاتوو ئۆگستین:

خاوەنی ئەوکارگەی کە لوسی کاری لێدەکات.

کونت دی ڕیس:

ناوێکی ساختەیه ئۆڤید سۆلیفەر هەڵیگرتووه.

ئاماندا:

هاوکاری لوسی.

لیزا بیرین:

ناوێکی ساختەیه جان دوای هەڵهاتنی هەڵیگرتووه.

هەواڵنامەی کتێب

بەشی یەکەم

ڕێگا

- ١ -

یەکێک بوو لەڕۆژە ساردوو سەختەکانی ئەیلولی 1861، کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ لەشەقامە ساردوو سڕەکەی ئالفۆرث لەشاری ئالفۆرتفێل ئافرەتێک بەپیادە بەجلی ئاسنگەری ڕەش دەڕۆشت، سادەبوو بەڵام ڕێک پۆشییەکی پێوەدیاربوو کەچاو لەسەری لانەدەبرا.

جوان دەرکەوت، بەڵام سۆزی زیاتر تێدا بەدی دەکرا، جوانیەک زیاترماڵئاوایی لەخۆدەگرێت وەک کەشخەیی.

پرچەئاڵتونییەکانی لەسەر شانەکانی شۆڕببوونەوە وتاڵێک پرچیشی وەک ئەڵقە لەنێوچاوانی.

سەرەڕای ئەوەش کاتێک لەچاوانیت دەڕوانی دێڕێک لەدێڕەکانی خەمت دەخوێندەوە، لەڕووخساریدا هەورێکی پڕ لەخەمت دەبینی وەک ئەوەی گەرمکەرەوەی بن.

دەستی ڕاستی دەفرێکی زەنکی هەڵگرتبوو، لەدەستی چەپیشیدا دەستی کوڕە پێنج ساڵانەکەی گرتبوو.

منداڵەکەی بەخاو خلیچکی دەڕۆشت، و لەدواشییەوە ئەسپێکی دارین ومقەبایەکی پێبوو. ئەسپەکەی هەڵگەڕایەوە وکەوتە لایەکەی دیکەی.

منداڵەکە هاواری لەدایکی کرد تاوەکو کەمێك هێواشتر بێت. بەدەنگێکی لەسەرخۆ و تۆنێکی بەسۆزەوە دایکی وتی: ئازیزەکەم ئەسپەکەت هەڵگرە ڕێگایەکی درێژمان لەپێشە.

- بەڵێ دایکە.

منداڵەکە ئەسپەکەی هەڵگرت وشان بەشانی دایکی هەتا لەتوانایدابوو هەنگاوی دەنا. لەکۆتاییدا ڕێگاکەیان بەدووکانێك کۆتایی پێهات. لەیەکێك لەژوورەکان ئافرەتێك بۆپێشوازی دەرکەوت.. خاوەنی دووکانەکە بوو: ئەوەتۆی خاتو فۆرتییە، ڕۆژباش، هیچ خزمەتێکت دەوێ لەمنەوە؟

_ تکایە نەوتم دەوێ.

سەرسامی بەڕووخساری ژنە قەڵەوەکەوە دەرکەوت ووتی: هەم؟ سەیرە، ئەی ئەوەی دوێنێ کڕیت چیت پێکرد؟

_ کوڕەکەم قڵبی کردەوە لەکاتی یاریکردندا.

_ اەەەە، کەوایە ئەوە نهێنییەکەیە، چەنێکت ئەوێ؟

_ چوار لیتر، تا هەموو ڕۆژێ خۆم هیلاك نەکەم بە وەڵام دانەوەی تۆ.

ئافرەتەکە ڕۆشت و نەوتەکەی هێنا: بەڵام ئەبێ زۆر ئاگاداربیت زۆر مەترسیدارە، ئەزانیت ئەودەفرە ئەگەر قڵب بێتەوە ئاگر لە هەموو کارگەکە بەردەدات دەنگی شقارتە هەمیشە بێ مەبەست بەردەبێتەوە.

_ ڕاستە، جۆرجی بێچارەش بە ئەنقەستی نەبووە، بەڵێنێ پێدام جارێکی دیکە وانەکات.

_ حاڵت چۆنە؟ ڕازیت لەسەر ئیشە نوێیەکەت خاتو فۆرتییە؟

شانەکانی هەڵتەکاند و وتی: هەرچۆنێك بێت ئەبێ ڕازی بم، لەم دەردەسەریمەدا.

_ چۆن؟ خۆ خەیاتی پارەیەکی باشتری لەوە بۆدەهێنای؟

_ ڕاستە، بەڵام چۆن خەیاتی بکەم لەکاتێکدا پارەم نییە پێداویستییەکانی بکڕم.

بەخێوکردنی دوومنداڵ پارەیەکی زۆری ئەوێت.

_ لوسی لەکوێیە ئێستا؟ هێشتا لەلای بەخێوکەرەکەیە؟

_ لەبیرجونی جوانی.

_ گومانی تیانیە پارەیەکی زۆری ئەوێت؟

_ مانگی سێ فرەنك.

دواتر لەسنگی خۆی داو ئاخێکی نەهامەتیانەی هەڵکێشاو گڵمە گڵمێکی کردوو وتی: ائەەە، خۆزگە مێردکەم نەدەمرد، ئەگەر زیندوو بوایە نەیدەهێشت وام لێبێت.

_ وایە خاتو فۆرتییە، چۆن ئەیتوانی خەرجی کەم بکاتەوە خۆ خۆی حەوت فرەنکی وەچنگ ئەکەوت ڕۆژانە!

ژنەکە هاواری کردوو وتی: بەسۆزبوو، بوێر بوو، خۆشی دەویستم، خوایە! ئەوکاتەی ئامێرەکە تەقیەوە لەگەڵ کوشتنی ئەو خۆشی و بەختەوری منیش کوژا.

_ کچەکەم نابێ خۆت بەدەستەوە بدەیت، بەلا بەڵا بچوك دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ

سوپاسگوزاری خوابیت کەخاوەن کارگەکە سۆزی خۆی بەسەرتدا هەڵڕژاندووە. ئەی ڕاستە ئەڵێن تەقینەوەکە خەتای مێردەکەی تۆبووە؟

_ بەڵێ، ڕاستە بەداخەوە.

_ لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن کارگەکە تێچووی پرسەکەی لەئەستۆ گرت و هەرچەندە دەیزانی دەرگاوانی بۆژن ناشێ بەڵام نەیویست واز لەهاورکارییەکانی بێنێت.

خاتو فۆرتییە بەزمانێکی بەداخەوە وتی: ڕاستە، بەڕێز لابرۆ زۆر بەخشندە بوو بەرامبەرم،، زۆریش نەك کەم، بەڵام ناتوانم ئەوە لەبیربکەم کەوا لەکارگەی ئەودا مێردەکەم کوژرا، ئەوکارگەیەبۆمن شووم وبەڵایە، ئەگەر لەبەرمنداڵەکانم نەبوایە هەرگیز قایل نەئەبووم بەوکارە، خوایە! چەند بەزەییم بەخۆمدا دێتەوە لەشوێنێك کارەکەم خوێنی مێردەکەمی تیا ڕژاوە، چ دڵێك بەرگەی ئەگرێت.

_ ڕۆڵەکەم خۆت بگرە ئەم خۆ بەدەست دانەوەت هیچ سوودێك بەخەمەکەت ناگەیەنێ، بێ ئەقڵییە بۆمردووەکان بژین، هێشتا لەبەهاری تەمەنتی، جوانیت، زوو بێ یان درەنگ چاوت بەکوڕێکی قۆز دەکەوێت وداوای هاوسەرگیریت

هەواڵنامەی کتێب

لێدەکات، نەکەی بێ ئەقڵی بکەیت وڕەتی بکەیتەوە.

_ هاوسەرگیری بکەمەوە؟ مەحاڵە! مەحاڵە!

پێداگری لەتۆنی دەنگیدا هەبوو.

خاوەن دووکانەکە وتی: ئەم قسانە بەپێی کات جلی خۆی دەگۆڕێت ساڵ بەساڵ بۆچۆنی مرۆڤ دەگۆڕێت، کەسێکی وەك تۆ بۆهەتاهەتایە بەبێ هاوژینی نامێنێتەوە.

_ لەوەیە ڕاست بکەی، هەرکەس هاوسەرگیری بکات پاڵنەری بەهێزی هەیە، منیش هۆکاری خۆمم هەیە وام لێبکات لێی دووربکەومەوە، ئێستا یەك هیوام هەیە ئەویش دەسکەوتنی دوو بۆسێ هەزار فرەنکە.

_ چی لێکەی؟

چیلێکەم؟ ئەهووو، زۆر شت هەیە مرۆڤ بەبیریدا نایەت.

شانەکانی هەڵتەکاندوو وتی: سوودی چییە بیرکردنەوە لێی؟ خەونی هەوایە، نقووم بووم لەهەژاری، هیچ ڕێگەیەکی دەوڵەمەند بوون نییە، هەتا بتوانم بۆبەخێوکردنی منداڵەکانم لەکارگە دەبم. تابتوانم لەداهاتودا لەبەر منداڵەکانم تکا بکەم نەك بۆخۆم.

_ ئۆمێـــدت هەبـــێ کـــچەکەم، ئومێـــد بـــوێری و ئـــارامی مـــرۆڤ زیاددەکـــات. هـــائەوە نەوتەکەیە، ئەگەر بەگـــوێی مـــنەکەی لەدۆڵابەکەدا دایبنـــێ وقوفڵی بدە.

_ دڵنیـــابە تەواو وریـــائەبم، کەس لەمـــن زیـــاتر لەئاگر ناترسێ.

دایـــك و منـــداڵەکە وەدەرکەوتـــن وئەســـپەکەش بەدوایانـــدا. خـــاوەن دووکـــانەکە چـــاوی لەســـەر لانەبـــردوو لەبەردەم خـــۆیەوە وتـــی: چ ئـــافرەتێکی خـــانەدان وبـــوێرە، گومـــانی تیـــانیە زۆر بیـــری مێـــردەکەی دەکـــات، تەمـــاحێکی زۆر لەو ژنەدا دەبیـــنم، خـــۆزگە بـــمزانیبـــایە ئەو ســـێ هەزار فرەنکە واوتی بۆچییەتی؟

دواتـــــر ئـــــاوڕی دایەوەبەرەو لای مـــــازیتی یاریدەدەری وماوەیەك لەوبارەیەوە دەدوان.

جـــان فـــۆرتییە پـــێش مردنـــی پیـــاوەکەی لەخەیاتیـــدا پارەیەکی باشی وەچنگ دەکەوت.

لەتەمەنـــی بیســـت ســـاڵی چـــاوی بە بیبـــر فـــۆرتییەی هاوســـەری کەوەك میکانیـــك لەکـــارگەکەی بەڕێـــز جۆڵ لابرو کاری دەکرد کەوت.

بیبـــر ڕۆژێـــك هەڵەیەکـــی میکـــانیکی کـــردوو یەکێـــك لەئامێرەکـــان تەقیـــیەوە ودەســـبەجێ گیـــانی ســـپارد.

خاوەن کارگەکە لای لەبێوەژنە بێچارەکە کردەوە. دەیزانی هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نییە ودوومنداڵیشی بەسەرەوەیە، کردی بەدەرگاوانی کارگەکە لەپای ئەوەی بەسەر مێردەکەیدا هاتبوو.

جان بێزارببوو لەکارەکەی ومێردەکەشی لەخەیاڵیدابوو لەبەر چاویدا نەدەبزوو.

لەم کارگەیە خوێنی ڕژابوو چ مێشکێك دەتوانێ بەرگەی ئەم یادەوەرییە سامناکە بگرێت؟

بەڵام ڕازی بوو لەسەر کارەکە و خۆی بەئارامگرتن قایل کرد، لەبەر منداڵەکانی وبەس بیر لەکەسی تر ناکاتەوە، هیوای سێ هەزار فرەنکی دەخواست تا خانەیەکی خەیاتی پێبکاتەوە وپارە بۆمنداڵەکانی دابین بکات.

بەدەم ئەم خەیاڵانە وبیرکردنەوانەدا دەنگێك بانگی دەکرد، وەستا بەڵام ڕووی وەرنەگێڕا بۆدەنگەکە.

بەڵکو هەنگاوەکانی خێراتر کرد، دەنگەکە هەربانگی دەکرد: خاتوو فۆرتییە؛ ئەگەر گوێت لێمە منیش وەك تۆ بەرەو کارگەکە دەڕۆم با بارەکەت بۆهەڵگرم.

واخۆی دەرخست کەگوێی لەهیچ نییە.

منداڵەکە ئاوڕی دایەوە وهاواری کرد: دایە، ئەوە جارۆدی هاوڕێمە ئەوەی ئەسپەکەی پێدام.

جارۆد وەدوویان کەوت. گەشتە لای منداڵەکەو ماچێکی کرد دواتر ڕووی بەرەو دایکی وەرگێڕاووتی: خاتو فۆرتییە ئەگەر یەکێك بەوشێوەیە ئێمەی ببینیایە وایدەزانی لێم دەترسی، هەتاڕام نەکرد گوێت لەدەنگم نەبوو خراپەم لەگەڵ کردووی؟

کەمێك شڵەژاو و وتی: ویستم زوو بگەمە کارگە گوێم لێت نەبوو.

بەڵام نکۆڵییەکەی نەبووە هۆی قایل کردنی، وتی: بەڕاست خاتوو فۆرتییە گوێت لێم نەبوو؟

_ بێگومان، ئەوەنییە پێم وتی.

بێدەنگ بوو وتی: لێم مەترسە جان کاتێك دەمبینی، خۆتەزانی هیچ شتێك ئەوەندەی قسەکردن لەگەڵ تۆدڵخۆشم ناکات.

جان بەورییاییەوە وتی: بەڕێز جاك تکایە بەوشێوەیە قسەمەکە، ئەو وشانە ئازارم دەدەن.

_ منیش جان، واتزانی دڵخۆشم؛ نازانیت هەروەك تۆ ئازار ئەکێشم، وشکیت و ڕەتکردنەوەکانت وخۆ دوورخستنەوەت ئازارم دەدەن. هەموو ئازارێك بەدڵم دەگەیەنێت نازانم

چ وشەیەك هەڵبژێرم ودیاری بکەم تاوەسفی بکەم بۆت، خۆشمەوێی جان بەهەموو برینەکانمەوە خۆشمەوێی، دڵم تەنها بۆخۆشەویستی تۆ لێدەدا، ئەوە دەزانی.

جان قسەکانی بڕی و وتی: بینیت بۆچی نەوەستام، تاگوێم لەم قسانە نەبێت.

_ چۆن بێدەنگ بم ودەنگی خۆشەویستم کپ بکەم، بێجگە لەتۆ بیر لەکەسی دیکە ناکەمەوە، خۆشترین کاتی ژیانم ئەوکاتەیە لەگەڵ تۆدام، بەبێ پچڕان لێت بڕوانم وگوێت لێبگرم.

_ منیش بەبێ پچڕان ناوەستم لەوەی بڵێم ئەم خۆشەویستیە هیچە و گەمژەییە.

_ گەمژەیی! بۆچی؟

_ لەبەرئەوەی ناتوانم تۆم خۆشبوێت.

_ پێت وایە؟

_ تەنها پێم وانییە؛ بەڵکو دڵنیاشم لەوەی دەیڵێم.

_ بەڵام من دڵنیام، چەندین شتی مەحاڵ هەن لەژیان کەڕوونادەن، تۆگەنجیت،جوانیەکت هەیە هەموو کەسێك بەخۆیەوە سەرقاڵ ئەکات، ئەوژیانەی ماوتە چۆن بەبێ هاوژینی بەسەر

دەبەی، دووره پەرێز لەخەڵکی ودەرگات بەرەو ڕووی ژیان داخستووه؟ ئەم تەنهایە چۆنەبێت.هااا؟ وەڵام بەرەوه.

_ تکایە بەڕێز جارۆد وازم لێبێنە.

_ بۆچی وازبێنم؟

ئەبێ ئەوەت بیربێت بیبر هاوڕێت بوو هێشتا پێنج مانگیش بەسەر مردنەکەی تێنەپەڕیووه.

_ مەحاڵە لەبیری بکەم. پێت وایە خۆشەویستی من یادەوەری ئەو پیس دەکات؟ ئەمەچۆن لەکاتێکدا تۆنازانی خۆشەویستی من چۆنە، کەسێکی ئازادیشیت، یادەوەری پیس دەکات ئەگەر بڵێم جان منداڵەکانی وەک منداڵی خۆمن؟ یادەوەری پیس ئەبێت ئەگەر بڵێم جان ژیانێکی بەختەوەر وخۆش بۆخۆت ومنداڵەکانیشت دابین کەم؟ داهاتی ساڵانەم پێنج هەزار فرەنک زیاترە، تۆش ئافرەتێکی دەسگیریت، پڕۆژەی زۆرم لەمێشکدایە؛ پڕۆژەی زۆر چاك کەپێکەوە دەوڵەمەندەبین.

چوزانین لەوەیە ڕۆژێك ببمە خاوەن کارگە وسەدان کرێکار لەبەردەستم کاربکەن، ئەوکات ئەبێت بەئافرەتێکی بەختەوەر؛ دایکێکی بەختەوەر، دوومنداڵیش لەپەناتەوە. هەمووی لەسەر تۆوەستاوە،هەتا شێت بوون تۆم

خۆشەوێت، خۆشەویستی ناگەڕێندرێتەوە. باڕەتکردنەوەت وام لێنەکات کاری بێ ئەقڵانەبکەم.

جان گوێی نەدایە قسەکانی وەڕێکەوت بەدەم ڕۆشتنەوەلێی دەڕوانی بەدەنگێکی پڕ لەکاردانەوەوە وەستاو هاوری کرد: گوێبگرە جارۆد، ئەوە چوارەم پێنجەم جارتە دێی باسی خۆشەویستی خۆت بۆمنەکەی، ئەزانم ڕاستگۆیت.......

قسەکانی بڕی بەخۆشحاڵییەکەوە وتی: سوێندت بۆئەخۆم بەهەموو بونمەوە تۆم خۆشەوێت.

_ باقسەکەم تەواوبکەم، بەدڵسۆزیت ئەزانم. لەئێستادا بێجگە لەیەك وەڵام ناتوانم هیچ شتێکی ترت پێ بڵێم ئەویش: ئەمەوێت بەبێ هاوژینی بمێنمەوە، لەنیەتم نیە جارێکی دیکە هاوسەرگیری بکەمەوە.

بەبیستنی جان، جاك هەستیەکرد دڵی وائەبێتە دوو پارچەوە و لەقەفەزەی سنگی دەرەچێ.

خاتو فۆرتییە بەردەوام بوو وتی: بیبیرم خۆشەویست، تەواوی دڵ وهەستەکانمی داگیرکردووە، بێجگە لەئەو ناتوانم کەسی دیکەم خۆشبوێت، دڵم تەنها بۆ ئەوبوو. لەگەڵ مردنیدا خۆشەویستی منیش مرد.

خەم بەڕووخســـاری جـــاك دەرەكەوت، بەقـــوڵی چاوەكـانێ تێپڕی و بەدەنگێكـی نـزم وتـی: تـۆزۆر خراپـی جـان فـۆرتییە، یەك تۆسـقاڵ بەزەیـی لەدڵتدا نییە، ئازارت دام جان، زۆریش .

جـاك دەگریـا، جـان دەیزانـی فرمێسـك لەچـاوی پیاودا كەم نییە.

بەدەنگێكـــی بەزەیـــیەوە وتـــی: ئەزانـــم ئـــازار ئەچێـژی؛ بـڕوابكە منیش لەبەر تۆئـازار ئەچێـژم. خۆنـــاتوانم ڕاســـتی بشـــارمەوە، ئەبـــێ هەڵـــت بخەڵەتێـنم؟ ویژانـدم وێرانەبـێ ئـاوا بەڕوو قسـەت لەگەڵ دەكەم. بیرم لێمەكەوە چیتر.

بەنـــا ئومێـــدییەكەوە هـــاواری كردوووتـــی: بیـــرت لێنەكەمەوە!؟ خوایە! جا ئەكرێت.

_خۆشەویســـتیم لەبیـــربكە، لەدڵـــت دەرمبێـــنە، لەمن باشترو خانەدانتر ئەدۆزیتەو

_ هەموو هیوایەكم لەداهاتوودا ڕائەماڵیی؟

_ ئەبێت وابێت.

بەتونـدییەوە دەسـتی جـانی گـرت ووتـی: ئەمـڕۆ پیـــاوێكی هەژارم، دڵنیاشـــم هەژاریـــم واتلێكـــات ڕەتـم بكـەیـتەوە، بەڵام دەوڵەمەنـد ئەبـم تاسـەر وانـابم، ئەوكـات وەكـو هاوسـەری خـۆت ڕازی ئەبی بەمن؟

به بێزارییەوه و توندییەوه وتی: بەسە، واقسەم لەگەڵ مەکە، ترس لە دڵم ئەچێنی.

هاواریکرد: دەوڵەندئەبم، سەروەتەکەم لەبەردەم پێی تۆ ومنداڵەکانتدا هەڵەڕژێنم.....ڕازیت؟

_ بەسە، بێدەنگ بە.

_ نا، بێدەنگ نابم. ئەبێ گوێ لەهەموو قسەکانم بگری، خۆشەویستیم بۆ تۆ تازە نییە پێنج ساڵە من تۆم خۆشەوێت. ئەم خۆشەویستییە بەجۆرێك دڵ وقاچمی گیردکردبوو خەریکبوو شێتەبووم. بەڵام بەرگەم گرت وئارامم هەبوو. لەبەرئەوەی مێردەکەت هاوڕێم بوو ئەوەی لەدڵمدا بوو فەرامۆشم کرد. بەڵام ئێستا مردووە، ڕێگامان چۆڵ بووە، هیچ شتێك نەماوە ببێتە ڕێگر لەوەی خۆشەویستی خۆمت بۆدەرنەبڕم، جان خۆشمەوێیت. ئەبێ وەکو هاوسەری خۆمت ببەم، بەم شێوەیە چارەنوس وەك ئایەتێك لەناو تابلۆ نەمرییەکاندا نوسیوێتی. مەحاڵە ناڕازی بین بەرامبەر وشەی چارەنوس.

کاردانەوەکانی داپۆشیبوو دەستەکانی گرت وماچێکی قوڵی کرد.

لەوساتەدا بچۆکەلەکە جلەکانی دایکی ڕادەکێشا و وتی: دایە دەی وەرە! بۆچی لەناوەڕاستی ڕێگاکە وەستاوی؟!

سەرلەنوێ بەسێ قوڵی درێژەیان بەڕێگاکەیاندا.

جارۆد: با ئەمانەت بۆ هەڵبگرم.

_ سوپاس، بێجگە لەچوار لیتر نەوت هیچی ترنییە.

سەرسامبوو وتی: ژوورەکەت بە نەوت ڕووناک دەکەیتەوە؟

_ بەڵێ، نرخەکەی زۆر هەرزانە.

_ ئەی نازانی زۆر مەترسیدارە، بەڕێز لابرۆش قەدەغەی کردووە بێتە ناوکارگەوە، ئەگەر بزانێت توڕەئەبێت.

جان لەکاتی ماڵئاواییدا وتی: نەمەزانی، لەمڕۆوە بەکاری ناهێنم.

_ مۆم بەکاربهێنە.

_ لە سبەینێیەوە واکەم.

دواتر ڕێگەیان گرتە بەر تابەردەم کارگە جاکیش هاوەڵی کرد. دواتر کەمێک وەستاو وتی: ڕووخسەت هەیە وشەیەک بڵێم؟

_ بەدڵنیاییەوە.

_ دەرگای ئومێدم لەسەر دامەخە، وادەیەکم پێ بڵێ بەس بادوور نەبێ.

هەواڵنامەی کتێب

_ ناتوانم جارۆد.

تورەبوو وقاچەکانی دا بەزەویدا، وتی: چی! دوورم دەخەیتەوە.

ڕەفتارەکانی کاردانەوەی لێکەوتەوە و جاك وردە وردە بەرەو پێشەوە ئەهات وجانیش لەگەڵ هەر هەنگاوێکی جاك بەرەو دواوە هەنگاوی دەنا. ڕێگەی لێگرت وبەدەنگێکی پێداگرەوە وتی: جان نەکەی خراپ بیت لەگەڵم.

بۆئەوەی بڕوات وتی: باشە، بزانین چۆنەبێت.

_ بەڕاست؟!

_ بێگومان.

_ زۆر سوپاست دەکەم، خەریکبوو پێداگرییەکەت بمکوژێت.

جان وەژوور کەوت و نەوتەکەی لەسەر ڕەفەکە دانا ووتی: دەستی جۆرج ناگاتە ئێرە باشە.

جارۆد لەدواوە تفی کردە دەستییەوە بۆتەوقەکردن درێژی کرد، وتی: چی...

_نا، بەڵام.....

هەواڵنامەی کتێب

_ بڵێ، چیتە، پێش هەموو شتێك ئەوەبزانە من تۆم خۆشەویت وئێستاش بەو ئومێدەوە ئەژیم، ڕۆژێك لەڕۆژان هەموو سەروەتەكەم دەخەمە بەردەمت، پێتەڵێم ئەوەتا دەوڵەمەندبووم ئێستا وەكو هاوسەری خۆت ڕازی ئەبی پێم؟

_ بەڵێ، لەبەرمنداڵەكانم لەبەر ئەوان زیاتر نا، لەوەش هیچی ترم نییە، دەستت بێنە.

تفی لەنێو دەستەكانی كرد وبەتوندی تەوقەیان كرد.

هەواڵنامەی کتێب

_ 2 _

جاك جارۆد لەكارگەكەی بەڕێز جۆڵ لابرۆ كاری دەكرد یەكێك بوو لەباشترین میكانیكەكان، لەم دوایەشدا پلەی بۆ چاودێری كرێكارەكان بەرزكرابوویەوە و موچەكەشی زیادكرابوو. هەركات خەلەلێك یان كێشەیەك هەبوایە بەڕێز لابرۆ ڕای وەردەگرت، جارۆد متمانەی بەخۆی وبەزیرەكیەكەشی هەبوو بێگومان بوو لەوەی ڕۆژێك لەڕۆژان دێت دەبێتە یەكێك لەگەورەترین داهێنەرەكان.

شەوێك كارەكەی تەواو كردوو ڕۆشت نوێترین كتێبی لەسەر میكانیكی دەخوێندەوە تاوەكو زانیاری پێ زیاد بكات، بێجگە لەوەی بتوانێ ئامێرێك دوست بكات كەپارەیەكی باشی بۆبهێنێت هیوای هیچی تری نەدەخواست. كاتێك بیری دەكەوتەوە هەركات دەوڵەمەند بێت ئەوجا جان پێی ڕازی ئەبێت زیاتر تامەزرۆی ئەبوو تابگات بەدەوڵەمەندی، بیری لەڕێگایەك دەكردەوە.

لە ناوكارگە سەرقاڵ بوو بەم بیركردنەوانە.

لەیەكێك لەكرێكارە پیرەكان نزیك بویەوە و وتی: ڤانسان.... كوڕەكەتم بینی.

پیاوەكە بەدەنگێكی پچڕ پچڕی نیگەرانیەوە وتی: چی پێوتی لەسەر ژنەكەم، دەرمانی لێبڕاوە؟

_ نا، داوات لێكات هەر كە لێرە تەواوبویت ڕاست بگەڕێیتەوە ماڵەوە.

_ هیچی تری نەوت؟

_ نا.

پیاوە پیرەكە سەری لەقاند و وتی: چ پێویستی ئەكرد ئەوەنە دادرێژی بكەی، ئەگەر دەرمان لەدایكی نەبڕابێت لەناوەڕاستی ڕێگا

ناتوەستێنێت تا پێت بڵێ بەباوکم بڵێ زوو بگەڕێتەوە ماڵەوە. بەڕێز جارۆد، ڕووخسەت هەیە نیو کاتژمێر بڕۆمەوە ماڵەوە ئێستا دەگەڕێمەوە؟

جارۆد سەری لەقاند و وتی: ببورە، ڤانسان، تۆئەزانی ڕۆشتنی کرێکارەکان لە نۆبەی کارکردندا قەدەغەیە.

_ بەڵام حاڵەکە زۆر مەترسیدارە و پێویستە، وایدابنێ بەڕێز لابرو نا......

جارۆد قسەکانی بڕی و وتی: بەڕێز لابرۆ لەئێستادا لەکارگە نییە، ناتوانی بۆ مۆڵەتی ئەو بڕۆیت.

هەواڵنامەی کتێب

پیاوە پیرەکە بێدەنگ بوو.

جارۆد لەوێدا نەما، پیاوە پیرەکە هەر لەبیری ژنەکەیدا بوو لەبیری ئەوەبوو نەوەك دەرمانی لێبڕابێت و بمرێت. بێ ئۆقرە بوو.

لەشوێنەکە وەردەرکەوت، بینی جان دانیشتوە داوای لێکرد ڕووخسەتی بدا تا تێپەڕێت؟

_ مۆڵەتی دەرچونت هەیە؟

_ نا، بەڕێوبەر لێرە نییە.

ئەوەی لەنێـوان جـارۆد وکوڕەکەیـدا ڕوویـدا بـوو بـۆی گێـڕایەوە، و وتـی: گومـانم نـیە لەوەی دەرمـانی لێبڕاوە، هەتـا دڵنیا نەبمەوە لێـی نـاتوانم بێمەوە سەرکار.

جـان درکـی بەحـاڵەکەی کـردوو وتـی: ئـاخر چـۆن دەرگات بۆبکەمەوە کە مۆڵەتی دەرچونت نییە؟

_ خـاتونەکەم بەدەسـت شـەکرەوە دەناڵێنێـت، پێـت وایە سیستەم گرنگ بێت بەلامەوە؟

_ بەڵام بـۆمن خـراپە بێـت بەڕێـوبەر بزانێـت بـێ مۆڵەت و ڕووخسەتی ئەو ڕۆشتویتە دەرەوە.

_ لێرە نییە نازانێت ڕۆشتووم.

_ کەواتە ڕووخسەت لە چاودێر وەربگرە.

_ نەیدا.

_ دە چاوڕێکە تابەڕێوبەر ئەگەڕێتەوە.

_ بەڵا........

_ بەردەوام بـوو لەقسـەکردن دەربـارەی ژنە نەخۆشـەکەی کە لە سـەرەمەرگدایە. بەردەوام بـوو تاسـۆزی جـانی بەدەسـت هێنـا وڕێـگەی پێـدا بـڕوات هەرچەنـدە دەشـیزانی بەڕێـوبەر توڕەئەبێت.

دوای کەمێك جارۆد بەشوێنی کارەکەی ڤانسان دا تێپەڕی ئەوی لێنەبوو. لێی پرسی وتیان ڕۆشتۆتە دەرەوە.

جارۆد بەتوڕەییەوە بەرەو جان ڕۆشت، و لە ڕاستی مەسەلەی پرسی ... وتی : چیت کردووە؟

_ بەڵێنی پێدام زوو بگەڕێتەوە.

_ هەڵەیەکی گەورەت کرد، نە ئەبوایە بت هێشتایە، بەڕێوبەر توڕەئەبێت ولێت خۆشنابێ لەسەری. منیش وەکو سزایەك ئەبێت ڤانسان دەربکەم.

_ چۆن؟! تەنها لەبەر دڵە بەخشندەکەی؟ زوو ئەگەڕێتەوەبێجگە لەتۆ کەسی دیکە پێی نازانێت. تکایە چاوپۆشی لێبکە.

جاك جارۆد لێی نزیك بویەوە و وتی: باشە، لەبەر تۆ چاوپۆشی لێکەم جارێکی دیکە وانەکەی، هیوادارم پێش گەڕانەوەی بەڕێوبەر بگەڕێتەوە.

لەوساتەدا لەدەرگا درا. جان وتی: ئەوە ڤانسانە گەڕایەوە؛ ئارام بەرەوە.

نیگەرانی لەسەر ڕووخساری نەخشا کاتێ دەرگای کردەوە چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد.

هەواڵنامەی کتێب

ڤانسان نەبوو بەڕێوبەر بوو، بەڕێز لابرۆ بەرەو جاك ڕۆشت و وتی: تۆ ڕووخسەتت بە ڤانسان داوە بڕوات؟

جارۆد بێدەنگی هەڵبژارد، جان پەشۆکابوو.

بەئاسانی دەتتوانی تووڕەیی بەڕووخساری بەڕێز لابرۆوە ببینی، پرسیارەکەی دووبارە کردەوە. جارۆد بەدەنگێکی بەرپەرچدانەوە و وتی: نا.

_ کەواتە ڤانسان بەبێ مۆڵەت ڕۆشتۆتە دەرەوە.

_ نازانم، لەشوێنی خۆی نەمدۆزییەوە هاتم بۆلای خاتوو جان بۆڕوونکردنەوە.

بەڕێز لابرۆ ڕووی لە جان کردوو چاوەڕێی وەڵام بوو، وتی: بەڵێ، دەرچووە.

_ مانای ئەوەیە تۆ دەرگات بۆکردۆتەوە؟

سەری بەئەرێنی لەقاند.

بەدەنگێکی پێداگرەوە وتی: چی وایلێکردی دژی ڕێنمایەکانت بوەستی؟ ڤانسان چ بەهانەیەکی بوو تاواتلێبکات؟

_ ویستی لەژنە نەخۆشەکەی دڵنیا بێتەوە.

_ نەیەتوانی چاوەڕێ بکات تا مۆڵەت لەمن وەردەگرێ؟ هاوسۆزم لەگەڵ ڤانسان، بەڵام نابێت ببێ بەڕێبەرێکی خراپ بۆهاوکارەکانی. ئەگەر گەڕایەوە دەرگای بۆنەکەیتەوە دەریبکەن. نکۆڵی لەوەناکام کەوا لەبەرژەوەندی منداڵەکان نابێت بەڵام ئەبێتە نموونەیەك بۆیان.

دواتر جارۆد بەدوایدا و بەرەو نوسینگە بەڕێ کەوتن.

_ ٣ _

بەڕێز جۆڵ لابرۆی خاوەن کارگە ئێستا تەمەنی چل وپێنج ساڵە، لەتەمەنی سی ودوو ساڵی لەگەڵ خاتوو فورەی دەوڵەمەند هاوسەرگیری کردووە بەپارەکانی توانی کارگەکە دابمەزرێنێت.

دواتر ژنەکەی دەمرێت و لوسیانی بۆ بەجێدەهێڵێت، باوکی بۆبەخێوکردنی ناردویتی بۆ لادێی لنتۆڵی، و خۆشی لە ئاڵفۆرتفێڵ بۆ بەڕێوبردنی کارگە وپەرەپێدانی.

لابرۆ وەژوور نوسینگەکەی کەوت و جارۆدیش بەدوایدا، وتی: بەدڵنیاییەوە هەڵەم کرد خاتوو

فۆرتییەم وەکو دەرگاوانی دانا، ئەبێ پیاوێک بخەمە جێگەی.

جارۆد نەیدەزانی چی بڵێت گڵماندی و وتی: ئافرەتێکی دەسپاکە گەورەم.

_ بەڵام لاوازە و بۆئەو کارە نابێت.

لەدەرگا دراو ژمێریارەکە بەدەستەیەك پڕ لەپارە و چەند پارچە ئاڵتونێك خۆی کرد بەژووردا ولەسەر مێزی بەڕێوبەری نا، وتی: بەڕێوبەر داهاتەکانم بۆهێناویت تا لە گەنجینەی بنەی.

کاتێ ژمێریارەکە ڕۆشت، بەڕێوبەر بە جارۆدی وت: ئەم ڕۆژانە زۆر ماندووم بەدەس دروستکردنی ئامێری پوختەکردنەوە، و زۆر بەربەست هاتۆتەڕێگەم تکاکەم قبوڵ بکەو بەدوایدا بچۆ سەتا پێنجی داهاتەکەت پێدەدەم.

جارۆد بەپێشنیازەکە دڵخۆشبوو و وتی: لەژێر فەرمانتم گەورەم.

لابرۆ هەموو وردەکارییەکانی کارگەو ئەوانەشی سەبارەت بە ئامێرەکە بوو پێی وت. وتی: ئێستا ڕات چییە؟

_ گومانی تێدانییە سەرکەوتوو ئەبم.

_ ئەم کـــــاغەزانە و وێنـــــانەت پێــــدەم خـــۆت لەژوورەکەمــــى بنـــێ، نەوەك يەكێـــــك بێـــت نمـــوونەیەکی لەبەر بگـــرێتەوە ونهێنیەکەمـــان بـــۆ ڕکابەرەکانمان ئاشکرا بکات.

_ باشــــە گەورەم، لەســــبەینێەوە دەســــتەکەم بەکارکردن.

_ ئێســتا بگەڕێــرەوە بــۆ کــارگە و جــانم بۆبانــگ بکە.

کاتێــك جــان زانـــی بەڕێـــز لابـــرو نـــاردوویەتی بەشــوێنیدا دڵەڕاوکێیەکـــی زۆری بۆدروســـت بـــوو بەجارۆدی وت: نازانی بۆچی بانگی کردووم؟

_ بەڵـێ، پـێم وابێـت چاوپۆشـی لەکـارەکەت دەکـات، هـیچ نەڵێـی هەرچـی وت فەرامۆشـی بـکە. ئەگەر کەسێکی توندیش بێت دڵێکی بەخشندەی هەیە.

کـــاتێ جـــان ڕۆشـــت بـــۆلای بەڕێـــوبەر جـــاك هەر لەژوورەکەی جـــان مــــــابوویەوە، لە ژوورەکە بەشـــڵەژاوییەوە هەردەهـــات و دەچـــوو وبەخـــۆی دەوت: بـــڕوابکە لابـــرۆ، داهێنـــانێکی گـــرەنتییە قـــازانجێکی زۆر دەهێنێـــت، گومـــانم نیـــیە خـــاوەن داهێنــــــانەکە ئەبێـــــتە يەكێــــــك لە گەورە دەوڵەمەنەکــان! ئەههە، ئەمە ئەوڕێگـــایە کە پێـــی دوڵەمەنـــد ئەبـــم، بەڵام پـــارە لەکـــوێ بێـــنم کـــارگەو ئامێر دروست بکەم؟!

وەکــــو گـــــایەك بەدەوری خۆیـــــدا لەژوورەکەدا دەســوڕایەوە، وتــی: بەڵێنـــی پێـدام پێــنج لەســەدی داهــاتەکەم پێبــدا، چ بــێ ئەقڵیــیەکە بە پێــنج ڕازی بــم لەکاتێکــا ئەتــوانم تەواوی داهـــاتەکە بۆخــۆم بەرم.

کــاتێ دەوڵەمەنــد ئەبــم قــابیلە جــان ڕەتــم کــاتەوە وپێم ڕازی نەبێت؟ مەحاڵە.

بەڕێــز لابــرۆ ئێســتا تەوقــی داوە، هیــوادارم دەری بکــات ئەگەر وابکــات هــیچ پەنــاگەیەکی نامێنێــت جگە لەمن.

پێکەنینێکـــی دڕانـــدانە و شـــەڕانگێزانە لەســـەر ڕووخســـاری وەدەرکەوت هەرکەس ببیینـــایە لێـــی دەترسا.

جـــان لەدەرگـــای داو بەرەو پێشـــەوە بەئاڕاســـتەی بەڕێــز لابــرۆ ڕۆشـــت، وتـــی: بانگــت کردبــووم گەورەم؟

_ بەڵـــێ، زانـــیم دوا نیـــوەڕۆی ئەمـــڕۆ دەرگـــات بۆیەکێـك لەکرێکارەکـان کـردۆتەوە، کەتـۆ ئەزانـی پێچەوانەی ڕێنماییەکانە بۆچی واتکرد؟

_ ڕۆشـــت بـــۆئەوەی هەنـــدێك پێداویســـتی زۆر گرنگ بکڕێت.

بەبێ ئەوەی چاوڕێی وەڵامی لێبکات وتی: ئەم ڕەفتارەت بەرامبەر ڤانسان ڕاست نەبوو، واتلێکردم بڵێم بۆئەم کارە گونجاو نیت.

چاوی پڕ بوو وتی: بەڵام گەورەم من داوای ئەوەم لێنەکردی خۆت داتمەزراندم لەپای ئەوەی بەسەر مێردەکەمدا هات کاتێ کە خزمەتی تۆی دەکرد، ئەگەر تۆ پێت وابێت من بۆئەم کارە گونجاونیم کەوایە هیچ هۆکارێك نیە تا لێرەبم.

_ چۆن؟ کەواتە تۆ ئینکاری لەوەکەیت کە پێیچەوانەی ڕێنماییەکانت کردبێت؟ بێفەرمانیەکانی پێشووترت چی؟

_ نکۆڵی لەوەناکەم کاتژمێرێك یان نیوکاتژمێر دەرگاکەم بە کراوەیی جێهشتبێت و یەکێکی دیکەم لەجێگەی خۆم دانابێت.

_ بەڵام من تۆم کردووە بەدەرگاوان ئەگەر بم ویستایە ئەوکرێکارەی تۆلەجێگەی خۆتت داناوە ئەوم دائەنا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەکرێ چاوپۆشی لەوە بکرێت، بەڵام چییەڵێیت لەسەر ئەوەی بەبێ مۆڵەتی من ڕێگەت بە ڤانسان داوە لەکارگە بڕوات؟

_ گەورەم نکــۆڵی لەوە نـــاکەم هەڵەم کـــرد، بەڵام ئەمویست لەسەرە مەرگی ژنەکەیدا بێت.

بێدەنگی.

دواتــر بەڕێـز لابـرۆ سـەری بەرزکـردەوە و وتـی: بەداخەوەم کە ئەبــێ دەرتـــبکەم، تــۆ حەزت لە مشــت ومــڕە و منــیش بـێجگە لە گــوێڕایەڵی و ملکەچی هیچی ترم ناوێت لەکرێکارەکانم.

لەم ســاتەدا ژمێریــارەکە وەژوورکەوت و وتـــی: تکـایە بەڕێـز لابـرۆ پێـی بڵـێ چیتـر نەوت نەهێنێـتە کارگەوە.

بەڕێــز لابــرۆ هەرکە ئەم قســەی بەر گــوێ کەوت لەشــوێنی ڕاپەڕی و هــاواری کــرد وتــی: نەوت ! لەکارگەکەم..... نەوت!؟

_ بەڵـــێ گەورەم، ژوورەکەی پـــێ ڕوونـــاك دەکاتەوە.

لابــرۆ تــوڕەیی لــێ دەبــاری وتــی: ئەمە چــۆن؟ مەگەر نازانی هێنانی بۆ ناو کارگە قەدەغەیە؟

_ نەمدەزانی گەورەم.

_ نەتدەزانی؟ ناتوانم بڕوابکەم.

_ بـۆچی درۆبـــکەم گەورەم؟ چ ســـوودێکی ئەبـــێ بـۆم؟ کەمێـك پێش ئێســتا تـۆدەرت کـردم، نکـۆڵی کردن چ سوودێکی ئەبێت.

_ لەوەیە بـۆ دوو کەمتەرخەمیـــیەکەی تـــرت لێت خۆشـــــبیم، بەڵام لەبـــــارەی نەوتەکەوە مەحـــــاڵە. بەدوای کـــارێکی دیـــکەدا بـــگەڕێ. هەتـــا کۆتـــایی ئەم مانگە ئێرە چۆڵ بکە.

نەنگـــی لەســـــەر ڕووخســـاری دەرکەوت و وتـــی: دوای ئەوەی مێـــــردەکەم لەکـــــاتی خزمەتکردنـــــی تـــۆدا مـــرد دەرمەکەی؟ چـــیم لێـــدێت دوای ئەوەی دەرگـــــای ڕزقـــــم لەســـــەر داخەی؟ چارەنوســـــی منـــداڵەکانم چـــی؟ ئاگـــاداربە گەورەم دەرکـــردنم هـــیچ خێرێکت بۆناهێنێت.

بەڕێـــز لابـــرۆ بەوریـــاییەوە لێـــی ڕوانـــی و وتـــی: مەبەستت چییە؟

ژمێریـــارەکە دەنگـــی بە بەرزی هەڵبـــڕی و وتـــی: هەڕەشەکەی؟

_ هەڕەشـــەناکەم، مـــن بە کەرامەتەوە مەینەتـــی خـــۆمم هەڵگرتـــووە، کەمتەرخەمیـــیەکم کـــرد ئەبـــێ هەمـــووی لەئەســـتۆ بگـــرم، گەورەم هەتـــا کۆتـــایی مانـــگ چـــاوەڕێ نـــاکەم، هەفـــتەیەکم بەســـــە و یەکێکی دیکە بێنە شوێنم.

بەڕێـز لابـرۆ بەزەیـی پێـدا هـاتەوە و بەسـۆزەوە وتـی: وایـدامەنێ هەر دەرتەکەم دەرتەکەم، ئێسـتا درکـم بەوەکـرد دەرگـاوانی کارێـك نیـیە بۆئـافرەت بگونجێ.

_ ئەبوایە پێشتر ئەوەت بزانتایە.

_ ڕاسـتە، بەڵام ویسـتم یارمەتیـت بـدەم و سـەرچاوەیی ڕزقـت هەبێـت ئیتـر ئەم کـارەم بەمێشـکدا هـات، لەگەڵ ئەوەشـدا کـارێکی دیـکەت بۆ دەدۆزمەوە.

_ بەڵکـو لەمـاوەی هەفتەیەکـدا ئەڕۆم گەورەم، ئەم کـارگە بـێجگە لەمەینەتـی و نەهـامەتی هیچـی تـری بۆنەهێنـام، هەرهەنگاوێـك دەنـێم ڕۆحـی مێردە غەرق بووەکەم لەخوێندا دەبینم.

دەسـتی بەڕووخسـاریدا هێنـاو، بەخەم ئـازارەوە لەژوورەکە وەردەکەوت.

خـاوەن کـارگەکە چـاوی هەر لەدوای بـوو وتـی: چ بێچـارەیە، ئەزانـم هەر لەبەزەیـی خۆیـدا ڕێـگەی بە ڤانسان داوە.

ژمێریارەکە: گەورەم تۆ بەخشندەی.

_ لەڕاسـتیدا قەرزاری ئەم ژنەم، مێـردەکەی لەکـاتی خزمەتکردنـی منـدا گیـانی سـپارد، ئەرکـی مـنە دەسـتی یـارمەتی بـۆدرێژبکەم و یـارمەتی

بدەم. لەپەنای خوشکەکەم کارێکی بۆ دەدۆزمەوە.

_ بەڵام گەورەم ئەبێ ئاگاداری ئەم ژنە بیت هەڕەشەی لێکردی.

_ پێت وایە؟

_ بێگومان، پیاوەکەی زۆر خۆشەویست، گومانیشی تیانیە تۆ بە بەرپرس دادەنێت. سەیر نییە بیەوێت تۆڵەت لێبکاتەوە.

بەڕێز لابرۆ سەری لەقاند و وتی: تۆزۆر خراپ لەسەری ئەدوێی، لەبیری مەکە ئافرەتێکی برینداره، پیاوەکەی مردووە، دوومنداڵی هەیە ئەبێت بەخێویان بکات، هەرچییەك بێت ئەگەر خوشکەکەم نەیگرتە خۆی ئەبێت پارەی پێویستیان بۆدابین کەم.

دواتر ئاوڕی دایەوەو وتی: پارەی سندوقەکەت هێناوە؟

_ بەڵێ گەورەم، ئێستا 7123 فرەنك و سی سەنت لەم سندوقەدا هەیە، بەم بڕە هاتووم بۆلات.

_ بۆچی لایخۆت نایهێڵیتەوە؟

_ گەورەم مـــن لەكـــارگە نـــامێنمەوە ئەترســـم بدزرێت.

_ باشە، بیهێنە.

جـــان بەگریـــانەوە و بیركـــردنەوە لەوەی ڕزقـــی بڕاوە وەژوورەكەی كەوت.

جـارۆد هـات تـا بزانـێ چـی لەنێـوان ئەو و بەڕێـز لابـــرۆ ڕوویـــداوە، وتـــی: هەردەمزانـــی ئەمە ڕودەدات، بەمشت ومڕ توڕەت كردووە.

_ بەڵام دەری كردم.

_ ئەگەر توڕەت نەكردایە واینەكرد.

_ ئەی ئەتەوێ چـــۆن وەڵامـــی بـــدەمەوە وشـــەی ڕەق وزبـــری بەرامـــبەرم بەكارهێنـــا بـــۆ كەمتەرخەمییەك كەشایەنی نیم.

_ ئێستا ئەتەوێ چیبكەی؟

_ نـــازانم، بەڵام ئەبـــێ كارێـــك بـــكەم كـــچەكەم وكوڕەكەمی پێ بژێنم.

_ واز لەم نائومێـدییە بێـنە جـان، بەڕێـوبەر خـۆی ئەگەڕێتەوە ناهێڵێت بڕۆیت.

بەپێداگرییەوە وتی: بەڵام نامێنمەوە ئەڕۆم.

_ بەڕاست.

_ بەڵێ.

_ ئەگەر تۆبڕۆیت من چی؟

_ لەبیرم بکە.

_ جان، نازانی ئەستەمە ساتێکیش بێ تۆ بژیم؟ نا، قسە لەگەڵ بەڕێوبەردەکەم.

_ بۆخاتری خوا وامەکە.

_ خۆتەزانی من بەڕاستگۆیی و دڵسۆزییەوە تۆم خۆشەوێت، بۆچی تۆش هەمان هەستم لەگەڵ ناگۆڕیتەوە. دڵنیابە بەخۆشی ئەژین؟

_ چی؟ ئەتەوێ ببم بەخۆشەویستت؟ ئەمە ئیهانەیە بۆمن بەڕێز جارۆد.

بەلێبوردنەوە وتی: مەبەستم نەبوو ئیهانەت بکەم جان، هەموو ئەوەی ئەیڵێم ئەوەیە ماوەیەك لەلام بژیت تا ئەبیتە ژنم.

جان ئەزانی من بەخۆشەویستی تۆ شێتم ئەوەتا خۆم خستۆتە بەردەمی تۆو منداڵەکانت، وەکو منداڵی خۆم خۆشم دەوێن، ئەگەر پێشنیازەکەم ڕەت بکەیتەوە پێش ئەوەی خراپەت کردبێت بەرامبەر من خراپەیە بەرامبەر منداڵەکانت. دەی پێم بڵێ، سبەی چۆن ئەیانخەیتە قوتابخانە

وخەرجییان ئەکێشی؟ ئەتەوێ بەبرسی وبێ ماڵ وحاڵ بیان بینی؟

_ بەم شێوە ناشرینە وێنای داهاتوو بۆمنەکەی، ئیهانەیەکی گەورەیە بەرامبەرم.

_ زیادەڕۆی ناکەم، تەنها داهاتووی منداڵەکانتم پێوتی.

_ خوایە! بەزەیی بە منداناتیەتەوە، بێدەنگ نابێت.

_ بەڵێ، بێدەنگ نابم، چاڵێك لەبەردەم پێیەکانت دایە ناهێڵم بەچاو بەستراوی بڕۆیت. ئەوە من دەڕۆم، ئەوەت بیرت بێت چارەنوسی منداڵەکانت بەستراوە بەو وشەیەی لەدەمت دەرەچێت. پشتی لێکردوو ڕۆشت.

جان بەوپەڕی نائومێدییەوە لەسەر کورسییەك دانیشت وبەخۆیەوە وت: زیادەڕۆی نەکرد، ڕاستەکات. هەرچەندە کاربکەم ناتوانم خەرجی منداڵەکانم بکێشم، خوایە ئەبێ بەهەژاری ژیان بکەن؟

بەڵام چۆن هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم لەکاتێکدا لەسەرەمەرگدا بەڵێنم بە مێردەکەم داوە هاوسەرگیری نەکەمەوە جارێکی تر، چۆن ئەم بەڵێنە پیرۆزە بشکێنم، خوایە بێ وەفاییە

لەمـــــنەوە، نـــــا، هەرچیـــــیەك ڕووبـــــدات پاشگەزنابمەوە.

_ ٤ _

ســـبەی ڕۆژی دواتـــر جـــارۆد تەواوی ڕۆژەکەی لەنوسـینگەی بەڕێـز لابـرۆ بەسـەربرد بەکـارکردن لەسەر وێنەکانی داهێنان.

کـــاتی ئێـــوارە بەرەو کەنـــار دەریـــاکە بەڕێ کەوت و ژەمێکـی سـووکی نـۆش کـرد، تـانیوە شـەو لەوێ کاتی بەسەردەبرد.

لەومـــاوە درێـــژەدا بەجۆرێـــك نقـــومی بیرکـــردنەوە بوو نەیدەزانی چی لە دەوروبەریەتی.

کـــاتێ ســـەرلەبەیانی گەڕایەوە بۆکـــارگە حـــاڵێکی شـڕو ڕەنگێکـی پەڕیـو وزەردهەڵـگەڕاوی هەبـوو بە ئاشـــکرا دەیـــوت ئەمەوێـــت ئێســـتا لەســـەر جێگەیەکی گەرم پاڵکەوم.

جان لێی نزیك بویەوەو وتی: چیتە؟

بەنیگایەکی پڕ ئازارو خەمەوە وتی: هیچ.

ئەمویست قسەت لەگەڵ بکەم لەسەر...

بەپەشـــۆکاوییەوە قســـەکانی خـــۆی بـــڕی و وتـــی: نا.....نا.....ئێستا نا.....دواتر.....دواتر.....

دواتـــر ئـــاوڕی دایەوە وبەپەلە بەرەو کـــارگە بەڕێـــکەوت، جـــان لەدواوە هەر تێرامـــابوو سـەیری لەڕەفتـاری دەهـات، بەخـۆی وت: سـەیرە، ئەم پەشـــۆکاوییەی لەپـــای چیبـــوو، ئەڵێـــی نهێنییەکی گەورەم لێ ئەشارێتەوە.

لەنوســـینگەکەی بەڕێـــوبەر جـــارۆد دانیشـــتبوو ســـەرقاڵی چـــاککردنی ئـــامێرەکە بـــوو، بەڕێـــز لابـــرۆش لەســـوچێکی دیـــکە دانیشـــتبوو مژۆڵـــی نـــامە نوسـین بـــوو. کەمێکـــی خایانـــد و ژمێریـــارەکە وەژوور کەوت: گەورەم پـــارەم بۆهێنـــاوی تـــا لە بانکی بکەی.

_ تاکارم تەواوئەبێ با لاتبێت.

هەرکە جـــارۆد گـــوێی لەوشـــەی (پـــارە) بـــوو، بروســـــکەیەکی بەهێـــز بەرلەشـــی کەوت، ئەو شـتەیە لەپێناویـدا دەژی، ئەو ئـاواتەیە سـروودی نەتەوەیی بۆدەڵێت و دەیپەرستێت.

لەم وادەدا جـــان بەبروســـــکەیەکی شـــین وەژوورکەوت: گەورەم ئەم بروســــــــــکەت بۆهاتووە.

بەڕێـــز لابـــرۆ هێشـــتا بەتەواوی بروســـکەکەی نەکردبـــۆوە ڕەنگـــی پەڕی بـــوو: کـــوڕەکەم نەخۆشە! خوایە لەمەترسیدایە؟

ڕووی لەجارۆد کرد و وتی: بروسکەیەکم لەخۆشکەکەمەوە بۆهاتووە ئەڵێ لوسیانی کوڕم نەخۆشە، ئەبێ هەرئێستا گەشت بکەم.

جارۆد دەستی کرد بەکۆکردنەوەی کاغەزەکان. جارۆد لەخۆشیدا دەگەشایەوە وکاغەزو باجەکانی کۆکردەوە.

بەڕێز لابرۆ لەزەنگۆڵەکەی داو ژمێریارەکەی لە گەشتە لەناکاوەکەی ئاگادار کردەوە و داوای لێکرد ئەوەندەی بەسبێت بۆخەرجی کاروبارەکان هەڵیبگرێت تادەگەڕێتەوە وئەوەشی لێیمێنێتەوە بۆیبێنێت.

دواتر بانگی جانی کرد وداوای لێکرد گالیسکەیەکی بۆبێنێت.

چەند خولەکێکی پێچوو و گەڕایەوە، بەڕێوبەر وتی: چاوەڕێکە یارمەتیم بە لە ئامادەکردنی جانتاکانم.

دوای چەند ساتێکی کەم ژمێریارەکە وەژوورکەوتەوە: پێنج هەزار فرەنکم هەڵگرتووە وئەوەشی ماوەتەوە بۆم هێناوی.

_ باشە، هیوادارم لەدوو ڕۆژ زیاترم پێنەچێت، چەندت بۆهێناوم؟

_ ١٣٣ سـەت وسـيو سـێ فرەنـك، ئەگەر ئەوەی ناودۆڵابەكەشـی بۆزيـادبكەم ئەكـاتە ١٩٠ سـەت ونەوەت هەزار فرەنـك و دووسـەت وپەنجـاو سـێ فرەنك.

لابـرۆ بەبـێ ژمـاردن پارەكـانی لەدۆڵابەكە نـا، جـارۆد سـەرنجی جـانی بۆلايخـۆی ڕاكێشـابوو، لەڕووخسـاريدا كـاردانەوەيەكی بينـی پێشـتر بەهـيچ جـۆرێ نەيبينيبـوو. پەشـۆكاوبوو، ترسـابوو، وەكـو كەسـێك تـاوانێكی كردبێـت و لەوەبترسـێت ئاشـكرابێت. سـەيری لێـدەهات ونەيدەزانی چييە.

جـارۆد داهێنانەكـانی دابە بەڕێـوبەر ومالْئـاوايی لێكـرد. بەڕێـوبەر وتـی: كـاتێ گەڕامەوە گرنگـی پێدەدەين.

ئـاوڕی بەرەو جـان دايەوە و وتـی: خـاتوو فـۆرتييە هەركە گەڕامەوە مشـورێكی تـۆش خـۆم دڵنيـابە نـاهێڵم بـێ كاربيـت، تكـايە ئەوەی لەنێوانمانـدا بـوو لەبيـری بـكە هەروەك چـۆن مـن لەبيرم كرد.

جـان بێـدەنگی هەڵبژاردبـوو، هەمـوو ئەوەی بەرامبەری هەيبوو گۆڕا بۆسۆز.

ژمێریـــارەکە لێـــی ڕوانـــی ولەدڵـــی خۆیـــدا وتـــی: تەنـــانەت نەشـــی وت ســـوپاس، گومـــانی تیـــانیە هێشتا تۆڵە لەمێشکیەتی.

دواتـر بەڕێـز لابـرۆ فەرمـانی پێکـرد جانتـاکەی بـۆ ئامادەبکـــات، ڕۆشـــت بـــێ ئەوەی یەك وشـــە لەدەمی دەربچێت.

کاتێـك دەرگـاکەی داخسـت بەڕێـز لابـرۆ وتـــی: ئەترســـم هێشـــتا خـــاتوو فـــۆرتییە تونـــدییەکەمی بیربێـــــت، بەڵام دەمــــــارگیری ئەو وایلێکــــــردم تـوڕەببم، هەرچیـیەك بێـت کـاتێ گەڕامەوە کـارێکی بۆ دەدۆزمەوە.

دواتـــر هەنـــدێك تێبینـــی بەجـــارۆد وژمێریـــارەکە دا. لەکـــارگە دەرچـــوو تـــا بـــڕوات بـــۆلای کـــوڕە نەخۆشەکەی.

جـــارۆد بەلای ژوورەکەی جـــان تێـــپەڕی وســـڵاوی لێکـــرد، ویســـتی بـــڕوات ڕێـــی لێگـــرت ووتـــی: ئەتویست ئەم بەیانیە چیم پێ بڵێیت؟

_ ئەمویســـت لەســـەر زۆر شـــت قســـەت لەگەڵ بکەم.

_ بڵێ، گوێم گرتووە.

سەری باداو وتی: ڕایەك لەسەرم جێگیر بووە........قسەكانم بۆكاتێكی دیكە دواخەم، لەڕاستیدا ناوێرم.

_ ناوێری؟ لەچی؟

_ لەوەی بزانی چی لەناخمدایە، بەڵام ئاگادارت دەكەمەوە و نامەت بۆ دەنوسم.

جان وتی: نهێنی ئەم پەشۆكانەت چییە لەچاوەكانتدا بەدی دەكەم؟

_ تكایە، لێم مەپرسە ئێستا، بەڵام پێم بڵێ، بیرت لەداهاتووی خۆت ومنداڵەكەت كردەوە؟

_ بەڵێ.

چییە بینی؟ ڕازیت لەسەر پێشنیازەكەم؟

_ بەڵێ، بەڵام دوای ئەوەی پێم بڵێی چیتە.

_ هەموویت پێدەڵێم، بەڵام تا سبەی چاوەڕێ بكە، ئەوكات بڕیار لەسەر چارەنوسمان دەدرێت.

_ بۆچی سبەی؟

_ ئەمە نهێنیە، نامەوێ زیاترت پێبڵێم هەتا سبەی ئارام بگرە. ئەوەهەمویەتی.

وەکو ئەوەی بترسێت نەکا شتێك لەدەمی دەربچێت بەخێرایی جانی بەجێهێشت، جارۆد بەرەو چێشتخانەیەکی نزیك بەڕێکەوت و لە پەشۆکاوی و زۆر بیرکردنەوە خۆشی نەیدەزانی چۆن نان خوات، لەخواردن بویەوە وگەڕایەوە کارگە. بەڵام ئەمجارە جیاواز لەجارەکانی دیکە لەدەرگای سەرەکی کە کرێکارەکانی لێدەڕۆشت نەڕۆشت، بەڵکو لەودەرگاوە ڕۆشت کەکۆتاییەکەی سەر بۆنوسینگەکەی بەڕێز لابرۆ دەکێشێت.

لەسەرخۆ لەدەرگاکە نزیك بویەوە و پارچەیەك مۆمی لەگیرفانی دەرهێناو لە شوێنی قوفڵەکەی نا تاوەکو شێوەی کلیلەکە بگرێت، دواتر دەریهێنایەوە ولەگیرفانی کرد و بەخێرایی گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی.

لەهەمان سات بەڵام شوێنێکی جیاواز، بەڕێز لابرۆ وخوشکەکەی لەسەر لوسیانی کوڕی دەدوان.

ئاگاداریکردەوە توشی تایەکی زۆر بووە، بەڵام پزیشك دڵنیایی کردونەتەوە هیچ مەترسی لەسەر نەماوە وهیچ شتیك نییە تا نیگەرانی بن. باوکە بێچارەکە بەدڵێکی شکاوەوە وتی: لەکوێیە ئەمەوێت بیبینم.

_ خەوتووە خەبەری مەکەرەوە.

بــــاوکەکە بەخێرایــــی هەڵــــپەی دا بەرەو ژووری کــورەکەی کەبینــی بەئــارامی خەوتــووە لەســەرخۆ و بە ئەســـپایی گەڕایەوە بـــۆ لای خوشـــکەکەی، بەوردی نەخۆشـــیەکەی لوســـیانی بـــۆدەگێڕایەوە، بــاوکەکە وتــی: مــادام مەترســی لەســەر نەمــاوە هــیچ شــتێك نــابینم تــا لێــرەم ببەســتێتەوە، ســبەی دەگەڕێمەوە بۆکارگە.

کاتێك لەبــارەی کــارەوە لێــی پرســی، باســی داهێنــانە نوێکەشــی بــۆکرد و وتــی: هیــوادارم ئەم داهێنــانە ملیۆنان فرەنکم بۆبێنێت.

خوشـــکەکەی گەشـــایەوە ووتـــی: بەڵام ئەبـــێ بیهێنێــتە دەرەوە وتۆمــاری بــکەی نەبــا کەســێك پێش بکەوێت.

_ پێشـــبینی شـــتی وانـــاکەم، لەگەڵ ئەوەشـــدا داهێــنەر ئامــانجی ڕکــابەرییە کێشــە نــابێ هەنــدێك نهێنــی لــێ وەدەربکەوێــت، ئەوان بیرۆکەکـــان ئەدزن وئەوەنـــدەی بەســـبێت بۆســـەرکەوتن هەنـــدێك گۆڕانکـــاری وگەشـــەپێدانی بەبەرکەن، مــن بەتەنهــا کــارەکەم و بــێجگە لە جــارۆد کەســی دیــکە یــارمەتییم نــادات متمــانەییەکی کــوێرانەم هەیە بەجارۆد.

هەر لەسـەر جـارۆد وهەوڵەکـانی و چـۆن پێـنج لەسەدی پێدەدات و ئەوبابەتانە دەدوا.

لێی پرسی: نهێنی داهێنانەکەشت پێوت؟

_ وتـم هەنـدێك خەڵەلـی تیـابووە لـێم پرسـی تـا چاکی بکات.

خوشـکەکەی شـانەکانی هەڵتەکانـد و وتـی: مـادام پیـاوەکە جـێگەی متمـانەیە پێویسـت بە دوودڵـی ناکات. گومانی تیانیە قازانجێکی زۆرەکات.

کەمێکـی خیانـد ودووبـارە لەبـراکەی پرسـی: ئەی بێـوەژنە بێچـارەکە واپیـاوەکەی لەکارگەکەتـدا مـرد چۆنە؟

_ کـــردم بەدەرگـــاوان، بەڵام ناچـــارم ئێســـتا دەریبکەم.

_ چـۆن؟ پیـاوەکەی لەخزمەتـی تـۆدا مـردووە ئێستا تۆش دەریکەی؟

_ بەڵام مـانەوەی لەو کـارە مەحـاڵە، کەسـێکی بەسـۆزو بەبەزەیـیە؛ هەر ئەمـڕۆ بەبـێ مـۆڵەتی تـایبەت ڕێـگەی داوە بەیەکێـك لەکرێکارەکـان بڕواتە دەرەوە. بەڕای من ئافرەت بۆکار نابێت.

_ خوشکێ، ویستم لەسەر ئەوە قسەت لەگەڵ بکەم تۆپێویستت بەیەکێکە کاروباری ماڵەکەت بەڕێوە ببات، بۆچی جان ناهێنی بۆلایخۆت؟

تۆئێستا پێویستت بەپشووە، ڕاست نیە خۆت ماندوو بکەی بەکاروباری ماڵەوە، کوڕێکی سێ ساڵانی هەیە هەمان تەمەنی لوسیانە ئەتوانن ببن بەهاوڕێ.

_ ئەم پێشنیازەت کارێکی بەخشندانەیە براکەم، دڵخۆشەبم.

بەڵێ ئەتوانی جان بنێریت و وەکو ماڵی خوشکی خۆی دابنێت، بەڵکو هەندێك خەمی لەدەستدانی پیاوە بێچارەکەی لەبیربچێتەوە.

_ ٥ _

بەیانی ڕۆژی دواتر جان بیری بەجارۆد وهۆکاری پەشۆکاوی وشپرزەییەکەی سەرقاڵ بوو لەخۆیە پرسی ئاخۆ هۆکاری چیبێت، چ نهێنییەك دەشارێتەوە. خزمەتکاری کارگە وەژوورکەوت وداوای کلیلی ژووری بەڕێز لابرۆی کرد تاڕێکی بخات و گسکی لێبدات.

خزمەتکارەکە ڕووخساری جانی باش نەدەهاتە بەرچاو، بڵاوبویەوە کەوا خاوەن کارگە ئینزاری کردووە، وتی: چیتە؟ نەخۆشی؟

_ نا.

_ ئەی بۆچی وا شڵەژاو و شپرزەی؟

_ وانیم، ئەندێشەکەی.

_ ئەتەوێ چیبکەی ئێستا؟ بەتەمای لەم شارە بمێنیتەوە؟

_ نازانم.

_ بەڕێز لابرۆ نایەوێ پاداشتی دارایت پێبدات؟

توڕەبوو: من لەوکەسانە نیم، سەدەقە قبوڵ ناکەم.

_ ئەی کێ وایوتووە؟ قەرەبووکردنەوەی کرێکارەکان لەکاتی دەرکردنیان بڕیارێکی یاساییە، بەڵام وادەرەکەوێ تۆکیناوی بیت.

کلیلەکەی پێداو وتی: ئەوە کلیلەکەیە لاچۆ ئیتر.

لێی وەرگرت ولەکاتی ڕۆشتنی لەژوورەکە، بەخۆیەوت: دیارە ئاژاوەی ئەوێت.

دوای ڕۆشتنی خزمەتکارەکە جان دەستی کرد بەڕێکخستنی ژوورەکەی. دواتر نەوتەکەی

هێناو بەتاڵی کرد، وتی: خۆم کڕیوومە مافی خۆمە هەڵیگرم بۆژوورەکەم، لەودەمەدا لەدەرگا درا، ژمێریارەکە بوو، ژاڵی بەدەرگاکەوە ناو وتی: بەڕێوبەر ئاگاداری نەکردیتەوە دەربارەی بەنزینەکە؟ بۆچی هێشتا بۆنی کەم؟

_ بەتاڵییەکەمە شوشەی تایبەتەوە. تابیبەم بۆژوورە تازەکەم کاتێ ئێرە بەجێدێڵم، ئەتوانی لەوە دڵنیابیتەوە پێش ڕۆشتنم ئاگر لەکارگەکە بەرنادەم.

پشتی وەرگێڕاو ڕۆشت.

دوانیوەڕۆ جۆرجی بچوک یاری بەئەسپەدارینەکەی کرد، لەپڕ هەڵچوو هەرچی هەڵچونی بوو لە لێدانی ئەسپەکە بەتاڵی کردەوە گۆچانێکی پێبوو دەستی کردبوو بەپیاکێشان بەئەسپەکە هەتا سکی ئەسپەکەی کون کرد.

جۆرج لەسەرخۆ دەستی کرد بەگریان، دواتر فرمێسکەکانی سڕی و ترسا لەوەی دایکی پێی بزانێت هەندێك کاغەزی کۆکردەوە ولەسکی ئەسپەکەی نا.

گەڕایەوە بۆیاری کردن وەکوئەوەی هیچ نەبوبێت. جان لەنزیك دەرگای کارگەوە وەستابوو چاودێری دەرچوونی جارۆدی دەکرد، جارۆدی بینی.

جارۆد لێی نزیك بویەوە ووتی: ئەم نامەیە هەموو شتێکم تیانوسیوە.

جان سەری سورماو و وتی: بۆچی نامەت نوسی، ئەتتوانی پێم بڵێی؟

_ هەندێك شت هەیە زمان توانای نییە بیڵێت ئەرکەکەی بەقەڵەم دراوە، کاتێ ڕۆشتی بۆژوورەکەت بیخوێنەوە، ئەوە باشبزانە داهاتووی خۆت ومنداڵەکانیشت لەسەر ئەو وشەیە وەستاوە کە لە تۆوە دێت.

بەبێ ئەوەی یەك وشە بۆ قسەکانی زیادبکات ڕۆشت، جانیش بۆژوورەکەی.

نامەی کردەوە و بە وریاییەوە دەیخوێندەوە:

خۆشەویستەکەم جان....

دوێنێ شەو لەبارەی سەروەتێکی چاوەڕوانکراو بۆخۆت ومنداڵەکانت دوام، ئێستا ئەتوانم دڵنیات بکەمەوە ڕێگای بەدەست هێنانی سەروەتەکە نزیکە، سبەی ئەبم بەیەکێك لەدەوڵەمەندەکان، یان بەلایەنی کەمەوە هەموو هۆکارێکی بەدەستهێنانی سەروەت لەچنگم دەبێت، هەروەها داهێنانێك کەسەدان هەزار قازانجی هەیە لەدەستم دادەبێت، سبەی نزیکەی دووسەد هەزار فرەنك لەچنگم دادەبێت.

جـان ئەوەبـزانە منـداڵەكانت دەبـن بەمنـداڵی مـن، تەنهـــــا ئەم بیـــــرۆكەیە وات لێكـــــات بەرگەی پێشنیازەكەم بگریت.

ئەم ئێـوارەیە كـاتژمێر یـانزە لەسـەر پـردی شـانتۆن چاوەڕێــت دەكەم، جــۆرج لەگەڵ خــۆت بێــنە، لە یەكێـك لەهۆتێلەكـان دەمێنیـنەوە، سـبەی فەرەنسـا بەجێـدێڵین بەرەو وڵاتێكـی بێگـانە، دەبیـنە یەكێـك لەدەوڵەمەنــدەكان، بەبــێ پەشـیمانی لەوكـارگەی پیـاوەكەتی تیـاكوژراوە و تیایـدا دەركـرای بـڕۆ. وەرە بـــۆلای ئەوكەســـەی تـــۆی خۆشـــەوێت، دەتكـــات بە بەختەوەرتـــرین ئـــافرەت، ئەگەر ئامادەنەبیـت نـازانم چـۆن وەسـفی ئەوخەمەبـكەم كە دامدەپۆشێت..... بەڵام دێیت.

٧ ئەیلولی ساڵی ١٨٦١

جاك جارۆد.

كـــاتێ لەخوێنـــدنەوەی بـــویەوە جـــان توشـــی ئەبڵەقێكی گەورەبوو.

جـارۆد باسـی چ داهێنانێـك ئەكـات؟ چـۆن لەپـڕ وادەڵێـــت وپێشـــتر هیچـــی نەوتـــووە؟ ئەی ئەم ســەدان هەزار فــرەنكە چیـیە باسـییەكات بەیـانی بەدەسـتی هێـنم؟! كرێكـارێكی هەژاری بـێ پـلەیە ئەم پارانەی لەكوێ بوو؟

شـــێتی دایگرتبـــوو وایلێکردبـــوو وێـــنەی ئەندێشـەیەکی پیسـی ڕاسـتی بکـات؟ یـان ئەیەوێـت لەگەڵی ببم وائەزانێ ساویلەکەو گەوجم؟

بەڵام ....نـا مەحـاڵە بەگـوێی سـاختەچییەکی وەکـو ئەوبـکەم. بـێجگە لە زبـری هیچـی تـر لە مـن بەدیناکات.

بەتـوڕەییەوە نـامەکەی پـارچە پـارچە کـردوو فڕەی دایە سەرزەوی.

جـۆرج پارچەکـانی نـامەکەی کـۆکردەوەو لەسـکی ئەسپەکەی نا.

شەوداهات.

بەسـۆزو خۆشویسـتییەوە جـان لەگەڵ جـۆرجی بچـوك لەسـەر جێگـا ڕاکشـابوون، بەسـۆزەوە سرووودی بۆدەخوێند.

_ ٦ _

لەودەمەدا وەك ئەوەی داینـابوو جـارۆد لەپـردی شـانتۆن چـاوەڕێی جـان بـوو، بـاییەکی تونـد بەڵام بـێ بـاکبوو و بەرەو دەریـاکە ملـی نـا؛ پـرۆ پـرۆ بـاران لەسـەر شـانەکانی نیشـتەوە بەڵام هەر بـێ

باك بوو، بەخۆییەوە وت: بابیەکە ناهێڵێت، دڵنیام لەکاتی خۆیدا دێیت دڵنیام لەوە، ئەگەر نیەتی هەبێت بێت، ئەیبەم بۆژوورەکەم لەگەڵ منداڵەکانی ئارام بێت تا کارەکان تەواوکەم.

هەردەنگێکی ببیستایە وایەزانی جانە. دەهات ودەچوو ئۆقرەی لێبڕابوو، هەر چاوەڕێ بوو جانیش هەردەنگی نەبوو. بەخۆی وت: نەفرەتی لێبێت، خۆشەویستییەکەمی وەراند، ئەبینێت چۆن تۆڵەی لێبکەمەوە، ئەم دڵەی پڕ بوو لەخۆشەویستی لەوەوبەدوا دەگۆڕێت بۆڕق وتورەیی.

لەپڕ بیری کەوتەوە ئەونامەیەی بۆجانی ناردبوو ئەوڕۆ، ئاخۆ مەترسیدار نابێت، نابێتە بەڵگە بۆی؟ جان پیشانی لێکۆڵەرەوەکانی نادات؟

لەبیرکردنەوەدا نقوم ببوو، بیرکردنەوەکانی بەرەو ترس هەنگاوی نا. دواتر سەری هەڵبڕی وبەوپەڕی متمانەوە وتی: نا، تۆمەتەکە لەسەر خۆم لابەم گەشتەکەم بۆهەفتەیەك کورە بۆمانگێك دواخەم.

کەمێك لەشوێنی خۆی وەستا، دواتر بەرەو کارگە بەڕێکەوت، وتی: خۆشەویستی لەدڵمدا مرد؛ بوغزو کینە جێگەی گرتۆتەوە، وەیل بۆی،

پێی لەسەر خۆشەویستییەکەم نا، بێجگە لەتۆڵە هیچی ترم بۆنەماوەتەوە.

جارۆد لەو دەرگا بچوکەی هەمیشە بەڕێز لابرۆ پیایدا تێپەڕی ڕۆشتە ناوکارگەوە، پێشتر بەهۆی مۆمەکەوە کلیلێکی لەبەر گرتبۆوە بەهۆیەوە توانی بەئاسانی بڕواتە ناوکارگەوە. ڕووناکی لەژوورەکەی جان بەدی دەکرد، ددانەکانی گیرکردوو وتی: ئێستا گاڵتەم پێکات و پێی وایە لەبەربارانەکە چاوەڕوانیم. بەڵام ئێستا تۆڵەکەم ئەبینیت چۆنە، و ئەو خۆشەویستییەی لەگۆرانییەکی ئارامکەرەوە دەچوو ئێستا گۆڕاوە و بوە بە ئاگرێك هەرشتێك لەبەردەمی بوەستێت دەیسوتێنێت.

جان ئەوشوشانەی کەپڕیکردبوون لە نەوت لە ژوورەکەی تەنیشتی نابوو، جارۆدیش بۆ یەك و دوو بەرەو شوشەکان هەنگاوی نا.

هەندێك شوشەی هەڵگرت وبەرەو کارگەکە ڕۆشت وهەندێکی لەسەر تەختەکان بڵاوەپێکرد، دواتریش بەرەو نوسینگەکەی بەڕێز لابرۆ ڕۆشت هەرکەرەستەیەکی دەسکەوت زرم لەقاسەکەی دەدا تاشکاو کرایەوە وهەرچی لەقاسەکەدا بوو لەئەوراق وکاغەز بردی

ئەوەندەشی لەتوانادابوو پارەی بەکێش کرد لەگەڵ وێنەی ئامێری پۆختەکردنەکە.

جارۆد دووبارە گەڕایەوە بۆشوێنی نەوتەکە کەبڵاوەی پێکردبوو، لەگیرفانیدا لولەیەکی کبریتی دەرهێناو ئاگری لەکارگەکە بەردا، ئەوەندەی نەبرد هەموو شوێنەکە پڕبوو لەئاگر وەکو کانێکی ئاگرینی لێهاتبوو.

لەودەمەی ئەم ڕووداوە تۆقێنەرە لەپاریس ڕوویدەدا، بەڕێز لابرۆ پاش دڵنیا بونەوەی لەسەلامەتی کوڕەکەی بەرەو شارە مەزنەکەی ناوچەی ڕزق وڕۆزی گەڕایەوە.

کاتژمێرێك لەنیوەشەو لایدابوو پاریسی بەجێهێشتبوو، لە یەکێك لە چێشتخانەکان لەخواردن بویەوە و دواتر فەرمانی بە شۆفێرەکە کرد تا کارگە نەوەستێت.

دوای ئەوەی کارگەکە و نوسینگەکەی بەڕێز لابرۆ ئاگری تێبەربوو، بەڕێز لابرۆ گەشتە کارگە.

کەئاگرەکەی بینی بەپەلە ڕایکرد تا بیکوژێنێتەوە، بینی دەرگای نوسینگەکەی کراوەتەوە، یەکسەر بەبیری داهات بەئەنقەست کراوە، هەڵپەی دابەرەو ژوورەکەی و دەرگاکەی شکاند.

لەوساتە شەرمەزارەکەرەدا جارۆد هیچی بۆنەمایەوە جگە لەوەی بگەڕێتەوە دواوە وبەیەکێك لەوکەرەستانەی قاسە بچوکەکەی کردبوۆوە، بیتەقێنێت بەرەو دڵی بەڕێز لابرۆ، ولەسەر زەوی کەوت و خوێن وەکو بۆمبێك لەسنگیدا تەقییەوە.

جانیش بینی چۆن جارۆدی بکوژ لەدڵی بەڕێز لابرۆی ناو خوین فیشقەی دەکرد بەوناوە.

ئاگر تەواوی کارگەکەی گرتبوۆوە، پیاوانی ئاگرکوژێنەوە بەخێرایی ڕۆشتن وهەموو هەوڵێکی خۆیان خستبووە گەڕ تائاگرەکە بکوژێننەوە.

جان لەخراپی باردودۆخەکە نەدەترسا، دەیزانی هەموو تۆمەتێکی دەخەنە پاڵ، ڕۆژێك پێشتر دەرکراوە، مێردەکەشی لەوێ مردووە، نەوتەکەش بەڵگەیەکی دیکەیە، هەموو ئەوانە ئەبنە پاڵنەر تا ئاگر لە کارگە بەردات، بەخۆی وت: بەڵام نکوڵی لێکەم، نامەکە ئەبێتە بەڵگەیەك بۆم کە ئەو بکوژەکەیە.

ڕایکرد بەرەو ژوورەکەی تانامەکە بدۆزێتەوە، ئەونامەیەی لەوتۆمەتە قێزەونە دەربازی دەکات، لەڕێگا بیری کەوتەوە نامەکەی پارچە

پارچە کردووە، پاڵی نا بەدەرگاکەوە و سەیری ناوەوەی ژوورەکەی کرد بەڵام هیچی لێنەبوو.

_ خوایە! نامەکە لەکوێیە؟

هەموو شوێنێك دەگەڕا، ژێر کورسی...... ژێر جێگەکە...... مێزەکە....... هەموو شوێنێك.

هەرخەریکی گەڕانی بێهوودەبوو، دەنگی ژمێریارەکە دەهات، گوێی لێبوو دەیوت: گومانی تیانییە خاتو فۆرتییە ئاگرەکەی کردۆتەوە، بەگوێی خۆم گوێم لێبوو هەڕەشەی لەبەڕێز لابرۆ دەکرد.

جانیش هەربەردەوام لەگەڕان، تاکە بەڵگە لەوچەرمەسەرییە ڕزگاری دەکرد لەدەستی دا، جۆرجی هەڵگرت ولەژوورەکە وکارگە ڕۆشت، ترس وتۆقاوی بەئاشکرا لەسەر ڕووخساری هەردووکیان بەدی دەکرا. بەڵام لەو بێچارەیشدا ئەسپە دارینەکەی کوڕەکەی لەبیرنەکردبوو بێ ئاگا لەوەی نامەی قوتاربوونی لەسکی ئەسپەکەدایە.

ئاپۆڕایەك لەخەڵکی لەنزیك ئاگرەکە و دوکەڵە نزیك ببونەوە. پیاوانی ئاگر کوژێنەوە بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوتن تاکۆنترۆڵی بکەن ودەرگاکانیش هێشتا هەرقوفڵ بوون. یەکێك هاواری لێ بەرزبویەوە و وتی: جان پاسەوانی

دەرگـا لەکـوێیە؟ جـاك جـارۆدیش لەنێـو ئـاپۆڕاکە بـوو هـاواری دەکـردوو دەیـوت: جـان کـوا؟ گومـانی تیـانیە ئەوئـاگرەکەی کـردۆتەوە، لەپـای دەرکردنـی هەستاوە بەم کارە.

دواتـر هـاواری کـرد لەهەرچـی کەس بـوو لە نزیکـی: دەی برایـان بـاگەنجینەی بەڕێـوبەر لەئاگر بپارێزین. بەدڵخۆشییەوە بەڕێکەوت.

دوای ئەوەی جـارۆد تـاوانەکەی کردبـوو زانـی جـان ئەوی بینیـوە لەکـاتی کوشـتنەکەدا دڵنیـابوو لەوەی پەنـچەی تـۆمەتی بـۆ ڕائەکێشـێ و ئاشـکرای ئەکـات لای خەڵکـی. سـەد مەترێـك لەکـارگە دوورکەوتەوە و خـۆی کـۆکردەوە و بەخـۆی وت: بەڵـێ، پەنـچەی تـۆمەتم بـۆ ڕائەکێشـێ، بەڵام چ بەڵگەیەکـی هەیە؟ نـامەکە! بەدڵنیـاییەوە ئـاگرەکە ئەوەشـی لەنـاوبردووە. هەمـوو ئەزانـن ڕۆژێـك پێشـتر دەرکـراوە و نـاکۆکی لەگەڵ بەڕێـوبەر هەبـووە، و ژوورەکەی بەنەوت ڕوونـاك کـردۆتەوە، هەرکە شوشـە بەتاڵەکـان ئەبیـنن لەنزیـك کـارگەوە دڵنیـائەبن لەوەی کە ئەوە.

کاتێـك هـاواری لەخەڵـکەکە کـرد گەنجیـنەکە بپـارێزن، غەریزەیەکـی دۆزەخـی لەپشـتیەوە بـوو، ئەیویسـت تـۆمەتەکە لەخـۆی دووربخـاتەوە،

ئـــاپۆڕاكه بەرەو نوســينگەكه بەڕێكەوتــن ترســيان لەئـــــاگرەكه هەبـــــوو دڵنيــــابوون لەوەی هەركەس نزيكی بێتەوه ئەيپێكێ.

ژمێريارەكه وتی: چوونەژوورەوه مەحاڵه.

جـــاك: مـــن هەوڵەدەم، ئەبـــێ ئـــاگرەكه لەدۆلابەكه دووربخەمەوه.

_ تووشی مەترسييەكی گەوره ئەبی.

_ ئاگادار ئەبم.

ڕۆشـــته نـــاوەوەی نوســـينگەكه، چەنـــد ســـاتێكی پێچوو هاواری كرد: تەرمێك لێرەيه!

هەڵـــی گـــرت وتەرمـــی بەڕێـــز لابـــرۆی هێنـــايه دەرەوه.. ئەيپرسی: خوايه! تەرمی كێيه؟

ژمێريـــارەكه: ئەی هـــاوار خـــوايه! تەرمـــی بەڕێـــز لابرۆيه.....!

جـــاك جـــارۆد دووبـــاره گەڕايەوه بەرەو نوســـينگه، كەمێكـــــی پێچـــــوو لەژوورەوه هـــــاواری لــــێ بەرزبـــويەوه ودەيـــوت: بەخێرايـــی وەرن بـــۆلام! خەريــــكه دەخنكــــێم، ڕزگــــارم بـــــكەن...... وائەخنێكم.

دواتر دەنگی نەما.

هەنـــدێك لەپیاوەكـــان بەرەو لای جـــاك ڕایـــان كـــرد، بەڵام دیـــــوارەكە هەرەســـــی هێنـــــا و بـــــوو بە بەربەستێك لەنێوانیاندا...

هەنــــدێكیان دەیـــانووت: بێچـــارە جـــاك، بـــوو بە قوربانی.

ســـەرەڕای هەوڵەكـــانی پیـــاوانی ئـــاگر كـــوژێنەوە، بەڵام ئـــــاگر هیچـــــی لەكـــــارگەكە نەهێشـــــتەوە و لەناوی برد.

خەڵـــكەكە مقۆمۆیـــان بـــوو لەبـــارەی نهێنـــی ئەم كارەســـاتە دڵـــتەزێن و لەناكـــاوە، ژمێریـــارەكە ئـــاپۆڕاكەی كـــۆكردەوە و بەرەو جـــان بەڕێكەوتـــن، لەپێشـــەوەیانەوە بـــوو دەیـــوت: نەفرەتـــی لێبێـــت، ئەو بەدڕەوشـــتە هۆكـــاری ســـوتان و مردنـــی بەڕێـــز لابرۆ و جاك جارۆدە.

لێـــرەدا ســـەرۆكی پۆلیســـەكان خـــۆی خســـتە ناومەسەلەوە، وتی: تۆكێی؟

_ ژمێریاری كارگە.

لەقســـەكانت بەوەگەشـــتم كەســـێكت تۆمەتبـــاركرد مانای چییە؟

_ بەڵێ، دەرگاوانەكە، ناوی جان فۆرتییە.

_ هیچ بەڵگەیەكت هەیە لەدژی.

ونبـــوونی، ڕاکردنـــی لەم ســـاتە هەســـتیارەدا گەورەتـــرین بەڵـــگەیە بـــۆ تـــاوانەکەی، دڵنیاشـــم نەوتـــی تەنهـــا بـــۆئەوە کڕیـــوە ئـــاگر لێـــرە بەربـــدا وهیچی تر.

_ چی وایلێکات وابکات؟

_ کینـــەی بەرامـــبەر بەڕێـــز لابـــرۆ، دوو ڕۆژ پـــێش ئێســـتا بەهـــۆی کەمتەرخەمیـــیەوە لەکـــارگە وەدەری نا.

_ جەســـتەی کـــوژراوی دووەم لەکـــوێیە؟ گـــوێم لێبوو دەتوت دوو پیاوی کوشتووە.

_ کـــوژراوی دووەم گەورەم، چـــاودێری کـــارگەیە بەڕێـــز جـــاك جـــارۆد. وەژوور نوســـینگەکە کەوت تـــا گەنجینـــەی بەڕێـــز لابـــرۆ بپـــارێزی بەڵام لەولاوە بەتەرمەوە گەڕایەوە، دووبـــــــارە وەژوور کەوت بەڵام ئـــاگرەکە لەنـــاوی بـــرد خۆمـــان گوێمـــان لەهـــاواری بـــوو، پـــێش ئەوەی ڕزگـــاری بکەیـــن دیوارەکە هەرەسی هێنا.

_ باشـــە، جەســـتەکە ئەبیـــنە شـــوێنی بەلەمەکـــان تـــاکە شـــوێنە ئـــاگرەکەی بەرنەکەوتبێـــت، لەوێشـــەوە هەتـــا دادوەر ئامادەبێـــت لێکـــۆڵینەوەی ســـەرەتایی دەست پێکات.

دواتــر فەرمــانی بەچەنــد پیــاوێکی کــرد تــاتەرمەکە بگوازنەوە.

دواتــر بــانگی ژمێریــارەکەی کــردوو، لەوەڵامەکــانی ئەوەی بــۆڕوون بــویەوە کەوا بــێ هـــاوژینە وکـــوڕێکی ســـێ ســـاڵانی هەیە ولەلای خوشـــکی دەژی، و بەســـەردان ڕۆشـــتووە بـــۆلای کـــوڕەکەی و لەپڕ هاتۆتەوە و توشی ئەجەلی خۆی بووە.

_ بروســـکەیەك بنێـــرە بۆخوشـــکەکەی هەواڵـــی مردنی براکەی پێ ڕابگەیەنە.

_ بەڵێ گەورەم.

ســـــەرۆکی پۆلیســـــەکان ڕاپـــۆرتی ســـــەرەتایی ئامـــادەکرد تـــا پێشکەشـــی دادوەری لێکـــۆڵینەوەی بکات.

_ ٧ _

جـــان لەوپەڕی پەرێشـــانی وخەفەتـــدابوو، جـــۆرجی هەڵگرتبـــــوو بەرەو ڕووبـــــارەکە تـــــاوی دەدا، بەترســـەوە وەســـتا، تـــاو نـــا تـــاوێ ئـــاوڕی دەدایەوە بـــۆ ئـــاگرەکە، دەنگێـــك لەناخیـــدا هـــانی دەدا هەتـــا

دەتوانێ هەتا لەتوانایدایە دوور بکەوێتەوە و ڕابکات.

لەبەرخۆیەوە قسەی دەکردوو دەیوت: بۆ کوێ بڕۆم؟ بۆ ڕامکرد ئاخر؟ بەڵێ، ئەزانم تۆمەتبارم کەن، ئەوبەڵگەشم لەدەست دەرچوو کەڕزگاری دەکردم، هیچم نەدۆزییەوە و بەبیرم نەهات جگە لەڕاکردن.

ڕوانینە دڕندانەکەی جاك جارۆدی بەبیرهاتەوە لەکاتی کوشتنی بەڕێز لابرۆ، لەوکاتەدا جاك پێی وتبوو: بتەوێ ونەتەوێ لەهەموو لایەکەوە تۆمەتەکان ئاڕاستەی تۆدەکرێت. هیچ ڕێگایەکیشت نییە بۆ نکۆڵی کردن.

_خوایە! ئەم ناکەس بەجێیە چیکرد؟ چی ڕێکخست؟

هەر ئەونەوتەکەی لە دووکان کڕیبوو، شوشە بەتاڵەکانیش دەدۆزنەوە، ڕاکردنی لەکاتی ئاگر کەوتنەوەکە، وئەو قسەشی کەوتی ((چاکنابێت بۆت))، هەموو ئەمانە وەك سوپایەك هێرشیان هێنابووە زەهنی، هەرئەوەنەش بەسبوو تاڕابکات.

خۆرهەڵات و هێشتاش پەرێشانی و نیگەرانی لەسەر ڕووخساری بوو.

له دووره‌وه دوو پۆلیســی بینــی ژنێکــی كه‌له‌بــچه به‌ده‌ســـتیان پێبــوو، خــۆی له‌پشـــت داره‌كـــانه‌وه حه‌شـــارداو و ده‌یوت:خــوایه! چاره‌نووســی منــیش وائه‌بــێ، وه‌ك ئه‌و ژنه له‌زینداندا ئه‌بــم، به‌ڵام هــیچم نه‌كــردووه بێتــاوانم، كــارێكی بــێ ئه‌قــلانه‌م كــرد، ئه‌بــوایه بمامــایه‌ته‌وه و هــاوارم له‌پــۆلیس بكردایه وبم وتایه: ئه‌وه بكوژه‌كه‌یه بیگرن.

ئێســـتا چیـــبكه‌م؟ بگه‌ڕێـــمه‌وه؟ ئـــاخۆ ئه‌گه‌ر بگه‌ڕێمه‌وه ئه‌توانم خۆم قوتاربكه‌م؟

ده‌نگــی منــداڵه‌كه‌ی بیركردنه‌وه‌كــانی بــڕی و وتــی: دایه برسیمه.

خه‌م دڵــی ته‌نیبــوو، وتــی: ئـــارامبگره كــوڕه‌كه‌م، هه‌ركه گه‌شتینه گونده‌كه خواردن دابینه‌كه‌م.

_ هیلاكم دایه ناتوانم ڕێبكه‌م.

دووبـــاره جـــۆرجی هه‌ڵگـــرت و درێـــژه‌ی به‌ڕێگـــاكه‌ی دا، له‌كۆتایـــدا گه‌شـــته گونـــده‌كه و جۆرجی له‌ســه‌ر گژووگیــاكه ڕاكشــاند و وتــی: لێــره چاوڕێكه تاخواردنت بۆده‌هێنم.

_ چاوه‌ڕێكه‌م دایه.

_ ناترسی به‌ته‌نها؟

_ نا، ئه‌سپه‌كه‌م به‌رگریم لێكات.

ئەسپەکەی لەئامێزگرت وچاوەکانی لێکنا، هەرزوو خەوێکی قوڵ بردیەوە، دایکی ووردە ووردە دوورکەوتەوە دڵی لە مشتیدابوو.

لەهەمان دەمدا دادوەری لێکۆڵینەوە گەشتە کارگەکە، وداوای پشکنینێکی وردی لەتەواوی کارگەکە کردوو سەرچاوەی ئاگرەکەش بدۆزنەوە.

پیاوانی پۆلیس، شوشەی بەتاڵی نەوتی وەدی کردوو هێنایان، دادوەر ڕووی لەژمێریارەکە کردوو وتی: پێشتر ئەم شوشانەتان بینیوە؟

_ بەڵێ، جان فۆرتییەم بینی پڕی دەکرد لەنەوت.

_ ئەتوانی ئەو قسانەی جان فۆرتییە بەرامبەر بە بەڕێز لابرۆ دووبارەی بکەیتەوە بۆم؟

_ بەڵێ گەورەم، کاتێك لەکارگە دەریکرد وتی((ئاگاداربە لە چاکەی تۆ نابێت وابکەی))، ئەمە هەڕەشەیەکی تەواوە گەورەم، ڕەفتارەکانی ئاماژەن بۆ ڕق و کینەیەکی قوڵ.

_ پێت وایە تۆڵە تاکە هۆکاربێت؟

_ گومانی تیانیە گەورەم.

_ قاسەکە، دۆلابەکە بەتاڵ بوو؟

_ نزیکی دووسەد هەزار فرەنکی تیابوو.

_ بێجگە لەتۆ کەسی تر بەوە ئەزانێ؟

_ جاك جارۆد و جان فۆرتییە.

ئەودووانە دەیانزانی، بەڵام ئەوەتا جاکێ بێچارە لەکاتی دوورخستنەوەی قاسەکە لەئاگرەکە، خۆی لەناوچوو.

لێکۆڵەرەکە بەردەوام بوو، دواتر ڕووی لە سەرۆکی پۆلیسەکان کرد ووتی: بڕوا بە بۆچوونەکەم بکە، تۆڵە تاکە پاڵنەر نەبووە، قاسەکەی شکاندووە و دواتر ئاگری لەتەواوی کارگە بەرداوە، بەڕێز لابرۆ گەڕاوەتەوە و چاوەڕێی شتێکی وانەبووە بۆیە هیچی بۆنەماوتەوە جگە لەوەی بیکوژێت.

سەرۆکی پۆلیس: ژنێك ئەتوانێت قاسەیەکی ئاسنین بشکێنێت؟

ژمێریارەکە: بەڵێ، مۆدەکەی کۆنە و بەئاسانترین شێوە ئەتوانرێت بشکێنرێت.

سەرۆکی پۆلیسەکان: ئەی چۆن بزانین ئاگرەکە پارەکەی لەناو نەبردووە؟

ژمێریـــــارەکە: مەحـــــاڵە گەورەم، ســــێ هەزار فرەنکــــی ئـــاڵتونی تیـــابووە ئەگەر مابـــایەتەوە ئەتوانێەوە وئەمانبینی.

دادوەری لێکـــۆڵینەوەکە لەپزیشـــکەکەی پرســـی: جــۆری چەکەکەت زانـــی کە بەڕێـــز لابـــرۆی پـــێ کوژراوە؟

_ بەئەگەرێکـــــی زۆرەوە چەقـــــۆیەکی گەورەیە بەدڵیدا چەقێنراوە.

_ ئەی جان کە ئەزانـێ بەڕێـز لابـرۆ لەکـارگە نیـیە بــۆچی چەقـــۆی هەڵگرتـــووە؟ پـــێم وابێـــت هاوبەشـێکی هەیە، ئافرەتێـــك بەتەنهـــا ناتوانێـــت ئەو هەموو تاوانە بکات.

_ لەوەیە چەقـــۆکەی هێنابێـــت تاقاســـەکەی پـــێ بکاتەوە.

_ ئەگەری هەیە.

دادەوەر خـــــاوەنی دووکــــــانەکەی بــــــانگکردوو، گەواهـــــی ئەوەی دا دوو ڕۆژ لەوەوبەر جـــــان فۆرتییە چوار لیتر نەوتی کڕیووە.

دواتــر بەکـورتی چەنشـتێکی دیـکەی لەسـەر جـان وت وتیشـــی کەوا هیـــوای ئەخواســـت دوو بۆســـێ هەزار فرەنکی هەبوایە.

دادەوەری لێکـــۆڵینەوە لەگەڵ پـــۆلیس کەوتـــنە لێکـــۆڵینەوە ۆلەکۆتایـــدا بڕیاریـــان دا، بەپێـــی ئەوبەڵگـــانەی دەســـتیان کەوتـــووە فەرمـــانی دەستگیرکردنیان بۆدەرکرد.

_ ٨ _

لەناوەڕاسـتی کـاتژمێر حەوتـی سـەر لە ئێـوارەی هەمـــان ڕۆژ، پیاوێـــک لەســـەر یەکێـــک لەکورســـیەکانی ئەو شـــەمەندەفەرەی بەرەو هـاڤەر گەشـتی دەکـرد دانیشـتبوو، لەپیـاوێکی خانەدان ودەوڵەمەند دەچوو.

کۆمەڵێـــک کـــاغەز وئەوراقـــی لەبەردەم بـــوو، بەبایەخەوە لێی دەڕوانی.

ئەم پیـاوە پاڵەوانەکەمـانبوو جـاک جـارۆد، ڕەنگـی قژیشـی گۆڕیبـوو، کاغەزەکـانیش بـێجگە لەوانەی لەقاسـەکەی بەڕێـز لابـرۆ دزیبـووی هیچـی تـر نەبوو.

لەڕاســتیدا کاتێــک جــاک ڕۆشــت بــۆژووەرکەی بەڕێـز لابـرۆ تـا ئـاگرەکە دابمـرکێنێتەوە لەنزیـک قاســەکە لەکــاتێ هەرەس هێنــانی دیــوارەکە هـــاورێکی ســـاختەی کـــردووە تـــاوابزانن

لەنـــاوچووە، ودواتــــر لەدەرگـــای پشـــتەوەی نوسینگە بۆی دەرچووە.

دواتــــر بەرەو ژوورەکەی خــۆی دزەی کــــردووە وخــۆی حەشــارداوە خەڵکــیش وائەزانــن بــوە بەقوربانی، وئێستا پاڵەوانە لای ئەوان.

تــاوەکو لەچــاو دووربێــت ڕۆشــتووە بۆدارســتانەکە ئێــوارەی ڕۆژی دواتــر لەحەشــارگەکەیەوە بەرەو هــاڤەر بەڕێکەوتــووە و لە یەکێــك لە ئوتێلەکــان ماوەتەوە لەژێر ناوی پۆڵ هرمان.

نــاوی یەکێــك لەهـــاوژوورە کرێکارەکــانیەتی بەهــۆی نەخۆشــیەوە گــوازراوەتەوە بــۆ خەستەخانە. جاك جارۆد هیچی بۆنەمایەوە جگە لەوەی بــاری کەســێتی و ناســنامەی هــاوڕێکەی هەڵبگرێت بۆخۆی.

ئێســـتا ئەتوانێــت وەکــو قەڵغانێــك بۆخــۆی بەکاریبهێنێــت، ئەگەریــش کەســێك گومــانی کــرد بــاری کەســێتی و ناســنامەکەی پیشــان دەدا وهــیچ لەسەرخۆی ناهێڵێت.

جـــان بەخـــــواردنەوە گەڕایەوە بــــۆلای جگەرگۆشــەکەی، و دوای خواردنیــان خەوێکــی قوڵ هەردووکیانی بردەوە.

کاتێـــك خەبەریـــان بـــویەوە تیشـــکی خـــۆر وەکـــو تیرێـــــك لەزەوی دەدا، و بـــــاو بـــــۆرانیش هـــــیچ ئاســــەوارێکی نەمـــــابوو. جـــۆرج وتـــــی: دایە، برسیمە.

لەئـــامێزی گـــرت و چاوەکـــانی قەتـــیس بـــوون لەئـــاو، وێنـــای چارەنوســـێکی بـــێ مـــاڵ وحـــاڵ کەچـــاوەڕێی منداڵەکانی دەکات کرد.

خـــواردنی دەمـــی خۆشـــی دەدا بە جـــۆرج دەیزانـــی بەشـــی هەردووکیـــان ناکـــات و بەشـــی یەکێکیـــان دەکات.

دەیزانـــی ئـــاقڵانە نـــابێ بەڕۆژ لەناوگونـــدەکەدابن چەندین کاتژمێر هەرلەدارستانەکە مابونەوە.

لەکۆتایدا شەویان بەسەر هات.

جـــان بەزەحـــــمەت قـــــاچی لەســــــەر زەوی بەرزدەکـــردەوە ئەتـــوت بەبزمـــار بە زەوییەکەیـــان داکوتـــــاوە، بەهەر هەوڵ وتەقەڵایەك بـــوو خـــۆی گەیاندە گوندەکە.

جـان لەمـاڵی قەشـەی گونـدەکە فلـیکس لـۆژێ نزیـك بویەوە و لە دەرگای دا.

بەخێرایـــی خزمەتکـــارەکە دەرگـــاکەی کـــردەوە و لێـــی دەڕوانـــی، ژنێـــك ومنـــداڵێکی بچـــووك بەم شەوە!

جـــان بەدەنگێکـــی لەرزۆکەوە وتـــی: ئەتـــوانم ئەم شەو لاتان بمێنمەوە؟

_ بەدڵنیـــاییەوە، ســـاتێك چـــاوەڕێبکە تـــا بـــاوکە بانگدەکەم.

کەمێکـی پێچـوو قەشــە خـۆی هـات و بینیـان جـان لەسەر زەوییەکە وشك بۆتەوە وبوراوەتەوە.

قەشـــــە بـــــانگی کلاریســـــی خوشـــــکی کـــــرد، وگواســـــتیانەوە بـــۆ ژوورەوە جێـــی نەهێشـــــت تاهۆشی هاتەوە.

قەشـە وتـی: پێم وابێـت برسـێتی هۆکـاری لەهـۆش چونـەکەتە.

لەگەڵ خوشـــکە ئەوەنـــدەی بەســـبێت خـــواردنی بۆهێنـــا، لەگەڵ خوشـکە قسـەیان دەکـرد وسـۆزیان ئـاڵوگۆڕ دەکـرد تاهەسـت نەکـات لەنـاو بێگـانەیە و لەناو خێزانی خۆیەتی.

جــان کەوتە دەســت وپــێ مـــاچکردنی قەشـــە و، وتـــی: ســـوپاس بـــاوکە، بەتەواوی برینەکـــانمەوە سوپاسگوزارتم.

_ ٩ _

هەواڵ گەشتە خوشکەکەی بەڕێز لابرۆ، یەکسەر خۆی گەیاندە ئاڵفۆرتفێڵ و ئەبڵەق بوو.

بێچارە بڕوای بەوەنەدەکرد کە دەیبینی و دەیبیستێت، چۆن ئاخر؟ ....

بیست وچوار کاتژمێر پێشتر براکەی لەبارەی پرۆژەی داهاتوو و چی بکات و چی نەکات لەگەڵی دەدوا کەچی ئێستا..........

لەپڕ خەونەکانی هەرەس دێنن و براکەی دەکوژرێت، کارگەکەشی دەسوتێنرێت وهەموو سەروەتەکەشی لەناودەچێت و نامێنێت.

ڕیکۆی ژمێریار لە سیرەوە تا پیاز هەمووی بۆ خاتوو لابرۆ باسکرد هەر لەسەرچاوەی ئاگرەکە تا دەگاتە هەڵهاتنی جان، ئافرەتە بەبەزەییەکە وتی: ئەوە چییەڵێی بەڕێز ڕیکۆ؟! براکەم جگە لەباشە بە هیچ شێوەیەکی دیکە باسی خاتوو جانی نەکردووە، تەنانەت داواشی لێکردم بیخەمە ژێر سێبەری خۆم. ئیتر چۆنەتوانی تاوانێکی لەوشێوەیە بکا، مەحاڵە. نا، گومانی تیانیە هەڵەیەك ڕوویداوە، بەهەڵە پەنجەتان داناوە.

_ بەڵام بەڵگەکان لەدژی زۆر بەهێزن.

بەنکـۆڵییەوە شـانەکانی هەڵتەکاند و وتـی: دڵـم پێمەڵێت بێتاوانە و هیچ تاوانێکی نییە.

ژمێریـارەکە لەسـەر بـنکەی دارایـی لەگەڵ خـاتوو برتـان کەوتە قسـەکردن و وتـی کەوا کـارگە سـەدهەزار فرەنکـی قەرزارە بەڵام کۆمپانیاکـانی دڵنیایی ئەو ئەرکە لەئەستۆ ئەگرن.

_ براکەم هیچ پارەیەکی لەبانك نەبوو؟

_ نـا، پـێش مردنـی هەمـوو پارەکـانی لەبانـك ڕاکێشـا بەمەبەسـتی کڕینـی ئـامێری نـوێ بـۆ کۆتـا داهێنانی.

_ پارەکە لەکوێیە؟

لەبـارەی دزینـی پـارەکەش ژمێریـارەکە بـۆی باسکردبوو چیبووە.

_ کەواتە هیچ بۆ برازاکەم نەماوەتەوە؟

_ بەڵـێ، بـێجگە لەو زەویـیەی کە کـارگەکەی لەسەر بنیادبوو، بەڵام ناتوانرێت بفرۆشرێت.

_ لوسـیان لەژێـر بـاڵی مـن ئەبێـت و خۆشـم خەرجـی ئەکێشـم، و ئەیـکەم بەپیاوێـك کەیـادی باوکی بە زیندووی بهێڵێتەوە.

برتـانی خوشـکی بەڕێـز لابـرۆ بەمەبەسـتی بینینـی دادەوەری لێکۆڵینەوە بەرەو پاریس بەڕێکەوت.

دادوەری لێکـۆڵینەوە دڵنیـایی پێـدا کەوا سـزایەکی توند بەسەر بکوژەکەدا دەسەپێنرێت.

_ سـزای ڕەوا بەمـن چـی؟ خـۆ تـازە بـراکەم بـۆ ناگەڕێندرێتەوە.

_ بەداخەوەم، ڕاسـت ئەفەرمـووی، بەڵام خـۆ نابێ خوێنەکەی هەروابڕوات.

_ تۆدڵنیایی جان فۆرتییە بکوژەکەیە؟

_ گومانم نییە خانمەکەم.

_ ژنێـک چـۆن لە توانایـدایە ئەو هەمـوو تـاوانە بکات؟

_ ڕق.....خـانمەکەم ڕق ئەبێـتە سـەرچاوەی هێـز و بوێری لەناخی لاوازترین ئافرەتدا.

_ ئەی ڕق بـۆچی؟ لەکاتێکـدا بـراکەم زۆر گرنگـی بەداهاتووی ئەوەدا؟

_ دیـارە تـۆ بێئاگـایی لەوەی دووڕۆژ پێشـتر جـانی وەدەرناوە.

_ ئەزانـم گەورەم، ئەوەش ئەزانـم لەهەمـان کاتـدا گرنگـی زۆر بەوەدا، داوای لێکـردم بیـبەم بـۆ لای خـۆم و جـێگەی بـۆ بـکەمەوە؛ وە قبـوڵم کـرد، نەیەویسـت هەردەرییبکـات دەرییبکـات بەڵکـو

ئەیویست لەکارێك دووریبخاتەوە كە گونجاو نییە بۆی.

_ ئەی جان بەوەی ئەزانی براکەت وائەکات بۆی؟

_ پێم وانییە.

_ کەوایە گومانی تیانییە ڕق بووە بەرامبەری، یەك تۆسقاڵ گومانم نییە كە ئەو بکوژەکەیە، لەگەڵ ئەوەشدا چ بەڵگەیەك لەهەڵهاتنی بەهێزترە لەم کاتەدا؟

خاتوو برتان سەری لەقاند و وتی: بەدڵنیاییەوە ڕاکردنەکەی گومانی دروست کردووە، بەس کێ ئەزانێ کێ ناڵێ لە ترس و تۆقاوی و پەشۆکاویدا ڕاینەکردووە؟

_ ئەی ئەگەر تاوانی نەکردبێت چی ئەبێتە هۆی ئەوەی وا بپەشۆکێت و بتۆقێت؟ دوای ئەوەش کڕینی نەوت بەڵگەیەکی تەواو یەکلاکەرەوەیە.

خاتوو برتان کەمێك بێدەنگ بوو، وتی: کەواتە تۆمەتەکەی لەسەر سەپێنراوە؟

_هەمووی.

_ هیچ بیرت لەوە نەکردۆتەوە ئەکرێت کاری یەکێك لە کرێکارانی کارگە بێت؟

_ خـــــانمەکەم ئەم بگـــــرە و بەردە تۆمەتەکـــــان لەسـەر جـان لانابـات ناکرێـت لێـی خۆشـبیت، دیـارە تــۆ بــێجگە لەو گومانــت لە یەکێکــی دیــکە هەیە بیڵێ بزانین کێیە.

_ پێکـات گەورەم، دوێنــێ کـاتێ بـراکەم سـەردانی کــردم باســی داهێنــانی ئــامێرێکی ئەکــرد کەوا سـەدان ملیـۆن دێنێـت، دوور نیـیە ئەم تـاوانە بـۆ دزینی ئەو داهێنانە کراوە.

_ براکەت نهێنی داهێنانەکەی بە کەس وتووە؟

_ بەڵــێ، بەیەکێکــی وتــووە چــاودێری کــارگەیە، داوای هەمــاهەنگی لێکــردووە و بەڵێنــی پێــداوە پێنج لەسەدیشی پێبدات.

_ قســـەکەت وادێـــتەوە چـــاودێری کـــارگەکە بکوژەکە بێت؟

_ ڕای منە گەورەم.

_ ڕایـیەکەت مـاقولە و ئەبـێ لەبەرچـاو بگیرێـت، بەڵام کێیە؟

_ ناوی جاك جارۆدە.

دادوەرەکە سـەری بـادا، و وتــی: جــاك جـارۆد؟ گومانەکانت بخەلاوە خانمەکەم.

_ بۆ؟

_ لەبەرئەوەی جاك جارۆد نموونەی بوێری وگیانفیدای بوو، کاتێ هەوڵی پاراستنی قاسەی براکەتی دەدا ئاگرەکە لەناوی برد.

دوای گفتۆگۆیەکی درێژ و دڵنیایی لەلایەن داوەرەوە کەوا خوێنی براکەی هەروا ناڕوات، خاتوو برتان وەدەرکەوت.

_١٠_

دوای داپۆشینی خەمەکانی بە چاکەتێکی سۆز و خواردنێکی بەتام و پشوویەك و خەوێکی قوڵ و شوێنێکی پارێزراو بۆ کوڕەکەی دەمتوانی جان فۆرتییە لە ماڵەکەی باوکە لۆژێ ببینم.

لەهۆڵی میوان باوکە لۆژێ لەگەڵ کلارێسی خوشکی و ئاتیینی وێنەگری هاوڕێیان لەبارەی کارەکانەوە دەدوان.

باوکە وتی دەزانی ئەم بێچارەیە لە ئاڵفۆرتفێڵ ەوە هاتووە؛ بەڵام هۆکارەکەی نەوت: بێگومان هەژاری و لاتی تەنگی ڕۆشتنی پێ هەڵچنیوە، لە گنیەتمە کارێك یان بڕە پارەیەکی پێ بدەم.

لەم قسانەدا بوون پێشوازی لەپۆستەچییەکە کرد و ڕۆژنامەیەکیشی پێبوو.

باوکە لۆژێ یەکێک لە ڕۆژنامەکانی هەڵگرتوو خوێندیەوە، چاوی کەوتە سەر ناونیشانێکی دیار لەبارەی ئاگرکەوتنەوەیەک لە ئاڵفۆرتفێڵ، هەرئەوەنەی دێڕەکەی خوێندەوە وتی: خوایە! ئەمە مانای چییە؟

خوشکە و وێنەگرەکە ڕوویان لێکرد و لێیان پرسی، لەبارەی سووتانی کارگەیەک و کوشتنی خاوەنەکەی و تۆمەتبارکردنی ژنێک بەناوی جان فۆرتییە و ڕاکردنی لەگەڵ کوڕەکەی بەناوی جۆرج بۆ گێڕانەوە.

ئەبڵەق بوون بەم هەواڵە، خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی کت ومت بەتەواوی لەهەمان ژن دەکات کەئەوان داڵدەیان داوە، کوڕەکەشی ناوی جۆرجە هەمان ناوی کوڕەکەی ئەم.

گومانیان ڕەویەوە و دڵنیابوون هەمان ئەوژنەیە پۆلیس کون و قوژبنی بۆ دەگەڕێ.

وێنەگرەکە وتی: سەیرە، ڕووخسارێکی بێتاوانی هەیە.

قەشەکە وتی: جارێ پەلەمەکەن، لەژێر باڵ و داڵدەی ئێمەدایە جوان نییە پێش ئەوەی ڕاستییەکان بزانین تۆمەتباری بکەین. لەسەرخۆ قسەی لەگەڵ دەکەم.

خوشکە وتی: ئەگەر ئەوبێت چییەکەی؟

هەنــدێك پــارەی پێــدەدەم و داوای لــێکەم بــڕوات، هەواڵ لە ژنێـك نـادەم هـاتۆتە ژێـر سـەقفی مـاڵەکەم و داوای پاراستنی کردووە.

جـان خەبەری بـویەوە و بـاوکە لـۆژێ و خوشـکە و وێنەگـــــرەکە وەژوور کەوتـــــن سوپاســـــی ئەوهەمـوو چاکەیـانی کـرد، بـاوکە لێـی پرسـی، کچم ئێستا ئەتوانی بەردەوامی بدەی بە گەشتەکەت؟

ڕووخســـاری ســـوور هەڵـــگەڕا و وتـــی: گەورەم لەڕاســـتیدا مـــن نەهـــاتووم بـــۆ ئەم لادێـــیە تـابگەڕێمەوە، لەوەدابـووم تکـات لێـبکەم کـارێکم پێبدەی خۆم و منداڵەکانمی پێ بژێنم.

_ کەوایە منداڵی تریشت هەیە؟

_ منـــداڵێکی یەك ســـاڵانەیە لەلای بەخێـــوکەرم داناوە لەلادێ، ئەمەش جۆرجە.

_ مێردەکەت لەکوێیە؟

_ مرد.

_ بەڵام چـــۆن کارێکـــت لێـــرە وەچنـــگ خەم لەکاتێکدا ناوت نازانم، کاغەزی کەسیت پێ نیە؟

موچـــوڕکەیەك بە لەشـــیدا هـــات، بـــاوکە لـــۆژێ نەیتـــوانی لەوەزیـــاتر بەرگە بگـــرێ و لێـــی پرسییەوە: کچم ناوت چییە؟

_ جان.

_ نازناوەکەت؟

_ فۆرتییە.

بـــاوکە بەپەلە وتـــی: کەوایە تـــۆ لەئاڵفۆرتفێـــڵ ەوە هاتوی؟

بەوپەڕی تۆقـــاوی و ترســـەوە جـــان ســـەری هەڵپـــڕی و لەناوچـــاوی قەشـــەی دەڕوانـــی: هەمـــوو شتێك ئەزانی؟

_ بەڵـــێ، بێچـــارە تەواوی پـــۆلیس بەدواتـــدا دەگەڕێ.

_ چ تۆمەتێکیان داوتە پاڵم؟

_ سووتاندنی کارگە و کوشتنی خاوەنەکەی.

ڤیژانـــدی وتـــی: ســـوێندئەخۆم بێتـــاوانم و هـــیچ تـــاوانێکم نیـــیە، ســـوێندەخۆم کە مـــن هـــیچ تـــاوانێکم نەکردووە و بێبەریم.

تۆنی دەنگی جێگەی بڕوابوون بون.

قەشـــەكە و خوشـــكە و وێنەگـــرەكە لە یەكـــدیان دەڕوانـــی بە جۆرێـــك دیـــاربوو كـــاریگەربوون بەوتەكانی.

قەشەكە وتی: ئەگەر بێتاوانی بۆ ڕاتكرد؟

_ بـــۆ ڕامكـــرد؟ بەڵـــێ... بـــۆ ڕامكـــرد؟ ئەو پرسـیارەیە هـیچ وەڵامێـك نـادۆزمەوە بـۆی، گومـان و لێـــك چونەكـــان ئەوەنـــدە زۆربـــوون لە هەمـــوو لایەك؛ بەس بـــوو بـــۆ ئەوەی تۆمەتبـــاربكرێم، منـیش بەڵگەیەكـم هەبـوو بـۆ بێتـاوانیم كـاتێ گەڕام بەدوایـــدا نەمـــدۆزیەوە و هـــیچ چـــارەیەكم نەدۆزیەوە بێجگە لە ڕاكردن.

_ بەڵگەكە بۆ كوێ ڕۆشت؟

_ نـــازانم، گومـــانم نـــیە لەوەی كـــاتێ ژوورەكەم گڕی گرت لەناوچووە.

كەمێك بێدەنگی....

دواتـر قەشـەكە وتـی: كچـم ئەتـوانی هەموویمـان بۆ باسبكەی؟

جـان دەسـتی كـرد بە گێـڕانەوەی ژیـانی، هەر لە مردنـی پیـاوەكەی و بینینـی جـاك جـارۆد لە كـاتی كوشـتنی بەڕێـز لابـرۆ و تـا دەگـاتە خزمەتـی بـاوكە لۆژێ.

کــاتێ تەواو هەمــووی گێــڕایەوە، بــاوکە لــۆژی وتــی: چیرۆکێکــی ســەیرە، بەڵام بــڕوات پێــدەکەم، ئەزانــم درۆنــاکەی بەڵام ئەو خــاڵەی نــاتوانم لێــی بگەم ئەوەیە جاك جارۆد مردووە.

جان سەرسامبوو و پرسی: جاك جارۆد مرد؟

_ بەڵـــێ، لەڕۆژنــــامەکەدا هــــاتووە. ئەوەی نوسرابوو بۆی خوێندەوە.

_ فــێڵە گەورەم، جــاك بــۆیە وایکــردووە تــا تۆمەتەکــان لەســەر خــۆی لابــات، ئەیناســم گەورەم، پیسترین و چەپەڵەترین کەسە.

_ بەڵام پۆلیس لە مردنەکەی کۆڵیوەتەوە.

_ لەمــردنەکەی، ئەی هــاوار. لەنــاوچووم، ئەگەر مردبێــت هــیچ ڕێــگەیەك نیــیە بــۆ ســەلماندنی. تکــــامەکرد ڕووبەڕووی ئەوەی بــــکەنەوە کە کردوویەتی.

بــاوکە وتــی: کــچەکەم ئەگەر ڕاکردنەکەشــت تۆمەتەکانــت لەســەر بســەلمێنێ مــن بــڕوات پێــدەکەم، واباشــە بــڕۆینە بــنکەی پــۆلیس و خــۆت ڕادەســــت بــــکەی هەوڵەدەیــــن بێتاوانیــــت بســەلمێنین، ئەمەباشــتر ئەبێــت بــۆت هەتــا هەتــایە ناتوانی هەروا ڕابکەی و دەربەدەربیت.

_ ئەگەر بخرێمە زیندان باوکە چارەنوسی منداڵەکانم چی؟ بەرگەی دابڕانیان ناگرم.

_ ناتوانیت لێی ڕاکەی کچم، زووبێت یان درەنگ ئەم جیابونەوەیە ئەبێ ڕوبدات.

_ ماڵ وێران خۆم، یانی کوڕەکەم و کچەکەم نەبینم.

_ بەڵام بێتاوانیت دەسەلمێنی و دەگەڕێیتەوە ناویان.

جۆرج کاتێ بینی دایکی دەگریا خۆی هەڵدایە ئامێزی و ماچی کرد، وتی: دایە بۆچی ئەگریت با ماچت بکەم.

دەستەکانی بە جەستە لاوازەکەیدا ئاڵاند و خەم و پەژارە دڵی ئەو و ئەوانەشی لە دەوروبەری بوون گرت.

لەوساتەدا لە دەرگا درا.

جان هەر گوێی لەدەنگی دەرگا بوو تۆقا، وتی: خوایە! هاتن، شوێنەکەمیان زانی.

منداڵەکەی بەتوندی لە ئامێزگرت، دەرگا کرایەوە و سەرۆکی شارەوانی و دەستەیەك لەپیاوانی پۆلیس وەژوورکەوتن. لەقەشە نزیك

بویەوە و بەڕێزەوە سڵاوی لێکرد، وتی: باوکە، من بەناوی یاساوە هاتووم.

_ ئەزانم، قۆڵبەستکردنی ژنێك بەناوی جان فۆرتییە.

_ خۆیەتی باوکە، تۆمەتبارە بە کوشتن و دزی و سوتاندن.

جان هەنگاوێکی بەرەو سەرۆکی شارەوانی نا و هاواری کرد: درۆیە، بێتاوانم.

_ تۆ جان فۆرتییەی دەرگاوانی؟

_ بەڵێ.

_ کەوایە بەناوی یاسا قۆڵبەستت دەکەم.

_ قۆڵبەستم کەن، ئەگەر ئەشتانەوێ حوکمی پەتم بۆدەرکەن، ئەوهۆکارە واکا من بکوژبم و بڕیارەکانی ئێوە هەڕەشە لەبێتاوانیم یان شێواندنی ناکات، ئەوە گەواهی بێتاوانیم دەدات.

یەکێك لە پیاوانی پۆلیس نزیك بویەوە تاوەکو کەلەپچەی لە دەست بکات، جان ترسا و هەنگاوێك بەرەو دواوە کشایەوە، وتی: قۆڵبەستم مەکەن.

قەشەکە وتی: هیوات هەبێ کچم، بەرگری هیچ سوودی نییە.

دەستی بۆ کەلپچەکە برد. منداڵەکەی لەولاوە دەستی کردبوو بەگریان، لە چاوە پڕ فرمێسکەکانیەوە لەدایکی دەڕوانی کە دەیبەن و دووری خەنەوە.

کاتێ جانیان دەبرد جلەکانی گرت و وتی: دایە، مەڕۆ، ئەترسم، مەڕۆ.

_ مەگری کوڕەکەم، ئەتوانی بێیی.

سەرۆکی شارەوانی: نا، قەدەغەیە.

_ چی، کوڕەکەم چیلێکەن؟

_ تۆ بۆ زیندان، و کوڕەکەشت بۆ خانەی بێسەرپەرشتان.

کاتێ ئەم وشانەی بیست ڕەنگی پەڕی: خانەی بێسەرپەرشتان، کوڕەکەم ئەنێرن بۆ بێسەرپەرشتان، مەحاڵە، بێسەرپەرشتان!

ئاوڕی دایەوە بەرەو لای قەشە و دەستی بۆ درێژ کردوو دەپاڕایەوە: باوکە کوڕەکەم لێکەن و ئەینێرن و بۆ داڵدەدان، بۆخاتری خوا تێیان بگەیەنە، جیاکردنەوەی دایك لە منداڵەکەی ئەستەمە.

_ کچەکەم بەرگری بێسوودە، بەڵام کوڕەکەت نانێردرێت، لای خۆمەبێت تا بێتاوانیت

دەسـەلمێنرێت و ئەگەڕێیـتەوە، ئەگەریـش حـوکم درایـت و نەگەڕایـتەوە... لەژێـر سـێبەری منائەبێـت و گەورەبێـت وازی لێنـاهێنم کچـم، دڵنیابە.

کڵاریسی خوشکی قەشـە وتـی: متمـانەت هەبێـت خوشـکەکەم، جـۆرج دایکێـك دەدۆزێـتەوە تـاوەکو دایکە ڕاستەقینەکەی خۆی دەگەڕێتەوە.

_ کـوڕەکەم نەبیـنم؟ چ دڵێـك بەرگەی ئەم بـرینە ئەگرێـت؟ گـوێ نـادەم بەوەی چ تـۆمەتێکم ئەخەنە پـاڵ، یـان لەتـاریکی زینـدان بـڕزێم، بەڵام لێکردنـی منداڵەکانم......

بـارودۆخەکە پڕاوپـڕ بـوو لەئـازار، تەنهـا دڵـی ئەو لەت لەت نەئەبـوو، دڵـی هەمـوو ئامـادەبوانیش لەت لەت ئەبـوو، تەنـانەت پیـاوانی پۆلیسـیش فرمێسك نەما نەیڕێژن.

هێشـتا جـۆرج ئەگریـا کـاتێ کڵارێـس لە باوەشـی کـرد، قەشـە وتـی: دایکـت بۆگەشـت ئەڕوا کوڕەکەم، زوو دێتەوە و یاریت بۆ دێنێت.

_ لێرەبم؟

_ بەڵێ کوڕەکەم، زۆریش یاری ئەکەی.

جـان بە دڵـی هەزار پـارچەبویەوە وتـی: بەڵـێ، لێرە بمێنەرەوە کوڕم.

_ بەمەرجێ زوو بێیتەوە.

_ بەڵێ، زوو دێمەوە.

دواتر بەرەو خوشکی قەشە ئاوڕی دایەوە و وتی: بیبە خانمەکەم، وەکو کوڕی خۆتێ دانێ، خۆشت بوێت، هەمیشەش دایکی بخەرەوە بیری و فێری بکە خۆشی بوێت، و پێشی بڵێ کەوا هیچ تاوانێکی نەبووە بێتاوانبووە.

منداڵەکەی لە ئامێز گرت و تێر بەدڵی خۆی ماچی دەکرد، وتی: کوڕەکەم، دایکت لێت جیائەبێتەوە، ئەگەر بەدەستی خۆم بوایە شەو و ڕۆژ لەئامێزم دەگرتیت و لەناو ماچەکانمدا نقومم دەکردی.... خۆشمەوێی لەبیری نەکەی؛ لەبیری نەکەی.

بەخێرایی ڕۆشت، لە کونجێکی ژوورەکە ئاتیینی وێنەگر وەستابوو، کاتێك ئاپۆڕاکە ڕۆشتن و نەمان ڕووی لە قەشە کرد و وتی: ئەم دیمەنە ئەکەمە تابلۆیەکی نەمر.

یادەوەرییەکەی دەرهێنا و چەند هێڵێکی تێدا کێشا و تێبینی نوسی.

لێکۆڵەرەکە بە جان فۆرتییەی وت: سەبارەت بەو سێ تۆمەتە چییەڵێی کە ئاڕاستەت کراوە؟

_ هیچ بێجگە لەوەی بێتاوانم.

_ ئەگەر بێتاوانی بۆ ڕاتکرد؟

بێدەنگ بوو هیچی نەوت.

دووبارە وتی: قسەبکە، چیتە بۆ قسەناکەی

_ سوودی چییە لە کاتێکدا تۆ بڕوا بە یەك پیتیش ناکەی.

_ لەبەرئەوەی درۆیە.

_ بێجگە ڕاستی هیچی تر ناڵێم، بەڵام چیبکەم کە هەموو بەڵگەکان دژمن.

_ نکۆڵی لەوەکەی خاوەن کارگەکەت کوشتوو؟

_ بێ پێچوو پەنا.

_ نکۆڵی لەوەش ئەکەی ڕقت هەبووە بەرامبەری؟

_ بێگومان، چی والێکا ڕقم لێی بێت؟

_ لە کارگەکەی دەری کردی.

_ دەری نەکردم گەورەم، کاتێك زانی بۆ دەرگاوانی شیاونیم بەڵێنی پێدام کارێکی دیکەم بۆ بدۆزێتەوە.

_ نکۆڵی لەوەش ئەکەی کە کارگەکەت سووتاندوە؟

_ هەموو نکۆڵییەك.

_ چ بەڵگەیەکت هەیە بۆ بێتاوانیت؟

_ هیچ.

_ بەڵام بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن تۆ بکوژی، لە دووڕۆژی ڕابردوودا بڕێکی زۆر نەوتت کڕیووە؟

_ ڕاستە.

_ شوشەی بەتاڵ لە شوێنی کرێکارەکان و نوسینگەکە دۆزراوەتەوە.

_ ڕێکخراوە تامن تێوە بگلێم.

_ قاسەکەت شکاندووە و هەرچی پارەی تیابووە دزیوتە، کاتێك بەڕێز لابرۆ تۆی بینیوە بۆ یەك و دوو کوشتوتە.

پێداگربوو لەسەر ڕای خۆی و وتی: نەم سووتاندووە، نەم کوشتووە، و نەم دزییوە..

_ چۆن قایلم دەکەی؟ لە ناوچاوم نوسراوە ساویلکە.

_ هەر چاوەڕێی ئەوەم لێکردی گەورەم، تۆباوەڕ بەیەك وشەش ناکەی کە پێتی دەڵێم.

_ ئەی هەڕەشـــکەت بـــۆ بەڕێـــز لابـــرۆ، نکـــۆڵی لەوەش ئەکەی بەڵێنـــت پێـــداوە دوای دەرکردنـــت خێر لەخۆی نابینیٚ؟

_ بەڵـــێ، وامـــوت، بەڵام بەوشـــێوەیە مەبەســـتم نەبـــوو، مەبەســـتم بـــوو بڵـــێم دەرکردنـــی بێـــوەژنێکی بێچارەی وەکو من ناکریٚ ئاماژەی خێربێت.

بەبیٚ ئەوەی هیچ نیەتێکی ترم هەبێت واموت.

_ بەڵام ئەتزانـــی قاســـەکە پـــارەی تیـــایە، ئەوکـــاتەی ژمێریارەکە پارەی هێناوە تۆ لەویٚ بووی.

_ ڕاســـتە گەورەم کـــیٚ هەیە شـــوێنی پـــارە نەزانێـــت و نەیدزێت.

_ ڕاکـــردنەکەت؟ تـــاکە بەڵـــگەی یەکـــلاکەرەوەیە لەسەر تاوانەکەت.

_ بەڵکـــو بەڵـــگەیە بـــۆ لاوازیـــم، ئەوەی بکـــوژەکە وتی تۆقاندمی.

_ هاوار بۆتۆ، ئەتەویٚ بڵێی بکوژەکە ئەناسی؟

_ بەڵکو کاتێك بەڕێز لابرۆی کوشت بینیم.

_ کێیە؟

_ جاك جارۆد چاودێری کارگە.

لێکـــۆڵەرەکە پێکەنـــی و وتـــی: کەســـی تـــرت نەدۆزیـــیەوە تۆمەتبـــاری بـــکەی، بـــێجگە لە پیـــاوێکی مـــردووی بینـــراو کە بەشـــەرەفەوە مردووە؟

_ پێیان وتم مردووە.

_ کەوایە چـــۆن بە مێشـــکتدا هـــات تۆمەتبـــاری بکەی؟

_ لەبەرئەوەی ئەوە ڕاستیەکەیە.

_ چ بیانویەکت هەیە؟

_ نامەیەکی یەکلاکەرەوەم هەبوو.

_ لەکوێیە؟

_ ئاگرەکە لەناوی برد.

جـارێکی تـر بەقـوڵی پێکەنـی و وتـی: خـوایە لە تـۆ ئەتەوێ بڕوات پێبکەم.

_ گەورەم، ئەتـــوانی گـــوێ لە تەواوی مەینەتـــی من بگری؟

_ بڵێ.

هەروەك چـۆن بـۆ قەشـەی گێـڕایەوە ئـاواش بـۆ ئەم.

بەڵام هەمـــــان بــــڕوای قەشـــــەی لەلایەن لێکـۆڵەرەکەوە بەدەسـت نەهێنـا، بـێجگە لە نکـۆڵی کردن و گاڵتەپێکردن.

کاتێـک تەوابـوو لە بەسـەرهاتەکەی، لێکـۆڵەرەکە وتـــی: بەڕاســـتی ئەبـــێ گەواهـــی ئەوەبـــدەم ئەندێشەیەکی چاکت هەیە.

لەگەڵ ئەوەشـــدا خـــۆت ئەخەیـــتە درۆوە، ئەڵێـــی جـاك جـارۆد نــامەیەکی بـۆ نــاردوی کە بەڵگەیەکـــی یەکـــلاکەرەوەیە لەســـەر بێتاوانیـــت، ئەی کـوا چارەنوسـی ئەم نــامەیە؟ فڕێتـدایە سـەر زەوی، مـــرۆڤ چـــۆن کـــارێکی وا لەهەمـــبەر نامەیەکی واترسناك ئەکات؟

ئەشلێی بەڕێز لابرۆ کەسێکی بە بەزەیـی بـووە و هـیچ ڕقێکـت نەبـووە بەرامـبەری، لەگەڵ ئەوەشـدا کـــاتێ بکـوژ ئەوی دەکوشـــت تـــۆ هـــیچ هەوڵـــی ڕزگارکردنیت نەداوە؟

دواتـــریش تۆمەتەکـــانی خـــۆت دەدەیـــتە ســـەر کەســـێکی مـــردوو بە شـــەرەف تـــاخۆت قوتـــار بکەی.

نا، نا، خانمەکەم، ئەم چیرۆکە قایلم ناکات.

_ هـــیچ بەڵگەیەکـــم لەســـەر بێتـــاوانیم نـــیە، بەڵام لێتەپاڕێمەوە بڕوام پێبکە.

_ باشتر نییە لەبری ئەم بگرە و بەردەییە ڕاستییەکە بڵێیت وخۆت ئەوەنەیترە شەرمەزار نەکەی؟

_ بەڵام ڕاستییەکەم پێوتی گەورەم.

_ هێشتا هەر نکۆڵی ئەکەی؟ لەسەر خۆت.

لەزەنگۆڵەکەی داو و فەرمانی کرد بەناردنی بۆ زیندان.

دوای چەند ڕۆژێك جان ڕۆشتە بەردەم دادوەر.

بەڵگە بە بەڵگەی ئەوت بڕۆ ئەولا، ئەو بێچارەش بەڵگەیەك هیچی نەبوو، چیرۆکەکەشی بە لایەنی خەڵك و دادوەر هیچ نەبوو جگە لەخەیاڵێکی هیچ.

لە کۆتاییدا ساتە هەستیارەکە کاتی هات، دادوەر حوکمی دەرکرد....... زیندانی هەتا هەتایی!!

جان لە تاوا دەستی کرد بەقیژەو هات و هاوار.

هاوارکردنێکی پڕ لەئازارو ماڵئاواییەکی هەمیشە لەکوڕەکە بچکۆلەکەی.

_ ١١ _

کەشتی لۆردمیر بەرەو شارەکانی ئەمریکا مەلەوانی دەکرد؛ لەنێویشیاندا جاك جارۆد کە ناوی پۆڵ هرمانی لە خۆی نابوو لەسەربوو.

پۆلیسی کەشتییەکە هات و یەك بە یەك ناوی سەرنشینانی پلەی یەکی دەخوێندەوە و کاغەزێکی پێدەدان.

جارۆد چاوەکانی لەسەر ئەو دەریایەی کەوتۆتە نێوان ئەو و ئەوشارەی تاوانەکەی تێدا کردووە جێگیر کردبوو.

جار جار لەسەرنشینێکی ئەمریکی کە لەگەڵ کچە شۆخ و شەنگەکەی دانیشتبوو دەڕوانی.

پۆلیسەکە بەناوی نایۆمی مۆرتیمۆر و خاتوو مۆرتیمۆر بانگی کردن و کاغەزەکانی پێدان.

لەکۆتایشدا ناوی جاك جارۆدی هێنا و کاغەزەکانی پێدا.

لەنێو سەرنشینەکانی پلە دوو گەنجێك بە ناوی ئۆڤید سۆلیفەر لە سەرنشینەکانی پایەی یەکی دەڕوانی.

وشــك ببــوو كــاتێ نــاوی پــۆڵ هرمــانی بیســتبوو، لەبەر خــۆیەوە دەیــوت: ســەیرە! پــۆڵ هرمــانی کوڕە خاڵم! وامزانی مردووە.

چــاوی بڕیبــووە نــاو چــاوی جــاك جــارۆد و بەخــۆیەوت: ســەیرە! تەنیــا دووجــار زیــاتر و نــا کــوڕی خــاڵم بینیــوە. لەگەڵ ئەوەشــدا هــیچ لێکچونێــك لەنێــوان ئەم پیــاوە و کــوڕە خــاڵم نــابینم، لەوەیە دووپیــاوی جیــاواز بــن و هەمــان ناویــان هەڵگرتبێت.

ئۆڤید بەردەوام بــوو: ئەبــێ بــزانم ئەم پیــاوە چییــە، بەڕاســتی کــوڕی خــاڵمە؟ بەڵام چــۆن بــڕۆم بــۆ پــلەی یەك لەکاتێکــدا بــۆ پــلە دووەکــان قەدەغەیە بچنە پلە یەکەکان؟

نامەیەکی بۆ ئەنێرم تا بمبینێ.

لە شــوێنەکەی خــۆی هەســتا و نزیکــی پــلەی یەك وەستا.

_ گەورەم، چاکەیەکم لەگەڵ کەی؟

_ لەخزمەتدام.

_ لەنێــو سەرنشــینەکانی پــلە یەك سەرنشــینێکی لێــیە کــوڕی خــاڵمە وامزانــی مــردووە، ئەتــوانی بــانگی بــکەی تاچــاوی بە مــن بــکەوێ. خــۆتەزانی قەدەغەیە بۆ ئێمە بێینە شوێنەکانی ئێوە.

_ لەخزمەتدام، ناوی خاڵۆزاکەت چیە؟

_ پۆڵ هرمان، خۆشم ناوم ئۆڤید سۆلیفەرە.

_ باشە بانگی دەکەم بۆت.

ئەمەریکیەکە بەرەو نوسینگەی کارگێڕی بەڕێکەوت ، بە یەکێک لە خزمەتکارەکانی وت نامەیەکی پێیە بۆ کەسێك بەناوی پۆڵ هرمان.

کاتێك خزمەتکارەکە نامەکەی هێنا بۆ جاك، ڕووخساری پەڕی و وتی: بەڵام کەس ناناسم بەو ناوەوە.

_ لەدیجونە گەورەم، ئەڵێت تۆ خاڵۆزای ئەویت و وایزانیوە مردوویت.

_ ااەەە، کوڕی پورم، ئۆڤید سۆلیفەر، لێرەیە، دەڕۆم بۆلای.

بەخێرایی ڕۆشت بۆ ژوورەکەی و لەکاغەزەکانی دەکۆڵیەوە، بۆی دەرکەوت بەڕاستی پۆڵ هرمان پەیوەندی بە خێزانی سۆلیفەرەوە هەیە. بەخۆی وت: ئێستا چیبکەم؟ ئەگەر چاوم پێی بکەوێ لەوەیە گومانی لادروست ببێت. ئەگەر بڕۆم ئەزانێ درۆکەم، لەگەڵ ئەوەشدا چاکەبێت بڕۆم.

بێ دوودڵی بەڕێکەوت.

ئۆڤید: کەوایە تۆکوڕی خاڵمی، وامزانی مردوویت.

_ چۆن ئەم هەواڵەتان بۆهات؟

_ پێنج ساڵ پێش ئێستا، لەدیجون کرێکارێك لە پاریسەوە هات بۆلای دایکت و پێی وت کەوا لە خستەخانە مردوویت. تووشی شۆك بوو، دواتر توشی تابوو و لەئەنجامدا بەرگەی نەگرت و مرد، هەمووان ئەوەندە شپرزەبوون نەیانکرد پەیوەندی بەخەستەخانەوە بکەن تابزانن ئاخۆ ڕاستە یان نە، گومانی تیانیە تۆ هەواڵی مەرگیت زانیوە.

_ بەڵێ، زۆر خەمباربووم.

_ بێگومان ڕۆشتی بۆ دیجۆن تاوەکو ببیتە جێگرەوەی ئەوەی کەبۆت ماوەتەوە.

_ بێگومان.

_ من هیچم پێنەهات.

_ کەوایە باوانت مردوون؟

_ بەڵێ، دووساڵ پێش ئێستا، خێزانەکەمان لەناوچوو، لەسولیفەرەکان تەنها من ماوم و لەهرمانەکانیش تەنها تۆ.

دواتـــر پێكەنـــی و وتـــی: شـــەش ســـاڵە یەكمـــان نەبینیـــــوە، ئەگەر نـــــاوی خــــۆت نەهێنـــــایە نەمدەناســیتەوە، پــێم بڵــێ؛ كۆتــا كۆبونەوەمانــت بیــرە لە مرســیلیا؟ تــۆ لەودەوڵەمەنــدانە نەبــووی؟ لەكوێ ئەم ڕووكارەت هێناوە؟

_ دوڵەمەنـــدنیم، بەڵام هەژاریـــش نـــیم. لەســـەر داهێنانێـــك ڕازی بـــووم و كەمێـــك پـــارەی وەچنـــگ خستم.

ئۆڤید سـۆلیفەر سـەری بـادا و وتـی: سەرسـام نـیم داهێــنەر بیــت لەقوتابخـانەی هــونەر و پیشەســازی ئێمەت سەرسام كردبوو.

_ بەڕاســتی ڕۆژەكــانی قوتابخــانە لەبیرنـــاكرێن. بەچییەوە سەرقاڵی؟

_ بەكاری خۆم.

_ كاری خۆت چییە؟

_ سەیرە! لەبیرت چووە من میكانیكم.

جـاك ئـاوڕی دایەوە زانــی دەمــی بەگــوێی نەكــردوە و هەڵەیە، وتـــی: بیگومـــان، لەبیـــرم نەكـــردووە، بەس كەمێــك مێشــكم ســـەرقاڵە. بـــۆچ شـــارێك دەڕۆی؟

_ نیویۆرك.

_ پێت وایە دۆزینەوەی کاری میکانیکی ئاسان بێت؟

_ بەڵکو دۆزیویشمەتەوە، وەکومیکانیک لە کارگەیەکی ئەمریکی بەناوی نایۆمی مورتیمۆر کارەکەم.

_ کەواتە ئەیناسی؟

_ ئەو ئەمریکیە کە بەتاسەوە لێت دەڕوانی، لەڕاستیدا لە بیریت جوانترە.

_ بیریت کێیە؟

_ چۆن وا زوو لەبیرت کرد؟ ئەو کچەی لەڕابردوودا شێتی بویت.

بۆجاری دووەم جاك زانی زیادەڕۆی کردووە.

_ سەدەیەکە لەبیرم کردووە.

بەڵام ئەم بەهانانەی نەیتوانی فێڵ لە ئۆڤید بکات، بەخۆیەوت: ئەمە چییەتی؟ لەبیری چوو من میکانیکیم، ئەوکەسەشی کەبۆی دەمرد ئەویشی لەبیرکردووە، مرۆڤ بەئاسانی ئەو کەسە لەبیرناکات کە خۆشیویستووە.

جاك بەپەلە قسەکانی گۆڕی و وتی: کەواتە لەکارگەی نایۆمی مۆرتیمۆر کارەکەی؟

_ بەڵێ، بۆماوەی سێ ساڵ لەگەڵ بریکارەکەی گرێبەستم کردووە، مۆرتیمۆریش یەکێکە لەگەورە داهێنەرەکان، لەم دوایەدا ئامێرێکی سافکردنی داهێناوە هەر لەگەڵ دەرچوونی شۆڕشێکی پیشەسازی دروست دەکات.

جاك ڕەنگی زەردهەڵگەرا، ئامێری سافکرن؟!

تۆبڵێی بەسەر ئامێرەکەی ئەم کە سێ تاوانی لەسەر ئەنجامداوە ببەزێ؟

ئۆڤید: لەوەیە لەبەر شارەزایم لەو ئامێرانە لەسەر پێنج سەد فرەنکی مانگانە ڕێکەوتبێتن لەگەڵم.

_ ئەتوانی وەسفی ئەو ئامێرەی مۆرتیمۆر کە شۆڕشێك دروست دەکات بۆم بکەی؟

ئۆڤید سۆلیفەر لەبارەی ئەوئامێرەی سافکردن کەوا بازاڕ دەلەرزێنێت دەدوا.

لەدرێژەی قسەکانیدا جاك کڵاوەکەی لابرد، توێڵی ئارەقی کردبۆوە و دەیسڕی.

ئەوبۆیەی لەقژی دابوو پێنج ڕۆژی بەسەرا گوزەرابوو، ئۆڤید هەستی بەجیاوازییەك کرد لەنێوان قژی کوڕە خاڵەکەی وئەوکوڕەی لەبەردەمیدایە.

بەخـــۆیەوت: قـــژی کـــوڕە خـــاڵەکەم ڕەشـــێکی خەڵوزییە، بەڵام قژی ئەم کوڕە بۆیەیە.

چیـــدی گومـــانی لەوەنەمـــابوو کەوا ئەم کـــوڕەی لەبەردەمیدایە کـوڕە خـاڵەکەی نییە و نـاوی ئەوی بۆ خۆی بردووە.

جـاك جـارۆد زانـی ئۆڤیـد گومـانی کـردووە، لەدڵـی خۆیـــدا وتـــی: هـــاوار بۆخـــۆم، ئەگەر نەجـــوڵێم گومانەکـــان جێگیـــرئەبن، هەردووکیـــان تەوقەیـــان کـــردوو، دواتـــر هەر یەکیـــان لایەکـــی کەشـــتییەکەیان گرتە بەر.

لەسـوچێکی دوور و تەنیـادا ئۆڤیـد کارەکـانی خـۆی ڕادەپەڕانـــد، ئێســـتا تەواو یەقیـــنە کە ئەم پیـــاوە نـــاوەکەی بەکارهێنـــاوە، بەڵام چ ســـوودێکی پـــێ ئەگـــات لەو کـــارەی کەدەیکـــا؟ کـــوڕە خـــاڵەکەی دەوڵەمەنـد نەبـوو، بەکارهێنـانی نـاوەکەی چ خێـرو بێرێکی تێدایە؟

بەهیوابـــوو لە پـــلەی یەکەم بێـــت تـــابتوانێ بە ئاســـانی چـاودێری بکـات، بەڵام پـارەی لەکوێبـوو تـا بیگـوازێتەوە بـۆ پـلەی یەك؟ لەم بیـرانەدا بـوو پیـــاوێکی شەســـت و پێـــنج ســـاڵ بە جانتـــایەکی قایشـی مـام ناوەنـد سـەرکەوت. ئۆڤیـد بەخـۆیەوت: لەو جانتـــایەدا شەســـت هەزار فرەنکـــی کـــاغەزی

تێـدایه؛ خـۆم بینـیم دەیژمـارد. خـۆزگه ئەمـدزی یەکسەر ئەچووم بۆ پلەی یەك.

لەنـاو کەشـتییەکه هەر بیرکـردنەوەی ئەوەی چۆن بیدزێت هەر دەهاتوو دەچوو.

لەم هـاتوچۆیه بـێ ئۆقرەیەیـدا گـوێی لەورته ورتـی دوو پیـاو بـوو، قسـەکانیان ئۆڤیـدیان ڕادەکێشـا بـۆ خۆیان.

لەقسـەکانیاندا زانـی یەکێکیـان پزیشـکه وئەوی دی کەنەدی، کـابرای کەنەدی باسـی گیـایەکی عەجیبـی دروسـتکراوی هنـدییه سـوورەکانی دەکـرد لەهەنـدێك نـاوچەی ئەمریکـا، تایبەتمەنـدییەکانی نەهێشـتنی تـایەکی سـەخته لەمـاوەیەکی زۆر کەمـدا، لەهەره تایبەتمەنـدییه عەجیبەکـانی ئەوەبـوو هەرکەس یەك دڵـۆپی لێبخـواردایه هەرچـی کـاری شـاراوەی هەیه دەیخـاته بـاس، کەوچکێکـی لێبخـوات چارەکێـك نابـات کەسـەکه دەسـەکات به وڕێـنه کـردن و هەرچـی نهێنـی وئەمـلا ولای هەیه ئاشـکرای دەکات.

ئۆڤیـد سـۆلیفەر که گـوێی لەم قسـانەبوو بەخـۆی وت: ئەگەر یەك کەوچـك بـدەم بەکـوڕه خـاڵەکەم هەموو شتێك ئاشکرا ئەبێ.

دکتۆرەکە بە کەندییەکەی وت: بەهەقەت سەرنج ڕاکێشە، بەڵام تاخۆم تاقی نەکەمەوە بڕواناکەم، لەکوێ ئەتوانم بیدۆزمەوە؟

کەنەدییەکە:لەنیویۆرك، لەلای شوشیلینۆ. ژمارە ٢٤ لەشەقامی یانزە.

ئۆڤید بەهەڵپەهەڵپ ڕۆشت و ناونیشناکەی لای خۆی نوسی: ئەبێ هەر کەوچکێکم دەسکەوێ لەم ڕەچەتە.

لەوادەی ئەم ڕووداوانەی نێوان دکتۆرەکە و کەنەدیەکە جاك جارۆدیش لە هۆڵی پێشوازیکردن وێڵی ڕێگایەك بوو تا خۆی لەنایۆمی مۆرتیمۆر نزیك بکاتەوە.

ئاوڕی دایەوە بینی کچەکەی ئاوازێکی فەرەنسی لەسەر پیانۆکە دەژەنێ، کاتێ تەواویکرد سەرسامی خۆی بەژەنینەکە دەربڕی و وتی: هەتا ئێستا ئەوەندە سەرنجم بۆ ئاوازی فەرەنسی ڕانەکێشراوە.

زەردەخەنەیەکی کردوو وتی: تۆ فەڕەنسیت گەورەم؟

لەو دەستەواژە کورتەوە جاك ئەوەی بیرهاتەوە کەوا میکانیکیە، دەڕوات بۆ نیویۆرك بۆ سەردانی کارگەکەی، وتی: وەك دەوترێت

کارگەکانی مۆرتیمۆر لە مەزنترین کارگەکانی نیویۆرکە.

کچە زەردەخەنەیەکی کرد، ڕاستەوخۆ نەیوت لەگەڵ کچەکەی قسەکەی، وتی: تۆ ئەو پیاوە دەناسی گەورەم؟

_ نا، لەنیەتمدابوو بیناسم.

_ پێت خۆشە پێتی بناسێنم؟

_سوپاسگوزار ئەبم، کەوایە تۆ ئەیناسی؟

هیلین پێکەنی و وتی: باوکمە.

جاك خۆی واپیشاندا کەوا سەرسامە، وتی: باوکت؟ کەوایە با پیرۆزباییت لێبکەم خانمەکەم، لەگەوهەرەکانی سەردەمە.

_ باپێتی بناسێنم، ناوت چییە گەورەم؟

_ پۆڵ هرمان.

_ دەی وەرە.

کچەکە و پۆڵ هرمان بەرەو نایۆمی مۆرتیمۆر بەڕێکەوتن وەئەمریکیەکە پێشوازییەکی گەرمی لێکرد، لەبارەی بارودۆخی پیشەسازی و داهێنانە تازەکان دەدوان.

مۆرتیمـۆر لەبـارەی مەکینـەی خەیـاتی و قـازانجە زۆرەکەی بۆکارگەکەی دەدوا.

جـاك وتـی: بەڵام ڕێـگەم پێبـدە یەکەم کەموکوریـت پێ بڵێم.

_ تۆ بڵێ چ کەموکوڕییەکی هەیە؟

_ دەنگی بێزارکەرە.

_ بـڕوام کـرد، پێـنج سـاڵە کـاری لەسـەرەکەم هـیچ ئاکامێکیم نەبینیوە.

جـاك پێکەنـی و وتـی: ئەگەر بەڕاسـتی هەوڵـت دابێت.

_ یانی تۆتێت پەڕاندووە؟

_ ئەکرێت.

_ فزوڵـی نابێـت ئەگەر ڕێگـای لابـردنەکەی بپرسم؟

جـاکیش بە لێهـاتووی و بەباشـی لەسـەر بیـردۆزەکەی دەدوا، بەزمـانی میکـانیکی وردوو درشتی بابەتەکەی ڕوون کردەوە.

کـاتێ تەواو بـوو مۆرتیمـۆر، وتـی: گومـانم نییە کەوا تـۆ سـەرکەوتنت پێکـاوە، ئەم داهێنـانە ئەبێت

ناوبنرێت ((ئامێری خەیاتی بێدەنگ))، ئەتەوێ کەی بیخەیتە بازاڕ؟

_ کەی ئەمەوێ بیخەمە بازاڕ؟ هەرگیز نامەوێ بیخەمە بازاڕ؛ ئەم داهێنانە نوێیە بۆتۆ وازلێدێنم.

_ مەحاڵە قبوڵی بکەم، ئەو ئامێرە قازانجێکی زۆری هەیە، چۆن وازیلێدێنیت؟

_ سوورم لەسەر ئەوەی سەدان هەزاریشم بۆبێنێ.

مۆرتیمۆر بە خۆیەوت: وەك ئەبینم پیاوێکی بەڕێزە، خۆزگە ئەمکرد بە بەڕێوبەری کارگەکەم.

دواتر وتی: ئەگەر وازیلێدێنیت مەرجێکم هەیە.

_ چییە؟

_ قازانجەکەی بەشبکەین، ئامێرەکەم داهێناوە بەڵام تۆ ئەم چاکردنەوە بەسوودەیت بۆزیاد کردووە، مافی خۆتە قازانجەکەی بەشبکەین.

جاك شانەکانی هەڵتەکاند و وتی: سوپاست دەکەم بۆ ئەم پێشنیازە بەخشندەیەت، بەڵام ئێستا نامەوێت بەم داهێنانە لاوازە خەریك بکەم، بیرم بە پڕۆژەیەکی گەورەتر سەرقاڵە.

_ ئەتەوێت لەشارەکەمان کارگەیەك بکەیتەوە؟

_ بەڵێ، بۆ بەرهەمهێنانی ئامێری سافکردن.

مۆرتیمـــــۆر هەرکە ئەم دەســـــتەواژەی بیســـــت پەشۆکا، هەمان ئامانجیان هەیە.

لەئۆڤیـــدەوە زانیبـــوی کەوا مۆرتیمـــۆر بەنیـــازی ئامێرێکی وایە؛ بەهەلی زانی و وتی.

نـــایۆمی کـــپ بـــوو لەســـەر نهێنـــیەکەی خـــۆی، وتـــی: پێم وانیە ئامێری سافکردن باشتر بکرێت.

جـــارۆد پێکەنـــی و وتـــی: چییەڵێـــی؟ مـــن خـــۆم لەداهێنانەکەدام؟

_ مەبەستت چییە؟

_ مەبەســـــــتم ئەوەیە ئەو ئـــــــامێرەی کەهەیە جەســـتەی تەخـــتە ســـاف ولـــووس دەکـــات، بەڵام ئەوئـــامێرەی کەدەمەوێ بەرهەمـــی بێـــنم تەنـــانەت چاڵ وچۆڵیەکانیشی چاکدەکاتەوە.

هەرئەمەی بیســـــت مۆرتیمـــــۆر ڕەنگـــــی زەرد هەڵـــگەڕا، ئەوئـــامێرەی کە بـــازاڕی دەهەژانـــد لەبەرچـــاوی بـــوو، ئێســـتا ئەم فەڕەنســـیە هـــاتووە تاڕکابەرایەتی بکات!

کەمێـك بێـدەنگی دایگـرت، مۆرتیمـۆر نقـومی نـاخی خـۆی ببوو.ســـەری هەڵبـــڕی و وتـــی: گـــوێبگرە

هـاوڕێ، ئەمەوێ هەنـدێك شـتت پـێ بڵـێم، گومـانم نیـیە ئەو ئـامێرەی کەباسـت کـرد قـازانجێکی زۆرت بـۆ ئەهێنێـت، بەڵام نـابینی کـردنەوەی کـارگەیەك لە شـارەکەمان بـێ ئەوەی نەریـت و کلتورمان بزانی مەترسییەکی گەورەیە؟

_ ڕاستە، هیچ پێشنیازێکت هەیە؟

_ بێگومان.

_ چۆن؟

_ ببـی بەهـاوبەش مـو قـازانجەکەی بە شـبکەین لە بـری ئەوەی پارەکانـت بخەیـتە مەترسـییەوە لە کـردنەوەی کـارگەیەکی نـوێ، ئەتوانیـت وەکـو بەرهەمهێنـانی مەکیـنەی خەیـاتییەکە و سـافکردنەکە دەسـت بە کـارکردن بـکەی نیـوەی قازانجەکەشـی بـبەی، ئێسـتا چەکێکـی پەنجـا هەزار دۆلاریت پێدەدەم.

خۆشـی بـاڵی کێشـابوو بەسـەر جـاك جـارۆددا، بەڵام بـۆئەوەی ئەمـریکییەکە بخـاتە تەڵەی خۆیەوە دەیویست نارەزایی بنوێنێ.

هیلـین خـۆی هەڵقورتانـدە قسـەکانیان و وتـی: گەورەم ئەگەر هاوبەشـی بـاوکم ڕەت بکەیـتەوە هاوڕێیەتیمان هەڵدەوەشێتەوە.

جاك پێكەنــی و وتــی: لەبەردەم ئەم تكــایە نــاتوانم بكشێمەوە خانمەكەم.

مۆرتیمـۆر دەسـتی گووشـی و وتـی: كەواتە بـووین بەهاوبەش، ئێستا پێم بڵێ تۆخێزانداری؟

_ نا، گەورەم.

_ كەوایە لەمــاڵەكەی خۆمــدا ژوورێكــت بــۆدابین دەكەم.

_ زۆر سوپاس گەورەم.

دواتــر بەخـۆی وت: چەنــد مــانگێكی كەم و ئەبـم بە زاوای.بەڕاستی بەخت بۆم پێدەكەنێ.

كاتێــك وێــنەی ئۆڤێــد ســۆلیفەر لەبەر چــاوی دەركەوت ڕەنگــی پەڕی، وبەخــۆ وت: كەســێكی ڕێگــرە ئەبێــت لایــبەم لەژیــانی خــۆم، ڕێگــایەك ئەدۆزمەوە بیخەمە ژێر ڕكێفی خۆمەوە.

_ ١٢ _

نیــوەڕۆی ڕۆژی دواتــر تەواوی سەرنشــینەكان لەســەر بــاخیرەكە كۆببــونەوە ولەو كەشــتیە جەنگانەیان دەڕوانی كە بەلایاندا تێدەپەڕی.

جـــاك جـــارۆد ئـــاپۆڕاكەی جێهێشـــت و بەدووی ئۆڤید سـۆلیفەر وێـڵ بـوو، لەكـونجێكی بـاخیرەكەدا خەنجەرێكـــی بەدەســـتەوە بـــوو هەوڵیـــدەدا بیشـارێتەوە، جـاك جـارۆد نزیـك بـویەوە و بەوردی چـاودێری دەكـرد تـابزانێ چییەكـا، بینـی وەدووی پیـــاوێكەوەیە كە ســـەرقاڵ بـــوو بەســـەیركردنی كەشتییە جەنگیەكە.

ئۆڤیـد جانتـاكەی لەناوەنـدەكە بینـی، خەنـجەرەكەی دەركـــردوو جانتـــاكەی بـــڕی و دەســـتی بۆنـــاو گیرفانەكـانی درێــژ كــردوو و دواتــر بەخێرایــی گەڕایەوە بۆ ژوورەكەی.

جـاك ڕۆشـت بۆشـوێنی مـانەوەی و وتـی: هـاوار بۆتۆ، ئەوە چیت دزی؟

ڕووخسـاری ئۆڤیـد پەڕی وتـورك بـوو وتـی: چیـت دزی؟ هیچ .... بێ.......بێگومان.

_ واز لەنكۆڵی بێنە سوودت پێناگەیەنێ.

بـــاڵی گـــرت و ڕایكێشـــا بـــۆ ســـوچێكی دوور لەسەرنشـیەكان و پێـی وت: بینـیم تـۆ كیسـێكت دەدزی، ئەبـــێ بیگەڕێنیـــتەوە بـــۆ خـــاوەنەی، شـــەرەفی خێزانەكەمانـــت لەكەدار كـــرد، ئەگەر لەئـابڕوو چـوون نەترسـامایە هەر ئێستاڕادەسـتی پۆلیسم دەكردی تا لەزیندانداا بڕزێی.

سـۆليفەر دەپـاڕايەوە تـالێی خۆشـبێت، جـاك وتـی: ئەو كيسەم پێبدە و پێم بڵێ چی تێدايە.

_ شەست هەزار فرەنكی تێدايە.

_ باشـــــە، چـــاوەڕێكە تـــــادەگەڕێمەوە، ئەڕۆم ئەيگەڕێنمەوە بۆخاوەنەكەی.

جـاك ڕۆشـت بـۆلای خـاوەنی كيسـەكەو ڕايكێشـايە دواوە و وتی: ئەمە هی تۆيە گەورەم؟

پيـاوەكە چـاوێكی لێكـردوو وتـی: خـوايە! خـۆ ئەوە خۆيەتی.

_ لێـــت دزراوە و ئەوەتـــا بـــۆتی دەگەڕێـــنمەوە، سەيريكە بزانە هيچی كەمە.

پيـاوەكە دەسـتی كـرد بەژمـاردنی و بينـی سـەلامەتە وهيچـی لـێ نەبـراوە، وتـی: چۆن گەشـتۆتە دەسـتی تۆ گەورەم؟

_ وەرە لەگەڵم پێتی دەڵێم.

سـۆليفەر لەكـونجێی دوورەوە دەيڕوانـــی تـــابزانێ چييەبێ.

جـاك بـردی بـۆلای و وتـی: ئەوەتـا گەورەم، ئەم پيـاوە دزی لێكردبـووی، بەڵام ئەزانـم لەخێزانێكـی بەخشـندەيە، پـێم خۆشـە لێـی خۆشـبی لەسـەر كارەكەی.

سۆلیفەر دەستی کرد بەپاڕانەوە و پیاوەکە وتی: لەبەر خاتری ئەم پیاوە و خێزانەکەت لێت خۆشەبم، بەڵام وریابە نەکەی لەسەر ڕێگام بت بینم ئەگینا فڕێت دەدەمە زیندان، ڕووخسارت لەبیرناکەم وریابە.ناوت چییە؟

جاك: ئۆڤید سۆلیفەر.

پیاوەکە هەرکە گوێی لەم ناوە بوو، وتی: ئۆڤید سۆلیفەر؟ دەیناسم کرێکاربوو لەکەناری ئاڵتونی، بەتۆمەتی دزی گیرابوو.

سۆلیفەر نەیدەتوانی نکۆڵی لێبکات، جاك وتی: ئەوەی تۆ لەسەر ڕابردووی دەیزانی من نایزانم، تکایە لەسەر قسەی خۆت بەو خەبەری نەدەی.

_ لەسەر قسەی خۆمەبم گەورەم، سوپاسگوزاری کارەکەت وهەڵوێستتم. خۆشحاڵەبم لە نیویۆرك لەماڵەکەی خۆمدا پێشوازیت لێبکەم، لەشەقامی یانزە ژمارە ٥٦ م، ناوم ڕینیە بۆسکە، پێشتر ئەفسەری نهێنی پۆلیس بووم ودواتر وازم لەکارەکەم هێناوە.

کاتێك ئەفسەرەکە ڕۆشت؛ جاك ڕووی لە ئۆڤید کردو،وتی: نەفرەتت لێبێت کوڕە پوور، دوای ئەو هەموو ماوە هێشتا یەکترمان نەبینیوە

لەسەر شەرەف و ناوی من خەریکی کاری گەوجانەی.

_ ببورە؛ کوڕە خاڵ. پارەیە، هەژارم، بێجگە لە پلەکەم هیچی ترم نییە.

_ تەنها شەست هەزاری تیابوو، سەری خۆت بۆئەم بڕە کەمە لێکەیتەوە؟

بێدەنگی........

جاك وتی: ئەگەر بەڵێنی دڵسۆزیەکی کوێرانەم پێبدەی، پارەت بەسەرا دەڕژێنم.

_ بەڕاست!!!؟

_ بێ شك.

_ چاوەڕێی ئاماژەی تۆم، چۆن بێ فەرمانیت بکەم لەکاتێکدا تۆ لەسزای ئەم دزییە لەزیندان ڕزگارت کردم؟

_ ئەگەر بێیتە ژێر باڵی منەوە هەواڵت لەسەر نادەم؟

_ چیتەوێ لێم؟

_ لەشوێنێکی چۆڵدا نەبێ قسەم لەگەڵا نەکەی، ئەگەر لەبەردەم خەڵك بویت واخۆت بنوێنە کە

نامناسـی، نامەوێـت بڵـێن لەخێزانـی هاوبەشـەکەی مۆرتیمۆر دزێك بوونی هەیە.

_ بوویت بەهاوبەشی مۆرتیمۆر؟

_ هەر زووش ئەبـــم بەزاوای، نەکەی تــــورەم بـکەی ئەگینـا دەرتەکەم لەکـارگەکەی مۆرتیمـۆر. بەڵام ئەگەر گـــوێڕایەڵم بیـــت و ڕەزامەنـــدیم بەدەسـت بێنـی کـرێکەت بەرزەکەمەوە و ئەتـکەم بەچـــاودێری کـــارگەکە و ڕەزیلیشـــت لێنـــاکەم لەپارەکانم.

_ ئەزانـم پێویسـتیت بەهاوکـاری مـنە، لەسـەر منـیش نیـیە لێـت بکـۆڵمەوە، بەڵام هەرئەوەنە باخەڵم پڕبکەی ئیتر تەنها ئاماژەیەکم بۆبکە.

_ ڕێکەوتین وابێ.

جـاك دەسـتی لەبـاخەڵی نـاو دەسـتەیەك پـارەی کـاغەزی دەرهێنـا و وتـی: ئەم بـڕەیە تـا نیویـۆرك خەرج بکە.

_ سوپاست دەکەم کوڕە خاڵ.

_ شششششــش...... حەزنــاکەم چیتــر گــوێم لەو نازناوەبێــت، نەکەی هەرگیــز وابــکەی یەکێــك بزانێـت کەوا پەیوەنـدی خزمـایەتی لەنێوانمانـدا هەیە.

ئۆڤید بەخۆیەوت: کوڕە خاڵە ئازیزەکەم شەست هەزار فرەنکی لەباخەڵمدا گرت، بەڵام کێشە نییە مادام ئەتوانم زیاتری لێ وەکێش بکەم، بەهەرحاڵ ئەزانم نهێنیەکی مەترسیداری لەکۆشە، نهێنیەکەی ئاشکرا ئەکەم و پارەی زیاتری لێ وەکێش کەم، بێجگە لەودەرمانە ڕاستییە هیچ ڕێگەیەك نییە تا بۆم ئاشکرابێت. هەتا ئەگەمە نیویۆرك.

لەنیویۆرك خەونەکانی جاك جارۆد هاتنەدی.

دوومانگ تێنەپەڕی داوای هاوسەرگیری لەکچەکەی نایۆمی مۆرتیمۆر کرد و ڕازی بوو.

ئۆڤید ئامادەی ئاهەنگەکەیان بوو، سەیری کاغەزی کەسێتی کوڕە خاڵەکەی دەکرد و بەخۆیەوت: خوایە، تۆبلێی هەڵە بوبێتم و ئەندێشەم کردبێت؟! بەڕاستی ئەو پیاوە کوڕە خاڵەکەمە؟

جاك هەتا دەهات پلەی سۆلیفەری بەرزدەکردەوە، هەتا وایلێهات بوبە یاریدەدەری چاودێر لەچەند مانگێکی کەم و مانگانە دووسەد دۆلاری وەردەگرت.

ڕۆژەکان بەردەوام بوون و جاك ڕابردووی لەبیرکردبوو.

لەبیــــری نەبــــوو کە بکــــوژێکی ژەهــــراوییە، ئەوناوەشــی کەبــانگی دەکەن بەکاریهێنــاوە. پڕبــوو لەپیــرۆزی ســەروەت وســەرکەوتن وزیرەکــی . ئەوداهێنانەی کەخاوەنەکەی لەسەر کوشت.

دووربوو لەڕابردوو لەئێستا و داهاتوودا دەژیا.

هەتــــا ئەوڕۆژەی لەڕۆژنــــامەی فەڕەنســــی نوســـرابوو دادگــای بڕیــاری ئەبەدی، بەتــۆمەتی دزی وســووتان وکوشــتن بەســەر جــان فــۆرتییە ناوێك داوە.

یەك تۆســقاڵ بەزەیــی لەناخیــدا نەبــوو، ویژدانــی بۆکارەکــانی نەجــوڵا، بەڵکــو دڵخۆشــبوو، دڵنیــابوو لەدەربازبوونی بەهۆی ئەوحوکمەوە.

لەهەمــان ئەوکــاتەی جــاك بەهــۆی حــوکمەکەوە لەخۆشــیدا دەفــڕی، جــانی بێچــارە بەهــۆی حــوکمەکەوە تووشــی تــایەکی زۆر بــوو و دەینالاند.

جــان لەحــاڵەتێکی زۆر مەترســیداردا گــوازرایەوە بۆخەستەخانە، کاتێ چاکبوەوە شێت بوو.

هیچــی لەڕابردوویــدا بیرنەبــوو، پەردەیەکــی تــر بەسەر بیریدا درا بەڵام جیاواز لەوەی جاك.

شێتبونەکەی ئارام بوو تووشی هیچ بەرکەوتنێك نەبوو، دکتۆرەکان دڵنیایان کردەوە ڕۆژێك لەڕۆژان چاکەبێتەوە.

جۆرجی بچووك لەژێر سێبەری باوکە لۆژی دەژیا، خوشکە کلاریس وەکو کوڕی هەڵیگرتبووەوە و نازناوی بنەماڵەکەی خۆشی پێدابوو. ناوەکەی ببوو بە جۆرج دارییە.

بەم شێوەیە پەردە لەسەر ڕابردوویەکی دووردرا، هیچ شتێك لەیاد نەمابوو.

بکوژە ژەهراوییەکە لە ئێستادا ئەژی و ڕابردووی لەبیرکردبوو، تۆمەتبارە بێتاوانەکە شێت بووە و سزاکەی و منداڵەکانیشی لەبیرکردبوو، کوڕەکەشی ئەوناوەی بەدایکیەوە دەیبەستەوە لێی کراوەتەوە بووە بەبونەوەرێکی نوێ.

ئەگەر ئەوانیش زیندووبن ڕابردوو مرد.

_ ١٣ _

دوای تێپەڕبوونی ساڵێك جاك ئۆڤیدی کوڕە پوری بانگکردوو پێی وت: سبەینێ

بــۆجێبەجێکردنی ڕێکەوتنێکـــی گەورە گەشـــتەکەم حەزدەکەم تــۆش وەك چـــاودێری گشـــتی هـــاوەڵیم بکەی.

یەکەم کـــار کەســۆلیفەر ئامادەکـــاری بـــۆدەکرد لەم گەشـــتە کڕینـــی دەرمـــانی ڕاســـتی بـــوو لەلای شوشلینۆ.

ئەیویســـت ئەم هەلە بقـــۆزێتەوە تـــانهێنی جـــاك هەڵماڵێ.

کـــاتێ شـــەمەندەفەر لەزەوی هەڵیگـــرتن، جـــاك وتی: ئێستا پێم بڵێ؛ ڕازیت لەگوزەرانی خۆت؟

_ هەمـــوو ڕەزامەنـــدییەك؛ تەنهـــا ڕقـــم لەو پەیوەنـــدییە خزمەیەتیەمـــانە کەناچـــارین بیشارینەوە.

_ اەەەە، ئۆڤیـــد ئەوکـــارێکە هـــیچ قوتـــاربونێکی بۆنییەو ئەبێ وریابین.

_ ئەی چـــی واتلێـــدەکات نهێنـــی ســـەروەتەکەت بشـــاریتەوە، بـــێجگە لەوپـــلەیەی پێـــت بەخشـــیوم هیچی ترم نییە؟

_ ئەوداهێنانە پارەی زۆری بۆهێنام.

_ چ داهێنانێك؟

_ مافی ئەم داهێنانە تەنها بەمن فرۆشراوە.

سۆلیفەر بێدەنگ بوو زانی یەك پرسیاری ترو پۆڵ گومانی لێکات.

جاك بۆئەوەی بابەتەکە بگۆڕێت، وتی: شەوەکانیَ نیویۆرکت چۆن بەڕێدەکەی؟

_ لەسەر مێزی قومار.

_ اەەەە، کەواتە تۆ قومارچیت! وریابە ئەگینا بەرەو لەناوچونت ئەبات.

_ هەموو پارەکانم لەسەر مێزی سەوز دادەنێم؛ لەهەمان کاتدا هیوادارم قازانجێکی باشیشم دەسکەوێت.

_ فێڵبازانەیە، ئامۆژگاریت دەکەم وازی لێبێنیت.

لەکۆتایدا لەهۆتێلێك مانەوە و نانی ئێوارەیان لەژورێکی تایبەت خوارد.

خزمەتکارەکە قاوەی بۆبردن، ئۆڤید کاری تێکردنەکەی لەئەستۆگرت، هەلەکەی قۆستەوە و چەند دڵۆپێکی لەڕەچەتەی ڕاستی تێکرد.

جاك جارۆد بێ ئەوەی هیچ بزانێت هەڵی قوڕاند.

دوای کەمێك ئاسوودەیی خۆی وەرگرت و وتی: هەست بەماندووبون و سەرئێشەدەکەم.

شڵەژان وشپرزەیی پێوە دیاربوو.

سۆلیفەر گەشایەوە وزانی کەڕەچەتەکەی دەستی کردووە بەکارکردن.

جاك وتی: قومێك شەرابم پێدەدەی.

سۆلیفەر پەرداخ لەدوای پەرداخ پێی دەدا.

لەپڕ جاك دەستی کرد بەپێکەنین و هیلاك هیلاك وەکو شێت.

ئۆڤید دەستی کرد بەقسەکردن لەگەڵیدا: گوێبگرە پۆڵ هرمان!

جاك جارێکی دیکە بەقوڵی پێکەنی و وتی: پۆڵ هرمان؟ پێت وابوو ئەوە ناوی منە شێت؟

بەردەوام بوو لەقسەکردن.

نهێنیەکە ئاشکرابوو، پەردەکان بەرزبونەوە، پەردە لەدوای پەردە هەڵدەدرایەوە هەتا هیچ شتێکی شاراوە لەسەر جاك نەما.

سۆلیفەر بەسەرسامیەوە بەردەوام بوو لەگوێگرتن.

لەکۆتایدا جاك جارۆد لەقسەکانی بویەوە و دەمی داخست و خەوی لێکەوت، ئۆڤید زەردەخەنەیەکی کرد لەجێگەی خۆی و دواتر هەستا ولەسەر جێگەی نا.

سۆلیفەر بەخۆیەوت: ئێستا نهێنیەکەیم زانی! هەروەك پێشبینی سەرەتام دەرچوو؛ تەڵەکەبازە.

سبەی بەبێ ئەوەی هیچی بیربێت هەڵدەستێت، وام لەکەنەدیەکە بیست کاتێ لەگەڵ دکتۆر قسەی دەکرد.

سۆلیفەر بزەیەکی شەیتانی کردو وتی: ئەو بێ ئەقڵە وایزانی من لەچنگی ئەوم دەئێستا ببینە کێ لە چنگی کێیە.

ئەگەر هەژار بوبێتم پێچوو پەنای تیانیە ئێستا لەسایەی کوڕە خاڵەوە ئەبمە یەکێك لەگەورەترین دەوڵەمەندەکان، سەروەتی کوڕە خاڵە ئازیزەکەم هەڵئەلوشم.

بەیانی ڕۆژی دواتر جاك بەسەرئێشەیەکی توندەوە هەستا و ڕووی لەهاوڕێکەی کرد و وتی: تۆبڵێی چیم بێت!؟ هەست بەئازارێکی زۆرەکەم.

_ دوێنێ شەو تووشی جەڵتەیەکی لەناکاو بوویت و وەك شێتت لێهات و وڕێنەت دەکرد.

_ وڕێنەم دەکرد! چیم وت؟

_ هیچ، وڕێنەی گاڵتەجاڕانە.

دوای دوو ڕۆژ بـــۆ ئەو ڕێکەوتـــــنەی بـــۆی هاتبوون گەڕانەوە بۆ نیویۆرك.

دانیشـــتن و دانەنیشـــتن ئۆڤید نـــامەیەکی ڕەوانەی ئەوخەسـتاخانەی کە پـۆڵ هرمـانی خـاڵۆزای گیـانی سپاردبوو نارد تاڕاستی هەواڵەکە بزانێت.

دوای مانگێـــك وەجوابیـــان کـــرد و وێنەیەکـــی وەفتانـــــامەکەش کەمردنـــــی پــــۆڵ هرمـــانی دەسەلەماند ناردیان بۆی.

لێوەکـانی ئۆڤیـد پێکەنینێکـی تـۆقێنەری قێزەونیـان لەســـەر ڕووخســـاری دروســـتکرد، بەخـــۆی وت: دوا ئەوەی لەچنگـــی جـاك بـــووم ئێســـتا مـــیلەکە گۆڕاوە و ئەو لەچنگی منە.

ـ ١٤ ـ

یـانزە سـاڵ بەسـەر ڕووداوەکانـدا تێپەڕی لەمـانگی تشـــرینی دووەم/ نـــۆڤەمبەری ســـاڵی ١٨٧٠ مەیتێـك بەشـــەقامەکانی شـینری دەبـردرا، لەژێـر دارە مەیـتەکە سـێ کەسـی لێبـوو بـاوکە لـۆژێ و وێنەگـــرە هـــاوڕێکەی و هەرزەکـــارێکی چـــواردە ساڵان.

هەرزەکارەکە بێجگە لەکوڕەکەی جان فۆرتییە کەسی ترنەبوو، ئێستا ناوی جۆرج دارییەیە کە کلاریسی خوشکی قەشە لەخۆی گرتبوو.

کۆچکردوو کلاریسی دڵپاك بوو.

لەپڕ مردن لەسەر جێگە یەخەی گرتبوو، جۆرجی کوڕی بەپەلە لەپاریس گەڕابوویەوە تاوەکو فریای ماڵئاوایی کردن بکەوێت.

کاتێك گەڕانەوە ماڵەوە قەشەکە لەگەڵ هاوڕێکەی دەدوا: خوشکەکەم وەسیەتی کردووە هەرچی سەروەت سامانی هەیە بۆجۆرج بێت.

_ باشە، کردم.

_ منیش وەسیەتێکم هەیە، ئەمەوێت بیگەیەنی لەگەڵ وەسیەتەکەی مندا؛ وئەمەوێت ئاگات لەجۆرج بێت، ڕازیت؟

_ بەوپەڕی ئاسوودەییەوە، هەموو خۆشەویستیەکی خۆمی پێدەدەم هەروەك ئەو.

_ سوپاس، نامەیەکی بۆ دەنوسم سەبارەت بەدایکی و ڕاستییەکان؛ بەڵام بەڵێنم پێبدە هەتا نەبێتە بیست وپێنج ساڵ پێی نەدەی؟

قەشەکە دوونامەی دابە ئاتیینی وێنەگر یەکێکیان ڕاستی لەدایکبوونەکەی بوو.

چەند هەفتەیەکی کەم تێنەپەڕی و قەشەکەش گەشتەوە بە خوشکەکەی، جۆرج لەژێر چاودێری ئاتین کاستڵی وێنەگر بوو.

هەمان ئەوهەفتەی باوکە لۆژێ مرد، ژنەکەی جاك جارۆدیش مرد.

جاك ژنەکەی زۆر خۆشەویست بە مردنی خەمباربوو و دڵی پارچە پارچەبوو، بەڵام ئەوی لە کچەکەی دەدۆزییەوە کە بۆی بەجێهێشتبوو هەموو شتێکی بوو دەیپەرست.

سۆلیفەر هێشتا لە بەلەمەکەی جاك مەلەی دەکرد، هەرکات پێویستی بەپارە بوایە داوای لەجاك دەکرد و پێی دەدا بۆ ئەوەی لەهۆکارەکەی بپرسێ.

هەرلەبەرئەوەش سۆلیفەر جارێ پێویستی بەوەنەبوو کە نهێنییەکە ئاشکرابکات، جاك هێشتا بێ خەبەربوو لەوەی سۆلیفەر پێی زانیوە.

جۆرج دارییە لە قوتابخانەی هنری چوارەم هاوڕێیەکی بەناوی لوسیان ناسیبوو.

لوسیان تاقە کوڕەکەی بەڕێز لابرۆی خاوەن کارگەبوو کە بە حساب جان فۆرتییە لەناوی بردووە.

بەم شێوەیە بۆ ئەوەی یەکدی بناسن هاوڕێیەتی لەنێوان بکوژی بێتاوان وکوژراو دروست ببوو.

ڕقی دایکی جۆرج باوکی لوسیانی کوشتبوو، بەڵام هاوڕێیەتی لەنێوان کوڕەکان پەیدابببوو، کەسیان نهێنی ئەوی دیکەیان نەدەزانی.

لوسیان لەپورییەوە چیرۆکی مردنی باوکی بیستبوو، دەیزانی دادوەر حوکمی بەسەر جان فۆرتییە ناوێك داوە.

بەڵام هەروەك پوری بڕوایەکی کوێرانەی هەبوو کەوا جان فۆرتییە بێتاوانە و ئەوچەپەڵ ناوە جاك جارۆد تاوانبارە، باوکی کوشتووە تاداهێنانەکانی بدزێت.

ئێستا بابگەڕێینەوە بۆلای جان فۆرتییە.

لەشێتخانە کەوتبوو، هەروەك وتمان تووشی نەخۆشییەك بوە و هیچی لە ڕابردوو بیرنەماوە.

لەماوەی ئەم ساڵە کاولبووەدە؛ ساڵی ١٨٧٠، سوپای ئەڵمانی هێرشی هێنایە سەر پاریس وسێ بۆمبی خستە خوارەوە یەکێك لەوبۆمبانە بۆ بەدبەختی لەشێتخانەکەی دا و وێرانی کرد ئاگریش لە باڵێکی بەربوو.

جان لەخەستەخانەکەی دەڕوانی کەواچۆن ئاگر والەناوی دەبات.

لەپــڕ پەردە لەســـەر چـــاوی هەڵمـــاڵڕا، پەردەی ڕابردوو هەڵماڵڕا.

ئەوئـــاگرەی کەوتەوە یـــاد کە کـــارگەکەی بەڕێـــز لابردۆی لەناوبردبوو.

بیرەوەری بۆگەڕایەوە و لەشێتی قوتاری بوو.

بەیـانی ڕۆژی دواتــر دکتـۆر سـەردانی کـرد، بەڵام چ ســـەردانیەك وەکـــو جارەکـــانی پێشـــترنەبوو جیـاوازبوو سەرسـامبوو بەوەی کەبینـی. جـان لێـی پرســـی: گەورەم ئەزانـــم تـــۆ دکتـــۆری، لێـــرە لەخەســـتەخانەم، بیریشـــمە حـــوکمی ئەبەدیـــم بـــۆبڕاوەتەوە بەتـــۆمەتی دزی و کوشـــــتن و ســـوتاندنی کـــارگەکەی بەڕێـــز لابـــرۆی بێچـــارە. ئەمە چ خەستەخانەیەکە؟

_ شێتخانەیە.

_ کەواتە شـــێت بـــووم! واهەســـتەکەم ئێســـتا باشبووم و شیفام بۆ هاتووە.

_ هەرواش دەرەکەوێ بـــۆ منـــیش، تووشـــی لەبیرچـوونەوە بوویـت ئەوەتـا ئێسـتا ئەبیـنم بیـرت بۆگەڕاوەتەوە.

_ چەنێکە لێرەم؟

_ لەساڵی ١٨٦٢ ەوە لێرەی ئێمەش ئێستا لەساڵی ١٨٧٠ دا داین.

جان لەبارەی هەموو شتێکەوە لێی دەپرسی، بۆی دەرکەوت بەدرێژایی ئەم نۆساڵە کەس تەنیا بۆجارێکیش بوبێت لێی نەپرسیوەتەوە.

جان هەرگوێی لەم وشە ڕەقانە بوو بەقووڵی دەستی کرد بەگریان و وتی: خوایە، کوڕێکم هەبوو بەناوی جۆرج و کچێکیش بەناوی لوسی.... چیان لێهاتووە؟ چۆن کەسیان لێمیان نەپرسیوەتەوە؟

کاتێ هێوربوویەوە بە دکتۆرەکەی وت: جەنابی دکتۆر ئێستا چاکبومەتەوە چارەنووسم چیلێدێت؟

_ دووبارە ئەگەڕێندرێیتەوە بۆزیندان.

جارێکی تر دووبارە دەستی کردەوە بەگریان، وتی: خوایە، بەمشێوەیە ئەبێ ئەوتەمەنەی ماومە لە زیندان بم و منداڵەکانم نەبینم؟

بەو خەموو ئازارانەوە دکتۆر جێیهێشت.

دوای هەفتەیەك ڕەوانەی زیندان کرا.

هەرکە جان لە زیندان جێی گەرمبوو؛ دوو نامەی ئاڕاستەی دەرەوەکرد یەکێکیان بۆ باوکە

لـــۆژێ کە جـــۆرجی لابـــوو، یەکێکیشـــیان بـــۆ ئەو بەخێوکەرەی کە لووسی لابوو.

سێ چاوەڕێی بوو تاوەڵامێکی بۆبێتەوە.

لەکۆتایـــدا چـــاوەڕوانی کۆتـــایی هـــات و وەڵام گەشت.

نـــامەی یەکەم لەگونـــدی شـــیفری ەوەبـــوو، قەشـــە نـــوێیەکە نـــاردبووی نوســـیبووی و دەڵێـــت: کەوا قەشـــەی پێشـــوو کـــۆچی دوایـــی کـــردووە و خۆشـــی خەبەرێکی نییە لەسەر ئەوەی کە دەیڵێت.

نـــامەی دووەمـــیش هەرنـــامەکەی خۆیبـــوو لەســـەری نوســـــرابوو ((ئەم نـــــامەیە دەگەڕێنـــــدرێتەوە بۆنێردەر چونکە نێردراو نەناسراوە)).

جـــان فـــۆرتییە لەگەڵ گەشـــتنی نامەکـــان لەهـــۆش خۆی چوو و دوای کاتژمێرێك بە ئاگاهاتەوە.

کـــاتێ بە ئاگاهـــاتەوە دەســـتی کـــرد بە بیرکـــردنەوە و بەخـــۆی وت: خـــوایە! ئەبـــێ تاکۆتـــایی تەمەنـــم منـــداڵەکانم نەبیـــنم؟ ئەبـــێ لێـــرە ڕاکەم، ڕاکەم و وەدوویـــــان ئەگەڕێـــــم، زەوی تەخـــــتەکەم و وەدوویان ئەگەڕێم.

ڕۆژ تێـــپەڕی، کـــورە ســـاڵیش تێـــپەڕی هێشـــتا هـــیچ ڕێگەیەکی وەچنگ نەخست تاڕابکات.

حەوت ساڵ لەم زیندانە، بێجگە لەو یانزە ساڵەشی کە لە شێتخانەبوو.

ناڵاندنێکی بەردوام، خەمیش دڵی پارچە پارچە کردبوو، دڵی دایکێک کەدەزانێ منداڵەکانی لەسەر زەوین بەڵام نازانێ چارەنوس و گوزەرانیان چۆنە. ئاخۆ بە مردوویی ئەیانبینێ؟ بەبرسێتی؟ ئاخۆ لە ئەهلی پیاوماقوڵان و ڕێزدارانن؟ یان تۆبڵێی لەزبڵدان بن و کوڕەکە دەستی کردبێت بە قۆڵبڕین و کەسێکی کوشتبێت و لەزیندان بێت؟ یان کچەکەشی وادەبینێ مروڤی گورگ دەوریان لێداوە؟!

ئەم بیرو خەیاڵانە ساڵ لەدوای ساڵ دەهاتوو دەچوو تا حەوت ساڵی ڕەبەق درێژەی کێشابوو.

لەماوەی ئەم ساڵانەدا جان بە ڕەفتار و ئەتواری باش لەقەڵەم درابوو دادوەر فەرمانی کرد بگوازرێتەوە بۆ خەستەخانە وەکو سستەرکاری پێبکرێت و موچەی مانگانەشی وەردەگرت. ئەوئازادییەی بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو لێی زەوت کرابوو ئێستا بۆی دەستەبەرکرابوو. ساڵێکی نەگوزەراند کردیان بەسەرپەرشتیاری سستەرەکان.

سێ ساڵی لەخەستەخانە تێ پەڕاند، بەحوکمی کارەکەی دەرمانی دەبرد بۆدکتۆرەکان لەنۆڕینە لەکاتی سەردانی نەخۆشەکان.

لەیەکێک لەڕۆژەکان هەلی قۆستەوە و شوشەیەکی دەرمانی خەوی دزی و لەسنگی شاردییەوە وتالەکاتی پێویست بەکاری بێنێت.

لەکۆتایدا ساتی ڕاکردن هات.

یەکێک لەقەشەکان لەگەڵ جان فۆرتییە بوو هەرکە ئێوارە داهات دەرمانەکەی لەخواردنەکەی کرد.

ئێوارەی ڕۆژی شەمە بوو خوشکەکانیش وەک هەمیشە بەیانی یەکشەمان دەڕۆشتن بەرەو کڵێسا.

بەیانیەکەی جان هەستا و بینی خوشکە قەشە پرخەی دێت دەیزانی دەرمانەکەیە ئاوای هێشتۆتەوە.

جان بەخێرایی ڕۆشت بۆلای سەرۆکی قەشەکان و وتی: خوشکە قەشە سەرقاڵە بەپێدانی دەرمان بەیەکێک لە نەخۆشەکان داوات لێدەکات تۆپێش ئەو بڕۆیت ئەویش تۆزێکی دیکە دێتە خزمەتتان.

_ باشە لەبەردەرگا ئەبم.

هەرئەوەبوو کە جان دەیویست.

خوشکە قەشەکان هێشتا نەڕۆشتبوون جان بەخێرایی جلی خوشکە قەشەکەی لەبەرکردوو ڕۆشت.

لەزیندانەکەدا کڵاوەکەی لەسەرکردوو پاساوانەکە شکی بۆهیچیش نەبرد، وایدەزانی یەکێکە لەخوشکە قەشەکان و دەڕوات بۆلای ئەوان.

بەم شێوەیە دوای بیست ساڵ جان بۆیەکەم جار زیندانی جێهێشت و بۆنی ئازادی کرد.

زەوی داکوتابوو لەتاوگەڕانی بەدوای منداڵەکانیدا.

_١٥_

بائێستا بگەڕێینەوە دواوە.

چوارمانگ پێش ئێستا جاك جارۆد لەگەڵ کچەکەی و کوڕە پورەکەی دانیشتبوو دەدوا.

ماری کچی بوو بەهەژدە ساڵ، بەڵام جەستەیەکی لاواز و تەندروستیەکی خراپی

هەبـوو، دکتۆرەکـان بۆیـان دەرکەوتبـوو کە سـیلی هەیە و لەقۆناغێکی خراپدایە.

لەپـڕ مـاری ئـاوڕی دایەوە بەرەو لای بـاوکی، و وتی: باوکە، سەروەتەکەت چەندە؟

بە شڵەژاوییەوە لێی ڕوانی و بێدەنگ بوو.

وەڵامـی دایەوە وتـی: داهـاتی سـاڵانەم سـەت هەزار دۆلارە.

_ کەواتە ئەتوانیـت سـەروەتەکەت بە دەملیـۆن دۆلار بخەملێنیت بێجگە لەم کارگەیە؟

بەئەرێنـی سـەری لەقانـد، مـاری وتـی: نرخـی ئەم کارگەیە چەندە؟

_ ملیۆنێك دۆلار.

_ کەواتە ئەبێ بەم نرخە بیفرۆشی.

بەسەرسـامیەوە هـاواری کـرد: ئەتەوێ کـارگەکەم بفرۆشم؟

_ بەڵێ.

_ بەڵام........

_ نـاڕازیی دەرمەبـڕە، تـۆ زۆر دەوڵەمەنـدی، چیتـر پێویسـتت بەکـارکردن نیـیە، بـۆچی ئەم

کارگەیە نافرۆشـیت و ئەوتەمەنەی ماومانە لەفەڕەنسا نەیبەینە سەر؟!

جاك وئۆڤید نیگای شپرزەییان دەگۆڕییەوە.

ماری: حەزم لە فەڕەنسایە، ئەمەوێ لێی بژیم وبمرم.

_ بەس باسی مردن بکە کچەکەم؟

دەیزانی کچەکەی سیلی هەیە، ژیانیشی چەند ساڵێکە، هەر نیشانەیەکی مەرگ دڵی دادەخورپاند و بەخەم لەت لەت دەبوو.

بەپێکەنینەوە ماری وتی: خۆناڵێم بڕۆم ولەوێ بمرم، بەڵام حەزەکەم نیشتیمانەکەم ببینم، دوای ئەوەش ئەم شارە بێزارم دەکا.

_ ئەی بۆچی دوو بۆ سێ مانگ لەوێ نەبین و دواتر بگەڕێینەوە؟

بەڵام سووربوو لەسەر قسەکانی و پێداگربوو، ئۆڤیدیشی تێکەڵ بە قسەکانی کرد، هیچی بۆ نەمایەوە جگە لەوەی کچە پەڵمەگریان بوو.

جاك دەیزانی هەر فرمێسکێك دەیڕێژێت یەکسانە بە تەمەنی کچە نازدارەکەی دەیزانی تووڕەییەکەی لەوەیە سەربکێشێ بۆ مردن و تەندروستی بەرەو لەناوچوونی ببات.

وتـــی: باشــە کــچەکەم خــۆزگەکەت بەدی دەهێــنم، کــارگەکەم ئەفرۆشــم و دەڕۆیــن بۆفەڕەنســا، لەوێ کــارگەیەك دروســت دەکەم خــۆتەزانی نــاتوانم بــێ کار بژیم.

کــچەکە ئــاوڕی دایەوە بەرەو لای ئۆڤیــد و وتــی: وەتۆ سۆلیفەر، ناتەوێ لەگەڵمان بێیت؟

شانەکانی هەڵتەکاند و وتی: نازانم.

بەتونــدییەوە لێــی ڕوانــی و وتــی: ئەزانــم ئەتەوێــت ڕێگربیــت بەرامــبەر بــاوکم بەڵام بــێ ســوودە هەوڵەکانــت، بوونمــان لێــرە خەریــکە کۆتــایی پــێ دێت.

بەخێرایی لەهۆڵەکە دەرچوو.

ســۆلیفەر وتــی: بەڕاســتی ئەتەوێــت کــارگەکە بفرۆشیت؟

_ گومــانی تیــانیە، نــابینی تەندروســتی چەنــد خراپە.

_ ئەم سۆزەی تۆ لاوازییە.

جــاك شــانەکانی هەڵتەکانــد و وتــی: لەگەڵ ئەوەشــدا بــۆچی لێــرە بمێــنمەوە؟ لێــرە قــازانجێکی زۆرم کــردووە، ئەتــوانم لە فەڕەنســاش کــارگەیەکی لەم

شـــێوەیە دروســـت بـــکەم و قـــازانجێکی باشـــیش وەچنگ بخەم هیچ لەدەست نادەم.

بێدەنگی...

سۆلیفەر وتی: دووقسەم هەیە لەگەڵ تۆ..

_ قسەبکە.

بـــابڕۆێن بـــۆ نوســـینگەکەم ئەترســـم یەکێـــك گـــوێی لێبێت.

بەڕوونـــی پەشـــۆکاوێ لەڕووخســـاری جـــاك بەدی دەکرا: ئەوەندە ترسناکە؟

_ ئەبینی.

کاتێـــك لەنوســـینگەکە بـــوون ســـۆلیفەر وتـــی: چارەنووسی من چیلێکەی دوای ڕۆشتننت؟

_ ئەتـــوانی هاوەڵیمـــان بـــکەی و بەڵێنیـــت پێـــدەدەم کارێکی نوێت بۆ بدۆزمەوە لە کارگە.

_ بەڵام فەڕەنسا بۆمن نابێت.

_ بۆ؟

_ پۆلیسی فەڕەنسی داوامەکات.

_ تـــازە بەتـــۆچی، حـــوکمەکە زۆری بەســـەرا ڕۆشتووە.

_ حەزەکەم لێرە بمێنمەوە.

_ باوابێ، ئەوکەسەی کارگەکە ئەکڕێت داوای لێکەم بەکرێیەکی باش لای خۆی بتهێڵێتەوە.

ئۆڤید پێکەنی و وتی: بەڵام ئەوەم ناوێت ئەمەوێت کارگەکەی تۆبکڕم.

جاك بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە وتی: وامەزانی لەهەژارانی نەمزانی لەملیۆنلەرانی.

ئۆڤید جارێکی ترپێکەنی و وتی: وەکو ئەوەی خەیاڵی دەکەی لە ملیۆنلەران نیم، هەژارێکی تەواوەتیم لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەوێت کارگەکەت بکڕم.

_ سەیرە، واز لەم پێچووپەنایە بێنە و قسەبکە.

سۆلیفەر لەسەرخۆ وتی: کارگەکەم پێ ئەفرۆشی، دواتر چەکێکی پەنچا هەزار دۆلاریشم وەکو هەدیە پێدەدەی تاوەکو بتوانم بەڕێوەی ببەم.

_ بۆچی وابکەم؟

_ نرخی کپ کردنم؟

_ نرخی کپ کردنت؟ بۆچی پێت وایە شتێکم کردبێت و بترسم ئاشکرابێت؟

_ دڵنیایت هاوڕێ ئازیزەکەم؟

_ مەبەستت چییە؟

_ مەبەستم ئەوەیە خۆ جاك جارۆد ناتوانێ بڕوات بۆ فەڕەنسا تا دڵنیانەبێت لەوەی پۆلیسی فەڕەنسی ناوەکەی پێ نازانێت؟

جاك قوت بۆی هەستا و دەستو باڵی سۆلیفەری گرت و هاواری کرد، وتی: ئەوناوە چییە هێنات؟

_ ناوی پیاوێکە لە ئاڵفۆرتفێڵ کارگەیەکی سووتاندووە و خاوەنەکەشی کوشتووە و پارەکانی دزیوە، ئەوکەسەش تۆیت.

ترس و تۆقان جاکی وشك کردبوو بەدەنگێکی لەرزۆکەوە وتی: درۆیە..... کێ .....پ ...پ...پێی وتی؟

_ وەفتنامەی پۆڵ هرمان، وێنەیەکیم لایە.

_ درۆیە و بوختانە.

ئۆڤید بەئارامی وتی: واز لەم خۆهەڵخەڵەتاندنە بێنە هاوڕێ ئازیزەکەم، ئەتوانی بە ئەقڵێکی ساف وئارام و دڵنیابڕۆیت بۆ فەڕەنسا تا ئەو کاتەی کارگەکەم پێ ئەفرۆشی، هەمیشە تۆپیاوێکی بەڕێز و بێتاوانی و ئەو جان فۆرتێیە تاوانبارە.

بێدەنگی....

جاك وتی: هەڕەشەكانتم بەلاوە گرنگ نییە، ماوەیەكی زۆرە سزام لەسەر نەماوە.

ئۆڤید پێكەنی و وتی: ماوەیەك تێپەڕیوە، هەریەك لە تاوانی كوشتن وسوتاندن ودزیكردن وپەردەپۆشكردنی و بەكارهێنانی ناوی پۆڵی هرمانیش بوەستێ هێشتا وائەڵێی؟

_ مەبەستت ئەوەیە ئەتەوێ هەواڵم لەسەر بدەی؟

_ ئەكەوێتەوە سەرخۆت، تۆپیاوێكی زۆر دەوڵەمەندی پێویستت بە پارەی تازە نییە ئیتر بۆچی كارگەكەی خۆتم پێنادەی؟ بەوشێوەیە ئابڕووی خۆت ئەكڕیت و ئارامی كچە بێچارەكەشت.

جاك بەشێوەیەكی دڕندانە وتی: سوێند دەخۆم نەفسم پێم دەڵێ هەرئێستا بتكوژم.

_ جاسوودی هەیە بۆت؟ نامەیەكم لە شوێنێكی پارێزراو داناوە. وەوەسیەتم كردووە هەتا نەمرم نامەكە نەكرێتەوە، ئەگەر بمكوژی بیست و چوار كاتژمێر تێناپەڕێت پۆلیس ئەتدۆزێتەوە و ڕاپێچت دەكەن.

جارێكی تر بێدەنگی.....

لەکۆتایا جاك وتی: باشە، ڕازیم بە مەرجەکەت.

_ ئافەرین، بەوشێوەیە ئابڕووت دەگەڕێنیتەوە.

_ سبەی دەڕۆین بۆ لای پارێزەر تا کاروباری فرۆشتنەکە تەواوبکەین.

ڕۆژی دواتر ئۆڤید بە تەواوی دەستی گرت بەسەر کارگەکە؛ یەك ڤرۆشیش چییە نەشیدا، تەنانەت چەکێکی پەنجا هەزار دۆلاریشی لەکوڕە خاڵە ئازیزەکەی وەرگرت.

هەفتەیەك دواتر جاك بەرەو فەرەنسا بەڕێکەوت، هێشتا پێی گەرم نەبوو زەویەکی کڕی تاکارگەیەکی لەسەر بنیاد بنێت.

جاك ڕۆشت بۆ بانك بۆلای دۆستێکی تا ئاشنای بکات بەپارێزەرێك تاکاروبارەکانی بۆبەڕێوەببات.

_ پارێزەرێکی باش ئاشنام، ناوبانگێکی باشیشی هەیە.

_ ناوی چییە؟

_ جۆرج دارییە، ژمارە ١٩ لەشەقامی بۆناپرت.

ڕۆشت تا گەنجەکە ببینێت.

ئەگەر ڕابــردووی بیربێــت بــۆ یەك و دوو دەیزانــی جــۆرج داریــیە جــۆرج فــۆرتێیە، کــوڕی ئەو ژنەی ئەبەدی بـــۆ بـــڕاوەتەوە بەهـــۆی تاوانەکـــانی ئەمەوە.

جــۆرج داریــیە هەرچەنە تەمەنـــی بیســـت وپێــنج ساڵ بوو بەڵام لە گەورە پارێزەرەکان بوو.

لەشـــەقامی پۆناپـــارت نووســـینگەیەکی بەکـــرێ گرتبــوو بــێجگە لەوکتێبخـــانەی بـــاوکە لـــۆژێ پێـــی دابوو، هیچی تری تیانەبوو مایەی سەرنج بێت.

لەســـوچێکی ژوورەکەی ســـتونێکی درێـــژی لێبـــوو کەلەنوکەکەیدا ئەسپێکی دارینی لێ بەدی دەکرا.

هەمـــان ئەســـپە منـــداڵیەکەی بـــوو، بەباشـــی بە ڕووپۆشـــێکی ڕەش داپۆشـــیبوو وەك وەفـــایەك بۆخوشـــکە کلارێـــس. بـــێ خەبەر لەوەی جـــان فۆرتێ دایکیەتی.

بەم شـــێوەیە جـــاك دوای بیســـت ویەك ســـاڵ چـــاوی کەوت بەکـــوڕی قوربـــانیەکەی دەســـتی، بـــێ ئاگـــا لەیەکتر.

جـــاك ئەوەی لەنێـــوان ئەو حکـــومەت ڕوویـــداوە لەســـەر مـــافی تێـــپەڕین لەزەوییەکەیـــدا بـــۆ پارێزەرەکەی گێڕاوە.

کاتێك جۆرج لە ئەوڕاقو کاروبارەکانی ڕوانی و تەواوبوو، وتی: گەورەم تۆ ڕاستەکەی، هۆیەکەت بەهێزە و حەتمەن دۆسێیەکە ئەبەیتەوە.

_ تکایە بەڕێوەی ببەبۆم.

دوای مانگێك حکومەت ناچاربوو پاشگەزبێتەوە لەهەمبەر جاك و مۆڵەتی دروستکردنی کارگەی پێبدات دڵنیاشی کردەوە ئەگەر دۆسێیەکەیان بچوایەتە دادگا بێ شك دادگا لەهەمبەر پارێزەرەکە دەدۆڕا.

جاك ڕۆژانە ناچاربوو زۆربەی کاتەکانی بە چاودێری کردنی دروستکردنی کارگەوە بەسەرببات.

لەسەر نەبوونی، کچەکەی لۆمەی نەدەکرد، هاوڕێکانی باوکی بەخشندەبوون و ناو بەناو سەردانیان دەکرد. هێشتا چەند هەفتەیەك تێنەپەڕیبوو کەشی پاریس تەندوستی تێك دابوو، نەیدەرانی نەخۆشی سیلی هەیە. هەرکات ڕووخسارە تۆق و ترساوییەکەی باوکی ببینایە پێکەنینی پێدەهات و سەیری لێدەهات.

ماری لەترۆپکی کەشخی و جوانیدابوو، بۆجلەکان باشترین بەرگدووری پاریسی بەکرێ گرتبوو بەناوی خاتوو ئۆگستین.

لەنیو کرێکارەکانی کچێکی بەرگردووری لێبوو بەناوی لووسی، ئۆگستین زۆر سەرسامی لووسی بوو تەنانەت هەندێك جاریش دەیبرد تاوەکو قیاسی کڕیارەکانی بۆبکات.

لووسی جوان وڕەوشت چاك بوو، خەڵکی نموونەی وایان زۆر نەدیبوو، دەزگیرانەکەی ناوی لوسیان بوو شارەزای بواری میکانیکی و وێنەکێشانی میکانیك بوو، بەڕێکەوت ئاشنای یەکدی بوون وڕێککەوتن لەسەر هاوسەرگیری

_١٦_

لووسیانی وێنەکێش کوڕەکەی بەڕێز لابرۆ بوو، ئەوپیاوەی جاك لەناوی برد.

ئاگرەکە ئەوەندە بێ بەزەیی بوو هیچ بڕەپارەیەکی بۆئەم کوڕە بێچارەیە جێنەهێشتبوو تاخەرجی پێدەرکات، پورەکەی بەخێوکردنی لەئەستۆ گرتبوو، لەتەمەنی بیستو یەکساڵیشدا تاکە پەناگەی پورەکەی کۆچ دەکات و بەتەنیا دەمێنێتەوە، ناچاربوو لەپێناو دەرکردنی قوتی ژیانی شارەزای لەوێنەکێشان پەیدابکات.

لەهەمان ئەو خانەی لووسی کاری بەگردووری دەکرد لوسیانیش ژوورێکی بەکرێ گرتبوو.

ڕۆژێک لەسەر پلیکانەکان بەڕێکەوت یەک دەبینن و ئاشنای یەکدی ئەبن.

هاوڕێیەتی هێشتا دروست نەببوو خۆشەویستی چاوی هەردووکیانی کوێر کردبوو، لووسیان ئاواتەخوازبوو لووسی ببێت بەخێزانی تاکە ڕێگریش لەبەردەم ئاواتەکەی پارەبوو.

ساڵێک تێنەپەڕیبوو هێشتا ئەو بێچارەیە خۆی کۆنەکردبووە وە، ئەوەشی قازانجەکرد بەشی نەدەکرد.

لووسیش خێزانێکی نەبوو تادەستی هاوکاری بۆ درێژبکات، لەیەکێک لە خانەکانی بێسەرپەرشتانی منداڵان گەورەببوو، ڕۆژێک کەسێک دێت و لەوێ بەجێی دەهێڵێت، منداڵێک بەناوی لووسی، ئەم لووسییە کەواباسی دەکەین.

بەخێوکەرەکە وتبووی کەوا دایکی هەموو مانگێک پارەی بۆ دەناردن بەڵام لەپڕ دەنگ و باسێکی نەماوە و ناچاربوون وەدەری نێن.

گومـــانی تیـــانییە ئەبـــێ خـــوێنەر درك بەوەبكـــات كەوا لووســـی كـــچەكەی جـــان فـــۆرتێیە و خوشـــكی جۆرج دارییەی پارێزەرە.

لووســـیان لابـــرو چـــاوی بە لوســـی كچـــی جـــان كەوتبـــــوو خۆشەویســـــتییەكی كوێرانەشـــــی بۆهەبـــوو، جـــاك جـــارۆدیش پەیوەنـــدی بە جـــۆرجی كـــوڕی جـــان كـــرد. ئێســـتا هـــیچ نەمـــاوەتەوە جـــگە لەوەی جاك لووسیانی كوڕی كوژراو ببینێ.

ڕۆژێـــك لووســـی لەپـــڕ خـــۆی كردبـــووە ژووەرەكەی لووســـــیان و بەڕەنگێكـــــی زەردهەڵـــــگەڕاو و پەڕیـــوەوە و چـــاوی وەكـــو چـــاڵی لێهـــاتبوو بینـــی، دەســـــتی گـــــرت و لـــــۆمەی دەكـــــرد: ئەمە چییـــــە لووســـیان؟ ئاگـــادارم نەكـــردیتەوە خـــۆت بەكـــارەوە ماندوونەكەی؟ خەریكە خۆتەكوژی.

_ وێنەیە خاوەنەكانیان زوو ئەیانەوێت.

_ بەڵام ئەبـــێ ئاگـــاداری تەندروســـتی خۆشـــت بیـــت ئازیزەكەم.

_ چیـــبكەم جـــا؟ بەڕۆژ لەم شـــوێن بـــۆ ئەو شـــوێن بەدوای كـــاردا وێڵـــم هـــیچم بۆنـــامێنێتەوە جـــگە لەمانـــــدووبن، ئەوەی بـــــۆم ئەمێنێـــــتەوە ئەبـــــێ لەشەودا بیكەم.

بێدەنگی....

لوسی: هاوڕێکانی قوتابخانەت دەوڵەمەندەکان، بۆناڕۆیت بۆ لایان تاکارێکت بۆ بدۆزنەوە.

زەردەخەنەیەکی پڕ لەخەم و دەردەسەری کرد، و وتی: بۆلای هەموویان ڕۆشتم بێجگە لەڕەتکردنەوە هیچی ترم دەستنەکەوت.

_ تەنانەت ئەو کوڕەشی کە بەباشە باستدەکرد بۆم؟

_ مەبەستت جۆرج دارێیە، هاوڕێکەم لەقوتابخانەی هنری چوارەم؟

_ بەڵێ، چاوت پێکەوت؟

_ نا، ناونیشانەکەی نازانم، یاسای ئەخوێند.

_ کەوایە ئێستا لەپارێزەرانە، دۆزینەوەی ئاسانە.

شانەکانی هەڵتەکاند و وتی: بەهەرحاڵ لەوانی تر باشتر نابێت.

_ چوزانی؟ زەرەناکەی بیبینی.

_ سبەینێ دەڕۆم.

لوسی لوسیانی دەزگیرانی جێهێشت و بەرەو لای خاتو ئۆگستین بەڕێکەوت، جلی نوێی بۆ دانابوو.

کاتێ وەژوورکەوت سەرسامبوو کاتێ خاتوو ئۆگستینی بینی جلەکان لەبەر کچێکی جوانی قژزەرد تاقی دەکاتەوە.

هەرزوو لووسی زانی کچێکی زۆردەوڵەمەندە، چونکە ئەگەر وانەبوایە خاتوو ئۆگستین جلەکانێ لەبەری تاقی نەدەکردەوە.

خاتوو ئۆگستین ئاوڕی دایەوە بەرەو لای لوسی و وتی: خەریکبووو بنێرم بەشوێنتا، ئەمە پۆشاکی سەمایە ئەبێ زوو دەریبکەین، خاتو ماری هرمان زۆری پەلەیە.

ماری هرمانی کچی جاك وتی: ئەم خاتوونە دوورینی پۆشاکەکانم لەئەستۆ ئەگرێت؟

_ بەڵێ، لەباشترین بەرگردوورەکان.

_ لەخانەکەی باوکم سبەینێ چاوەڕێت دەبم، ئەبێ زوو بیدووری.

کاتێ ماری وەدەرکەوت خاتوو ئۆگستین بە لوسی وت: تکایە زۆر وردبە خاتوو ماری زۆر هەستیارە بۆ پۆشاکەکانی.

لوسیان بەڵێنەکەی بردەسەر و ڕۆشت بۆخانەی دادگا و لەناونیشانی جۆرج داریەی پرسی و پێیان وت لە ژمارە نۆزدەیە لەشەقامی پۆناپارت.

بەخێرایی بۆدیدەنی بەڕێکەوت.

لەودەمەی هەوڵ و تەقەلایەی لوسیان دەیدا، جۆرجی پارێزەر لەنوسینگەکەی خۆی سەرقاڵی پێداچوونەوەی دۆسێیەك بوو کەئاتینی وێنەگر وەژوورکەوت.

جۆرج بەخێرهاتنی وێنەگرە بەناوبانگەکەی کردوو وتی: ئەبێت گلەییت لێبکەم، دووهەفتەیە تۆم نەبینیوە.

سەرقاڵ بووم بەتەواوکردنی هەندێك وێنە، خۆتۆ ئەتتوانی سەردانم بکەی.

_ تکایە لێم مەگرە دۆسییەی زۆرم لایە.

_ لێت ناگرم، ئەمڕۆ هاتم تانانی نێوەڕۆ پێکەوە بخۆین و لەسەر تابلۆیەك بدوێین کەئەمەوێ بیکێشم.

_ لەسەر چییە؟

_ پێش بیستویەك ساڵ ڕووداوێك لەماڵەکەی باوکە لۆژێ لەشیفری ڕوویداوە ئەمەوێت لەتابلۆیەکدا ڕەنگی بدەمەوە، ئەسپێکی دارت هەبوو لەکاتی ڕووداوەکە یاریت پێدەکرد ئەمەوێت تیایدا بەکاری بهێنم.

_ مەبەستت ئەم ئەسپەیە؟ یادگاری دایکمە، هەرلەبەر ئەوەشە پاراستوومە.

ئامــاژەی بۆئەسـپەکەی کـرد کە لەنـوکی ستوونەکەدا دانرابوو.

_ بەڵێ، ئەوئەسپەیە ئەمەوێ بەکاری بێنم.

_ بەڵام بابەتی تابلۆکە باسی چییەکات؟

_ چیرۆکێکی کاریگەرە دڵ پارچە پارچەدەکات، پیاوانی پۆلیس هەڵەکوتنە سەر خانەکە و ژنێکی بێچارە ڕاپێچەکەن بۆ زیندان، تابلۆکە زۆرێك لەخۆدەگرێت لەوانە پیاوانی پۆلیس و ملازم و دایکت و قەشەی خاڵۆت ومن وتۆ.

جۆرج شپرزە بوو، وتی: من؟

_ بەڵێ، چاوەکانت وەکو باران وابوون، وەکو ئەوەی فرمێسکەکانت لە پیاوانی پۆلیس بپاڕێنەوە تاوەکو ئەو ژنە نەبەن بۆ زیندان.

_ چ سەیرە هیچم بیرنییە.

_ لەبەرئەوەی سێ ساڵان بوویت، هەوڵدەبیرت بکەوێتەوە، لەباخچەکەدابوو، ئەسپەکەت بۆلای سنگت ڕاکێشابوو.

_ ئەتەوێ تابلۆکە بفرۆشی؟

_ بۆئەپرسی؟

_ لەبەرئەوەی دایکم و خاڵمی تیایە و وێنەی تۆیە ئەمەوێت.

پێکەنی وتی: دڵنیابە، ئەمەوێ بیکەمە هەدیە بۆت، ویستم بیکەم بەسوپرایز بۆت کاتێ تەواو بووم بەڵام ئاشکرات کردم.

پێکەنین و پارێزەرە گەنجەکە وتی: بەڵام پێم بڵێ چی ئەم ژنەی هەڵپێچابوو؟

_ بەدزین و کوشتن و سوتان تۆمەتبارکرابوو.

_ چارەنووسی چی بەسەرهات؟

_ زیندانی ئەبەدی.

_ یانی تۆمەتەکان سەلمێنران؟

_ بێگومان بەڵگەکان زۆر بەهێزبوون.

_ ناوی چیبوو؟

_ لەبیرم نییە.

لەم ساتەدابوو خزمەتکارەکە وەژوورکەوت وگەورەکەی ئاگادارکردەوە کەوا گەنجێك بەناوی لوسیان لابڕۆ داوای دیدەنی دەکا.

جۆرج داریيە ورتەيەكی كردوو وتی: هاوڕێی قوتابخانەمە، پێنج ساڵە یەکمان نەبینیوە.

_ لابـــرۆ؟ واهەســـــتەکەم پێشـــتر ئەو نـــاوەم بیستووە.

پـــاش کەمێـــك میوانەکەیـــان وەژوورکەوت و بەگەرمـی تەوقەیـان کـرد و پـارێزەرەکە بەئـاتینی ناساند. باسی سەردەمی قوتابخانەیان دەکرد.

جـۆرج وتـی: خەریکـی میکـانیکی بویـت ئێسـتا حاڵـت چـۆنە؟ هیـوادارم بەڕێـوبەری یەکێـك لەکارگەکان بیت.

لوسـیان سـەری لەقانـد و وتـی: لەڕاسـتیدا بەخـت یاوەرم نەبوو.

_ چۆن؟ تۆ لەبواری خۆتدا زۆرباشبوویت.

_ بەڵام باشـییەکەم هیچـی بۆنەهێنـام ناچـاربووم شـارەزایی لەوێنەکێشـاندا پەیـدابکەم و خـۆمی پـێ بژێنم.

_ ئەبـوایە پێشـــتر بهاتیتـــایە لام تـــاوەکو لای هاوڕێیـــانی کـــارگەم کارێکـــت بۆپەیـــدابکەم. ئەتەوێ یەکێـــك لەکارگەکـــانی دروســـــتکردنی کەرەستەی ئاسنین بەڕێوەببەی؟

_ خۆزگە.

_ زۆرباشـــە، یەکێـــك لەبریکـــارە فەرەنسـییەکانم بۆمـــاوەیەکی زۆر لەئەمریکـــا ژیـــاوە لەم دوایەدا

هاتۆتەوە و ئەیەوێت کارگەیەك دروست بکات. پێم وابێت داواکەم ڕەتناکاتەوە. ناوی پۆڵ هرمانە.

_ پۆڵ هرمانی هاوبەشی نایۆمی مۆرتیمۆر؟

_ خۆیەتی. دەیناسی؟

_ نا، بەڵام بۆخۆی ناوبانگێکی هەیە، داهێنەری مەکینەی خەیاتی بێدەنگە لەگەڵ ئامێری سافکردنی تازە لەهەمان ئەو ئامێرەی باوکم دەچوو کەپێش مردنی بەپورمی وتبوو ئەیەوێت دروستی بکات.

ئاتیین: باوکت لەداهێنەران بوو؟ تۆ کوڕی لابرۆی کەپێش زیاتر لەبیست ساڵ کارگەکەی سوتا؟

_ بەتەواوی وایە گەورەم، باوکم لەکاتی ئاگرکەوتنەوەکە کوژرا.

جۆرج بەپەشۆکاویەوە پرسی: سەیرە، پێشتر باسی ئەم کەلێنەت بۆ نەکردبووم.

_ لەبەرئەوەی نەمەزانی هەتاپورم مرد، بەڵام گەورەم پێم بڵێ تۆهاوڕێی باوکم بویت؟

_ نا، نەمدەناسی، بەڵام گوێم لەخەڵك بوو ناویان دەهێنا و باسیان دەکرد بۆیە لەبیرم ماوە.

دواتـر لەدڵـی خۆیـدا وتـی: چ ڕێکەوتـێکە، کـوڕی بکوژ هاوڕێی کوڕی کوژراوە.

جۆرج پرسی: بکوژەکە دەسگیرکرا؟

_ ئافرەتێــــك بەم تـــاوانە تۆمەتبـــارکرا و ئەبەدی بۆبڕایەوە.

_ ئافرەتێك؟

_ بەڵـــێ، بەهـــۆی ڕووداوەکە ڕایکردبـــوو لەکڵێسـایەك خـۆی حەشـاردابوو لەگونـدی شـیفری بەڵام پۆلیسەکان قۆڵبەستیان کردوو بردیان.

جـــۆرج بەتێبڕینێکـــی پـــڕ لەڕوونکـــردنەوەوە لەئـــاتیینی ڕوانـــی و وتـــی: بەڵـــێ، ئەوەهەمـــان ئـــافرەتە کەتۆباســـت کـــردوو ئەتەوێ تـــابلۆیەکی لەسەر بکێشی.

_ تۆئافرەتەکەت بینیوە گەورەم؟

_ قسەشم لەگەڵدا کرد.

_ تۆبڵێی دانی بەتاوانەکەیدا نابێ؟

_ بەڵکـــو بەپێـــداگرییەوە نکـــۆڵی لێـــدەکرد، بەڵام نکۆڵییەکەی هیچ سوودی نەبوو.

لوسـیان: حـــوکمەکە بەڵگەنیـــیە لەســـەر دروســـتی تۆمەتەکە بەهەڵە حوکم درا.

_ بەڵام بەڵگەکان تەواوبوو.

_ لەوەیە ڕێـــکەوت بوبێـــت، مـــادام تـــۆ لەنـــاو دۆسییەکەبویت ڕات چییە لەسەری؟

ئـــاتیین بێـــدەنگ بـــوو دواتـــر وتـــی: لەوەیە تاوانبـــار بوبێت.

لوسـیان وتـــی: لەوەیە، تـــۆ وەکـــو دادوەر دڵنیابیـــت، بەڵام مـــــن دڵنیـــــام لەبێتـــــاوانی ئەو ژنە، لەڕۆژنـــــامەی کەپـــــورم پاراســـــتبوی ووردەکارییەکـــانیم خوێنـــدەوە، تەواو دڵنیـــابووم لەبێتـــاوانی جـــان فـــۆرتێیە لەوتۆمەتـــانەی کەئاڕاســـتەی کرابـــوو، پوریشـــم هەمـــان ڕای هەبوو.

جۆرج پرسی: بەچی بەرگری لەخۆی کرد؟

_ چـاودێری کـارگەکەی تۆمەتبـارکرد، نـاوی جـاك جـــارۆدە. دڵنیـــای کـــردەوە کەوا نـــامەیەکی خۆشەویســـتی بۆنـــاردووە داوای لێکـــردووە لەگەڵێـــدا لەفەڕەنســـا هەڵبـــێن، بەڵام نەیتـــوانی ئەونامەیە بدات بەدادگا.

ئـــاتیین: ئەوەت لەبیرچـــوو جـــاك بەکەرامەت و شەڕەف و بوێرییەوە مرد؟

لوســـیان بەپێـــداگرییەوە وتـــی: دڵنیـــام ئەو بکـــوژەکەیە، مردنەکەشـــی تەنهـــا خـــۆڵ کـــردنە

چاوی خەڵکی بوو، ئارامم نابم تائەوژنە بێچارەیە لەزیندان ڕزگارنەکەم.

_ سەلماندنی تاوانەکە لەسەر جاك جارۆد چ سوودی هەیە لەکاتێکدا دادگایکردنەکە کاتی بەسەرا ڕۆشتووە؟

لوسیان بەکاردانەوەوە وتی: ئەزانم چۆن تۆڵەی خۆم بکەمەوە.

_ تۆبڵێی هێشتا لەزیندان بێت؟

_ هەرئەوەیە کەنایزانم،،بەڵام ڕوونییەکەمەوە.

جۆرج: وەکو پارێزەرێك دۆسییەکە لەئەستۆ ئەگرم.

باسی هاوسەرگیریان کرد لوسیان وتی: دەزگیراندارم ناوی لوسییە ئەگەر هەژاری نەبوایە دەمێك بوو هاوسەرگیریمان کردبوو.

_ کێیە ئەم خاتوونە؟

_ کچێکی بێنازە لەیەکێك لە خانەکانی بێسەرپەرشتانی منداڵان گەورەبووە، ناوی خێزانەکەی نازانێت. لەکچە میهرەبانەکانە.

_ وادیارە خۆشتەوێ؟

_ خۆشەویستییەکی شێتانە؟

_ هیــــــــــوادارم زۆر زوو پیرۆزبــــــــــایی هاوسەرگیرییەکەت لێبکەم.

لووســــی چــــاوەڕێی گەڕانەوەی دەزگیــــرانەکەی بوو. کاتێ گەڕایەوە وتی: چیت کرد؟

_ بەباشــــی پێشــــوازی لێکــــردم، بەڵێنــــی پێــــدام یارمەتیم بدات.

بــــۆی گێــــڕایەوە چــــی لەنێــــوان ئەو وهــــاوڕێ کۆنەکەی ڕوویداوە.

_ اەەەە، بــــڕوام بەخەونەکــــان کــــرد، اەەەەە، ئەگەر بڕوات دەکرد.

بەیــــانی ڕۆژی دواتــــر جــــۆرج داریــــیە بەمەبەســــتی بــــابەتەکەی لوســــیان ڕوی لەمــــاڵەکەی جــــاك جارۆد کرد.

خــــاوەن مــــاڵ لەوێ نەبــــوو، پێیــــان وت لەگەشــــتە و تادوو سێ ڕۆژ تەشریفیان ناگەڕێتەوە.

ئەم نەبــــونیە وای لەجــــۆرج کــــرد بیرلەوەبکــــاتەوە ئــــاخۆ ئەتــــوانێ ئەو چــــاکەیە لەگەڵ هــــاوڕێکەی خــــۆی بکــــات. بەڵام ئەیزانــــی قســــەی مــــاری لای بــــاوکی ڕەتنەکــــراوەیە، بەخــــۆی وت: بــــۆچی داوا لەونەکەم.

هەرزوو داوای بینینی کرد.

پێشوازی لێکردو و وتی: تەندروستیت چۆنە خانمەکەم؟

_ تەندروستیم باشە.

لەپڕ کۆکە کۆك قسەکانی بڕی و وتی: ئەگەر ئەم کۆکەیە نەبێت زۆر باشم.

جۆرج دەیزانی کەوا سیلی هەیە و ماری نازانێ وتی: دکتۆرەکان ...... ئەوان چییەڵێن؟

بەتەنزەوە پێکەنی وتی: دکتۆرەکان، نەفرەتیان لێبێت، گیانم دەرچوو بەدەست دەرمانەکانیانەوە، تەنها کۆکەیەکی ئینتیهاباتی قوڕگە کەچی دەیان دەرمانم بۆدەنوسن.

ڕێچکەی قسەکانی گۆڕی و وتی: وابزانم هاتبووی بۆدیدەنی باوکم؟

لەپاریسە تادوو سێ هەفتەی دیکە ناگەڕێتەوە، سەرەتای مانگی داهاتوو دەگەڕێتەوە.

_ کەوایە ئەتوانم لەکارگە نوێیەکەی باوکت داوای دامەزراندنی هاوڕێییەکی قوتابخانەم بکەم؟ گەنجێکی لێهاتووشە لەهەمان کاتدا. جۆرج ئەمەشی بۆقسەکانی زیادکرد، دەرچووی قوتابخانەی هونەری پیشەسازییە.

_ هاوڕێیەکی ئازیزتە؟

_ بەڵێ خانمەکەم، لەقوتابخانە یەکدیمان دەناسی، کاتێ منداڵ بووە دزی لەباوکی کراوە و کوژراوە و پوری ئەرکی چاودێریکردنی لەئەستۆگرتووە، بەبێ کارێکی مسۆگەر ناتوانێ بژی.

بەوپەڕی سنگ فراوانیەوە وتی: گەورەم دڵخۆشەبم دەستی هاوکاریت بۆدرێژبکەم، هاوڕێکەت دڵنیا بکەرەوە باوکم داوای من فەرامۆش ناکات، لەبەرئەوەی باوکم سێیەم ڕۆژی مانگی داهاتوو دەگەڕێتەوە بادووەم ڕۆژ شەرەفمەندمان بکات بەهاتنی.

جۆرج سوپاسی کردو و ڕۆشت. نامەی بۆلوسیانی هاوڕێی نووسی.

_ ١٧ _

بەم شێوەیە چارەنووس ئەوکەسانەی دوور و نزیک پەیوەندیان بەکارگەکەی بەڕێز لابرۆوە بوو کۆکردەوە.

تەنیا جان فۆرتێیەیان کەم بوو.

جــان بەجلــی خوشــکە قەشــەکانەوە لەزینــدان هەڵهــاتبوو، بەخێرایـــی بەرەو دووکـــان ڕۆشـــت تاجلەکـانی بفرۆشـێت و جلـی ئاسـایی بکڕێـت، لە کــونجێکی دارســتانێکی نزیــك پۆشــاکە نوێیەکــانی لەبەرکـــــردو و بەرەو شــــەمەندەفەری پـــاریس بەڕێکەوت.

جــان کەســێکی گەمــژە و بەهلەوانـــی نەبــوو، دەیزانــــــی ئاشــــــکرابوونی هەڵهــــــاتنەکەی درێژەناکێشــێ و پــۆلیس حەتــمەن دەزانــێ بەرەو پــاریس ڕۆشــــتووە و ئەوکــــات کەلەپـــچە چاوەڕێیەکات.

کاتێـك شــەمەندەفەرەکە گەشــتە یەکێـك لەوێسـتگە نزیکەکـــان دابەزی و ترۆمبیلێکـــی بەرەو پـــاریس بەکرێ گرت.

بەمشــێوەیە تــوانی ڕزگــاری ببێــت، لەژاوەژاوی شارەکەشدا ئارام بوونەوە مەحاڵ بوو.

جــان هەرکەگەشــتە پــاریس کەمێــك چــاوەڕێی کــرد و دواتــر داوای خــواردنی کــرد دیــارە خــواردنی دەرەوە زۆر جیــــاوازترە، دوای تێربـــــوون بەرەو گونــدی شــیفری بەڕێــکەوت، بەرەو مــاڵی قەشــە ڕۆشــت. لەڕێگــادا بیرەوەرییەکــانی بیســت ســاڵی ڕابردووی هاتەوە یاد.

پیــاوانی پــۆلیس پەلکێشــی دەکەن بۆزینــدان.... جـــــۆرج کـــــوڕەکەی ئەســـــــپەدارینەکەی لەباوەشــدایە..... وە کلارێــس خوشــکی قەشـــە هەوڵەدا فرمێســکی منــداڵەکە بســڕێت و ژیــری بکاتەوە.

جــان لەدەرگــای مــاڵی قەشــەی داو داوای دیــدەنی کــرد، کــاتێ تەشــریفی هێنــا پێــی وت: بــاوکە ئافرەتێك لەپاریس داوای لێکردم ئەمەت پێ بڵێم.

_ بڵێ کچم.

_ قەشــەی پێشــوو خوشــکێکی نەبــوو بەنــاوی کلارێس؟

_ بەڵــێ کچــم، بەڵام چەنــد هەفــتەیەك پــێش مردنــی باوکە لۆژێ مرد.

_ ئەم خوشکە منداڵێکی بەخێودەکرد؟

_ خۆیەتی ئەو کوڕەی بۆیان باسکردم.

جان وشك بوو لەجێگەی خۆی.

کـــوڕەکەی! خـــوایە ئەکرێـــت ئەمە دایـــکە نەوێرێت بیڵێت؟

پرســیاری کــردو و وتــی: ئەی نــازانی ئەو غــوڵامە لەکوێیە ئێستا؟

سەری لەقاند و وتی: نا، هەموو ئەوەی ئەیزانم ئەوەیە لەپاریسە و لەکاتی مردنی خاڵی هاتۆتە شیفری و لەگەڵ یەکێک لەهاوڕێیانی باوکە لۆژێ سەفەری کردووە.

_ ناوی ئەو هاوڕێیە پێ دەزانی؟

_ نا.

_ لەوەیە بەڕێوبەری گوندەکە بزانێت؟

_ مەحاڵە، بەڕێوبەری پێشوو مردووە دوای ئەو دووکەس شوێنیان گرتووە.

_ خزمەتکاری قەشە لەکوێیە؟ هیچی لەسەر نازانێ؟

_ ئەویش مرد.

_ خوشکی قەشەلێرە مرد؟

_ بەڵێ.

_ کەوایە گومانی تیانیە ناوی لەتۆمارەکانی کڵێسایە، ئەگەر ئەتوانی لێی بڕوانی و ناوی خوشکە و نازناوەکەیم پێبدەی تەنها ئەوە ئەزانم ناوی کلارێسە. بەم شێوەیە ئەتوانی ناوی کوڕەکەی و نازناوەکەیشیم پێبدەی.

_ ئەی جەنگ خانمەکەم؟ لەبیرتچووە جەنگ سێ لەسەر چواری خانووەکانی گوندەکەی لەناوبردووە و تۆمارەکانی کڵێساش سوتا و هیچی لێنەمایەوە.

نیشانەی خەم وبێچارەی بەڕووخساری جانەوە بەڕوونی بەدی دەکرا وتی: خوایە ئەبێ هەرشتێك نەزانم؟

قەشە لەخەم و گرنگیدانی ئەم ژنە سەری سوڕما و وتی: بۆچی ئەوەندە گرنگە بەلاتەوە؟

پرسیارەکەی تۆقاندی، ترسا پێی بزانێ بەپەلە وتی: لەبری هاوڕێیەکەم هاتووم بۆئێرە باوکە بەڵێنی پێدام ئەگەر زانیاری تەواوەتی بۆبێنم کرێیەکی زۆرم پێدەدا. حەزەکا ناوی کوڕەکەی خوشکە کلارێس بزانێت.

جان بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی دەست بکەوێت قەشەی بەجێ هێشت.

لەبەردەم دەرگای کڵێسا کڕنووشی برد و بەگەرمی وچاوی پڕ لەفرمێسکەوە دەپاڕایەوە و نزای دەکرد: خوایە! ئێستا چی بکەم؟ وەکو ئەوەی لەقەشە گەشتبم کوڕەکەم لەپاریسە. لەگەڵ هاوڕێی باوکە لۆژێ. تۆبڵێی چ ناوێکی هەڵگرتبێت؟

مادام خوشکە کلاریس هەڵی گرتۆتەوە، ئەگەر لەخەڵکی گوند بپرسم لەوەیە بزانن، لەوەشە ڕۆژنامەکان ئێستا هەواڵی هەڵهاتنمیان بڵاوکردبێتەوە ئەگەر ئێستا بپرسم تەنها گومان دروستەکەم لەسەر خۆم و دووبارە قۆڵبەست ئەکرێمەوە.

_ با بەدوای کچەکەمدا بگەڕێم.

بەڕێکەوت و ڕۆژی دواتر گەشتە ئەوگوندەی ئەوبەخێوکەرەی کچەکەی بۆ بەخێودەکرد.

ئەیزانی بەخێوکەرەکە لەوێ نییە چونکە لەزینداندا نامەکەی بۆگەڕابویەوە. هیوادارم ئەهلی گوندەکە شتێك بزانن.

ڕۆشت بۆماڵەکەی، کاتێك تەشریفیان هێنا وشك بوو لەجێگەی خۆی و ئەبڵەق بوو.

ماڵەکە نەمابوون و هیچ ئاسەوارێکیشیان نەمابوو، لەجێگەی ئەوان خێزانێکی دیکە پێشوازیان لێکرد.

جان قسەی لەگەڵ دەرگاوانەکەدەکرد، ئافرەتەکە پێی وت کەوا لەئەهلی گوندەکەیە و بەخێوکەرێکی بەناوی خاتوو فریمی دەناسی و لەساڵەکانی جەنگدا خۆشیو کوڕەکەشی مردوون.

_ پێش بیست ساڵ چاودێری کچێکی لەئەستۆ گرتبوو بەناوی لووسی هیچە زانی لەبارەی منداڵەکەوە چی بەسەر هاتبێت؟

_ لەوکاتەدا من لێرە لە جوانی نەبووم ، بەڵام گومانی تیانیە ڕادەستی پۆلیسی کردووە، چونکە ئەگەر خێزانی منداڵەکە ئامادەنەبن وەریبگرن ڕادەستی پۆلیسی کردووە تا بیبەن بۆ یەکێك لە خانەکانی بۆ سەرپەرشتان. سەردانی پۆلیس بکە زانیاری وەرئەگری.

جارێکی دیکە شەپۆلی خەم و دەردەسەری و بێچارەیی بەسەر جاندا شەپۆلی دەدا.

سەردانی پۆلیس بکات، ئەزانێ کەوا تاکە ڕێگایە تاوەکو بەجگەر گۆشەکەی شادببێتەوە وەتاکە ڕێگاشە کە ئەکرێت بۆهەمیشە لەدەستی بدات، قۆڵبەستی دەکەن و ڕاپێچی زیندانی دەکەن.

هەمان ڕۆژ جان بەوپەڕی شکاوییەوە گوندەکەی بەجێهێشت و ژوورێکی بۆخۆی بەکرێ گرت، ئەترسا ئەوپارەی کەوەك سستەر کۆیکردبۆوە پێی نەمێنێت .

هەرچەنە ڕووخابوو بەڵام بەردەوام بوو تامنداڵەکانی بدۆزێتەوە.

ئەیویست کارێك بكات نەبادا لەپڕ پارەی پێ نەمێنێت و كڵۆڵ ببێت.

لەشوێنەكەی وەدەركەوت، بەدوای شوێنێك دەگەڕا تاخواردنی لێ نۆش بكات، چەند مەترێك ڕۆشت و تابلۆیەكی لەبەردەم دەرگایەكی دووكانێكدا بینی لەسەری نووسرابوو (چاوپێكەوتنی نانەوایان).

_ ١٨ _

لوسی بۆ ئاگالەوەی جۆرج داریە كاری لەكارگەكەی باوكی ماری بۆ لوسیانی دەزگیرانی دۆزیوەتەوە پۆشاكی سەماكردنەكەی بۆهەڵگرت و بەرەو ماڵی جاك جارۆد بەڕێكەوت، لوسیان لەسەر داوای جۆرج داریە ناوی خاوەن كارگەی لە لووسی وهەموو خەڵكیش شاردبۆوە. ئەگەر بەڵێنەكەی جۆرج نەبوایە زۆر لەمێژبوو بەلووسی وتبوو.

كاتێك لووسی تەق تەق لەدەرگای دەدا ماری هرمان بەخۆی دەوت: من زۆر دەوڵەمەندم ئیتر بۆچی هەوڵنەدەم ئەم سەروەتە لە دڵخۆشكردنی خەڵكیدا بەكاربێنم و باری سەرشانیان كەم نەكەمەوە.

ناخی لەبەزەیی و سۆز خۆی دەخواردەوە و هیواداربوو ئەو خەم وخەفەتە هەڵبوەرێت، بەڵام کاتێک کۆکەی لێدەهات دونیا ژێراو ژوور دەبوو لەسەری هیواداربوو جارێکی تر دونیا ببینێتەوە.

وەژوورکەوتنی لوسی بیرکردنەوەکانی بڕی، بەخێرهاتنی کرد. لەکاتی گۆڕینی پۆشەکەکاندا لەگەڵی دەدوا.

زانی کەوا هەتیوە و لەیەکێک لە خانەکانی بۆ سەرپەرشتان گەورەبووە. ماری بەنکۆڵیەوە دەیوت: چۆن؟ لەخانە بەجێت دەهێڵێت و دڵی لێنادات بۆبینینت؟

لوسی بەداخەوە وتی: هیچ دایکێک بەئارەزووی خۆی منداڵەکەی بەجێناهێڵێت،

_ ئەی هەوڵت نەدا لەخانەکە داوای نازناو و زانیارییەکانی ژیانت بکەی؟

_ هەوڵمدا خانمەکەم، بەڵام هیچ داتایەک نادەن بەکەس بۆیە ناوی خێزانەکەم نازانم.

دوای کەمێکی تر ماری وتی: خاتوو ئۆگستین وتی تۆ باشترین کارمەندی ئەویت، بۆچی دووکانێک بۆخۆت ناکەیتەوە؟

_ پێویستی بەسەرمایەیە.

_ تۆ زۆر جوانیت بۆچی هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێك ناكەیت تایارمەتیت بدات و پارەت پێبدات؟

لوسی شەرم دایگرت كاتێ گوێی لەم وشانە بوو، ماری پێكەنی وتی: وابۆم دەرەكەوێ بەڕاستی بیر لە هاوسەرگیری بكەیتەوە ئەگەر وانەبوایە ڕووخسارت سوورهەڵنەدەگەڕا.

_ ڕاستە خانمەكەم، بەڵام دەزگیرانەكەم هەژارە و ناتوانم داوای پارەی لێبكەم، بۆیە ئەبێ دوای هاوسەرگیریش كاربكەم.

_ دڵخۆشەبم كاتێك هاوسەرگیریت كرد تێچووی كەرەستەكانت لەئەستۆ بگرم بەومەرجەی پیاوەكەت ڕووخسەتت بدات جلم بۆ بدووریت.

_ دڵنیام ئەگەر داوای لێبكەم ڕەتی ناكاتەوە خانمەكەم.

_ ئەتوانی بۆ پێنج شەمەی داهاتوو ئەم پۆشاكەم بۆ بدووری؟ لەیەكێك لەئاهەنگەكانی سەماكردن ئامادە دەبم.

_ ناونیشانەكەت لەكوێیە لەوەیە خۆم سەردانت بكەم؟

_ ژمارە نۆ شەقامی بۆربۆرن خانمەكەم.

_ باشـــه، کەواتە ماڵئـــاوا. ڕۆژی پێـــنج شـــەمە چاوەڕوانت دەبم.

کـاتێ مـاری دووبـارە تەنیـا بـوویەوە، خەمەکـانی دەســـتی پێکـــردەوە و بەخـــۆیەوت: ئەم کـــچە بێچـارە، نەبـاوکی دەناسـێت نەدایکـی، لەسـۆزی دایکـی بڕاوە و بـووە بەبێ بەختترین کچـی دونیـا، لەگەڵ ئەوەشـدا بەخـتەوەرە، بـۆچی؟ لەبەرئەوەی لەخۆشەوســــــــتییە لەبەرئەوەی کەســــــــێکی دۆزیـوەتەوە کەخۆشـی ئەوێـت. منـیش هەرچەنە دەوڵەمەنـدم کەچـی هێشـتا کەسـێك نیـیە منـی خۆشـبوێت! خـوایە! بەڕاسـتی ژیـان بەبـێ خۆشەویستی وەکو سزای دۆزەخە.

لەم سـاتەدا کـۆکە بەرۆکـی گـرت، زۆر کـۆکی و دەستەسڕەکەی لەسـەر دەمی نـا ئەبڵەق بوو کـاتێ دەسـتە سـڕەکەی لەسـەر دەمـی لابـرد و پەڵەیەکـی بچـووکی خـوێنی بینـی. بەترسـەوە وتـی: خـوایە! ئەم خـوێنە چیبـوو؟ واهەسـتەکەم سـنگم وائەبێـتە دووپارچەوە.

هەرچۆنێـك بێـت هەسـتا و دەرمانەکـانی خـوارد، دووبـــارە گەڕایەوە بـــۆ شـــوێنەکەی خـــۆی و لەبەردەم ئـــاگردانەکە خـــۆی ڕادەســـتی خەون و خەیاڵەکانی کرد.

خەیـــــاڵی کچێـــــك کە بەدوای خـــــۆزگە و خۆشەویســـتییەوەیە، بـــێ ئاگـــا لەوەی لە لێـــواری گۆڕە.

خـــانەی ((چـــاوپکەوتنی نانەوایـــان)) بەڕاســـتی کۆبـــوونەوەی نانەوایـــان بـــوو، کـــاتێ لەکـــاردەبنەوە دێن لێرە سەروشەراپێك دەخۆن و دەخۆنـەوە.

جـــان دانیشـــت و نـــانی دەخـــوارد، دەنگیـــان ئـەوەنـدە بڵندبوو پێویستی بەوەنەبوو گوێ هەڵخەی.

لەقســـــەکانیان تێگەشـــــت کەوا نانەواخانەکـــــان بەدوای کەســـــانێکن تـــــاوەکو نانەکەیـــــان بۆدابەشبکات.

جـــان وتـــی: بـــۆچی وەکـــو نـــان فـــرۆش کـــارنەکەم؟ لەڕۆژێکـــدا ســـێ فرەنـــک و نیـــو وەچنـــگ خەم، شـــفتی یەکەمـــی ڕۆژ کـــارەکەم و ئەوبـــاقی بەدوای مداڵەکانمدا دەگەڕێم.

بەخێرایـــی بەرەو نانەواکـــان کەباســـی قەیرانـــی فرۆشـــیاریان دەکـــرد ڕۆشـــت و ئاگـــاداری کـــردنەوە کەوا بەدوای کـــاردادەگەڕێ. وتیـــان: دڵنیـــام نـــانەواکە دڵخۆشـــەبێ بەڵام پـــاریس بەباشـــی شارەزای؟

_ ڕاســتت بــوێ، ئەســتەم نــابێ بــۆم زوو شــارەزای ئەوماڵانە ئەبم کەوا نانیان بۆدەبەم.

نانەواکە ناوی لەسەر دەفتەری تێبینیەکەی خۆی نووسی، و داوای لێکرد ڕۆژی دواتر لەهەمان کاتدا سەردانی نانەواخانەکە بکات، بەڵام نەیوت ناوم جان فۆرتێیە، ناوی لیزا بیرین ی بۆخۆی هەڵگرتبوو.

ڕۆژی دواتر بەرەو نانەواخانەکە بەڕێکەوت، دوای دوانێکی کورت خاوەن نانەواخانەکە بەسێ فرەنك و نیوی ڕۆژانە دایمەزراند.

خاوەن نانەواخانەکە وتی: دوو ڕۆژی سەرەتا خزمەتکارەکەم هاوەڵیت ئەکا تائەوەنەی ژمارەی ماڵەکان شارەزائەبی.

ڕۆژی سێیەم جان باوەشێك نانی پێبوو دابەشی ئەکرد بەسەر ماڵەکاندا.

لووسی بەرگدوور یەکێك بوو لەکڕیارەکانی.

کاتێ نان فرۆش لوسی بینی هەرزوو هەست و سۆزی بۆی هەبوو، غافڵ لەوەی ئەمە کچەکەیەتی کە بەدوی وێڵ و سەرگەردانە، بەڵام بەجوانی دەیزانی ئەم کچە شوێنی لەدڵیدا دۆزیوەتەوە.

لووسیش هەمان هەستی بۆی هەبوو.

جان بەئەستەم هەناسەی دەدا، لوسی وتی: ئەگەر سەرکەوتن بەسەر پلیکانەکاندا ماندووت

دەکـــات هەر لەبەردەم دەرگـــا بەدەرگـــاوانەکە بڵـــێ بۆخاتوو لوسییە.

جـــان وشـــك بـــوو کاتێـــك نـــاوەکەی بیســـت، لوســـی! هەمـــان نـــاوی کچەکەیەتـــی! ئەگەر کـــچەکەی ئێســـتا زیـنـدوو بـوایە هەمـان تەمەنـی ئەمـی هەبـوو. چەنـد جوانە!

نـــان فرۆشـــەکە وتـــی: نـــا کچـــم، مانـــدوونیم، هەمـــوو ڕۆژ نـــــانەکەت بـــۆ هەڵـــــدەگرم لەبەردەم دەرگـــــا داینانێم. تۆم خۆشەوێت.

بەڵام نەیـــــوت خۆشـــــی ویســـــتووە و هیـــــوادارە هەمـــوو ڕۆژێـــك بیبینێـــت، لەبەرئەوەی کـــچەکەی بیرەخـــاتەوە کەپـێش بیسـت سـاڵ بینینـی لـێ حەرام کراوە.

جـــان ڕازی و دڵخۆشـــبوو بەکـــارەکەی و هەمـــوو ڕۆژێك نانی بۆ لوسی دەبرد.

هەسـتی بەسـۆزێکی زۆرەکـرد بەرامـبەر لوسـی، لەکـاتی خەیاتیـدا بەچـاوێکی پـڕ خۆشەویسـتی لێـی دەڕوانـــی، ڕۆژێکـــیش بـــوێری ئەوەی نەبـــوو پرسیار لەڕابردووی بکات.

هەنـدێك جـار لوسـیان لابـرۆی دەبینـی لەگەڵـی دەدوا، هـیچ ڕۆژێـك بەخەیاڵیـدا نەهـات ئەم کـوڕە هەمـــــان کـــــوڕی ئەوپیـــــاوەیە کەتۆمەتبـــــارکرا

بەکوشتنی و بەهۆیەوە بیست ساڵی ڕەبەق لەپشت شیشەکانی زیندانەوەبوو.

ڕۆژی دووەمی مانگی داهاتوو جۆرج داریە نامەی بۆلووسیان نارد و داوای چاوپێکەوتنی دەکرد.

کاتێ وەژوورکەوت پێی وت: خاتوو هرمان نامەی بۆناردووم تاوەکو دەی سەرلەبەیانی سەردانی بکەی تا بەباوکی بت ناسێنێت.

_ سوپاست دەکەم هاوڕێ.

منیش هەرچییەك لەسەر تۆ دەمزانی بۆم نووسیوە.

_ نازانم چۆن سوپاست بکەم.

سبەی ڕۆژی دواتر لوسیان ڕۆشت بۆلای دەزگیرانەکەی و وتی: ئێستا ئەڕۆم بۆبیننینی خاوەن کارگەکە، جۆرج داوای لێکردم ناوی نەهێنم تاشوێنی خۆمەگرم، بەڵام هیچ نهێنییەك لەنێوان من و تۆدا نییە. ناوی پۆڵ هرمانە.

لووسی بەپەلە وتی: لەشەقامی مۆرێڵە.

_ خۆیەتی، چۆن ئەیناسی؟

_ ماری کچی دەناسم، ئەم پۆشاکەی لەبەردەمم دایە هی ئەوە، ئازیزەکەم هیوادارم ئەوەی ئەتەوێ بەدەستی بێنی.

لوسیان لەهۆڵی پێشوازی دانیشتبوو لەگەڵ ماری دەدوا.

کاتێک ماری چاوی پێیکەوت لەبەڕێزی و جوانی پیشەکەی سەری سوڕمابوو، وتی: جۆرج داریەی پارێزەر پێشنیاری تۆی کردووە زۆر مەدحی کردووی، بۆیە دڵخۆشەبم لەبارەی تۆوە لەگەڵ باوکم بدوێم.

_ سوپاسگوزاری تۆم خانمەکەم؛ بۆ گرنگی دانت بەداهاتووم. ئەم پۆستەش ڕزگارم دەکات لەوئەزمە دارایيەی کەتێیدام.

_ لێت ناشارمەوە چەندین کەسی دیکەهەن شەڕەکەن لەپێناو بەدەست هێنانی ئەم جێگەیە بەڵام باوکم هێشتا بڕیاری نەداوە، پێم وابێت تکاکەم بەلاوە ناخات، سروشتی منە کەخۆم لەکارەکانی باوکم هەڵنەقوڕتێنم بەڵام ئەمجارە لەبەر ڕێزی بەڕێز دارییە ئەمەوێ بیکەم.

لوسیان دووبارە سوپاسی کرد.

دواتر لەسەر شتی دیکە و بابەتی دیکە دەدوان.

ماری بەدڵێکی فراوانەوە گوێی بۆ هەڵخستبوو، چاوەکانی سەیربوون، وتی: گەورەم ئەمڕۆ بانگم کردی تا بەباوکمت بناسێنم بەڵام نامەیەکم پێگەشت کەوا ڕۆژێك لە بەلجیکا دوادەکەوێ باچاوپێکەوتنەکەمان سبەی بێت.

دواتر پێکەنی وتی: چەند سەیرە گەورەم هەتا ئێستا تەنانەت ناویشت نازانم؟

_ لوسیان.... لوسیان لابرۆ.

زەردەخەنەیەکی بۆکرد و وتی: ئەم ناوە لەبیرناکەم، ئەتوانی بێخەم بیت لەوبارەیەوە.

لوسیان چۆڵی کرد و ماری بەخۆیەوت: لوسیان....! ناوێکی جوانە، بەڵام ئەم هەستە سەیرە چییە بۆم دروست بوو؟ کاتێ لێرەبوو بەووردیوو ئاگاییەوە گوێم بۆ هەڵخستبوو هەر وشەیەکی لەدەم دەردەچوو وام هەستەکرد دڵم لەتاو ترپە بەهێزەکەی لەسینەم دەردەچێت. بەڵێ ئەبێ وا لەباوکم بکەم بەڕێوبردنی کارگەی پێبسپێرێت.

ماری بەبروسکەیەك باوکی ئاگادارکردبۆوە جاك جارۆدیش وایزانیبوو شتێکی خراپ ڕوویداوە دڵی لەحەسرەتا پارچە پارچە دەبوو، جاك وەژوورکەوت ماری زۆر لاواز و زەردهەڵگەڕاو دەرەکەوت.

دڵـی ئەم تاوانبـارە کەسـێ تـاوانی کردبـوو بەبـێ ئەوەی تۆسـقاڵێك هەسـتی بجوڵێـت بەجۆرێـك بـوو وەك ئەوەی لەجـێگەی خـۆی نەبـێ وەك ئەوەی لەجەستەی ئەم نەبێ.

هەمیشـە خـۆی هەڵدەخەڵەتانـدوو دەیـوت: نـا.... دەژی.

ئەمـڕۆ بەڕوونـی ڕاسـتییەکەی بـۆدەرکەوت، زانـی مەرگ لە ئـامێزی نزیـك بـۆتەوە و دەیەوێـت کـچە تاقانەکەی لەباوەش بگرێت.

بەرەو سـنگی ڕایکێشـاو هەناسـەیەکی پـڕ لەخەمی هەڵکێشاو، وتی: کچەکەم چۆنیت؟

_ باشم... باشتریش بووم.

دووبارە بەقوڵی و پیسی دەکۆکی.... درۆیەکرد.

بـاوکە بێچـارەکەی خەریکبـوو شـێتەبوو، ئـازار چەشـتنەکەی ئەونـدە زۆربـوو نەیەتـوانی بەرگەبگرێت.

_ ١٩ _

سبەی ڕۆژی دواتر جاك لەنوسینگەکەی دانە بەدانە ئەو نامانەی دەخوێندەوە کەبۆی هاتبوو.

مۆری ئەمریکایی بەسەر یەکێك لەنامەکانەوە بوو، بەپەلە هەڵی پچڕاند تاوەکو بزانێت لەئۆڤیدەوەیە.

لەنامەکەدا ئۆڤید نوسیبووی کەوا قەرزی قومار سەری لەقوڕناوە و ناچاربووە لە کۆتایدا کارگەکە بفرۆشێت.

ئۆڤید درێژەی بەنامەکەی دابوو نوسبووی ((ئازیزەکەم کوڕەخاڵ لەمدووایەدا هەستەکەم ناتوانم لەتۆدووربم وزەی ئەوەم نییە لەتۆدووربم بۆیە بارگەم پێچاوەتەوە و بەرەو فەڕەنسادێم تالێت نزیك بم)).

کاتێ جاك ئەمەی خوێندەوە توڕەبوو، و لەبەردەم خۆیەوە دەیبۆڵاند و دەیوت: نەفرەتی لێبێت، ئەم نەگبەتی هیچ و پووچە دەرگای هەزاران دۆلاری بەرەو ڕووی کارگە داخست و ئێستاش بەتەمایە بەرەو ئێرە بێت، پێم وابوو نەجاتم بوو لێی چوزانم ئیسراحەتی لێناکەم ئەگەڕێتەوە تاداوای زیاتربکات.

کەمێکی مابوو بۆکاتژمێر دە خزمەتکارەکە وەژوورکەوت و بە ماری وت: ئەوغولامەی دوێنێ هاتبوو ئێستا لەبەردەم دەرگایە.

هەرکە ماری ئەمەی بیست ترپەی دڵی خێراتر و خێراتر دەبوو... ڕووخساری سووربۆوە و لەدڵی خۆیدا دەیوت: ئەمە چییە؟ تۆبڵێی خۆشەویستی بێت لەدڵمدا لێدەدا؟

فەرمانی بەخزمەتکارەکەی کرد تاوەکو وەژووری نێ.

کاتێ لوسیان وەژوورکەوت پێی وت: لەبارەی تۆوە لەگەڵ باوکم قسەم نەکردووە، بەڵام ئەزانم تائێستا کەسی دانەمەزراندووە، تکایە کەمێک چاوەڕێ بکە تاوەکو بانگت دەکەم.

چاوەڕوانی درێژەناکێشێت، پێویستی بەقایل کردنی باوکی نەبوو، تکای ڕەتناکاتەوە، گومانیشی تێدانییە جۆرجی پارێزەر بەباشی پیایدا هەڵیداوە.

پاش کەمێک لوسیان لەحزووری جاک جارۆد دابوو ئەو نامەی پێدا کە جۆرج نوسیبووی.

جاک لێی پرسی: تەمەنت چەندە؟

_ بیست وحەوت ساڵ گەورەم.

_ لەکوێ لەدایك بوویت.

_ لەئاڵفۆرتفیێڵ.

کاتێك جاك ئەم ناوەی بیست وای هەستدەکرد خوێنی لەجەستەیدا وشك بووە..... ئاڵفۆرتفیێڵ؟ ئەوشارەی کارگەکەی بەڕێز لابرۆی لێبوو ئەوشارەی سێ تاوانەکەی لێکردبوو.

_ دایك وباوکت لەژیاندان؟

_ مردوون گەورەم.

_ باوکت ئیشی چیبوو؟

_ ئەندازیاری میکانیکی بوو، لەئاڵفۆرتفیێڵ کارگەی هەبوو.

جاك ڕەنگی پەڕی، ئاڕەقەی دەکردەوە، وتی: باوکت ناوی چییە؟

_ جۆڵ لابرۆ.

جاك بەکاردانەوەوە وبێ خەوشییەوە وتی: لابرۆ لا لا لا لابرۆ.

لوسیان شڵەژانەکەی جاکی بینی و وتی: گەورەم باوکمت دەناسی؟

_ یەکێــــك بـــوو لە خۆشەویســـترین هاوڕێکـــانم، هەر لەبەرئەوەشـــە پێشـــوەختە ئەوەنـــدە شـــڵەژام، کاتێ لەئەمریکا بووم هەواڵەکەیم بیست.

_ کەواتە تۆئەزانی چۆن مردووە گەورەم.

_ بەڵێ لەکاتی ئاگرەکە دەرگاوانەکە کوشتی.

_ دادوەر وایـــوت بەڵام مـــن پـــێم وایە بێتـــاوانە گەورەم.

جـاك وشـك بـوو. وتـی: بەڵام بەڵگەکـان چییەڵێیـت لەسەری؟

_ ڕێکخسـتنی بـاردوودۆخی بـوو، پـورم وتـی ئەبـێ بکـوژەکە پیـاوێکی باڵادەسـتی ژێـر دەسـتی بـاوکم بێت.

_ ئەوپیاوە کێیە؟

_ چـــاودێری کـــارگەکە، بـــاوکم نهێنـــێ داهێنـــانە نـــوێیەکەی پـــێ وتبـــوو ئەوەی کەئەیویســـــت بەرهەمـی بهێنێـت بـۆیە لەپێناویـدا سـووتاندویەتی و کوشتویەتی ناوی جاك جارۆدە.

هەرکە ئەمەی بیسـت جـاك جـارۆد خەریکبـوو دڵـی لەجەسـتەی دەربچێـت بەهەزارحـاڵ خـۆی گرتبـوو تائاشـکرانەبێت وتـی: بەڵام وەکـو ئەوەی بیسـتبێتم ئەوپیـاوە بەشـەرەفەوە مـردووە، لەکـاتی ئـاگرەکە

ویستویەتی پارەکانی باوکت لەئاگرەکە بپارێزێت و ڕزگاریان بکات.

_ فێڵە قوربان، بێگومان خۆی هەڵداوەتە ناوئاگرەکەوە و دواتر بۆ ئەوەی کەس بیبینێت بۆی دەرچووە.

_ هیچ شتێکت لەبەردەستە تاوابڵێیت.

_ نا، بەداخەوە.

_ کەوایە ئەمە هەمووی بۆچونە و وەهەمە و هیچ بنەڕەتێکی نییە، مادام حوکم دەرچووە دیارە ڕاستیەکەیە.

_ نا، گەورەم دڵنیام ڕاستییەکە هێشتا ئاشکرانەبووە، ڕەزیلی ناکەم لەهەوڵەکانم تاوەکو تۆمەتبارەکە پاکنەکەمەوە لەوتاوانە.

توێڵی جاك ئارەقەی دەردایەوە و وتی: ئێستا چ سوودێکی هەیە ماوەیەکی زۆری بەسەرا ڕۆشتووە و ناتوانرێت بکوژە ڕاستەقینەکە ئاشکرابکرێت.

_ تۆڵەی خۆمەکەمەوە، دڵنیام ئێستا ئەوپیاوە لەسایەی باوکم حەساوەتەوە و دەوڵەمەندبووە، ئەگەر بیگرم و ئاشکرای بکەم داهاتووی لەناوەچێت ئەوکاتە ئەوە گەورەترین تۆڵەی منە.

کەمێک بێدەنگی ژوورەکەی داگیرکردبوو، جاک لەهەمان کاتدا ترساو و شڵەژاو بوو. بەخۆیەوت: خوایە، دوای ئەم چەند ساڵە ئەبێ کوڕی ئەوپیاوەی کوشتوومە ببینمەوە و گوێم لێبێت سوورە لەسەر تۆڵەکردنەوەی باوکی.

دواتر ڕوویکردە کوڕەکە و وتی: باشە، لەبەر ڕێزی باوکت ئەتکەم بە بەڕێوبەری کارگەکەم، هێشتا کارگەکە دوستنکراوە، حەزەکەم لەلام ئیش بکەی تاکارگەکە دروستەکرێت مووچەکەشت هەزار فرەنکی مانگانە دەبێت.

لوسیان سوپاسی کرد و وتی: ئێستا ئەڕۆم نانی نیوەڕۆ بخۆم، دواتر یەکسەر ئەگەڕێمەوە تاوەکو وێنەکانت بۆ ڕوونبکەمەوە.

_ با نانی نیوەڕۆ پێکەوە بخۆین، تکایە بڕۆ لە هۆڵی پێشوازی ماری ئاگاداربکەرەوە تاوەکو کورسییەکی دیکە بۆ سەرمێزی خواردن زیادبکات.

کاتێ جاکی جێهێشت جاک بە خۆیەوت: ئەی هاوار، ئەگەر ئاشکرابم تەنها من لەناونابات بەڵکو کچەخۆشەویستەکەشم ئەکوژێ! مەحاڵە ڕێگە بدەم شتی وابکات، لەلای خۆم نشینی بکەم ئاسانتر ئەتوانم چاودێری جوڵەکانی بکەم، ئەگەر بزانم شتێکی گوماناوی دەکات یەکسەر

چۆن باوكیم كوشت ئاواخۆشی ئەكوژم. مەحاڵە بهێڵم ئاشكرام بكات كچەكەم ئەمرێت بزانێت.

لوسیان ڕۆشت بۆ هۆڵی پێشوازی و بەماری وت: خانمەكەم ئەبێت سوپاست بكەم باوكت وەكو بەڕێوبەری كارگە دایمەزراندم.

كاتێك گوێیەكانی ماری ئەو وشانەی بیست ماری تێكچوو و خۆی بەكورسییەكەوە گرت، لوسیان هەستی بەتێكچوونەكەی كرد و وتی: چیتە خانمەكەم؟

_ هیچ، خۆشییەكە زۆر كاری لێكردم.

لوسیان دووبارە سوپاسگوزاری خۆی دەربری و دەستەكانی ماچكرد و وتی: مەحاڵە ئەم چاكەیەتم بیربچێت خانمەكەم.

بەهۆی ماچەكەوە سەرتاپای گیانی كەوتە لەرزە و لەدڵی خۆیدا وتی: خوایە....... زۆر زۆرم خۆشەوێیت.

لوسیان ئاگاداری كردەوە كەوا بۆ نانی نیوەڕۆ دەمێنێتەوە تاوەكو كورسییەكی دیكە بۆ مێزی نانخوارنەكە زیادبكات.

ماری ڕۆشت بۆلای باوكی تاسوپاسی بكات كەوا تكاكەی بەهەند وەرگرتووە، جاك چاوەكانی ماری بینی دەدرەوشایەوە؛ لەدڵی

خۆیــــدا وتـــــی: تــــۆبڵێی کــــچەکەم لوســــیانی خۆشویســتبێت!؟ خــوایە!! ئەگەر وابێــت کەلێنێکــی گەورەیە کچـــی بکـــوژ کـــوڕی کـــوژراوی خۆشەوێت.

خــوایە! ئەکرێــت......؟ خــوایە بەزەیــت بــڕژێنە بەسەرماندا.

جــان فــۆرتێیە لەتــاو ئەو هەســتە دایکــانەی بــۆ لوسی هەیبوو هیواداربوو زیاتر وزیاتر بیبینت.

قوماشێکی هەڵگرت و داوای لێکرد بۆیبدورێ.

کــاتێ دانیشــتبوون پرســیاری لەڕابــردووی کــرد و وتـــــی: مــــاوەیەکی زۆرە کـــاری بەرگــــدووری دەکەی؟

_ حەوت ساڵە.

_ لەکوێ فێربوویت.

_ لەو خانەی بێسەرپەرشتانە کە تیایدابووم.

جــان بیــری کــردوە کەوا کــچەکەی ئەویــش لەوێ گەورەبــووە و هەمـــان نـــاوی کــچەکەی ئەمیشــی هەیە. پێی وت: کەوایە لەوێ گەورەبویت؟

_ بەڵێ، دایکم و باوکم نەناسیوە.

_ کەی بووە؟

_ پێش بیست ویەك ساڵ.

_ ئەی ئەوکات تەمەنت چەندبوو؟

_ ساڵێك و چەند مانگێك.

_ کێ تۆی بردبوو بۆ ئەوێ؟ خێزانەکەت؟

_ نازانم.

_ ئەی ئەو نـــاوەی کەهەڵـــت گرتـــووە.. کـــێ لێـــی ناوی؟

_ ئەوەش نـــازانم، کـــارگێڕی خـــانەکە بەوریـــاییەوە نهێنیەکە دەپارێزن.

لەوســـــاتەدا لەدەرگـــــا دراو لوســـــی وتـــــی: ئەوە دەزگیـــرانەکەمە لوســـیان گەڕایەوە. ئەمـــڕۆ ڕۆشـــت بـــۆ چـــاوپێکەوتنی یەکێـــك لە گەورە پیـــاوانی بـــواری کـــار بەڵێنـــی پێـــدابوو کـــارێکی گونجـــاوی بـــۆ بـــدۆزێتەوە.ئەگەر وابـــڕوات ئەتـــوانین تاســـاڵێکی دیکە هاوسەرگیری بکەین.

لوسیان بۆیگێڕایەوە کەچی بوو.

_ بەڕاســـتی مانگـــانە هەزار فرەنـــك وەرەگریـــت؟ سەروەتێکە بۆخۆی.

لوسیان پێکەنی و وتی: یان بەلایەنی کەمەوە سەرەتای سەروەتێك، نیەتمە کارگەکەی باوکم لەئالفۆرتفێڵ نوێ بکەمەوە.

جان وشك بوو کاتێك گوێی لەم وشانەبوو وتی: باوکت کارگەی هەبوو لە ئالفۆرتفێڵ؟

بەئەرێنی سەری لەقاند.

_ ناوی چیبوو؟

_ جۆڵ لابرۆ، پێش بیست و یەك ساڵ ئاگریان لەکارگەی بەردابوو و هەرلەوێشدا کوژرا.

جان لەپڕ هەستی کرد جڵەوی خۆی لەدەستداوە و وابەرەبێتەوە سەرزەوییەکە، ئێستا هەڵهاتووی زیندانە، و لەپڕ خۆی لەبەردەم کوڕی کوژراوێکدا دەبینێتەوە کە تۆمەتبارکراوە لەسەری .

کاتێ لوسیان بینی جان بەگرنگییەوە لەبابەتەکەی باوکی دەڕوانێ وتی: خانمەکەم تۆئەم ڕووداوەت بیستووە، ئەوکات هەواڵی گەرمی ڕۆژنامەکان بووە. دەرگاوانی کارگەکەی تۆمەتبارکرابوو.

بەڵام من پێم وایە ئەو بێتاوانە و بکوژەکە ئەو پیاوەیە کە وتویەتی باوکم لەئاکامی ئاگرەکەوە مردووە.

هەرچی لەپوری بیستبوو ئەوەی پوری بڕوای پێیبوو باسی کرد و وتیشی کەوا جاك بکوژەکەیە و چیرۆکی مردنەکەشی هیچ نییە جگە لەهەڵخەڵەتاندنێك.

ئەم قسان زۆر کاریان لەجان کرد، دڵخۆشبوو کەوا کوڕی بکوژ وابیرەکاتەوە، ناخی دەلەرزی، دەیویست بڵێ: گەورەم ئەوەتا ئەمە تاوانبارە بێتاوانەکەیە.

پرسی: بەڵام ئەتەوێ چی لەبکوژەکە بکەی کاتێ دەیگری؟

_ جانی بێچارە ڕزگاردەکەم، یەکێك لەهاوڕێکانم لەگەورە پارێزەرانە بەڵێنی پێدام لێکۆڵینەوەی لەسەربکات.

بۆدووەم جار دەیویست خۆی ئاشکرابکات.

بەڵام خۆی کپ کرد و وتی: بیستم دوومنداڵی هەیە ئاخۆ چییان لێ بەسەرهاتبێت؟

_ نازانم.

ڕەنگی زەردبوو: خوایە، ئەبێت ئاوابێت لەهەرکەس ئەپرسم ئەڵێت نازانم..... نازانم.

لوسیان ڕووی لەدەزگیرانەکەی کرد و وتی: ئەم کارە نوێیەم لەبینینت مەحرەمم ئەکات ئەزیزەکەم جگە لەڕۆژانی یەکشەمە.

_ بۆچی؟

_ لەبەرئەوەی بەڕێز پۆڵ کوچێکی لەکۆشکەکەی خۆیدا بۆکردومەتەوە تاوەکو بەئاسانی هەرکات ویستی پەیوەندیم پێوەبکات.

_ کێشەنیە مادام کارەکەت وائەخوازێت.

_ بەخاوەن ماڵەکە ئەڵێم لە سبەینێوە چۆڵی کەم.

جان خۆی هەڵدایە قسەکانی و وتی: کرێکەی چەندە گەورەم؟

_ سەت وپەنجا فرەنکی مانگانە.

_ کەواتە من دێم شوێنەکەی تۆ بەکری دەگرم.

لوسی: زۆر دڵخۆشەبم بەوەی دووری لوسیانم لەبیردەبەیتەوە.

ڕۆژی دواتر جان لەو ژوورەی کەچەند هەنگاوێك لەژووری کچەکەی دوورە نشین بوو بەبێ ئەوەی بزانێت کچەکەیەتی کەوا کون و کەلەبەری پاریس بەدوایدا دەگەڕێ.

_٢٠_

هەمان ڕۆژ لوسیان لەماڵەکەی جاك جێگیربوو و خەریکی کاروباری خۆیبوو. ماریش ناوبەناو دەهات و پرسیاری لێدەکرد.

لەم چەند ڕۆژەی دوایدا ماری بەشێوەیەکی بەرچاو تەندروستی باش ببوو جاکیش بێ ئاگا نەبوو لەهۆکاری چاکبونەوەکەی.دڵنیابوو کچەکەی لوسیانی خۆشەوێت، چارەنووس بەمەترسییەوە کاری خۆیدەکات دڵی کچی بکوژ و کوڕی کوژراو بەیەکەوە گرێدەدات.

لوسیانیش ووردە ووردە دەیزانی کە ماری خۆشیەوێت بەهۆیەوە خەمباربوو. بەشێوەیەکی شێتانە لوسی خۆشەویست لەهەمان کاتدا هەستێکی بەسۆزانەی هەبوو لەهەمبەر ماری، دانپێدانانێکی جوان کەوا شایەنی ئەوەنییە دڵی بشکێندرێت.

تەنها نەفەسێکی ماوە تاوەکو بگات بە خەونەکەی، بە هەزار حاڵ هەلێکی وای بۆ ڕەخسا تاوەکو ماری ببینێت و ببێتە مایەی ڕزگاربوونی لەسەر شەقامەکان.

لوسیان ڕۆژانە دەڕۆشت بۆ کارگە و ماریش هەرجارەو بەهۆیەکی جیاواز دەڕۆشت بۆلای و بەدەگمەن دەڕۆشتەوە بۆ ماڵ باوکی.

ڕۆژێك لەلایەن جۆرج دارێیەوە نامەیەکی بانگهێشتی بۆ نانی نیوەڕۆ پێگەشت.

کاتێك یەکیان بینی جۆرج وتی: بانگم کردی تاڵەهەواڵی جان فۆرتێیەی بکوژی باوکت ئاگادارت بکەمەوە.

_ چی بەسەرهاتووە.... مردووە؟

_ نا، بەڵام هەڵهاتووە لەگرتووخانە.

_ هەڵهاتووە.!؟

جۆرج لەسەرەتاوە هەمووی بۆگێڕایەوە هەر لەدەرچوونی حوکمەکەی و چۆن کاتێ ئاگری خەستەخانەکەی بینیوە و چاکبۆتەوە و چۆنیەتی هەڵهاتنی پاش بیست و یەك ساڵ هەمووی بۆگێڕایەوە.

لوسیان وتی: نەیانگرتووە؟

_ نا، بەڵام وەسفەیەکەیم بەهەموو پیاوانی پۆلیس بڵاوکردۆتەوە.

_ بێچارە ئافرەت، پێش چەند ڕۆژێك بیستم لەخانمە بەڕێزەکان بووە.

_لەکێ بیستت؟

_ لەنـــان فرۆشـــێك کەســـەردانی لوســـی دەکـــات، ناوی لیزا بیرینە، وتیشی کچ وکوڕێکی هەیە.

دوای ئەوەی تەواوبـــوون لوســـیان بەڕێـــکەوت تـــا لوســـی دەزگیرانـــی ببینێـــت، کـــاتێ وەژووركەوت نـــان فرۆشـــەکەش لەوێ بـــوو هەســـتا بـــڕوات،بەڵام لوســـیان هەســـتی بەســـۆز کـــرد بەرامـــبەری و داینیشـــاند وتـــی: بەڵـــکـــو لەگەڵمـــان بمێـــنەرەوە بە ئـــاواتەوەم دوای هاوسەرگیریشـــمان لەمـــاڵەکەی خۆماندا ژوورێکت بۆدابین بکەم.

لوســـی: لەنـــاخی دڵەوە هیـــوای ئەوەدەخـــوازم، تـــاقەرەبووی ئەو دایکـــمە بـــکەمەوە کەباوەشـــیم لەدەستدا.

لوســـیان: جـــان فـــۆرتێیەی بێتاوانـــت بیـــرە پـــێش چەند ڕۆژێك لەسەری دوای؟

هەرچـــی جـــۆرج بۆیگێڕابـــویەوە بـــۆ ئەمانیشـــی گێـــڕایەوە شـــێتێکەی و چـــاکبونەوەکەی و هەڵاتنەکەشی.

_ بەڵام نـــاتوانێ جـــارێ لەپـــۆلیس هەڵبـــێ، هەمـــوو کەلەبەرێکـــی پـــاریس بەدوایـــدا دەگەڕێـــین گومـــانی تیـــانیە بەدوای منداڵەکانیـــدا دەگەڕێـــت هەنـــدێك پیـــاو دانراوە بۆی.

جان ڕەنگی پەڕی وهەوڵیدەدا ڕووخسارە پەڕیوەکەی بشارێتەوە.

سەحەری هەمان ڕۆژ ماری لەسەر جێگەی بیر ئاڵۆز و خەماوییدا ڕاکشابوو. لەبەر خۆیەوە دەیوت: من زۆر دەوڵەمەندم، باوکم لەگەورە دەوڵەمەندەکانە لەگەڵ ئەوەشدا لوسیان هیچ ڕای لەمن نییە و هیچ گرنگی بەخۆشەویستی من نادات نهێنی چیبێت خوایە؟

لووت بەرزی و خەم دڵی تەنیبوو.

بەخۆیەوت: ببینە، تۆبڵێی بەهۆی پلەی کۆمەڵایەتیمانەوە بێت و بوێری ئەوەی نەبێت بیڵێت تەنها لەبەرئەوەی ئەو هەژارە و من زەنگینم.

نا......نا......بۆ هیچ پێچوو پەنایەك منی خۆشەوێت بەڵام بەهۆی پلەکەیەوە هەستی خۆیم لەگەڵا ناگۆڕێتەوە.

ئەوەندەی پێنەچوو بەخۆی وت: نا...... خۆشی ناوێم..... ئەی هاوار ئەگەر منی خۆشنەوێت کۆتاییەکەم مردنە.

لەم بیرکردنەوانەدا بوو باوکی خۆی وەژوورکرد و وتی: چیتە ئەمڕۆ هەر لەژوورەکەت بوویت.... نەخۆشی کچم؟

پێکەنی و وتی: نا باوکە.... بەڵام بیرەکەمەوە.

_ لەچی؟

کەمێك بێدەنگ بوو دواتر وتی: باوکە، باپرسیارێکت لێبکەم.

_ بڵێ کچم.

ئەمڕۆ بووم بە نۆزدە ساڵ، هیچ بیرت لەوەکردۆتەوە هاوسەگیری بکەم؟

ماچێکی باوکانەی توێڵی کرد و وتی: حەزناکەی چیتر لەپەنام دابیت کچم؟ نازانی بوونی تۆ بوێرم دەکا لەهەمبەر کارەکانمدا و وام لێدەکا بووەستم؟

_ بوونم لای تۆ و هاوسەرگیری مەحاڵە کۆببێتەوە؟ ئەگەر یەکێك گوێی لێبێت ئەڵێ ڕقت لەوەیە لەجلی بوکێنی بمبینی.

پێکەنی و وتی: لێت ناشارمەوە کچم چەندین جار بەبیرمداهاتووە. و هەموو جارێکیش هەستم کردووە بێچارەترین کەسم.

_ وەمن باوکە، نابینی کەچەند چارەڕەشم؟ لەوەیە پێت وابێت پارە بنەڕەتی خۆشبەختییە؟ بەڵام من ئەمەوێ بە خۆشەویستی خۆشبەخت بم باوکە.

_ جــاچ بەڕێزێــك تۆنەبینێــت و نەكەوێــتە داوی خۆشەویستی تۆوە؟

_ بــاوكە لەخۆشەویســتیدا پێویســت ناكــات خۆشەویســت كەســێكی ڕێزداربێــت ئەگەر كرێكـارێكی بچوكیشـم خۆشـبوێت بەخـتەوەر ئەبـم باوكە.

دڵـی بـاوكی داخورپـا دركـی پێكـرد قسـەی كـچەكەی بەرەو كوێ ئەڕوات.

چیتر ترسی نەما زانی لوسیان لابرۆیە.

بێدەنگییەكی درێژ لەنێوانیاندا دروست بوو.

دواتــر بــاوكەكە وتــی: ئەمــڕۆ ئەڕۆم بــۆ نوسنیگەكەی جۆرج دارییە دەمێكە نەمبینیوە.

ڕووخســاری مــاری دەدرەوشــایەوە وتــی: منــیش لەگەڵت دێم باوكە.

ســەیرنییە دەیزانــی قســەی نێــوان دووپیــاو بەدڵنیــاییەوە لەســەر لوســیان ئەبێــت، زۆر پێــی خۆشـبوو خەڵكـی قسـەیان لەسـەربكردایە، دوای نیـو كـاتژمێر جـاك جـارۆد و كـچەكەی لەمیـوانی جـۆرج بــوون هەروەك مــاری پێشــبینی كــرد بەهاوبەشــی ئــاتیین كاســتڵ لەســەر لوســیان دەدوان.

ماری: لوسیان خێزانی هەیە؟

_ نـــا، تاوانێـــك ڕوویـــداوە و بـــاوكی بـــووە بەقوربانی.

_ تـاوان! هیچـی پێـنەوتم لەسـەری. تكـایە بـۆم بگێڕنەوە.

سـەركەوتنەكانی باوكیـان بـۆگێڕایەوە و هەروەهـا بۆشـــیان گێـــڕایەوە كە مردنێكـــی سروشـــتی نەمردووە و لەكاتی ئاگركەوتنەوەكە كوژراوە.

وە چـۆن جـان كوشـتویەتی.لەگەڵ ئەوەشـدا چـۆن لوسیان بڕوای بە بێتاوانی ئەم ژنە هەیە.

_ بەڵام چـــۆن خۆجـــان فـــۆرتێیە لەســـەری سەپێنراوە؟

_ پێـــی وایە دادوەر هەڵەی كـــردووە، پێـــداگربوو لەســـەر ئەوەی لەزینـــدان چـــاوی پێـــی بـــكەوێ تاڕاســـتی مەســـەلەكەی بـــۆ باســـبكات. بەڵام مەحاڵە.

_ بۆمەحاڵە؟ مردووە؟

_ نا، هەڵهاتووە.

جـــاك ڕەنگـــی پەڕی و بەشـــپرزەییەوە وتـــی: هەڵهاتووە؟

_ بەڵــێ، بەڵام زوو فۆڵبەســت ئەکرێــت پیــاوانی پۆلیس کون و کەلەبەری بەدوادا دەگەڕێن.

مـــاری: بەڵام لووســـــیان بـــــۆچی بەدوای بکـــوژەکەوەیە مـــاوەیەکی زۆر تێپەڕیـــوە و ئەستەمە؟

_ بەوتەی خــۆی ئەیەوێــت ئاشــکرای بکــات و ئـــابڕووی ببـــات لە نێودۆســـت و هاوڕێکـــانی، بێگومـان بەهـۆی بـاوکی لوسیانەوە ئێسـتا یەکـێکە لەهەرە دەوڵەمەندەکان.

_ لەڕاسـتیدا تـۆڵەیەکی خـراپە بکـوژەکەش ڕوونە ئێســـتا خێزانێکـــی هەیە کەخۆشـــی دەوێـــت، بەڵام تۆڵەیەکی دادپەروەرانەشە.

هیوادرم لوسیان بکوژی باوکی ببینێتەوە.

جـــاك بەم قســـانە هەســـتی دەکـــرد نـــووکی خەنجەرێکیان لەقوڕگی ناوە.

لەگەڵ هەروشـــەیەکی زبـــر وڕەق کە لەقـــوڕگی کـــچەکەی دەردەچـــوو دڵـــی بـــاوکی دەیـــان جـــار ڕادەچەڵەکی.

دوای بێـدەنگییەکی کـورت جـۆرج وتــی: لوســیان بەم داهـــاتەی ئێســـتای هەوڵەدات کـــارگەکەی باوکی لەئاڵفۆرتفێڵ نوێ بکاتەوە.

ماری: هیوایەکی گرانە، دیارە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێی کردووە، بێجگە لەوەی باوکم بیەوێت چاوەڕێکەی زیاتر نەکێشێت.

باوکی ڕووی وەرگێڕا بەرەو لای کچەکەی و وتی: چۆن لەسەر من،وەستاوە؟

_ چەند ڕۆژێك پێشتر ئاگادارکرامەوە دەتەوێت کارگەیەکی نوێ بکەیتەوە، ئاخۆ لوسیان ئەتوانێت بەڕێوەی ببات؟

_ بێگومان ڕایدەسپێرم.

ماری بەساردییەوە وتی: کەوایە بیکە بەهاوبەشی خۆت.

ئەم قسانە جۆرج و ئاتیینی سەرسامکردبوو، باوکی ویستی ڕەتی بکاتەوە بەڵام نەیهێشت و وتی: بۆچی ناڕازیی باوکە؟

تۆپارەکەی دەدەیت و لوسیانیش کار و بەڕێوبردنی خۆیت پێشکەش دەکات. دوای ئەوەش تۆ پێویستت بەپشووە.

لوسیانیش وەکو ئەوەی لەتۆوە بیستبێتم جێگەی متمانەیە.

_ زۆریش جێگەی متمانەیە کچم، بەڵام پڕۆژەیەکی مەترسیدارە و مرۆڤ بێ

بیرکردنەوەیەکی چاك هەروا نایبەخشی سەرەتا ئەبێ ڕازیبم لەسەر ئەوەی واوتت.

کاتێ باوك و کچ هەستان و ویستیان بڕۆن ماری بەئاتیینی وت: گەورەم دڵخۆشەبم بەبینیت و دڵخۆشەبم کۆشکەکەی باوکم بەتابلۆ نەمرەکانتەوە بڕازێنیتەوە ئەتوانی هەندێکی خۆت و تابلۆی کەسانی دیکەش کەخۆت هەڵبژێری بۆم بنێریت؟

_ بەدڵنیاییەوە خانمەکەم، سوپاسگوزارم بۆئەو شەرەف و متمانە.

کاتێ چۆڵیان کرد، ئاتیین و پارێزەرەکە ڕوویان لەیەك کرد و جۆرج وتی: چیت بۆ دەرکەوت لەم سەردانە؟

_ خۆشەویستی ماری بۆ لوسیان.

_ پێکات، گومانیشم نییە هاوسەرگیری لەگەڵا بکات.

_ هاوڕانیم لەگەڵت، ئاگات لێنەبوو باوکی ئەم قسانەی پێ خۆشنەبوو؟

_بەڵام خۆشی ئەوێت و داوای ڕەتناکاتەوە.

_ ئەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر پێم وایە ڕازی نابێت لەسەر ئەوبیرۆکەیە، ئەیبینین.

لەم ساتەدا گالیسەکەی جاك و کچەکەی ڕێگاکانیان دەبڕی و هەریەکەیان لەخەیاڵ و بیرکردنەوەیەکابوون بەبێ ئەوەی یەك وشەش بدرکێنن.

ماری بیری لەوبیرکردنەوە بوێرانە دەکردەوە کەوا پێشنیازی کردبوو بۆ باوکی، وەچۆن داوای لەباوکی کردووە کە لوسیان بکات بەهاوبەشی خۆی بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی ئاتیین و جۆرج چۆن بیرەکەنەوە لەسەری.

جاکیش بیری لەوەدەکردەوە کەوا چۆن جان هەڵهاتووە و هاتووە بۆپاریس تاوەکو بەدوای منداڵەکانیدا بگەڕێت.

بەخۆیەوت: هیوادارم تا تاڵێك پرچ بەسەرمەوە مابێت جان دەستی پێم نەگات، بەڵام نا، پۆلیس ئەبێ دەستی پێبگات پێش ئەوەی دەستی بەمن بگات وکچەکەم بکوژێت.

نامەکەی ئۆڤیدیشی هاتەوە یاد کە هەواڵی پێداوە دێت بۆ پاریس. خوایە! ئەم هەموو کەلەبەرانە چین یەك لەدوای یەك بەرەوڕووم دێن ئەبێ دووکەس هەبن لەپاریس نهێنیەکەم بزانن؟ بەڵام لەئۆڤید ناترسم ئەتوانم دەمی داخەم بەپارە .... بەڵام جان!

توێڵی ئارەقەی دەکردەوە.

بەشی دووەم

پاكبونەوە

_١_

سەحەرەكەی ئۆڤید گەشتە پاریس، ڕاستەوخۆ بەبێ یەك و دوو بەرەو كۆشكەكەی كوڕە خاڵە ئازیزەكەی بەڕێكەوت پێیان وت: ڕۆشتووە بۆ كارگەكەی، هەرلەوێشەوە ڕاستەوخۆ بەرەو كارگە بەڕێكەوت.

ئۆڤید لەدەرگای نوسینگەكەی داو وەژوورکەوت، جاك چاوی بڕیبووە ناوچاوانی و ڕەنگ بەڕوویەوە نەمابوو. بەپەشۆكاوییەوە وتی: ئەمەتۆی؟

_ بەڵێ، بەڵام بۆچی بەوساردییەوە وەڵامم دەدەیتەوە؟ هاتنم بێزاری كردووی كوڕە خاڵە ئازیزەكەم؟

جاك خۆی كۆكردەوە و تەوقەی لەگەڵ ئۆڤید كرد و فەرمووی دانیشتنی لێكرد دواتر لێی پرسی: بۆهاتی بۆسەردانم؟

_ تاكارێكم بۆ بدۆزیتەوە لەكارگەكەت؟

تووڕەبـــوو هـــاواری کـــرد: نەفرەتـــت لێبێـــت، ئەوکـــارگە چـــاکەی لەنیویـــۆرك دەســـت بەرداری بوم بۆت ئاوا بەڕێوەی ئەبەی؟

_ قومـارە.... قومـار.... ژیـانی وێرانکـردم، کـاری بەڕێوبردنیشـــی وێرانکـــردم. ئەو مێـــزە ســـەوزە جـــگە لەچەنـــد دۆلارێـــك هەرچـــی پـــارەم هەبـــوو هەڵـی لووشـی، لێتەپـاڕێمەوە بمـکە بەبەڕێـوبەری کارگەکەت.

_ ئەوەیان مەحاڵە.....

_ بۆ....؟

_ بەڕێـوبەری ئێسـتای کـارگە کـوڕی ئەو پیـاوەیە کەکوشـتوومە، کـوڕی جـۆڵ لابـرۆ، ئەگەر کۆتـان بـــکەمەوە بەیەکەوە لەوێ لەوانەیە شـــتێك لەو زمـــانە نەفـــرەتییەت دەربچێـــت و قـــوڕبکەیتە سەرمان.

_ وریائەبم.

_ هەرچیـیـەك بێـت نـاتوانم کارێکـت لەکـارگە بۆبـــدۆزمەوە، کـــارگەیەکی گەورە و پەنجـــا هەزاردۆلاریشـــم بـــۆ بەجێهێشـــتی لەبەر ڕەفتـــارە نابەجێیەکانـــت و بـــێ ئەقڵـــی خـــۆت هەموویـــت تاوانـــدەوە ئیتـــر نـــاکرێ مـــن بـــکەی بەبەرپرســـی قەرەبووکردنەوەی.

بەدەنگێکی لەسەرخۆ و ئارام ئۆڤید وتی: مانای وایە بەجێم دەهێڵی؟

_ بێگومان! تۆ بەسەرخۆتت هێنا.

_ وەتۆش بەسەرخۆتی ئەهێنی.

جاك وەکو دڕندەیەکی لێهات و وتی: وائەزانی گرنگی بەهەڕەشەکانت ئەدەم؟ ئەزانم بیر لەچی دەکەیتەوە، بەخۆتەڵێی: ئەگەر بەڵێنی پارەکەی لێوەرگرم لەهەمبەر ئەوەی ئاشکرای نەکەم ئەوکات ناچارە دەمم بە پارە دابخات.... نا برادەر بەهەڵەدا چوویت ئەگەر ئاشکرام بکەی یەك فرەنکیش چییە بەچاو نایبینی.

_ چۆن؟

_ ئەگەر بۆم دەرکەوتایە تۆ زۆر سووری لەسەر ئەوەی ئاشکرام بکەی گولەیەکم ئەنابەخۆمەوە و ئەوکات هەرچی سەروەتم هەیە بۆکچەکەم ئەبوو و تۆش یەك ڤروشت بەرنەکەوت، باشترە بۆت کەنهێنییەکە بپارێزی، لەبەرئەوەی ئەوەی لەکاتی زیندوێتیمدا بەدەستی دێنی دوای مردنم بە چاونایبینی.

بێدەنگی...

ئۆڤید زانی کەوا جاك مەبەستییەتی لەوەی دەیڵێ و خەفەت وایلێکا خۆی بکوژێ و هیچ سوودێك

لەمردنەکەی نابینیٚ، وتی: چۆن دڵت دێت بەجێم بهێڵی؟

_ وازت لێناهێنم، لەهەمبەر ئەوەی چاوم بەچاوت نەکەویٚ پارەت دەدەمیٚ هەموو مانگێك هەزار فرەنکت بۆدەنێرم.

_ هەزار فرەنك؟ خۆکەمە.

_ ئەگەر واز لەقومار بێنی بەسیشتە. دواتریش ناتوانم لەوەزیاترت پێبدەم ئێستا یەکەم مووچەت لەگەڵ پێنج هەزار فرەنك دەدەمیٚ تاخۆت بگری.

لەم قسانەدابوون خزمەتکارەکە وەژووکەوت تاهەواڵی پێبدا لوسیان لابرۆ هاتوە بۆدیدەنی.

ئۆڤید هەستا تاوەکو بڕوات کاتیٚ ڕۆشت بەتێر و تەسەلییەوە لە لوسیانی ڕووانی و بەخۆی وت: کەواتە بکوژ و کوڕی بکوژ یەکیان بینی؟ چەند سەیرە چارەنووس.

جاکیش لەولاوە بەخۆیەوت: لەوبەختە! ئاخۆ چارەنووس پشتی تێکردووم؟ ڕەشەبا هەڵیکردووە؟ جان فۆرتییە لە گرتووخانە هەڵهاتووە و ئۆڤید بەوشێوەیەیە و لوسیان بەدوامەوەیە تائاشکرام بکات!

خوایە چ شەرمەزارییەکە، ڕزگارم نابیٚ تاهەرسێکەیان نەکوژم.... بەڵام چۆن؟

جاك بیری لەوەدەكردەوە چۆن ڕێگایەك بدۆزێتەوە تەختیان بكات... لەپڕ بەبێ ویست شانەكانی هەڵتەكاند و وتی: جاترسی بۆچییە؟ چ ئاژاوەیەك ڕوودەدات هەتا ئەوكاتەی دەمی ئۆڤید بەپارە داخەم. لوسیانیش نوقمی دەكەم لە هاوكاری جانیش بەبێ هیچ ئەملا و لایەك چارەنووسی هەر كوچی زیندانە، نا نا هیچ شتێك نییە تاوەكو لێی بترسم لەسەریان.

لەودەمەدا ماری ڕۆژ بەڕۆژ تادەهات خراپتردەبوو یەكەم شنەبای خۆشەویستی لێیدەدا، ڕەتكردنەوە و وەلانانی لوسیانیش زیاتر بەرەو لەناوبردنی دەبرد.

باوكی بەتەواوی دركی پێكردبوو خۆزگەی ئەخواست دەرمانی لای پزیشكەكان بێت بەڵام چ چارەیەك؟ چ دەوایەك شیفایەتی؟

وەكو ڕۆژانی دیكە ماری لەشوێنەكەی خۆی بەدینەكرد، جاك ڕۆشت تاوەكو چاوی بەكچەكەی بكەوێت بەڵام چی بینی ڕەنگێكی زەردهەڵگەڕاو و پەڕیو، وتی: چیتە كچەكەم؟ نەخۆشی؟

ماری كۆكەیەكی پیسی لێهاتبوو، باوكی پێیوت: ئازارت هەیە ماری؟

_ پڕ لەئازار باوكە.

چاوی باوکی پڕببوو لەدڵۆپی فرمێسک و حەسرەت، وتی: کوێت ئازاری هەیە کچەکەم؟

_ ئێرە باوکە.....ئێرە.....دڵم.

جاك ئازاری دەچەشت و خەم پارچە پارچەی دەکرد: دڵت؟ هەتا ئەمڕۆ شتێکی وام لێنەبیستویت.

_ چونکە ماوەیەکە.

_ لوسیان لابرۆت خۆشەوێت؟

بەئەرێنی سەری لەقاند و وتی: خۆشەویستییەکەی لەخوێنمدایە باوکە، مەحاڵە لەبیری بکەم.

توڕەبوو و بەرپەرچی دایەوە و وتی: بەڵام خۆشەویستیەکی شیتانەیە.

ماری پڕ قوڕگی ببوو لەگریان و خۆی نەگرت فرمێسك بەڕیز لەچاوانی دەهاتنەخوار، پچڕ پچڕ وتی: هیچ هێزێك نییە ئەم خۆشەویستییە لەدڵم دەربێنێ. بۆرقت لەوەیە لەگەڵ لوسیان هاوسەرگیری بکەم؟ ئەگەر مەبەستت هەژارییە ئێمەش سەردەمانێك هەژاربووین چ پێویستی بەپارەیە ئەوەندەی بەسبێت ئێمە هەمانە؟ جارێ چیبووە داهاتوویەکی پڕشنگداری لەپێشە.

دوای ئەوەش باوکە خۆشەویستی کاڵا نییە بخرێتەڕوو. بیکە بەهاوبەشی خۆت و باهاوسەرگیری بکەین پیکەوە بەخۆشی پێکەوە من وتۆ و لوسیان پیکەوە دەژین.

جاك بێدەنگ بوو.

ماری: باوکە ئەزانم تۆ منت خۆشەوێت بەڵام ئەگەر ناتەوێ مەرگم ببینی باهاوسەرگیری لەگەڵ لوسیان بکەم.

_ بمری؟

_ بەڵێ، نابینی نەخۆشی تەواوی جەستەمی گرتووە؟ خۆشەویستییەکەی زیاتر و زیاتر ئەبێ چاکنابم تاهاوسەرگیری لەگەڵ نەکەم.

جاك بەدەنگێکی سەرسامییەوە وتی: هەرچییەکت ئەوێ کچەکەم داوای بکە بەڵام داوای ئەوەم لێمەکە مەحاڵە ببێتە مێردت.

بەپێداگرییەوە وتی: بەڵام کەسی دیکە جێگەی ناگرێتەوە.

لەپڕ ڕەنگی زەردهەڵگەڕا و وتی: دڵم........ هەستەکەم دەخنکێم..

سەری لەکورسییەکەی گیرکرد و بەقوڵی دەکۆکی باوکی هەستایە سەرپێ وایزانی تەواو

مـردووه تەواو كۆتـايی كچەكەيەتـی. دەسـتی گـرت و وتـــی: مـــاری خۆشەويســـتەكەم مـــاری..... قسـەيەك بـكە..... هەرچييەكـت ئەوێ ڕازيـم و ڕێـگەت پێـدەدەم لەگەڵ لوسـيان هاوسـەرگيری بـكەی سـوێندت بـۆ دەخـۆم ...... بەڵام قسـەيەك بكە ئازيزەكەم..

بەڵام نەقسەی دەكرد نە وەڵام هيچ...

لەزەنگـــوڵەكەی دەدا و هـــاواری تەواوی كۆشـكەكەی تەنيبـوو: خـوايە كوشـتم هـاوار خوايە....

يەكێك لەخزمەتكارەكـان بەتەنـگ زەنـگەكە هـاتوو زانـی خـانمەكەی لەهـۆش خـۆی چـووه دەمووچـاوی بەبـۆن تەڕكـرد مـاری جـوڵا .... ڕوومەتەكانی دەستيان بەجووڵە كرد.

_ كەوايە لەهۆش خۆی چووبوو.

هەڵيگرت و لەسەر جێگەكەی نا.

بـاوكی چـاوی كەوتەسـەر لێوەكـانی و دڵۆپێـك خـوێنی لەسـەر لێوەكـانی بينـی، كـچە تاقـانەكەی خـوێن هەڵـدێنێتەوە ئەم دڕنـدەيە هيچـی بـۆ نەمايەوە و هيچی بۆنەدەكرا جگە لەگريان.

چـاوی پڕببـوو لەفرمێسـك وەكـو منـداڵ دەگريـا بەژوورەكەدا دەهات و دەچوو.

لەســـەرخۆ مـــاری چاوەکـــانی کـــردەوە و چـــاوی دەگێـــڕا بەژوورەکەدا و بەهەزار حـــاڵ پیـــاو گـــوێی لەوشـــەیەکی دەبـــوو، بەدەنگێکـــی کـــزەوە دەیـــوت: لوسیان...... لوسیان....

بـــاوکی بەدەنگێکـــی خنکـــاوەوە وتـــی: دڵنیـــایە کچـــم ئەژی تاخۆشـــت بوێـــت، و ئامـــاددەئەبی تابچیـــت بۆلای.

ژیـــان بەبەر مـــاری هـــاتەوە و وتـــی: ڕازی ئەبـــی هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم؟

_ بەڵـــێ،کچەکەم.... ســـوێندت بـــۆ دەخـــۆم لەسەری، بەڵام لەبەر من و ئەویش بژی.

پێکەنـــی و بەئاگـــاییەوە وتـــی: ئەژیـــم و بەختەوەرئەبم.

جـــاك کـــچەکەی زۆر خۆشەویســـت بـــێ یەك و دوو مردنـــی کـــچەکەی ئەویشـــی لەنـــاوئەبرد، هـــیچ گومـــانێکی نەبـــوو لەوەی ئەبـــوایە هاوســـەرگیری ماری و لوسیان ئەنجام بدرێت.

بەخـــۆیەوت: کـــێ نـــاڵێ هاوســـەرگیرییەکە نـــابێتە قەڵغانێـــك بـــۆم لەهەمـــبەر تـــۆڵەی لوســـیان مـــاقول نییە پیاو خەزووری ئاشکرابکات.

بانگی لووسیان ی کرد و پێی وت: کوڕەکەم ئەمەوێت لەسەر بابەتێکی مەترسیدار قسەت لەگەڵ بکەم.

شڵەژابوو نەیەزانی چۆن قسەبکات. کەمێک بێدەنگ بوو دواتر وتی: جۆرج داریە پێی وتم کەوا ئەتەوێ کارگەکەی باوکت لە ئاڵفۆرتفێڵ نۆژەن بکەیتەوە.

_ ڕاستە گەورەم، چەندین ساڵە لەمێشکمە.

_ کەواتە ئەوە بزانە ئومێدەکەت خەریکە دێتەدی، ئەبمە پاڵپشتت لەبەدیهێنانی.

_ بەڕاستیتە گەورەم؟

_ بەڵێ، ئەمەوێ کارگەیەکی نوێ بکەمەوە، دروستکردنیشی شاری ئاڵفۆرتفێڵم هەڵبژاردووە، لەهەمان زەویەکەی باوکیشت دەیکەم.

_ بمبوورە گەورەم... من نامەوێ ئەو زەویە بفرۆشم.

_ وتم بیفرۆشە؟

لوسیان سەری سوڕمابوو وتی: مەبەستتت چییە گەورەم؟

_ مەبەستم ئەوەیە کەوا ئەتکەم بە هاوبەشی خۆم، من پارەت دەدەمێ و تۆش بەڕێوبردنی بگرە ئەستۆ زۆر پێویستیم بەدەستێکی پاکە وەکو تۆ ساڵەکان منیان بردووە و پێویستیم بەپشووە.

بێدەنگی..

لوسیان بڕوای بە گوێیەکانی خۆینەدەکرد، ئەمە چۆن....؟

پۆڵ هرمان وەك هاوبەشی خۆی وەریدەگرێت؟ بۆچی؟

لوسیان: گەورەم من هێشتا شتێکی وام نەکردووە تاشایەنی ئەو پاداشتەبم.

جاك لەسەرخۆ وتی: بەڕێز لابرۆ ئەزانی چۆن دەرگای سەروەت و سامانم بۆکرایەوە، وە چۆن نایۆمی مۆرتیمۆر هاوبەشی پێکردم لەکاتێکدا کرێکارێکی سادەبووم.

_ بێگومان بەهەوڵ و تێکۆشانی خۆت.

_ شتێکی سروشتییە، بەڵام هەنگاوە گەورەکە ئەو کاتەبوو کاتێك مۆرتیمۆر منی کرد بەزاوای خۆی و کردمی بەهاوبەش.

بـۆچی مۆرتیمـۆر وەکـو قـدوەیەك وەرنەگـرم؟ ئەتـکەم بەهاوبەشـی خـۆم و کاتێـك هاوسـەرگیری لەگەڵ کـچەکەم دەکەی نیـوەی سەروەتەکەشـم بـۆ کچەکەم بەجێدەهێڵم.

لوسـیان تـورك بـوو، وتـی: مەبەسـتت ئەوەیە هاوسەرگیری لەگەڵ ماری بکەم؟

_ بەڵـێ، چ کەسـێك ڕەتـی دەکـاتەوە؟ کـچەکەم تۆی خۆشەوێت و تۆی هەڵبژاردووە.

بێدەنگی...

_ گەورەم، ئەم چـاکەیەی بەرامـبەرم دەینـوێنی بەجـۆرێکە نـاتوانم سوپاسـت بـکەم. بەڵام داوای لێبـووردن ئەکەم ئەبـێ ئەم پێشـنیازەت ڕەتبکەمەوە.

جـاك سـەری سـووڕما بـوو وتـی: چییەڵـێ؟ ڕەتیەکەیـتەوە هاوسـەرگیری لەگەڵ کـچەکەم بکەی؟ هۆکار چییە؟

_ لەبەرئەوەی گەورەم مـن پیـاوێکی خـاوەن کەرامەتم و ناتوانم لەژێر پێیەکانمدا دایبنێم.

جـاك بەپەلە وەڵامـی دایەوە و وتـی: ئەمەتـۆچییەڵێ؟ دیـارە بەهەڵە لەمـن تێگەشـتی.... وائەزانـی بەپـارە چاوت کـوێرەکەم؟ مەگەر مـن پێم

نەوتــــی مــــاری تــــۆی خۆشـــــەوێت و تــــۆی هەڵبژاردووە؟

_ تێگەشـــتم لەوە گەورەم، بەڵام هێشـــتا ســـوورم لەسەر وەڵامەکەی خۆم.

_ ئاخر بۆچی؟

_ کچـــێکم خۆشـــــەوێت و ســـوێندم خـــواردووە هاوســـەرگیری لەگەڵا بـــکەم، مەحاڵیشــــە بەهـــیچ شێوەیەك پاشگەزببمەوە.

_ ئەوکچەی واخۆشتەوێ... پارەدارە؟

_ پارەی نییە.

_ پێـــت وایە خۆشەویســـــتی هەتــــا هەتــــایە؟ هاوســــەرگیری لەگەڵ کـــچەکەم بـــکە هەرکـــات خۆشەویستی نەمێنێت پارە دەمێنێت.

_ خۆشەویستیم هەڵناوەرێ گەورەم.

_ وە مــــاری، نــــازانی ڕەتکـــــردنەوەی تــــۆ ئەیکوژێت؟

_ ئەتوانێ لەبیرم بکات.

_ ئەی ئەوســــەروەتەی بــــۆتم هەڵڕژانـــــدووە، هەروا بەئاسانی شەق لەداهاتووت دەدەی.

_ بمبوورە گەورەم دڵم کاڵانییە بیفرۆشم.

دواتر لەبەردەم جاك نەوییەوە و ڕۆشت.

جاك بەتەنیا مابوویەوە لەژوورەکەی و وەکو شێت هاواری دەکرد: کچەکەمی خۆشناوێت! کچێکی هەژار کاری لێکردووە.

ئەمە نابێ، ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵا بکات ماری نامێنێت مەحاڵە ڕێگە بەهیچ کەسێك بدەم کچەکەم بکوژێت.... مەحاڵە.

_ ٢ _

هەمان ڕۆژ دوانیوەڕۆ ماری ڕۆشت بۆلای بەرگدوورەکەی؛ خاتوو ئۆگستین، لوسیش لەوێ بوو پێی وت: تۆ لەکوێی لوسی؟ لەدوای جلی سەماکردنەکەوە نەماویت حەزم بەهاوڕێیەتی وانییە.

لوسی سوپاسی بەخشندەییەکەی کرد...... ماری: لەنیەتمە سەردانت بکەم، لەشەقامی بۆربۆرنی ژمارە نۆ وایە؟

_ خۆیەتی خانمەکەم، سەردانکردنت شانازییە بۆم خانمەکەم.

مـــاری دووکـــــاتژمێر زیـــاتر مــــایەوە لەگەڵ بەرگــــدوورەکەی و پۆشـــاکێکی زۆریشـــــی پێشنیازکرد تاوەکو بۆی ئامادەبکەن.

دواتـــر گەڕایەوە تـــاوەکو بزانێـــت بـــاوکی هەواڵـــی چی پێیە بۆی.

ئێـــوارە کـــاتێ گەڕایەوە مـــاچی کـــرد و باوەشـــی پێداکرد: لەبەیانی باشتر دێیتە بەرچاوم کچەکەم.

_ خەوتـــن زۆر ســـوودی بـــوو بـــۆم، بەڵام پـــێم بڵـــێ هیچ هەواڵێکت پێیە؟ قسەت لەگەڵ لوسیان کرد؟

_ کـــردم کچـــم، ئەتـــوانم بڵـــێم ژیـــان هەمیشـــە بـــۆت ڕانەخـــــراوە وەك ئەوەی هەمیشـــــە خەیــــاڵی بۆدەکەی.

_ بێگومـــــان پێـــــت نەوت کەوا مـــــن ئەوم خۆشەوێت!

_ کـــچەکەم تـــۆ داب و نەریتـــت بیرچـــووە؟ وتـــم ئەگەر هاوســـەرگیریت لەگەڵا بکـــات دوودڵ نـــابم لەوەی ڕازی بم .

_ وەڵامی چی بوو؟

_ بـــڕوای نەدەکـــرد، وتـــی ئەو ســـەروەت و ســـامانە و پـــایە کـــۆمەڵایەتییەی لەنێوانمانـــدایە کـــارەکە مەحاڵ دەکات.

_ قسەکانتان لەکوێ تەواو بوو؟

_ لەکۆتایدا مەرجێکی بوو.

_ چ مەرجێك؟

_ پیاوێکی بەڕێزە و ڕەتی دەکاتەوە دەستی هاوکاری بۆدرێژبکەم بۆیە داوای کرد کاتی پێبدەم تاخۆی کۆکاتەوە.

_ ئەم کارە بەڕێزانەی واملێکات بەرزی بنرخێنم، بەڵام تۆبڵێی وەك چۆن من ئەوم خۆشەوێت ئەویش ئاوا منی خۆشبوێت؟

_ جا کێ هەیە تۆی خۆشنەوێت؟

ماری لەباوکی ڕوانی و وتی: باوکە! گاڵتەم پێدەکەی؟ تەنانەت وەڵامی پرسیارەکەشم نەبوو.

باوکی بەجۆرێك لەجۆرەکان تێك چوو، وتی: بەڕاستی وەڵامی نەدامەوە، بەڵام خۆشەویستیم لەچاوەکانیدا بینی.

دڵی ماری داخورپا و وتی: ئەندێشە ناکەی؟

_ مەحاڵە! چاوی مرۆڤ خۆشەویستییە.

ماری کەمێك بێدەنگ بوو دواتر وتی: زۆرە کێشێ؟

_ نازانم، بەزۆری چەند مانگێك.

_ لەم ماوەیەدا.... ئەکرێت ئەوەی لەنێوان من و لوسیان ڕوودەدات وەکو دوو دەزگیران لەقەڵەم بدرێت؟

_ لێت تێکچووە نازانی ئەو زۆر بەئابڕووە؟

_ ئەی ئەکرێ ببێتە ڕێگر لەخۆشەویستیم بۆئەو؟

_ بەهەرحاڵ سەردانی ماڵ ئەکات.

ماری تۆنی دەنگی لەخۆشیدا نووست: باوکە تکایە ئەتوانی دەزگیرانداریمان ڕابگەیەنی؟

_ واکەم کچەکەم.

دانیشتن و نانی ئێوارەیان پێکەوە خوارد.

ماری بەدرێژایی شەو ڕووخساری لەخۆشی و خۆشەویستیدا دەدرەوشایەوە، باوکیشی هەرجار لێی ئەڕوانی بەخۆیەوت: بەهەر ڕێگایەك بێت ئەبێت هاوسەرگیری لەگەڵ لوسیاندا بکات، ئەگەر وانەبێ لەخەفەتا ئەمرێت.

بەیانی ڕۆژی دواتر جاك بانگی لوسیانی بەڕێوبەری کارگەکەی کرد و پێی وت کەوا ڕێکەوتنێکی گرنگ لەشاری بلگارد دەکرێت و ئەبێ یەکێکیان بڕۆن: هۆکارم هەیە وام لێدەکات نەڕۆم ئەتوانی لەبری من بڕۆی؟

_ بەوپەڕی ئاســـــــــــوودەییەوە گەورەم، ئەتەوێ کەی گەشت بکەم؟

_ ســبەی، پێـنج هەزار فرەنکیشـــت بــۆ تێچــووی گەشـتەکە پێـدەدەم. لەوێـش تکـایە هەمـوو ڕۆژێـك نـــامەم بـــۆبنێرە ســـەبارەت بەگرێبەســـتەکە تـــا ئاگاداربم.

کـــاتێ جـــاك تەنیـــا بـــوویەوە بەخـــۆی دەوت: بەلایەنـــی کەمەوە گەشـــتەکە دووهەفـــتەیە، لەم مـــاوەیەدا چـــارەی خۆشەویســـتەکەی لوســـیان دەکەم.

ئەگەر لەمـــاری دووریبخـــاتەوە دوودڵ نـــابم لەکوشتنی.

قـابیلی فەرامۆشـکردن نیـیە یـان ژیـانی کـچەکەم یـــان ئەوکـــچە چ باوکێـــك ڕازی ئەبـــێ ژیـــانی کچەکەی بکاتە قوربانی؟!

ئۆڤیــد ئەبێــتە ئەنجامــدەری ئەم تــاوانە خــۆ ئەو لەپێناو پارە هەموو شتێك ئەکات.

دوای ئەوەش لەکوشـــتنی ئەو کـــچەوە وەك چـــۆن مـــن کەوتـــومەتە چنگـــی ئـــاواش ئەو دەکەوێـــتە چنگی من.

بەدڵخۆشـــییەوە دەســـتەکانی لەیەك نـــاو وەك چـــۆن خۆی گەرمبکاتەوە دەستەکانی دەجوڵاند.

هەرکە ئێوارە داهات جاك ناردی بەشوێن ئۆڤید و پێی وت کەوا بەنیازی چییە.

لەبارەی خۆشەویستی کچەکەی بۆ لوسیان لابرۆ قسەی بۆدەکرد، وە ڕەتکردنەوەی لوسیان لەپێناو کچە هەژارێك و چۆن لەپێناو دەسبەرداربوونی لەوکچە نیوەی سەروەتەکەی بۆ ڕاخستووە.

وتی: پیاوێکم لەم دنیا بێجگە لەکچەکەم هیچی ترم خۆشناوێت، لەپێناویشیدا هەمووشتێك ئەکەمە قوربانی ناتوانم دەستەوەستان بوەستم و ببینم چۆن هەڵدەوەرێ.

_ ئەبێ چیبکەین؟

_ ئەمەوێ کچەکەم هاوسەرگیری لەگەڵ لوسیاندا بکات.

_ بەڵام کچێکی دیکەی خۆشەوێت.

جارۆد بەشێوەیەکی دڕندانە وتی: کەواتە ئەبێ بیکوژین و لەناوی بەرین.

_ ئەتەوێ من کارەکە بکەم؟

_ بێگومان... پارەت دەدەمێ.

_ کچەکە ناوی چییە؟ ناونیشانەکەشی؟

_ ئەمەیـــان نـــازانم، ئەبـــێ خـــۆت چـــارەی بـــکەی لوســـیانم نـــاردووە بـــۆ بلگـــارد بـــۆ جێبەجێکردنـــی ڕێکەوتنێـــــک بەلایەنـــــی کەمەوە دووهەفـــــتەی پێـــدەچێت. ســـبەی یـــان دووســـبەی دەڕوات و دیاریشـــە کەوا ئەمشـــەو یـــان ســـبەی دەڕوات بۆدیـــدەنی دەزگیـــرانەکەی تامالْئـــاوایی لێبکـــات. ئەگەر هەنگاوەکانیـــت هەبـــێ ئەتـــوانی کـــچەکەش بدۆزیتەوە.

ناونیشانەکەی لوسیانی پێدا.

ئۆڤید بەپێکەنینەوە وتی: ئەتوانی لەلەنـاوبردنی پشـتم پـێ ببەسـتی. لەبیـری نەکەی کرێیەکـی زۆرم دەوێت.

_ خەمت نەبێ.

ئۆڤید ڕۆشت.

مـــاری هرمـــان لەبەختەوەرتـــین کچەکـــانی ســـەرزەمین بـــوو تەواوی شـــەوەکە بیـــری لەهاوســـەرگیری خـــۆی و لوســـیان دەکـــردەوە ســـەرەڕای نەخۆشـــییەکەی کەبەرۆکـــی گرتـــووە ژیان بەڕووخسارییەوە دەرەکەوت.

بەڵام هەرکە زانـــی لوسـیان بۆبلگـــارد گەشـــتەکات و بـــۆدوو ســـێ هەفـــتە نـــایەتەوە ڕەنگـــی گـــۆڕا و زەدی لێنیشت.

بەڵام باوکی بارودۆخەکەی قۆستەوە بەوتنی: بۆیەناردوومە بۆ بلگارد تاهاوبەشی من بێت. ئەبێ بەتەنها بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت.

لەودەمەی نێوان گفتوگۆی کچ وباوك ئۆڤید لەهەمان کات و لەشوێنێکی دیکە بەجلوبەرگێکی تەواو جیاواز کەناسینەوەی ئەستەم بوو لەبەردەم دەرگای ماڵی لوسیان وەستابوو.

دوای کاتژمێرێك لوسیان وەدەرکەوت و ئۆڤیدیش وەدوی کەوت و لەبەردەم خۆیەوە دەیوت: تۆبڵێی ئەم کچە کێبێت کەلوسیان خۆشیەوێت؟

لوسیان بەرەو ئەوخانەی لوسی نشین بوو لێی وەڕێکەوت و سەرکەوت بەسەرەوە و ئۆڤیدیش لەنزیکەوە چاودێری دەکردن.

لوسی بەوپەڕی دڵخۆشییەوە پێشوازی لێکرد و وتی: درەنگ کەوتی لوسیان خەریکبوو بمرم لەبرسا.

_ سەرەتا ئەبێ هەواڵێکی گرنگت پێبدەم هەرچەنە ئەزانم خەمباریش دەبی.

نیگەرانبوو وتی: چ هەواڵێك؟

_ ئەڕۆم بۆبلگارد.

پێکەنی و وتی: لەهەمان کاتدا خۆشیشە و ناخۆشیشە، ناخۆشە کەلێم دوورەکەویتەوە و خۆشیشە کەبویت بەجێگەی متمانەی بەڕێز پۆڵ هرمان. لەبەرئەوە ئەم ماوەیە ئارامم ئەبێ و هیچ گلەییەم نابێ.

پێکەنی، وتی: بەڵام من گلەییم هەیە.

_ لەمن؟

_ بەڵکو لەکارەکەم و لەنیتمە زۆر زوو لەخزمەتی بەڕێز پۆڵ هرمان نەمێنم.

لوسی سەرسام بوو وتی: بەڵام بۆ؟

_ هۆکارێکی مەترسیدارە دواتر پێتدەڵێم.

_ ئەی ئێستا بۆنا؟

_ لەبەرئەوەی ئەمەوێ لەبارەی شتی دیکەوە قسەت لەگەڵ بکەم.

دواتر بەخێرایی ڕێچکەی قسەکانی گۆڕی و وتی: هیوادار‌بووم خاتوو لیزا لێرەبوایە.

_ زۆر بەداخەوە، خاوەن نانەواخانەکە لەسەرجێگەیە و ئەویش ناچارە بەدیارییەوەبێت.

دوو عاشـــقەكە لەم قسـ‍ـــانەدابوون لەدەرگـــادراو دەرگـــاوانی خـــانەكە وەژووركەوت و لوســـی ئاگـــاداركردەوە كەوا خاتوونێـــك لەبەردەم دەرگـــا چاوەڕوانیەتی.

لوســی بەخێرایــی ڕۆشــتە خــوارەوە و ئەوخــاتونەی هاتبوو بۆسەردانی ماری هرمان بوو.

ســڵاویان لەیەكــدی كــرد و مــاری وتــی: لوســی ئەڕۆم لەدارســـتانی بۆلۆنیـــا پیاســـەیەك دەكەم هاوەڵیم دەكەی؟ بەتەنهام.

_ ڕەتــم نەدەكــردەوە بەڵام میــوانێكم هەیە نــاتوانم بەجێی بهێڵم.

_ ئەوەندە ئازیزەلات؟

لوســـی پێكەنـــی وتـــی: نهێنیـــیە، ئەگەر ئەتەوێ بزانـــــی وەرە ســـــەرەوە لەگەڵـــــم دڵنیـــــام سەرسامەبیت.

ئەم وشانە مارییان فزوڵی كرد.

لەگالیســـــــەكەكەی دابەزی و بەپلیكانەكانـــــــدا ســـەركەوت، ژوورەكەی لوســـی لە نهـــۆمی نـــۆیەم بـــوو پلیكانەكـــانیش زۆر بەرز ســـــەركەوتن بەســـەریاندا مانـــدووی كـــرد بەڵام ئـــارام بـــوو و بەرگەی گـــرت لەكۆتایـــدا گەشـــتە ژوورەكەی لوسی.

لوسی پاڵی بەدەرگاکەوە ناو وتی: فەرموو خانمەکەم وەرە ژوورەوە.

ماری چاوی کەوتە سەرلوسیان.... چۆن لوسیان ئەوی دەبینی ئەویش ئەوی دەبینی.... هەردووکیان بەسەرسامییەوە هاواریان لێ بەرزبوویەوە، ماری دەستی لەسەر دڵی ناو سەرسامی دای گرتبوو.

لوسی: بێگومان تۆدەیناسی خانمەکەم؟

ماری وەڵامی نەدایەوە، وەکو کەڕو لاڵ وابوو ئاوڕی دایەوە بەرەو ڕووی لوسیان و وتی: گەورەم پێشبینیم نەدەکرد لێرە بتبینم!

لوسیان وشك و بێدەنگ ببوو وەڵامی نەدەدایەوە، لوسی: ئێمە هاوڕێین خانمەکەم، ڕاهاتبوو هەموو یەکشەمەیەك سەردانم بکات.

_ دەمێکە دەیناسی؟

_ دوو ساڵە، لەم ماڵەدا نیشتەجێ بوو هاوڕێیەتیەکەمان گۆڕا بۆخۆشەویستی و ئێستا دەزگیرانمە بەمزووانەش هاوسەرگیری دەکەین.

لوسیان هەروەستا بوو، دەیزانی هەر وشەیەك کەلەدەمی لوسی دەردەچێت وەکو خنجەرێك وایە بۆ دڵی ماری. بەڵام چی لەدەست دێت. ئەتوانێ چیبکات تابارودۆخەکە بگۆڕێت؟

لوسی خۆشەوێت نەك ماری... ناشتوانێ فێڵ لەکچێك بکات یان وەکو کاڵایەك دڵی خۆی پێبدات.

لوسی سەرسامبوو کاتێك تێکچوون و زەردی بەڕووخساری مارییەوە بینی، بەوپەڕی سۆزەوە وتی: چیتە خانمەکەم؟ سەرکەوتن بەسەر پلیکانەکاندا ماندووی کردی؟ فەرموو دانیشە.

_ هیچم نییە، مادام ناتوانی هاوەڵیم بکەی دەڕۆم.

دواتر ڕووی وەرگێڕا بەرەو لوسیان و وتی: لوسی پێی وتم لەگەڵیدا سەرکەوم و وتی شتێکی سەرسامکەر دەبینم، بڕوام کرد گەورەم، بەڵام دڵنیام باوکم زیاتر سەرسامتر ئەبێت.

پشتی لێکرد و بەرەو ڕووی دەرگاکە بەڕێکەوت.

لوسی سەرسامبوو بەوەی بینی، لەبارەی تێکچوونی ماری لەخۆیەپرسی و بەنائاسایی دەیبینی.

لوسیان خەمبار و بێتاقەت بوو دەیزانی بەم بارودۆخە کچەکەی ڕەوانەی گۆڕ کردووە.

لوسی: ماری چی بەسەهات والەناکاو گۆڕا؟

_ لەوەیە پلیکانەکان ماندوویان کردبێت.

_ بێچارە، سیل والەناوی ئەبات.

لوسیان بەنهێنی وتی: وا خۆشەویستی لەناوی ئەبات.

_ ٣ _

ئۆڤیدیش لەلایەکی دیکەوە چاودێری دەکرد تابزانێت کێ دەڕوات و کێ دێت. ماری بینی کەبەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوت و دواتر بەڕووخسارێکی جیاواز بەوپەڕی وێرانیەوە گەڕایەوە.

پێی سەیربوو لەخۆیە پرسی ئاخۆ هۆی ئەم سەردانە چیبێت؟ چ پەیوەندییەك لەنێوان ماری هرمان و دەزگیرانی لوسیاندا هەبێت؟

بەرەو دەرگاوانەکە ڕۆشت و لێی پرسی: ئەو خاتوونەی بانگی خاوەن گالیسکەکەی کرد بۆژوورەوە کێبوو؟

_ بەرگدوورە ناوی لوسیە، کچێکی بەڕێزە. ئەگەر هەر نیەتێکت هەیە بگەڕێوە دواوە دەزگیرانی هەیە ناوی لوسیان لابرۆیە.

ئۆڤید هەندێك پرسیاری دیکەی لێکردوو ڕۆشت، بەدەم ڕۆشتنەوە دەیوت: ئەبێت هەواڵی سەردانی ماری بۆلوسی بەجاك بڵێم.

ماری بەخێرایی گەڕایەوە ماڵەوە و ڕۆشت بۆلای باوکی.

سەری هەڵبڕی بەڵام چی بینی ڕەنگی زەرد و پەڕیوی کچەکەی، دەرپەڕی و وتی: کچەکەم.... کچەکە ....کچەکەم! چیتە ئازیزەکەم؟

کەوتە سەریەکێك لەکورسییەکان و بەدەنگێکی لاوازەوە وتی: فێڵی لێکردم، درۆی لەگەڵ کردم... لوسیان منی خۆشناوێت کچێکی دیکەی خۆشەوێت و هاوسەرگیری لەگەڵا دەکات.

_ چۆن زانیت؟ کێ ئەم نهێنیەی پێ وتی؟ بۆیە لێتم شاردەوە ویستم ڕەگی خۆشەویستییەکەی لەدڵ دەربێنم و هاوسەرگیری لەگەڵ تۆبکات، بەڵام کێ ئەم نهێنیەی ئاشکرا کردووە؟

_ ئەو کچەیە، دڵخۆش وگەشاوەیە بەخۆشەویستی لوسیان.

_ کەواتە بینیت کێیە؟

_ بەرگدوورێکە بەناوی لوسی، بینیم لەپەنای لوسیان خەریکبوو لەخەفەتا بمرم بەڵام نازانم چۆن نەمردم.

_ ئەوکـــچەی خۆشـــناوێت هاوســـەرگیری لەگەڵا ناکات.

_ بـۆ درۆت لەگەڵ کـردم بـاوکە؟ بۆڕاسـتییەکەت لێ شاردمەوە.

بـاوکی بەدڵێکـی هەزار پـارچەییەوە وتـی: مـاری .... کـچە ئـازیزەکەم..... ئەوەبـزانە کەوا مـن تـۆم خۆشـەوێت، بـێجگە لەوەی نەمەویسـت فرمێسـك و ئـازار و نـاڵەت نەبینـیم هـیچ شـتێکی دیـکە لەپشت شاردنەوەی نەبووە.

_ مانـــای وایە ئەتزانـــی یەکیکـــی دیـــکەی خۆشەوێ؟

_ خـۆی پێـی وتـم، تکـام لێکـرد بیربکـاتەوە و هاوســـەرگیری لەنێـــوان هەژار و زەنگینێـــك بەراوردبکـــات. درۆم لەگەڵ کـــردی چـــونکە دڵنیـــابووم لەبـــردنەوە. بەهەر ڕێگـــایەك بێـــت ناچـــارییەکەم لەژیـــانی لوســـیان بـــڕواتە دەرەوە، بەدەسـت بەسـتراوی دانانیشـم تـاوەکو لەخەفەتـا بتبینـــم، بەمـــزووانە کـــچەکەم ئەبینـــی کەچـــۆن ئەچەمێـــتەوە و داوای خۆشەویســـتت لێکـــات. ئەوکات ئەبیت بە بەختەوەرترین ئافرەت.

وتـی: ئەبـمە بەختەوەرتـرین ئـافرەت! خۆشـبەختی خەونێك بوو نەما.

جاك هەستايە سەرپێو وتی: بەیادی دایکت سوێندت بۆدەخۆم هاوسەرگیری لەگەڵا دەکەی.

_ باوکە ئەوەدەکەی تالەمردن ڕزگارم بکەی، ئەوی خۆشیەوێت و بەسەر منەوە دایناوە کچێکی هەتیوی بێ دایك و باوکە ئەمە لەهەمووی زیاتر داخم پێدەدا؟

_ دڵنیابە، ئەوی خۆشناوێت لەوەیە دۆستی بێت و کاتێ هاوسەرگیری لەگەڵ تۆدا دەکات واز لەوبێنێت.

ماری گەشایەوە و وتی: هاوار بۆئەم کچە! خۆشی لێبردم.

باوکی بەپاڕانەوە وتی: بەیادی دایکت سوێندم خواردووە ئەبیتە ژنی لوسیان مەحاڵیشە سوێندەکەم نەبەمەسەر.

_ ئەی کچەکە؟

_ وازی لێ ئەهێنێ.

_ ئەی ئەگەر واینەکرد؟

_ بەڕێگایەك دووریەخەمەوە. دەی ئیتر کچەکەم بڕۆرەوە بۆژوورەکەت تۆ هەمووی بۆخۆم دابنێ.

ماری هێشتا ژوورەکەی جێنەهێشتبوو ئۆڤید وەژوورکەوت.

ئۆڤید هەرچی بینیبوو بۆی گێڕایەوە: هاتووم لەنهێنی ئەوسەردانە سەیرەت لێ بپرسم.

_ کچەکەم هەمووشتێکی پێ وتم. بەرگدوورە، پێشی وتم کەوا بێ دایك و باوکە. چییەکەی ئێستا؟

_ نازانم، بەڵام بەوردی چاودێری لوسی کەم چاودێرییەکی وورد و دواتر پیلانی خۆم دادەنێم، ئەمەش دیارە زۆری تێدەچێ.

_ گوێی مەدەرێ، هەرچەنێك خەرجەدەکەی بیکە، ئەوەی بەلامەوە گرنگە ئەوەیە کچەکەم لەگەڵ لوسیان هاوسەرگیری بکات تەنانەت ئەگەر نیوەی سەروەتەکەشم ببات.

بیست هەزار فرەنکی پیدا و وتی: ئەوە بۆخەرجییەکان، پاداشتەکەشت حەق وحسابێکی ترە.

بەیانییەکەی لوسی و لوسیان لەدەرەوە لەیەکێك لەباخچەکان پیاسەیان دەکرد پێکەوە.

ئێوارەکەی گەڕانەوەماڵەوە و لوسیان چاوی بەژوورە تاریکەکەی لیزا کەوت و وتی: نان فرۆشەکە هێشتا نەگەڕاوەتەوە!

کـــاتی نـــانی ئێـــواره لەدەرگـــا دراو جـــان فـــۆرتییە وەژوورکەوت.

لوسـیان لەگەشـتەکەی بۆبلگـارد ئاگـاداری کـردەوە و وتـــی: ئـــاخۆ خـــاوەن نانەواخـــانەکە باشـــبووە تائاگای لە لووسی بێت کاتێك لێرە نییە؟

جـان بەداخەوە وتـی: پـێم خۆشـنییە وادەڵـێم، بەڵام نـــاتوانم بەجێـــی بهـــێڵم هەرکـــات دەرفەتـــم هەبـــوو دڵنیابە سەردانی دەکەم.

لوسیان سووپاسی کرد.....

بەیانی ڕۆژی دواتر لەسەر ڕێگابوو بۆبلگارد.

_٤_

ئۆڤیـــد ســـۆلیفەر پیـــاوێکی بـــێ دڵ بـــوو، لەپێنـــاو بەدەســـت هێنـــانی پـــارە قســـوری نەدەکـــرد لەهـــیچ بەڵێنـــی بەجـــاك دابـــوو لوســـی بکوژێـــت، ســـوێندی خواردبـــوو بەزەیـــی بەگەنجـــی و جوانییەکەیـــدا نەیەتەوە و بیکوژێت.

بەڵام بەبـــێ چـــاودێریکردنی و بەبـــێ ئەوەی بزانێـــت کەی وەدەرکەوێـــت لەماڵـــدا و کەی دەڕوات بۆسەرکار نەیدەتوانی بیکات.

جلـــی کرێکـــاری لەبەرکـــردوو ڕۆشـــت بۆشـــوێنی کـــارەکەی لوســـی و داوای بینینـــی کـــرد، پێیـــان وت هەرگیـــز نـــایتە کـــارگە هەرلەمـــاڵ کارەکـــانی دەکـــات مەگەر پۆشـــاکە دووراوەکـــان تەواوبکـــات ئەوجـــا دێت، وتی: ماڵەکەی لەکوێیە؟

_ لەشـــەقامی بۆربـــۆرن، ئەبیـــنم نامەیەکـــت پێـــیە بۆی؟

_ نـــــا، بەڵام خانەدانێـــــك ڕایســـــپاردووم تـــــاوەکو شتێکی پێ بڵێم.

ئەوژنەی ئۆڤیـــد قســـەی لەگەڵ دەکـــرد پێکەنـــی و وتـــی: کەواتە بـــڕۆ بۆمـــاڵەکەی، وامزانـــی کچێکـــی پـــاکیزەیە، کەچـــی لەپشـــتەوە پەیوەنـــدی لەگەڵ خانەدانەکانـــدا هەیە. تکـــایە پێـــی بڵـــێ جـــوان نیـــیە بـــۆی ئیتـــر هەڵمـــان خەڵەتێنـــێ خـــۆی بەکچێکـــی بـــاش پیشان بدات.

کاتێـــك ئۆڤیـــد ڕۆشـــت نـــاوی ژنەکەی لەدەرگـــاوانی کارگە پرسی.

دەرگـــاوانەکە لێـــی ڕوانـــی ..... پـــارچەیەك ئـــاڵتونی پێـــدا وکەوتە قســـە: نـــاوی ئامانـــدایە، نەیخەیـــتە سەرخۆت تێچووی زۆرە.

_ نا بۆحسابی یەکێك لەخانەدانەکانە.

_ ئەبێ خۆی بۆئامادەبکات هەرچی بوێت دەیبات.

_ زۆر دەوڵەمەندە گوێ بەخەرجی نادات.

ئێوارەکەی کاتێك ئاماندا بەنیازبوو کارگە بەجێبهێڵێت دەرگاوانەکە هەمووی بۆگێڕایەوە: کەوایە چاوەڕێی هاوڕێیەکی نوێ بین.

ئاماندا پێکەنی و وتی: وەسفی منت کرد لای.

_ هەموو وەسفێك.

_ باشە، بزانە چییەوێت، گیرفانت پڕدەکەم لەپارە.

ئاماندا هێشتا دوورنەکەوتبووە لەکارگە هەستی کرد یەکێك وەدووی کەوتووە.

گومانی ئەوەی نەدەکرد وەدووکەوتووەکە هەمان پیاوەخانەدانەکەیە کەلەگەڵ دەرگاوانەکە قسەیان لەسەر کردووە.

ئاماندا بەردەوام بوو لەڕۆشتن هەتا پیاوەکە پێی گەشت.

پیاوێکی پەنجا ساڵەی لێ تاین بوو، بەڵام ڕووکار و جلێکی خانەدانانەی لەبەربوو، ڕوویەکی دەوڵەمەندانە لەسەر ڕووخساری دەرەکەوت.

ئەم پیاوەش بێجگە لەئۆڤیدی خۆگۆڕیو کەسی ترنەبوو.

سڵاویان لەیەکدی کرد و دواتر وتی: بەڵام پێشتر شەرەفی ناسینتم نەبووە؟

بەڕێزەوەوە وەڵامی دایەوە و دواتر وتی: لەبەرئەوەی سەرسامبووەکانت زۆرن و ئەستەمە هەموویان بناسیتەوە.

وەڵامەکەی زەردەخەنەی لەسەر ڕووخساری دروستکرد، وتی: هەر ئەم زەردەخەنەیە هەرخۆی کارتێکە و پێت بەخشیم. ئێستاکە بووین بەهاوڕێ ڕێگەم پێی ئەدەی بانگهێشتی خوانێکت بکەم؟

دوای چارەکە کاتژمێرێك لەچێشتخانەیەکی ڕاقی دانیشتبوون نانی ئێوارەیان دەخوارد.

کاتێك تەواوبوون گالیسکەیەکیان بەکرێ گرتوو ئۆڤید فەرمانی بەشۆفێرەکە کرد بڕۆن بۆ ماڵەکەی ئاماندا.

لەبەردەم دەرگا بەدەم ماڵئاواییەوە وتی: سبەی یەکتر ئەبینین.

_ لەکوێ؟

_ نیوەڕۆ، لەوچێشتخانەی هەمیشە نانی لێ دەخۆی.

_ کەواتە ئەزانی؟

_ هەموو شتێکت دەزانم.

نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر چاویان بەیەکدی کەوت و ئاماندا وتی: ئەبی زوو نانەکەم بخۆم، دەڕۆم بۆلای یەکێك لەکرێکارەکان تاجلێکی سەمای لەگەڵ ئامادەبکەم.

_ دوورە ماڵەکەی؟

_ لەشەقامی بۆربۆرنە.

دەیزانی دەچێت بۆلای لووسی.

لەڕێگایان بەرەو شەقامی بۆربۆرن بۆی دەرکەوت کە ئەوجلانە بۆ کارین دی لومبی ژنی پارێزگارە کەبانگکراوە بۆئاهەنگی ساڵانە کەژنی بەڕێوبەری ناوچەی سین ڕێکی دەخا.

ئۆڤید: ئەی خاتوو ئۆگستین بۆچی نایبات بۆیەکێکی تر؟

_ لەبەرئەوەی لوسی بەخێرایی تەواویدەکات، وێنای دەکات سبەی تەواویبکات و بینێرێت بۆکارین دی لومب بۆتاقیکردنەوە.

_ بەڵام شوێنێکی دوورە؟

_ پیاسەیەکی ناوازەیە بەشەمەندەفەر، کاتێ لەشەمەندەفەر دائەبەزی دارستانەکە دەبڕی، بەس ئاوانارۆم، بەڕۆژ لەناوازەترین پیاسەکانە.

ئەم خاتوونە کەشخەیە جارێکیان تاکاتژمێر دە من و لوسی هێشتەوە.

ئۆڤید پێکەنی و وتی: بێگومان ترس داگیری کردوون.

_ ئەگەر لەشوێنی ئیمە بویتایە لەترسا ئەمردی، ڕێگاکەی زۆر تاریکە.

گالیسکەکە لەبەردەم ماڵی لوسی گیرسایەوە و ئاماندا ڕۆشتە سەرەوە بۆلای لوسی ئۆڤیدیش لەگالیسەکەکە چاوەڕوانی گەڕانەوەی بوو.

دوای نیو کاتژمێر ئاماندا گەڕایەوە بۆسەر کارەکەی دوای ئەوەی ئۆڤید بەڵێنی لێوەرگرت بۆنانی ئێوارە یەکدی ببینن.

لوسیان لەڕێگایدا بۆبلگارد هەتا جارێك بیری لەدەزگیرانەکەی دەکردەوە دەجار وێنەی ماری هرمانی بەستەم لێکراوی و خوێن هەڵهێناوییەوە هاتە پێش چاو.

ڕۆژەکانی لەسەر زەوی دیاریکراون، هیوادارە ئەگەر ڕۆژێکیشی مابێت لەژیان تەنها بۆجارێکیش بێت خۆشەویستی بەختەوەری بکات.

هەرکات بیری لێدەکردەوە دڵ تەنگ دەبوو چاوی پڕ ئاودەبوو.

بەخۆی دەوت: ئەم کچە لەگوێی گۆڕە، بۆچی لەو ماوە کورتەی ماویەتی سۆز و خۆشەویستی بۆدەرنەبڕم، هەرکات گەڕامەوە پاریس بە لوسی ئەڵێم.

کاتێك یەکەم نامەی نارد بۆپۆڵ هرمان دوو دێڕ دەربارەی ماری دوا ((باشترین هیوامی پێ بگەیەنە، ئەوەی لەنێوانیاندا ڕوویداوە هەرگیز لەبیری ناکات و مەحاڵە ئەوە لەبیربکات کەبەهۆی ئەوەوە ئەم پۆستەی وەچنگ کەوتووە)).

هەرکە جاك نامەکەی خوێندەوە لەخۆشیدا خۆی بەزەویەوە نەدەگرت و بێ یەك و دوو ڕۆشت بۆلای ماری پێی وت: بینیت؟ ئەوەتا خۆشیەوێیت.

ماری بەداخەوە وتی: پێت وایە باوکە؟ لەنامەکە بێجگە لەبارەی فەزڵەوە لەبارەی هیچی ترەو

نەدواوە، وشـــەی جیـــاوازم ئەوێـــت، لەبـــارەی خۆشەویستییەوە نەك چاكە.

مـــاری بەردەوام بـــوو: خـــۆت هەڵمەخەڵەتێـــنە باوكە.

جـاك بەخـۆی دەوت: لەوەیە ڕاسـت بكـات، چـاكە وایلێكـــــردووە ئەم وشـــــانە دەربڕێـــــت نەك خۆشەویستی.

بەڵام ئەبـــێ هەر كۆیـــان بـــكەمەوە لەیەك، هەرئەبێ لوسی لابەم لەسەر ڕێگایان.

لەكتێبخـــانەكەی دانیشـــت و نـــامەی بۆلوســـیان دەنووســــــی: ((مـــاری زۆر نەخۆشـــــە، خۆشەویســـتی تـــاكە چارەســـەرییەتی، وەكـــو ئەوەشـــی ئاگـــاداری بەدەســـتی تـــۆیە. ڕێـــگەئەدەی بمرێ؟

بەیـانی ڕۆژی دواتـر ئۆڤیـد گەشـتی كـرد بۆكـارین دی لومـــب لەوێســـتگەكەوە بۆمـــاڵی پارێزگـــا بەڕێكەوت.

دەووروپشـتی مـاڵەكەی كـرد هەروەك ئامانـدا پـێ وت دارســـتانەكە بەڕۆژا كەم كەس نەبـــن ئەگینـــا كەس پیایـــا تـــێ نـــاپەڕێ چ بگـــاتە شـــەو. لەبەرخـــۆیەوە دەیـــوت: دوای ئەوەی لوســـی

لەماڵی پارێزگا دەگەڕێتەوە لەدارستانەکە خۆم مەڵاس دەدەم و ئەبمە قوربانی.

هەرئەوەنەی لەکارین دی لومب گەڕایەوە بەهەڵپە هەڵپ بۆلای جاك ڕۆشت و وتی: کاتیەتی.

جاك دەیزانی ئەم وشەیە ئاماژە بەچی دەکات، وتی: بەڕاستی کاتی زەبرلێدان هاتووە؟

_ بێگومان.

لێکۆڵینەوە و گەڕانەکانی و چۆن یەکێك لەهاوکارەکانی لوسی ناسیوە و خۆی بەناوی بارۆن ئارنۆڵد دی لوویس ناساندووە و لەوەوە زانیاری گرنگی بۆ کارەکەی وەچنگ خستووە گێڕایەوە.

_ سبەینێ ئەبێ تانیوە شەو لەکارگە بمێنیتەوە، ڕۆژەکەی دێم بۆسەردانت و تانیوە شەو لەکتێبخانەکەت دەمێنینەوە بەڵام ئێوارەکەی بەدزییەوە بۆی دەردەچم و کارەکە جێبەجێدەکەم بەبێ ئەوەی کەس هەست بکات و بەم شێوەیە بەئاسانی پەردەپۆش دەکرێت.

_ زۆریش پەردەپۆش.

_ باشە، ئامادەکارییەکانم بۆئەوەیە گومان لەسەر خۆم لابەم، ئەگەر خوانەکردە گومانم

لێکرا ئەیسەلمێنم کەوا لەگەڵ تۆبووم مەحاڵە گومان لەگەواهی پیاوە بازرگانی گەورە پۆڵ هرمان بکەن.

جارۆد پێکەنی و وتی: کەوایە سبەی لوسی دەمرێت؟

_ دواتر لوسیان هیچی بۆنامێنێتەوە جگە لەوەی روو لەکچەکەی تۆبکات.

کاتژمێر پێنجی ئێوارەی ڕۆژی دواتر ئۆڤید لەشەقامی بەرامبەر کارگەکەی ئاماندا چاوەڕێی دەرچوونی دەکرد.

ئاماندا: بارۆن ئارنۆڵد دەڕۆم بۆ دیدەنی لوسی لەبۆربۆرن.

_ کەواتە منیش لەگەڵت دێم.

بانگی ئەوگالیسکەیەی کرد کەبەکرێی گرتبوو.

ئێستاش هەنگاوێ بۆدواوەوە.

کاتێك لوسی لەماڵی پارێزگاوە گەڕایەوە بۆ وێستگەی کارین دی کولومب چاوی بەجان کەوت.

هەردوکیان سەرسامبوون بەم ڕێکەوتە.

جـان لێـی پرسـی کەوا چـی ئەوی هێنـاوە بـۆئەم شـوێنە دوورە، لوسـی بـۆیگێڕایەوە و وتـی: ئەی تۆ؟ چی تۆی هێناوە بۆکارین دی کولومب؟

_ هاتم تاوەکو بانگی دایکی نانەواخانەکە بکەم.

_ چییەتی؟ لەسەرە مەرگدایە؟

_ بەڵـێ، هەسـتی کـرد لەسـەرە مەرگـدایە ویسـتی دایکـی ببینـت بـۆ کۆتاجـار، سـاڵێکە بەهـۆی زاواکەیەوە کــچەکەی نەبینیــوە و ســوێندی خــواردووە ســەردانیان نەکـات بەڵام لێیەپـاڕێمەوە بەشـکوم ئەم ڕق وکیـنەیە لابـات بـۆ کۆتاجـار ماڵئاوایی لەکچەکەی بکات.

_ حەزمــدەکرد لەگەڵتــبم خــاتوو بیــرین، بەڵام ناچــارم بــڕۆمەوە مــاڵەوە و ئەم پۆشــاکانە چــاکبکەمەوە، جــارێکی دیــکە کــاتژمێر نــۆ بیگەڕێـنمەوە بـۆ خـاوەنەکەی، تەوقەیـان کـردوو هەریەکەیان ڕێگای خۆیان بڕی.

کـاتێ جـان فـۆرتییە ڕۆشـت بۆمـاڵی دایکـی خـاوەن نانەواخـانەکە بینـی کـارەکەی هـیچ ئاسـان نیـیە وەك بیری لێدەکردەوە.

داوای لەدایکــی کــچەکە کــرد بچێــت بــۆبیننی کــچەکەی کەلەســەرە مەرگــدایە. بەتــووڕەییەوە وەڵامـی دایەوە و وتـی: پیـاوەکەی ئیهـانەم دەکـات

و لەماڵەکەی دەرمدەکات، بگەڕێمەوە بۆ ئەوماڵە بێ ئەوەی داوای لێبوردنم لێبکات، پێم باشترە کچەکەم بمرێت بەبێ ئەوەی بیبینم وەك لەوەی بەبێ نامەی داوای لێبوردنی پیاوەکەی بڕۆم بۆماڵەکەی.

جان هەرچەند لێی پاڕایەوە هیچ سوودی نەبوو لەم گوێی دەڕۆشت و لەوگوێی دەردەچوو.

گەڕایەوە بۆلای خاوەن کارەکەی و بۆیگێڕایەوە، ژنە بێچارە دەستی کرد بەگریان و بەناڵە ناڵەوە دەیوت: خوایە! یانی بەبێ ئەوەی دایکم ببینم بۆکۆتاجار ئەبی ئەم دوونیایە بەجێبهێڵم؟

هەمان ڕۆژ کاتژمێر شەش ئۆڤید بەڕێکەوت بۆ کارگەکەی جاك. دانیشتن لە کتێبخانەکەی و جاك بانگی خزمەتکارەکەی کرد و وتی:ئەمشەو سەرقاڵم، تانیوەشەو لێرە ئەمێنەوە و لەگەڵ ئەم بەڕێزی ئەندازیارە کارمان هەیە، ئەگەر هەرکات کاتی ڕۆشتنت هات گوێ مەدەبەمن بۆخۆت بڕۆ.

دەرگای کتێبخانەکەی گرت و ئۆڤید چەقۆیەکی دەرکرد، پێکەنی و وتی: کاتێ چاوەڕێی ئاماندام دەکرد ئەمەم لە دووکانی نهۆمی خوارەوەی ژوورەکەی لوسی کڕی.

جاك تۆقا و وتی: چەقۆیەكی ترسناكە.

_ ژیـانی كـچەكەت بەمەوە بەنــدە، لەهەمــان كاتــدا چەقۆی ژیان و مردنە.

_ جا ئەمشەو لوسی دەڕوات بۆماڵی پارێزگا؟

_ بەڵێ كاتژمێر نۆ دڵنیابە.

كاتێـك مێـردی نانەواخــانەكە ئێـوارەكەی گەڕایەوە مــاڵەوە زانــی چــی لەنێــوان جــان و خەســوویدا ڕوویــداوە توڕەبــوو: بەنەفــرەت بێــت! كــچەكەی لەسەرەمەرگە و نایەوێ بێت بۆ ماڵئاوایكردنی.

جـان كەوتە دەسـت و پێـی و لێـی پـاڕایەوە تـاوەكو نــامەیەكی لێبــووردن بۆخەســووی بنوســێت وتــی: تــۆئەم كــارە لەپێنــاو ئەوژنە دەكەی كەخۆشــت دەوێ، نەك لەبەر خەســــــووت. ئەتەوێ ژنەكەت لەكۆتــا ســاتەكانی تەمەنیــدا لەبەزەیتــرین ژنەكــان بێت؟

پیــاوەكە یەك ســاتیش دوودڵ نەبــوو، خــامە و كـــاغەزی هەڵگـــرت و نـــامەیەكی لێبـــووردنی بۆخەسووی نووسی تاسەردانی كچەكەی بكات.

جــان فــۆرتییە بەپەلە پەل و ڕاكە ڕاك هەتــا كــارین دی كولومــب نەوەســتا و كــانژمێر دەی ئێــوارە گەشت.

خەسووەکە کەنامەکەی بینی وتی: چاوەڕێکە تاجلەکانم لەبەردەکەم دێم لەگەڵتا.

لەودەمەشدا لوسیش لەکارین دی کولومب بوو مژوڵی جلەکانی ژنی پارێزگاربوو، هەرکە کارەکەی تەواوکرد بەوڕێگا تاریکە گەڕایەوە بۆ وێستگەی کارین دی کولومب.

لەوێش لەدارستانە تاریکەکە ئۆڤید و چەقۆ تیژەکەی لەچاوەڕوانی لوسیدا بوون.

چەقۆیەکی چەقاندە سکی لوسی و قیژەی لەناو دارسانەکە بەرزبوویەوە.....

بەڵام ئەم ئۆڤیدە بێ بەزەیە هیچ بەزەیی بەم بێچارە و داماوە نەهاتەوە و چەقۆیەکەی دەرکرد و جارێکی تر چەقاندییە سەر سنگیدا.

چەقۆکە شکا، و گومانی نەبوو لەوەی یەکەم لێدان لەناوی بردووە.

کاتژمێر و ملوانکەکەی دزی و بەخۆی دەوت: بادزی لێبکەم تاوابزانن ڕێگر ودز وایلێکردووە و دزی لەپشت کوشتنی بووە.

کاتژمێرەکەی لەباخەڵی نەنابوو هێشتا گوێی لەدەنگی خشەخشی پێبوو بەپەلە خۆی خزاندە ناو تاریکیەکە.

خشەخشی پێی دووژن بوون، دەنگی قیژەکەیان گوێ لێبووەوە و خێرا هاتوون بەتەنگ دەنگەکەوە.

یەکێک لەژنەکان هاواری کرد: ئەوەتا سەیرکە سەیری ئەوپیاوە ڕاکات.

ئەودیکەیان وتی: تۆبڵێی چیکردبێت.

سەیری ئەملا وئەولایان کرد و لوسی یان بینی لەسەر زەویەیەکە کەوتووە و خوێنێکی زۆری لەبەر دەڕوات.

دوو ژنەکە چەمینەوە سەر بریندارەکە دواتر یەکێکیان هاواری کرد وتی: ئەی هاوار خۆ ئەوە لوسیە!

ئەم دووژنە بێجگە لەجان و دایکی خاوەن نانەواخانەکە کەسی ترنەبوون.

جان فۆرتییە کەوتە سەر لوسی و وتی: خوایە! ئەو هیچ وپووچە کوشتویەتی، هێشتا دڵی لێدەدا ڕاکە بابڕۆین بۆبنکەی پۆلیس و دکتۆر بێنە لێرە ئەمێنمەوە.

_ تۆ دەیناسی کەواتە؟

_ بەڵێ دراوسێمە.

دوای نیو کاتژمێر پیاوانی پۆلیس ڕژانە سەر لوسی وگواستیانەوە بۆبنکە و پۆلیسی لێکۆڵەر دەستیان کرد بەپشکنین.

ئەو دکتۆرەی کەهێنابوویان وتی: برینەکە زۆر قوڵ ومەترسیدارە، هیوادارم بکوژنەبێت. باشە چەقۆکە نەگەشتۆتە سییەکانی.

جەنابی لێکۆڵەر: ئەم برینداره بگوازینەوە بۆکوێ لەم لادێیە خەستەخانەی لێ نییە؟

دکتۆرەکە: ئەتوانم لەشوێنەکەی خۆم ژوورێکی بۆدابین بکەم و چاودێری بکەم ئەم ئافرەتەش (دەستی بۆجان ڕاکێشا)، لێرەبێت، وەکو ئەبینم دیارە هاوڕێیەتی.

جان: شەو وڕۆژ خزمەتی دەکەم گەورەم دکتۆر، لێتەپاڕێمەوە ڕزگاری بکە.

_ هیوادارم گەنجێتیەکەی ببێتە هۆیەك کە لەمردن دووریبخاتەوە.

لێکۆڵەرەکە ڕاپۆرتێکی لەسەر ڕووداوەکە داو ڕای خۆی لەسەر ئەوەدا کە تاوانەکە پاڵنەری دزی بووە.

لە ڕووداوانەدا سۆلیفەر بەدزییەوە لەدەرگای پشتەوە بەبێ ئەوەی کەس بیبینێت دزەی کردە

ناوکــــارگەکە و ڕۆشــت بــۆئەو نوســینگەیەی کەجاك چاوەڕێی دەکرد.

ئۆڤید: تەواوبوو.

جــاك وەکــو سوپاســگوزارییەك چــاوی بــڕییە ئاسمان.

ئۆڤیــد بەخێرایــی جــلە لادێیەکــانی داکەنــد و ئەوجــلانەی کەلای جــاك داینــابوو لەبەری کــرد و وتــی: ئێســتاش پــێکەوە وەك بلێــی شــەومان بەگفتوگۆوە بەسەربردێت دەڕۆینە دەرەوە.

دوای چەنــد ســاتێك لەکــارگە ڕۆشــتن و دەرگاکەیــان داخست و بانگی یەکێك لەگالیسکەکانی کرد.

ســەحەری ڕۆژی دواتــر پیــاوانی پــۆلیس پشــکنینی دارســتانەکەیان گــرتە ئەســتۆ بەڵام هیچــی وایــان وەچنگ نەکەوت.

نیــوەڕۆکەی لوســی هــاتەوە هــۆش خــۆی وکاتێــك جــان ی بینــی بەســەر ســەرییەوە وەســتاوە چــاوی شوکرانەی بەرزکردەوە.

لێکــۆڵەرەکە هەلەکەی قۆســتەوە و دەســتی کــرد بەپرســیارکردن لێــی بەڵام هیچــی نوێیــان دەســنەکەوت، بەڵــێ ڕاســتیان دەکــرد تــاوانەکە بەهــۆی دزییەوە بــوو کیســێك پــارەی ســی فرانکــی

و کـــــاتژمێرێکی ئـــــاڵتوونی و ملوانکەکەیـــــان لێدزیبوو.

ڕووخســـاری بکـــوژەکەی نەبینیـــوە وگومـــانی لەهیچ کەس نییە و دووژمنیشی نییە.

ژمـــارەی کـــاتژمێر؟ نـــا...... ژمـــارەی بیـــرنییە، لوسیانی دەزگیرانی بەهەدییە پێیداوە.

جـــارێکی دیـــکە دکتـــۆر هـــات بـــۆ پرســـیارکردن: بـــرینەکەت زۆر مەترســـیدار نیـــیە کـــچەکەم، ئەمشـــەو جـــارێکی دیـــکە بـــۆتی دەرمـــان دەکەم و دواتـــر هەرکـــات ویســـتت دەتـــوانی بگەڕێیـــتەوە ماڵەوە.

لوســـی: لیـــزا بیـــرین... لەگەڵـــم دەمێنیـــتەوە.... وایە؟

_ بۆدڵم ڕێـگەم پێـدەدات بەجێت بهێڵم ئـازیزەکەم؟ بەڵام کاتژمێرێـــك لێـــرە نـــابم دەڕۆم تـــاله خـــاوەن نانەواخانەکە دڵێناببمەوە و دەگەڕێمەوە بۆلات.

جـــان بەڕێـــکەوت بـــۆلای نانەواخـــانەکە وچـــاوی بەمێـــردی خـــاوەن نانەواخـــانەکە کەوت، بەقـــووڵی دەگریا دەیزانی کارەسات قەوماوە.

لەلایەکـــــی دیکەشـــــەوە خـــــاتوو ئۆگســـــتین لەنیگەرانیـدا نقووم ببـوو، لوسـی بەپۆشـاکی ژنـی پارێزگاوە ڕۆشتووە و نەگەڕاوەتەوە.

بەئامانـدای وت تـالێی بکـۆڵێتەوە، گەشـتە کـارگە و لەودەمەی وەدەرکەوت ئۆڤێـــــد واتە ئاڕنۆڵـــــد دی لــویس ی لەبەردەمــدا دەرکەوت و هــاوەڵی کــرد تامالّەکەی لوسی.

دەرگــاوانەکە بەمانــدای وت لوســی لەوکــاتەوەی دەرچـــووە نەگەڕاوەتەوە ئامانـــدایش بەهەڵـــپە هەڵـــــــپ بەهەوالّەوە گەڕایەوە بـــــــۆلای ســـــەرۆکەکەی. ئۆڤێـــد دڵنیـــای کـــردەو کەواڕێگرەکـان لەناویـان بـردووە ئەگەر وانەبـوایە ئێســتا پـۆلیس هــاتبوون بۆنشـینەکەی مــادام دەریـــش نەکەوتـــون دیـــارە ناســـنەمەکەیان نەزانیوە.

_ ٥ _

دکتـۆر مـۆڵەتی پێـدان ئێـوارەکەی دەتـوانن لوسـی بـبەنەوە مــالّەوە، بەڵام کــاتێ دووبــارە گەڕایەوە تـــایەکی زۆری چـــاوەڕواننەکراوی لێهـــاتبوو نەیەویست تاتاکەی مابێ بیگوازنەوە.

جــان فــۆرتییە لەپــاریس گەڕابــوویەوە و ڕۆژی لای لوسی کردەوە.

لوســی بەدەنگێکــی لەرزۆکەوە وتــی: چـاوەڕێی نـامەم لەلوسـیانەوە تکـایە هەرنـامەیەك بەنـاوی

منەوە هاتووە بۆماڵەکەم بۆم بێنە... پەیوەندیش بکە بەخاتوو ئۆگستین و ئاگاداری بکەرەوە لەڕووداوەکە.

جەنابی لێکۆڵەر: بەپێویستی دەزانم بابەتەکەی لێ بشاریتەوە پێی مەڵی چەقۆی لیدراوە هەر ڕووداوێك دەتەوێ پێی بڵێ.

جان بەڕێکەوت بۆپاریس و بەدەرگاوانەکەی وت کەوا لەسەر ڕێگا تووشی تەشەنوجاتی قاچ بووە و ئێستا لەماڵی هاوڕێیەکیەتی و دوای چەند ڕۆژێك دەگەڕێتەوە.

هەمان هۆکاریشی بەخاتوو ئۆگستین وت.

بەیانی ڕۆژی دواتر بەدوونامەوە کەنێردرابوو بۆلوسی گەڕایەوە بۆکارین دی کولومب. هەردوونامەکە لەلایەن لوسیانەوەبوو لەبەرئەوەی وەڵامی یەکەم نامەی نەدابوویەوە نامەی دووەمی بۆناردبوو.

لوسی: ئەبی نامەیەکی بۆبنووسم، ئەگەر بەختی یەکێکی دیکە ببینی نامەم بۆناردووە بێزارئەبێت.

زۆری لەخۆیکرد و لەسەرپشت بەڕاکشاوی نامەی بۆنووسی پێشی وت کەواچی بەسەرهاتووە وتی: ((بەڵگەش بۆئەوەی

کەبـــرینەکەم ســـووکە ئەوەیە خـــۆم ئەم نـــامەم بۆنووسیویت)).

لەهەمـان ئەوکـاتەی کەلوســی لەخۆشــی کەیفـدابوو بەهــۆی نــامەی لووســیانی دەزگیرانــی ئامانــدا نــامەیەکی لەئۆڤیــدەوە پێگەشـــت بـــوو تیایـــدا ئاشــکرای کردبـوو کەوا گەشـتێکی بۆهـاتۆتە پـێش و درێـــژەش دەکێشـــێ. بەهەزار فـــرەنکەوە ماڵئاوایی لەئاماندا کرد.

ئامانــداش لەئەزمــوونی پێشــووترییەوە زانــی ئەم گەشتە هیچ نییە جگە لەبیانویەك.

بەداخ بـوو ئەیویســت پـارەیەکی زیـاتر لەبـارۆن بکێشێ.

ئۆڤیــد چیتــر پێویســتی بەئامانــدانەبوو، بــۆئەوەی زانیـاری کۆبکـاتەوە لەسـەر لوسـی بـۆیە خـۆی لـێ نزیـك کردبـۆوە، کوشـتنی لوسـی ئیتـر هۆکـارێکی ترنەمـــاوە تاپەیوەنـــدییەکەی لەگەڵـــی بەردەوام بێت.

کـاتێ لوسیان نـامەکەی لوسـی پێگەشـت شـێت بـوو ئەیویســـت گەشـــتەکەی کۆتـــایی پێبهێنـــت و بگەڕێتەوە بۆپاریس.

بەڵام نەیــدەتوانی بــابەتەکە تەنهــا تــایبەت نیــیە بەوەوە بــێ ئەقڵیــیە ئەم ڕێکەوتــن و ســازانە

بەنیوە چڵی بەجێبهێڵێت و خیانەت لەئامانتی جاك بكات و بگەڕێتەوە تەنها لەبەرئەوەی دەزگیرانەكەی نەخۆشە.

ماریش، گومان لەوەدانەبوو بەهۆی جودایی لوسیانەوە دەیناڵاند ڕەنگی زیاتر زەردهەڵگەڕاوەتر ببوو.

ئەگەر لوسی بمرێت لوسیان هیچی لەبەردەم نامێنێتەوە جگە لەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ ماری بكات.

ڕۆژێكیان جاك دانیشتبوو لەگەڵ ماری مژووڵی قسەكردن بوو خزمەتكارەكە خۆی كرد بەژوورا و وتی لوسی بەرگدوور بەپۆشاكی نوێوە وەستاوە ڕووخسەتی هاتنەژوورەوەی ئەوێت.

جاك دەرپەڕی و وەستا وتی: لوسی! لوسی لێرەیە؟

ماری دركی بەڕاستی نهێنی كاردانەوەكەی باوكی نەدەكرد، وایدەزانی لەبەرئەوەیە كەدەزگیرانی لوسییە. وتی: ئارام بەرەوە باوكە، بەخێرهاتنی ناكەم.

جاك هاتەوە سەرخۆی و وتی: ئەمە چۆن؟ ئۆڤید فێڵی لێنەكردبێتم و پارەكەی بردبێتم؟ ئەی نەیوت كچەكەی كوشتووە؟

ڕووی لەکچەکەی کردو وتی: بەبێ ویست تووڕەیی کاردانەوەکانی زیاتر کردم، بەڵام پێویست ناکات دەرگاکەت بەڕوویدا دابخەی تاوانی نییە، و جوان نییە خۆمان بخەینە ئاستی.

_ پێکات گەورەم.

فەرمانی بەخزمەتکارەکەی کرد وەژووری بکات.

لوسی بەهەنگاوی خاو و لەسەرخۆ وەژوورکەوت... ڕەنگ زەرد. وتی: خانمەکەم ببورە چەند ڕۆژێکیش دواکەوت دزێکم لێ تاین بوو و چەقۆی لێدام هەرکە چاکبوومەوە پۆشاکەکانم بۆهێنای.

ماری: بۆچی بەچەقۆ لێیدای؟

_ لەپێناو دزیکردن.

بۆیگێڕایەوە کەوا چیبووە و جاك بەوردی گوێی بوڕاگرتبوو و لێی پرسی: کەواتە دزبووە؟ ناسیت؟

_ نا، گەورەم.

لەپڕ چاوی جاك لەسەر لوسی جێگیربوو!

چەند سەیرە ئەم ڕووخسارەی بیرە.... ئەم ڕووکارە تەنانەت دەنگیشی.

لەژنێك دەچێت لەكۆند ناسیوێتی.

وێنای لەبەرچاوبوو. بەخۆیەوت: ااەەەە، لەجان فۆرتییە دەچێت.

لەوساتەدا بیری كەوتووە خۆئەم كچە لەیەكێك لە خانەكانی بێسەرپەرشتان گەورەبووە: خوایە! تۆبڵێی كچی جان بێت؟!

كاتێك لوسی كاری نەما، ماری وتی: باشە، پۆشەكەكان لێرە دابنێ ئێست تاقی ناكەمەوە. ئەگەر هەرشتێكیشت ویست یاخاتوو ئۆگستین یان ئاماندا ئاگاداربكەرەوە تابێن بۆلام.

لوسی بەدەم پرسیاركردن لەخۆی كەئاخۆ ئەم تووڕەییەی ماری و ساردییەی لەچیبێت وخۆ تائێستا هیچ خراپەی بۆنەبووە ژوورەكەی چۆڵكرد.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ جاك بانگی ئۆڤیدی كرد و هەركەهات بێ یەك و دوو وتی: ئەمڕۆ لوسیم بینی؟

ئۆڤید هەستایە سەرپێی وهاواری لێ هەستا: چییەڵێ؟! لوسی!

_ بەڵێ! زیندووە..... لێدانی بكوژانەنەبوو.

بۆیگێڕایەوە چیبووە.

ئۆڤید: چ بەختێکی ڕەشە، باشە بەسنییە ڕووخسارمی نەبینی و پۆلیس وائەزانێ لەبەردزی بووە.

دوای بێدەنگییەکی کورت ئۆڤید وتی: کەواتە ئەبێ جارێکی تر هەوڵ بەمەوە.

_ ئەگەر وابکەین زیاتر مەترسیدارتر ئەبێت گومانمان زیاتر ئەبێت خۆنابێ کچێك لەدەڕۆژدا دووجار تووشی قۆڵبڕببێت.

_ کەواتە ئەکشێیتەوە؟

_ چۆن وابکەم لەکاتێکدا ژیانی کچەکەم بەهاوسەرگیری لوسیانەوە بەندە؟

_ ئەی فەرمان بەچییەکەی؟

_ لوسی هەتیووە، ساڵی ١٨٦١ بۆ١٨٦٢ نێردراوە بۆخانەی بێسەرپەرشتان بەژمارە نۆ تۆمارکراوە ئەمەوێ هەموو داتا و تۆمارێکی ئەوبزانم تەنانەت ئەگەر پێویست بەدزینیشی بکات.

_ سوودی چییە؟

_ ئەمڕۆ بۆیەکەم جار لوسیم بینی ئەزانی زۆر لەجان فۆرتییە دەچێت، ئۆڤید شپرزەبوو وتی: مەبەستتت لەو.....

_ بەڵـــێ، بەئەگەری زۆرەوە کچـــی ئەوە، هەمـــان تەمەن و هەمـــان لەیەك چـــوون، وەکـــو کچـــی جـــان لەوێ دانرابـــوو ئەگەر ئەوەبســـەلمێنێن مەحـــاڵە لوســـیان هاوســـەرگیری لەگەڵ کچـــی بکـــوژی باوکیدا بکات.

_ بەڵام وەکـــو ئەوەی بیـــزانم پێـــی وایە جـــان بێتاوانە.

_ بەڵام ئەم بۆچـــوونە نەحـــوکمی دادگـــا نەخەڵـــك ناگۆڕێـــت، ئەگەر هاوســـەرگیری لەگەڵ کچـــی جـــان بکات بەیەك خولەك ئابڕووی نامێنێت.

ئەگەر نەتـــوانین بەوڕێگـــایە لوســـی بکـــوژین بەڕێگایەکی دیکە دەیکوژین.

شـــانەکانی هەڵتەکانـــد و بەجۆشـــێکەوە وتـــی: ئەبـــێ کـــچەکەم لەگەڵ لوســـیان هاوســـەرگیری بکـــات. ئەمە ئامـــانجی مـــنە لە ژیـــانەدا بەهەر ڕێگـــایەك بێت ئەبێت بەدی بێنم.

دوای ئەوەی لوســـی ڕۆشـــت مـــاری هەســـتی بەخەمێکـــی زۆردەکـــرد، فەرمـــانی کـــرد بەئامـــادەکردنی گالیســـکەکەی و ڕۆشـــت بۆســـەردانی ئـــاتیین کاســـتلی وێنەگـــری هـــاوڕێی تـــاوەکو ئەم خەمەی لەدڵیـــدایە لەتابلۆیەکـــدا وێنـــای بکات.

ئـــاتیین کاســـتڵ پەردەی لەســـەر تـــابلۆیەکی گەورە لابرد و وتی: ئەمەت بەدڵە؟

_ نـــاوازەیە، ســـەیرە، ئەڵێـــی پێشـــتر ئەوئـــافرەتەم بینیـــوە ئەوەی وا پیـــاوانی پـــۆلیس گەمارۆیـــان داوە یان کچێکی هاوشێوەی ئەو.

_ ئەوکچە کێیە خانمەکەم؟

_ بەرگـــدوورە لای خـــاتوو ئۆگســـتین نـــاوی لوسییە... دەیناسی؟

_ ناخانمەکەم، لەکوێیە ئەوخانمە؟

_ ژمارە نۆلەشەقامی بۆربۆرن.

_ ئەوە زۆر ڕوودەدات.

دواتـــر ڕێچـــکەی قســـەکانی گـــۆڕی بەرەو لایەکـــی دیکە.....

داوای لێکـــرد وێـــنەیەك بەقەبـــارەی ئاســـایی بۆبکێشـــێت تابەدیـــاری بیـــدات بەبـــاوکی لەڕۆژی لەدایك بوونیدا.

ئـــاتیین بەڵێنـــی پێـــدا تادوومانـــگ بـــۆی تەواوبکـــات. بـــاس هـــات وبـــاس ڕۆشـــت کەوتـــنە قســـەکردن لەســـەر کـــارگە وداهێنـــان، ئـــاتیین وتـــی: مۆرتیمـــۆری بـــاپیرت لەگەورە داهێـــنەرانە وەکـــو ئەوەی بیزانم.

_ ڕاستە، باوکیشم لەگەورەترین داهێنانەکانی ئامێری درووومانی بێدەنگ لەگەڵ ئامێری سافکردنە.

ئاتیین شێوەی گۆڕا وتی: ئامێری سافکردن؟!

_ بەڵێ، تەنانەت تەختە چاڵەکان نایەکسانەکانیش سافدەکات.

_ باوکت زۆر لەئەمریکا بووە؟

_ نزیکەی بیست و دووساڵ؛ ١٨٦١ تیایدا گیرساوەتەوە.

کاتێك ماری ڕۆشت ئاتیین بەهیواوە لەتابلۆکەی دەڕوانی وبەخۆی دەوت: سەیرە، کەواتە لوسی لەجان دەچێت زۆریش نەك کەم ولووسی لەبێسەرپەرشتان گەورەبووە، تۆبڵێی کچی جان بێت!؟

_٦_

ڕۆژێك بەسەر قسەکانی جاك و ئۆڤید تێنەپەڕیبوو ئۆڤید گەشتبووە لادێی ((جوانی)) تاوەکو بەهەواڵەوە بگەڕێتەوە لای خاوەنەکەی.

ئۆڤید کاتژمێرێك دەبوو گەشتبووە هۆتێلەکە بەخاوەن هۆتێلەکەی وت ڕێنوێنی بکات بەرەو

ژنێکــی پیــری لادێــیەکە بــابەتێکی کــۆن هەیە پێویستە پرسیاری دەربارەوە بکات.

ئۆڤیــد ڕۆشــت بۆســەردانی و وتــی: تۆنــاوی هەمــوو ئەوسســتەرانە دەزانــی کەلەم لادێــیە بــوون پــێش بیســت و یەك ســاڵ وایە؟ یەکێــك لەم سســتەرانە کچێکــی لابــووە بەنــاوی لوســی و دایکیشــی نــاوی جان فــۆرتییە بــووە نــاوی ئەوسستەرە دەزانی؟

_ پرسیارێکی قوورسە.

_ بــابیرت بــخەمەوە، دایــکەکە پــێش بیســت ســاڵ بەدزیــن و کوشــتن و ســووتاندنی کــارگەی بەڕێــز لابرۆ تومەتبارکراوە.

_ ئەهەهەه هــاتەوە یــادم... ئەو زەمــانە باســی لادێ بــوو، بەڵــێ ئەو نەگــبەتە منــداڵێکی لای خــاتوو فیفی دانابوو.

_ ئەی لەکــوێیە ئێســتا ئەمەوێ قســەی لەگەڵــدا بکەم؟

_ مردووە.

_ کچەکەی جان ئەوچی؟ چی بەسەرهات؟

_ بەلایەنـــــی زۆرەوە بـــۆ شـــــارەوانی ، ئەو منـداڵانەی باوانیـان وازیـان لێـدێنن یـان کـرێ نـادەن یــان پەیوەنـــدییان پێیـــانەوە دەپچـــڕێنن ڕەوانەی شـارەوانی دەکەن دواتـر بـۆ بێسەرپەرشـتان، بـڕۆ بۆ شارەوانی لەوێ وەڵامت دەستدەکەوێ.

ئۆڤید بـۆ خـانەی سـەرۆکی شـارەوانی بەڕێـکەوت و لەبەرخـۆەوە دەیـوت: ئێسـتا چـی بـکەم؟ ئەگەر داوای ئەم داتـــانە بـــکەم گومـــان زیـــاترەکەم و وادەزانـــن لای جـــانی هەڵهـــاتووە هـــاتووم بەم شێوەیە تووشی شەرمەزاری ئەبم و لەناودەچم.

هیچـــی بـــۆ نـــامێنێتەوە جـــگە لەوەی ڕوونـــی بکاتەوە.

هەرچۆنێـــک بـــوو ڕۆشـــت، بەڵام ڕاســـتەوخۆ نەڕۆشـــت بـــۆ بەشـــی تۆمارەکـــانەوە. هەرچـــووە ژوورەوە کارمەنـــدێکی گەنجـــی بینـــی بەتەنهـــا دانیشـــتبوو و ســـڵاوێ لێکـــرد و وتـــی: گەورەم ڕێگەم پێدەی پرسیارێکت لێبکەم؟

_ بەدڵنیاییەوە.

_ نـــاوی ســـەرۆکی شـــارەوانییت بیـــرە کەســـاڵی ١٨٦١ ئەم لادێیەی بەدەست بووە؟

_ بەدڵنیایەوە گەورەم ناوی دشمانە مامەمە.

_ لەجوانی یە.

_ نا، لەدیجۆن نیشتەجێیە.

_ پرسیارێکی دیکەم هەیە لەسەر ساڵی ١٨٦١ ڕووداوێکی تیدا ڕوویداوە.

_ لەوەیە بتوانم بەبێ داتاکان ڕێنوێنیت بکەم.

لەوساتەدا پیاوێکی لادێی خۆی کرد بەژووردا هەرکە گەنجەکە چاوی بەپیاوەکە کەوت ڕەنگی مردووی لێنیشت وتی: گەورەم م م م م .....

سەردانیکەرەکە بەشێوەیەکی دڕندانە قسەکانی بڕی و وتی: واز لەم گاڵتە جاڕییە بێنە و پارەکەم بدەرەوە.

_ تکایە، کەمێك لەسەرم بوەستە.

_ لەسەرت بوەستم...؟ شەش مانگە تۆپێمەڵێی لەسەرت بوەستم سبەی کۆتا کاتتە ئەگەرهەزار فرەنك نەخەیتە چنگم لەگەڵ ئەو سەنەدەی ئیمزا ساختەکەی مامتی پێوەیە لای پۆلیسم.... کۆتا ئاگادارکردنەوەمە.

ئۆڤید هەلەکەی قۆستەوە و وتی: ببورن خۆمی تێهەڵەقورتێنم، بەڵام چیبووە؟

کــوڕەکە وەڵامـــی دایەوە و وتـــی: ئەم بەڕێـــزە هاوبەشـــی مـــاممە لەبازرگـــانی شـــەراب؛ ســـەرم لەقوڕنـــا و ئیمـــزای مـــامم لەســـەر دووســـەند ساختەکردوو هەزارفـــرەنکم لەم پیـــاوەبرد، پـــێش ئەوەی ســـەنەدەکان بـــدات بەمـــامم ئەبـــێ هەزار فـــرەنکەکەی بـــۆبگەڕێنمەوە، ئێســـتا هەڕەشـــەم لێکـــا ئەگەر نەیـــدەمەوە ئاشـــکرام ئەکـــات و لەگرتووخانەم دەنێت.

بازرگـــانەکە وتـــی: کۆتـــا ئاگـــادارکردنەوەیە یەك ڕۆژ مۆڵەتت هەیە.

یەکسەر بۆی دەرچوو و ڕۆشت .

ئۆڤیـــد: چـــی وای لێکـــردی ئەم بەدڕەوشـــتییە بکەی؟

_ خۆشەویستی ئـافرەت شـایەنی هـیچ نییە جـگە لەوەی بەقـامچی لێتبـدەن، کـاتێ پـارەم نەمـا و بـێ پـوڵ بـووم تووڕەبـوو و پـولێکی پێوەنـام، ئێســتا ئەبێ یان گرتووخانە یان خۆکوشتن هەڵبژێرم.

ئۆڤیـد کەمێـك بێـدەنگ بـوو دواتـر وتـی: کـاتی ڕۆشتنت هاتووە؟

_ بەڵێ.

_ کەواتە دەی بابڕۆین بۆلای بازرگانەکە.

_ سوودی چییە هەزار فرەنکم نییە، نامەوێ جارێکی دیکە ئیهانە بکرێم.

_ هەزار فرەنکت پێ نییە، من پێمە.

_ ئەوە چییەڵێی گەورەم؟

_ قەرزەکەت بۆدەدەمەوە.

_ بەڵام.....

_ نارەزایی دەرمەبڕە، لەبەرامبەردا داوای چاکەیەکی بچوکت لێدەکەم.

دوای نیو کاتژمێر ئۆڤید لەجێگەی دووسەنەدەکە هەزارفرەنکی کاغەزی دانا.

لەسەر یەکێك لەمێزەکانی چێشخانەیەك دانشتبوون ئۆڤید وتی: ئێ کەواتە خانمەکەت جێی هێشتووی دوای ئەوەی غەرق بووی لەقەرزدا؟

_ بەڵێ، گەورەم، هێشتا هەزارفرەنکم لەسەرە.

_ ئەوەشت لەسەر لائەبەم.

_ پێویست ناکات گەورەم، قەرزارەکان بەڵێنیان پێداوم ئیهمالم بکەن.

_ ئەی ئەگەر كـاتی دانەوەی هـات چییـەكەی؟ نـا نـابێ هەمـوو قەرزەكانـت لەپـای ئەم خـزمەتە دەدەمەوە.

_ چاوەڕێی قسەی تۆم گەورەم.

_ بیسـت و دووسـاڵ پـێش ئێسـتا دۆسـتێم هەبـوو منـداڵێكم لێـی بـوو، كاتێـك زانـی مێـردەكەی لەوەدایە بگەڕێـتەوە منـداڵەكەی لای یەكێـك لەدایەنەكـانی جـوانی دانـا، ئەوكـات فەرەنسام جێهێشـتبوو دوای گەشـتێكی درێـژ گەڕامەوە بەڵام هـیج ئاسـەوارێكم لێیـان نەدۆزیـیەوە و شـوێنی نـازانم، دایەنەكە نـاوی فـریمییە تكـات لێدەكەم یارمەتیم بدە لەدۆزینەوەی كچەكەم.

_ گەورەم ئەوداتایـانە لەتۆمـاری سـەرۆكی شارەوانیدا نوسراوە.

_ ئەتوانی كۆپییەكم بۆبێنی.

_ داوای شـتێكی مەترسـیدارم لێـدەكەی گەورەم، بەڵام یەك و دووی لێنـاكەم بـۆت چـاكەیەكی گەورەت لەگەڵ كردوم.

_ بەڵام نەكەی جارێكی تـر بگەڕێیـتەوە سـەر بـۆ ئەقڵیـیەكەت و لەبەردەم ئەو ژنە بـكەوی..... جوانبوو؟

_ گەورەم لەئاماندا جوانتر و کەشخەتر و ناوازەترم نەبینیوە.

_ ئاماندا! سەیرە!

_ دەیناسی گەورەم؟

_ یەکەم جار بۆم وەسف بکە.

کاتێك وەسفی کرد بۆی، ئۆڤید وتی: خۆیەتی، بەڵام ئێستا لەجوانی نییە.

_ ڕۆشت بۆپاریس دوای کردنی چەند تاوانێك.

_ چ تاوانێك.

ئۆڤید لەکوڕەکەوە زانی کەوا ئاماندا لەیەکێك لەدووکانەکاندا کاری کردووە و دزیکردووە و خاوەنەکەی پێی زانیوە، ئەگەر ئاماندا بەگریانەوە لێی نەپاڕایەتەوە بێ ئەملاولا لای پۆلیسی لێدەگرت ساڵێکی پێداوە تانرخی دزینەکانی بداتەوە، دووسەنەدەکەی ساختەکردووە وهەزار فرەنکەکەی پێداوە تابیدات بەخاون دووکانەکە بەڵام بردوویەتی ودواتر جێیهێشتووە وڕۆشتووە بۆپاریس.

_ ناونیشانی دووکانەکە لەکوێیە؟

_ ژماره ٧٤ شەقامە گەورەکە.

دوای کاتژمێرێـك ئۆڤیـد لەدووکـانی ژمـاره٧٤ بـوو لەشـــەقامە گەورەکە بـــوو. بەخــــاوەنەکەی وت: شــاگردێکت لابـوو بەنـاوی ئەمانـدا، هەنـدێك شـتی لـێ دزیبوویـت منـی ڕاسـپاردووه تـاوەکو پـارەکەت بدەمەوه.

لێـــرەدا ئەوەی ڕوویـــدا ڕوویـــدا ئەو دووســـەندەی دشـــمان کەســاختەکردابوو هەزارفرەنکـــی دانـــا و لەجـــێگەی دانپێـــدانانی ئامانـــداش هەزارفرەنکـــی دانا.

ئێـــوارەی ڕۆژی دواتـــر ئۆڤیـــد چـــاوی کەوت بەدشـــمانی گەنـــج ، دشـــمان کاغەزەکـــانی پێـــدا و وتـــــی: لەبەرم نەگــــرتەوه بــــۆت بەڵکـــــو هەرکـــاغەزەکەم دڕی و بـــۆتم هێنـــا کـــاری زۆرم هەبوو کاتم نەبوو بۆتی لەبەربگرمەوه.

ئۆڤیـد بەپەلە لەداتاکـانی ڕوانـی و هەمـوو تۆمـاره داواکراوەکـــانی بینـــی گومـــانی نەمـــابوو لەوەی لووسی کچی جانە.....

ئۆڤیـد تۆمـارەکەی لەیەك نـاو بەگەرمـی سوپاسـی کـوڕەکەی کـرد، وتـی: تکـایە پـێش ئەوەی بـڕۆی سەنەدەکانم پێدەدەی؟

_ دووسەنەدە ساختەکە! دڕیم دڵنیابە.

بەڵام درۆیەکـــرد چـــۆن دانپێـــدانانەکەی ئامانـــدای هەڵگرتبـــوو ئەویشـــی هەڵگرتبـــوو: چـــوزانم کێنـــاڵێ ڕۆژێـــك پێویســـتم بەم کاغـــازانە نـــابێ وەکـــو چەکێـــك هەڵیـــــدەگرم و دشــــمان و ئامانـــــدا ناچـــاردەکەم تالەژێر دەسم کاربکەن.

_ ٧ _

پیـــــاوانی پـــــۆلیس لەودارســــــتانەی کەهێرشــــــەکە کرابـــــووە ســـــەر لوســـــی ئەوپـــــارچە چەقۆیەیـــــان دۆزیبـــــــــــویەوە کە لەلوســـــــــــی درابـــــــــــوو. هەردووپارچەکەیـــان لەیەك نـــاو ڕێکـــی یەك بـــوون، ناونیشـــانی فرۆشـــیارەکەی لەســـەر نووســـرابوو: ((روشـــــــار.... چەك فــــــــرۆش_ ٩ شـــــــەقامی بۆربۆرن)).

لێکـــۆڵەرەکە سەرســـامبوو کاتێـــك ناونیشـــانکەی بینـــی: ئەوە ناونیشـــانەکەی لوســـییە، هەمـــان شـــوێنی نیشـــتەجێیە، لێکـــۆڵەرەکە ڕای خـــۆی گـــۆڕی و وتـــی: لەپـــای دزی نەبـــووە بەڵـــگەش بـــۆئەوە ئەوەیە چەقـــۆکە لەهەمـــان مـــاڵ کـــڕدراوە کەلوسی لێبووە.

دادوەری لێکۆڵەر: کەواتە دەستدرێژی کارەکە لوسی دەناسێت، ئەگەر بەڕێکەوتیش بێت سەیرە.

لێکۆڵینەوەکە بۆ دووکانی چەك فرۆشەکە گوازرایەوە.

خاوەن دووکانە: پیاوێکی پەنجا و پێنج ساڵەی کەشخەیە و جلی گەنجانەی لەبەربوو... سیمای تاوانباری پێوە دیارنەبوو.

دادوەرەکە ڕۆشتە نهۆمی سەرەوە بۆلای لوسی و پێی وت چیبووە وتی: بەڵام دڵنیام جلی پیس و شڕی لەبەربوو.

_ ئەگەری هەیە خۆی گۆڕیبێت.

_ ئەکرێت.

دوای ئەوەی دادوەری لێکۆڵینەوە لوسیان بەجێهێشت، لوسی بەوپۆشاکە تازانەی کەتەواویکردبوو بەڕێکەوت بۆلای خاتوو ئۆگستین.

بەرگردوورەکە وتی: پیاوانی پۆلیس هێشتا دەستیان نەگەشتۆتە دەستدرێژی کارەکە؟

_ نا، بەڵام هیوایەك هەیە بۆدەستگیرکردنی.

بــــۆیگێڕایەوە پیـــــاوانی پـــــۆلیس گەشـــــتۆتە چ سـەرەنجامێك و چەقـۆكەش هەرلەمـالْەكەی لوسـی كـــڕدراوە. لەلایەكــی دیـــكەوە ئامانـــدا گـــوێی بـــۆ قسەكانیان ڕاگرتبوو.

_ بەڵام خـــــراپەم بــــۆكەس نەبــــووە كینەشــــم بەرامبەر كەس نییە.

ئامانـــدا ئەوحەمــــالْەی هـــاتەوە یـــاد كەهـــاتبوو بۆپرســـیاری لوســـی و ناونیشـــانی لوســـی، وتـــی: تـــۆبلێی خۆشەویســـتی پێشـــترت دوای جێهێشـــتنی هاتبێ تۆڵەبكاتەوە.

_ پێشتر هیچ كەسێك عاشقم نەبووە.

خـــاتوو ئۆگســـتین: بەڕاســـتی ئەم ڕووداوە زۆر شــــاراوەیە، هیواخــــــوازم ئەم ســــــتەمە زوو تەواوببێ.

_ ٨ _

ئۆڤیـد وایـدەزانی لوسـی لەنـاوبردووە لەگەڵیشـیدا پەیوەنـدی بەئامانـداوە نەمـا، بەڵام كەزانـی لوسـی مـــاوە بڕیـــاڕی دا دزیـــیەكەی ئامانـــدا بكـــات

بەچەکێــك و دووبـــارە پەیوەنـــدی پێوەبکـــاتەوە. ئێوارەکەی لەسەر وادەبوون.

ئاماندا: زانیت لوسی چی بەسەرهاتووە؟

_ لوسی کێیە؟

_ ئەوبەرگـــــدوورەی لەشـــــەقامی بۆربــــۆرنە جارێکیش لەگەڵمدا هاتی بۆ ماڵەکەی.

_ چی بەسەرهاتووە؟

_ چەقۆی لێدراوە خەریکبوو بمرێت.

ووردەکارییەکـــانی ڕووداوەکەی بـــۆگێڕایەوە، و هەمــوو بەرەوپــێش چــونێکی دۆســییەکەش، وتــی: چەقۆکەشــیان دۆزیــوەتەوە وەســفی کڕیارەکەشــیان لەفرۆشیارەکەوە وەرگرتووە.

ئۆڤیـد ڕەنــگ و ڕووی گـۆڕا وشـڵەژانێکی یەجگـار زۆر بەڕوویـــیەوە دیـــاربوو . ئامانـــدا وتـــی: ئەم شڵەژانییە چییە؟ تۆ نەخۆشی؟

خــۆی کــۆکردەوە و وتــی: نــا، بەڵام زۆرناحۆشــبوو لام کـــاری لێکـــردم. بەڵام ئـــاخر چـــی بـــوو تـــا واڵەلوسی بکرێت؟

_ هەرئەوەیە لێکــــۆڵەرەکە ئاشــــکرای دەکـــات، بەڵام شـــتێکی ســـەیرە هەمـــان ئەوکـــاتەی کەتـــۆ لەگالیســـکەکە لەبەردەم مـــاڵی لوســـی چـــاوەڕوانم بوویـــت دەســـتدرێژی کـــارەکەش چەقـــۆکەی کڕیـــوە ئەبێ بینیبێتت.

ئۆڤید لەســـەرخۆ وتـــی: ئەبـــوایە بـــم بینیـــایە، بەڵام هیچ گرنگیم بەدەرگای دووکانەکە نەدابوو.

کـــاتێ وایـــدەوت ئامانـــدا زۆر بەوردی چـــاودێری دەکـــرد، بەڵام چاوەکـــانی ترســـەکەی نەشـــاردبووە وە.

_ پۆلیس ئەو حەرام زادەیە دەگرن؟

_ بێگومـــــان، لێکــــۆڵینەوەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەبەرەوپـــێش چوونـــدایە، بـــۆچی ئەوەنـــدە گـــرنگە بەلاتەوە؟ چیـــیە کەســـێك دەناســـــی هەمـــــان وەسفەکانی لەسەر جێگیرببێت؟

ئەبـــوایە ڕوونـــی بکـــردایەتەوە، ئۆڤیـــد زانـــی هەســـتی بەشـــتێك کـــردووە، و هەســـتی کـــردووە کەوا ئەم لەکاتی چاوەڕوانیدا چەقۆکەی کڕیووە.

ئۆڤید: بـائەم بـابەتە بخەیـنە لاوە، لـێم بپرسـە چـی سەیرم لەکاتی گەشتەکەمدا بینیوە؟

_ چیت بینی؟

_ هەندێك شتی كەسانی بەناوبانگم كۆكردەوە.

_ بەڕاست؟ لەكوێ؟

_ لەفەرەنسا.... لەجوانی بەدیاریكراوی.

ئۆڤید بەشێوەیكی دڕندانە لێی دەڕوانی و بینی والەترسا دەلەرزێ.

ئاماندا بەڕوویەكی گوێ پێنەدانەوە لێی پرسی: شارێكی جوانە؟

_بەڵێ، لەوێ خاوەن دووكانێكی جلوبەرگم ناسی نوسراوێكی پێدام نرخەكەی هەزار فرەنك بوو، زۆر كەیفم لە خۆشنوسییە.

ئاماندا زەرد هەڵگەڕا، ئۆڤیدیش وەك بڵێی چیرۆكێكی بەچێژی بۆبگێڕێتەوە وتی: ئەم كاغەزەش ئیمزای كچێكی لەسەربوو بەناوی ئاماندا ریجامی، ئەوە ناوی تۆنییە؟

هیچ دەرفەتێكی نكۆڵی نەمابوو ئاماندا بەلەرزەوە وتی: مادام هەموو شتێك دەزانی بۆچی ئەپرسی؟

_ بـــۆچی لەمە دەترســـــی؟ بەڕێـــــکەوت زانـــــیم، هـــاوڕێیەکی زۆر باشـــبووم بـــۆت قەرزەکەم بـــۆ پاککردویتەوە.

_ سوپاس، لەکـاتی شـێتیدا پەنـام بۆئەوکـارە بـرد، کاغەزەکان لەکوێیە؟

_لەدۆڵابەکەم پاراستوومە.

_ ناتەوێ بۆمی بگەڕێنیتەوە؟

_ نـا، وەکـو پـێم وتـی حەزم لەپاراسـتنی خەت و ختوتات و خۆشنوسیە.

توڕەبـــوو وتـــی: ئەم هەڵ و پەلیتـــانە بـــخەلاوە بـارۆن، شـتێك لەپشـت پاراسـتنی ئەوکـاغەزانەوە هەیە، ئەهـــا، ئەتەوێ گەواهـــیم لەســــــربدەی و فڕێم بدەیتە گرتووخانە دەوابڵێ؟

بەپێکەننـــیەوە دەیـــوت: مـــن تـــۆم خۆشـــەوێت، ئەستەمە بەبیرم دابێت خراپەت لەگەڵدا بکەم.

_ کەواتە؟

_ هەمـــــوو ئەوەی لەمەســــــــلەکەدایە ئەوەیە ئەزمـوون وایلێکـردووم بەرامـبەر ئـافرەت وریـابم، بـۆیە ئەیپـارێزم تـاوەکو لەکـاتی پێویسـت بەکـاری بێنم.

_ کەواتە کەوتمە ژێردەستی تۆ.

_ زەرەرتە؟

دوای کەمێك ئاماندا لێی پرسی: چۆن زانیت؟

_ بەڕێکەوت و ڕێکەوتن.

_ کەواتە کڕینـــی چەقــۆکە لەدووکـــانی مـــاڵەکەی لوســی لەلایەن دەســتدرێژی کــارەکەوە ڕێــکەوت و ڕێکەوتن بوو.

لەوســاتەدا ئۆڤیـد گومـانی نەمـا کەوا ئامانـدا پێشـتر هەمـوو شـتێکی زانیـووە. وتـی: هەرچییـەك بێـت دەســـتدرێژیکارەکەی ســـەر لوســـی پێـــی ناخـــاتە گرتووخـانە چەکێکـی باشـی پێیە تـاوەکو خـۆی لـێ قوتاربکات.

کــاتێ ڕۆشــت ئامانــدا وتــی: ناونیشــانەکەت چیــیە لەوەیە پێویست بکات نامەت بۆبنوسم.

_ بەوریایەوە بینوسە ژن ومنداڵم هەیە.

کــاتێ لەپەنــای ئامانــدا نەمــا و چــۆڵیکرد ئامانــدا بەخـۆی وت: بــارۆن تەواو دڵنیــابە کەوا مــنەزانم، بەڵام چــۆن چــۆنی ئاشــکرای بــکەم لەکاتێکــدا چەکێکـــی وای پێـــیە و لەهەر ســـاتێکدا بیەوێـــت ئەتــوانێ بەکاریبێـــت!؟ بەڵام نهێنــیەکەی چیــیە؟

بـــۆچی ویســـتی لوســـی بکوژێـــت؟ لەئێســـتا بەدواوە ئەبـێ پـێ بەپـێ بەدوایـدا بچـم تـاوەکو نهێنـیەکەی دەزانم.

ئۆڤیـــد ڕۆشـــت بـــۆلای جـــاك و تۆمـــارەکەی پێـــدا، وتی: بێ هیچ گومانێك لوسی کچی جانە.

_ لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەبـــێ زۆر وریـــابین پـــێش ئەوەی هەرکارێك بکەین.

_ کەواتە دەڕۆم بـــۆ خـــانەی بێسەرپەرشـــتانەکە و پرســـیار لەومنـــداڵەکەم کە ٦- نیســـانی ســـاڵی ١٨٦٢ لەوێ جێهێڵـــدراوە وچارەنووســـی چـــی بەسەرهاتووە. لوسیان کەی دەگەڕێتەوە؟

_ چوار پێنج ڕۆژی تر؟

کـــاتژمێر پێنجـــی ئێـــوارە ئۆڤیـــد گەڕایەوە بـــۆلای جاك، وتی: ڕۆشتم ولەتۆمار گەڕام.

_ چیت زانی؟

_ زانیم لوسی بەرگدوور کچی جان فۆرتییەیە.

جـــاك دڵخۆشـــبوو وتـــی: ئێســـتا ئەتـــوانین دەســـتی خۆمـــان بوەشـــێنین، بـــابزانین ئێســـتا لوســـیان ئەفەندی ڕازی ئەبێ بەکچی بکوژی باوکی؟

_ ٩ _

دوای چــوار ڕۆژ لەپــاریس دووکــچ چـاوەڕێی گەڕانەوەی یەك پیــــاوبوون، هەریەکێکیشـــــیان پێیــان وابـــوو ئەوی خۆشـــەوێت و بـــێجگە لەوهاوسەرگیری لەگەڵ کەس ناکات.

ئەو دووکـچەش لوسـی و مـاری بـوون، پیـاوەکەش لوسیان بوو لەگەشتەکەی بلگارد گەڕابوویەوە.

لوســی بەچـاوی پـڕ فرمێســکەوە بەخێرهــاتنی کــردەوە، کاتێـك لەئـامێزی لوسـیاندابوو، لوسـیان وتــی: خــوایە! ئەگەر ڕۆژێـك بروسـکەی مەرگـتم پێبگات هەر لەخەفەتا دەسبەجێ خۆشم دەمرم.

پێکەنــی وتــی: بــاواز لەم قسـانە بێنـین ئەوەتـا بەتەندورستییەکی باشەوە دەمبینی.

_ بەڵام چۆن؟ چۆن ڕوویدا؟

هەمــوو ووردەکـاری و ڕووداوەکـانی بـۆگێڕایەوە، بەیـانی ڕۆژی دواتــر لوسـیان بەرەو کــارگەکەی جـاك بەڕێـکەوت و جـاك بەخێرهـاتنی کـردوو وتـی: زۆر دڵخۆشـم کەئەم کـارەم پـێ سـپاردی، نــامەی

زۆرم لەهاوڕێ کارەکانم پێ گەشتووە بێجگە لەوەسفی تۆ هیچ شتێکی تریان نەوتووە.

دوای ئەوەی لوسیان ئەنجامەکانی گەشتەکەی بۆگێڕایەوە وتی: گەورەم پێم بڵێ.... خاتوو ماری چۆنە؟

_بێچارە، زۆر نەخۆشە.

__هیوادارم مەترسیدارنەبێت.

_ ئەمشەو دەیبینی بۆخوانی ئێوارە لامان ئەبی، ئەو بێچارەش تامەزۆری بینیتە بێجگە لەتۆ باسی هیچ ناکات.

ئێوارەکەی لوسیان بەرەو ماڵی جاك بەڕێکەوت. ماری لەناوەڕاستی هۆڵەکە دانیشتبوو هەرکە لوسیانی بینی هەستایە سەرپێ بەڵام خۆشییەکەی تاسەرنەبوو خۆی پێ نەگیرا و لەسەر کورسییەکە بەڕوویەکی مردووانەوە دانیشت.

باوکی بەخێرایی بەرەو ڕووی ڕایکردوو ماری وتی: هەستم بەماندوویەتی کردباوکە، بەڵام ئێستا هەڵوەری بینینی لوسیان هەموو

ماندوویەکەمی ڕواندمەوە، خۆشەویستییەکەی ڕووپۆشی ئازارەکانمە.

لوسیان: منیش خۆشحاڵم خانمەکەم.

_ بەڕاستیتە؟

_ بەدڵنیاییەوە.

ڕووی گەشبوو وتی: بۆ هەموو ڕۆژێك سەردانمان ناکەی؟ دڵخۆشەبم بانگهێشتی خوانی ئێوارەت بکەم و هەموو شەوێك لەگەڵمان نان بخۆی.

لوسیان: خانمەکەم چاکەکانت تاگەردنم هاتووە. کاری زۆرم هەیە خانمەکەم تکایە بمبور......

قسەکانی بڕی و وتی: لەپشووی یەکشەمانە دێیت، تکایە ئەوکاتەش سەردانمان بکە.

بەنیگایەکی پڕ ماناوە لێی ڕوانی زانی ئاماژەیە بۆسەردانەکانی لوسی، لوسیان وتی: بەڵام دۆست وهاوڕێم هەیە خانمەکەم کاتم نییە تەنها دەتوانم یەکشەمانە سەردانیان بکەم.

خەم دایگرت، ئاگری کینە تاقوڕگی هاتبوو وتی: کەواتە نائومێدم دەکەی.

باوکی خۆی تێهەڵقورتاند و وتی: شتێکی زۆر ئاساییە کچەکەم یەکێك لەڕۆژەکانی هەفتەی پێبدەین و ئازادبێت و هەرچییەکی ویست بیکات.

_ پێکات باوکە، ئێستا زانیم زیادەڕۆیم کرد لەداواکانم، نەئەبوایە هیوای بەدیهێنانی ئەو خەونانە بەخۆم بدەم.

بێدەنگی باڵی کێشابوو، کۆڵێك خەم بەڕووخسارییەوە دەرکەوتبوو. لوسیان هەستی بەداخ دەکرد بۆی.

دوای خوانی ئێوارە کۆشکەکەی جاکی چۆڵکرد، واهەستیدەکرد بارێکی ئێجگار قورس لەسەر شانی نەماوە بەخۆی وت: چ کچێکی بێچارەیە، زۆر نازی، زۆر دڵڕەقانەیە وازی لێبێنم بەوناڵەوە بمرێت! بەڵام چۆن فریوی بدەم و بڵێم خۆشم دەوێت لەکاتێکدا یەکێکی دیکەم خۆشەوێت؟! ماری ڕووی وەرگێڕا بەرەو لای باوکی و دوای ڕۆشتنی لوسیان دووبارە و دووبارە دەیوت: باوکە بینیت منی خۆشناوێت.

_ چۆن کچەکەم؟ مەگەر ڕازی نەبوو بەوەی هەموو ئێوارەیەك لای ئێمە بکاتەوە؟

_ بەڵام بەزۆر قبوڵی کرد.

بەردەوام بـــوو وتـــی: بـــاوکە، لێبـــوومەوە لەچـاوەڕوانی، لێبـووومەوە لەناڵانـدن، ئەبـێ شـتێك بکەم ئەبێ شتێك بکەم.

جـاك ئەبـڵەق بـوو کاتێـك گـوێی لەم وشـە نەوتراوانەبـوو کەلەدەمـی کـچە چکـۆڵەکەی دەرەچێـت، وتـی: کـچەکەم، ئـارام بەرەوە، لوسـیان هەرتـۆ لەگەڵ تـۆ هاوسـەرگیری دەکـات، متمـانە بەقسەکانم بکە.

بەڵام فریوی نەخوارد و ژوورەکەی چۆڵکرد.

جـاکیش نەیـدەتوانی بخەوێـت، وای دانـابوو بیـری خۆکـوژی لەمێشـکیدا چەسـپاوە، هەرئەوەیە مەبەستی کاتێ وتی ئەبێ شتێك بکەم.

بەیـانی ڕۆژی دواتـر جـاك جـارۆد لوسـیانی بەڕێـوبەری بانگهێشـتی نوسـینگەکەی کـردوو وتـی: ئەبـێ سوپاسـت بـکەم بـۆئەو سـۆزەی لەهەمـبەر مـاری نوانـدت.... بەڵام پـێم بڵـێ ڕات چییە لەسەر تەندروستی ماری؟

_ پێم وایە پێویستی بەچاودێرییەکی ووردە.

بـاوکی بێچـارەی بەتەوسـەوە سـەری لەقانـد و وتـی: دکتۆرەکـان یەك بیـرن کەوا کـچەکەم لەمەترسـیدایە لوسـیان، ئەو لەسـەر هێڵـی مەرگە

و خۆشەویستی تۆش لاوازتری ئەکات، بێجگە لەهاوسەرگیری تۆهیچی تر ڕزگاری ناکات.

_ هاوسەرگیری لەگەڵ من!

_ بەڵێ، ژیانی بەندە لەسەر ئەو وشەیەی کەلەزاری تۆوە دەردەچێ، هەموو سەروەتەکەمت پێدەدەم لەپێناو ڕزگارکردنی کچەکەم.

_ گەورەم من بەوکارانەت دەزانم، بەڵام تکایە تێ بگە منیش لەوکاتەوەی زانیومە ماری خۆشی دەوێم ئەنالێنم، بەڵام چۆن واز لەخۆشەویستی لوسی بێنم؟ ئەگەر لەجێگەی من بویتایە ڕازی ئەبویت؟

_ لەڕای من مەپرسە لوسیان، بێجگە لەقسەی پیاوێك کە کچەکەی لەسەرە مەرگە هیچی ترنییە و گرنگ نییە بەلایەوە چییەڵێت و چییەکا لەپێناو ڕزگارکردنی، هەموو ڕۆژێك لەبەرچاومدا وەکو گوڵ دەوەرێت بێچارە کچی ئازیزم؟ لوسیان من وەکو پیاوێك قسەت لەگەڵ دەکەم کەئەگەر کچەکەی بمرێت یاعنی خۆشی دەمرێت.

لوسـيان بێـدەنگ بـوو، جـاك وتـی: کەواتە تۆسـووری لەسـەر هاوسـەرگیریکردنت لەگەڵ لوسی؟

_ پاشگەزبوونەوەی نییە گەورەم.

_ کەواتە باشـتێکت پـێ بڵـێم کەنـاتوانی بەرگەی بگـری، بەڵام ئەم هەلـومەرجە ناچـاری کـردم بیڵـێم، هاوسـەرگیریکردنت لەگەڵ لوسـی بـێجگە لەئـابڕووبردن و نـاوپیس کـردن هیچـی تـرت بۆناهێنێت.

_ مەبەسـتت چیـیە گەورەم؟ وادیـارە ئیهـانەی ئەوکچەدەکەی کەخۆشمەوێت.

_ بەڵکـو ئەوکەسـەیە کەتـۆ پێیـدەڵێی خۆشمەوێیت.

_ گەورەم!!!!!!

_ ئەزانـی ئەوکـچەی کەتۆدەتەوێـت نـاوی خـۆتی پێبدەی کێیە؟

_ کچێکی پاکیزە و بەشەرەفە.

_ هەڵەت کرد لوسیان.

کوڕە لەتووەڕییدا هەستا و ڕوخساری سووربببووەوە و هاواری کرد بەسەر جاکدا و وتی: گەورەم تکایە لەوەزیاتر سوکایەتی بەژنەکەم مەکە.

_ کچە فڕەدراوێکی بێسەرپەرشتانە کەکەس نازانێ کێ دایکێتی و کێ باوکێتی.

_ شتێکی نوی نییە بۆم گەورەم، دوای ئەوەش شەرمەزاری بۆ باوانیەتی نەك خۆی.

_ ئەم قسەیە تەنیا شاعیران و خاوەن ئەندێشەکان ئەیکەن، ئەزانی کچی کێیە؟

_ کێیە؟

_ کچی ئەو ژنەیە کەباوکتی کوشت، جان فۆرتییە.

لوسیان ئەبڵەق ببوو لەجاکی دەڕوانی، هاوارێکی پڕ لەئازاری کرد و خۆی بۆنەگیرا کەوتە سەرزەوی.

لەم قسانەی جاك و لوسیاندا ماری و لوسیش لەلایەکی دیکەوە مژووڵی قسەکردن بوون.

وتی: بێجگە لەدوورینی پۆشاك هیچی ترهەیە بژێوی خۆتی پێ دابین بکەی؟

_ نا.

_ ئەتەوێ ئەوەندە پارەت پێبدەم دەوڵەمەندبیت؟

لوسی سەرسامبوو وتی: مەبەستت چییە خانمەکەم؟

_ ئەتەوێ ڕاست و ڕەوان قسەبکەم؟

_ بێگومان.

_ چارەکێک ملیۆنی فرەنکت پێدەدەم، بەڵکو زیاتریش ئەگەر بتەوێت.

لوسی بەخۆی وتی: ئەمە چییە؟ شێت بووە.

دواتر دەنگی هەڵبڕی وتی: بەڵام ئەم دەسبڵاوییە لەپای چی؟

_ لەفەڕەنسا بڕۆیت و نەگەڕێیتەوە.

_ سەیرە، نازانم مەبەستت چییە.

_ لوسیانم خۆشەوێت، و ئەمەوێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەم، هەرچەنێ پارەت دەوێ بیبە و بڕۆ، ئارامیت لێ بردووم، نەخۆشی وادەمکوژێت ئەگەر بۆ لوسیان ببم ئەبمە بەختەوەرترین ئافرەت.

لوسی هەستا و وتی: لەبەرئەمەیە لێم تووڕەیت، ئەموت ئاخۆ لەبەرچی بوبێت وامامەڵەکات، خانمەکەم پێت وایە ڕازی ئەبم؟

_ بۆچی نا؟ زیاترت ئەوێت؟ ئامادەم.

لوسی بەفیزەوە وتی: ڕەتی دەکەمەوە خانمەکەم تەنانەت ئەگەر ملیونان فرەنکیشم پێبدەی، ئەزانی بۆ؟ بزانە من لوسیانم خۆشەوێت خۆشەویستی کاڵانییە تا بەپارە بپێورێت، خۆشمەوێت و خۆشی دەوێم، باخۆی هەڵیبژێرێت. پێم وابێ قسەکانت تەواوبوو ئەتوانی بڕۆی.

بەڵام ماری نەڕۆشت.

ئەو کچە لووتبەرزە لەوکاتەدا پایەو لوتبەری خۆی لەبیرکردبوو. کەوتە سەر ئەژنۆ لەبەردەم لوسی، دەستەکانی بەرزکردەوە و دەپاڕایەوە، بەدەنگێکی لەرزۆك و فرمێسك لەسەر گۆنا وتی: لوسی، نابینی چۆن ئەناڵێنم، نابینی دەمرم؟ خەمی خۆشەویستی وادەمکوژێت تکایە ژیانم پێ بدەرەوە، ئەگەر ڕازی نەبی دەمرم.

لوسی بەزەیی پێداهاتەوە و دەستی گرت، وتی: خانمەکەم، هەستە دڵم پارچە پارچە بووبۆت،

بەڵام نـاتوانم هـیچ بـکەم، دڵ کـاڵا نییە بکڕدرێـت و بفرۆشرێت.

چـاوی مـاری لەڕق و تووڕەیـدا پڕبـوو، قیژانـدی: تۆڵەت لێدەکەمەوە.... تۆڵەت لێدەکەمەوە.

بەپەلە ژوورەکەی بەجێهێشت.

مـاری هێشـتا دوورنەکەوتبـووە لەژوورەکە جـان هاتبوو بۆ سەردانی لوسی.

خەم و ئـازارێکی زۆری لەچاوەکـانی بەدی دەکرد، وتی: کچم چیتە؟

لوسـی بەرگەی نەگـرت خـۆی هەڵـدایە باوەشـی جـان و وەکومنـداڵێکی خەفەتبـاری بچـووك دەگریـا و هەسـتی بە سـۆز و گەرمـی سـنگی دایکـی دەکرد. کاتێ هاتەوە سەرخۆی وتی: ئەناڵێنم.

هەرچـی لەنێـوان خـۆی ومـاری ڕوویـدا بۆیگێڕایەوە.

_ ١٠ _

لوسیان هاتەوە سەرخۆی و ڕووی بەرەو جاك وەرگێڕا و وتی: گەورەم تۆمەتێکی مەترسیدارت بۆ لوسی هەڵبەستووە، هیچ بەڵگەیەکت هەیە؟

_ بێگومان.

ئەوتۆمارەی کە دیسەلماند لوسی کچی جانە دای بەلوسیان. لوسیان چاوی بڕییە تۆمارەکە و وتی: بڕوام کرد.... کچی جانە.

_ ئەو ژنەی کەباوکتی کوشتووە.

_ بەڵام بێتاوانە دڵنیام.

_ بڕوای تۆ حوکمی خەڵك و دادوەر ئەگرێتەوە؟ حەڵکی چییەڵێن ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ کچی بکوژی باوکت بکەی؟

لوسیان بەخەمبارییەوە وتی: ڕاستەکەی، گەشتنم بە لوسی مەحاڵە.

_ کوڕەکەم بینیت ئامۆژگاریت دەکەم.

بێچـــارە لەبـــارودۆخێکی ئەوەنـــدە نالەبـــاربوو وێنـــاکردنی ئەســـتەم بـــوو، ڕووی وەکـــو نەخۆشێکی چەند مانگەبوو.

جـاك: کـوڕەکەم لەشـەرمەزارییەك کەخەریکبـوو تەواوی ژیانـت درێژەبکێشـێت ڕزگـارم کردیـت، لەهەمـــبەر ئەم چـــاکەیەش ئەمەوێـــت کـــچەکەم ڕزگاربکەی.

_ بەڵام ناتوانم.

_ ئەزانـم پیـاوێکی خـانەدانی، ڕزگـارم کـردی ئیـدی چۆن ڕزگارم ناکەی؟

_ گەورەم، بـــارودۆخەکە بەوشـــێوەیە ئـــارام نیـــیە کەتـــۆ وێنـــای دەکەی، تۆقـــانێکی گەورەیە بـــۆمن، چەندین ڕۆژ ئەبێ دەرمانی دڵم بکەم.

_ کچەکەم!؟ ئەم ڕەتکردنەوەیە دەیکوژێت.

_ گەورەم هۆکـــارەکەی پـــێ بڵـــێ پێـــی بڵـــێ بـــۆچی ناتوانم هاوسەرگیری لەگەڵ لوسی بکەم.

_ بەڵام هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکەم دەکەی؟

_ گەورەم بۆسـتە، چەنـد ڕۆژێکـم بـدەیە تـادێمەوە سەرخۆم، نابینی لەچ ئازارێکدام؟

_ باشه، دەوەستین.

_ ڕووخسەتی دوو ڕۆژم پێبدە؟

_ بەدڵی خۆت.

لوسیان بەدەم ڕۆشتنەوە دەیوت: بەڵێ، مەحاڵە هاوسەرگیری لەگەڵ کچی بکوژی باوکم بکەم! لوسی بێچارە! دەمرێت، بەڵام دەسەڵاتی من چییە؟ منیش دەناڵێنم زیاتر لەچاوەڕوانییەکەی ئەو ئازار ئەچێژم.

لوسیان شەقامەکانی پاریسی گرتەبەر سەرلێشواو سەر سوڕما و نەیدەزانی کەواچییەکات.

گومانی تیانەبوو لەسەر ڕاستی هاوسەرگیریەکەی لەگەڵ لوسی، بەڵام تۆقانە وەکو ئەوەی خۆیی دەیلێ دڵی گوشراوە و پارچە پارچە بووە شێتی کردووە.

بەبێ ویستی خۆی قاچەکانی بەرەو نانەواخانەی جانیان برد، هەرکە بینی لەکونچێك دانیشتووە خێرا بەرەو لای هەڵپەی کرد و وتی: بەڕێز لوسیان، پێویستت پێمە؟

بەڵام چیتە بۆ واتلێهاتووە؟ چییە؟ ئەوە دەگریت؟ پێم بڵێ چیبووە! ئەتەوێ لەسەر لوسی قسەبکەی، خوایە، خوایە، لەسەر لەبەیانیەوە دەمزانی بەهۆی خاتوو مارییەوە شتێکمان بەسەردێت.

_ خاتوو ماری ئەمڕۆ سەردانی کردن؟

_ بەڵێ....

_ بۆچی؟

بۆیگێڕایەوە، بەئارامی وتی: لەخۆشەویستیدایە.

جان لێی ڕوانی و وتی: چی؟ هیچ ناڵێی لەسەر لوسی؟ نازانی ئەم سەردانە چەنێك ئازاری داوە؟

_ بێگومان زۆر هەستیارە.

_ هەستیارە؟ ئەم قسانە چییە؟ دیارە سۆزت بۆی نەماوە؟ چییە چیتر ئەوت خۆشناوێت؟

_ لەوانەیە.

_ چی.... چیتر لوسیت خۆشناوێت؟ وڕێنەکەی؟

_ شتێك هەیە وام لێکات وابڵێم.

_ ئەی بۆچی دوێنێ وای لێنەکردی؟

_ لەبەرئەوەی ئەمڕۆ زانیم.

جان تووڕەبوو وتی: سەرچاوەی ئەم درۆ پڕ و پووچانە دەزانم، بزانە چ درۆیەکیان بۆهەڵبەستووە.

_ نەدرۆ نەپڕ وپووچ هیچی لەوانە نییە خانمەکەم، ڕاستییە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر.

_ مەبەستت چییە، ڕوون بدوێ؟

_ مەحاڵە هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم.

_ بەڵام بۆچی؟ بۆ؟

_ لەبەرئەوەی کچی ئەو ژنەیە کەباوکمی کوشتووە.

جان هاواری لێ هەستا و وتی: کچی ئەوژنەی کەباوکتی کوشتووە! کچی جان فۆرتییە!

_ بەڵێ.

_ لوسی. کچی جانی هەڵهاتووە؟

_ بەتەواوی.

خەریکبوو لەدەمی دەربچێت و هاواربکا: کەواتە لوسی کچەکەمە کەچەندین مانگە

بەدوایەوەم، کچەکەم لەبەردەمم بووە! چەند هەنگاوێك دوور و منیش بێ ئاگا.

بەڵام خۆی گرت و وشك بوو..... وتی: سەیرە، سەرسام بووم، بەڵام تاوانی دایکی هەڵدەگرێت؟

_ بێجگە لەوە ئەتوانم چیتر بکەم؟ ئەگەر خەڵکی بزانن چییەڵێن؟

_ بەڵام تۆ پێت وایە بێتاوانە.

_ ئەی لەزمانی خەڵك ڕزگارم دەکات. پێش ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ لوسی بکەم ئەبێت بێتاوانی دایکی بسەلمێنم، خانمەکەم، تکات لێدەکەم بڕۆ بۆلای لوسی، پێی بڵێ.... پێی بڵێ مەحاڵە بۆیەك ببین. دڵم شکاوە بۆ جیابوونەوەی، بەڵام شەرەفمم ڕێگەم پێنادات.

_ گەورەم کارەکە بەمن ڕائەسپێری، ئەتەوێ پێی بڵێم کچی کێیە لەکاتێکدا خەمی خۆشەویستی هەڵنەگرتووە و ئەتەوێ شەرمەزارییەکەشی بخەمە سەر؟ نا گەورەم بەمنی مەکە، تکایە.

خێرا پشتی لێکرد و بەدڵێکی شکاوەوە ڕۆشت.

کەواتە لوسی کچەکەیەتی.

ئەو خۆشەویستیەی لەدڵیدا بوو بانگی دایکانە بوو بۆی.

بەڵام چ کەلێنێکە! چی بەکچەکەی کرد. لەبری ئەوەی بەسۆزەوە باوەشی بکات کەچی بێت و دایکایەتی خۆی لێ بشارێتەوە. لەبری ئەوەی پێی بڵێ: من دایکتم، ناچارە هاواربکات و بڵێ: نا..... نا...... من دایکت نیم.

چ عەزابێکە ئەو ڕۆژەی دایکێك ناچارە دایکایەتی خۆی بشارێتەوە.

_١١_

ئۆڤید سۆلیفەر هەمیشە لەترسابوو بەرامبەر ئاماندای دۆستی.

دەیزانی کەوا ئەو دەزانێت و دڵنیایە ئەم دەستدرێژەی کردۆتە سەر لوسی، لەوەش دڵنیابوو کەوا ناوی ڕاستی ئەو نازانێت و وادەزانێ ناوی بارۆن ئارنۆڵد دی ڕیسە. بەڵام دەترسا وەدووی بکەوێت و نهێنیەکەی ئاشکرابکات. بەخۆی وت: ئەبێ لێی دەرکەم

بـزانم وەدووی چییە، و چەنـدێك بەگومـانە، بـۆچی ڕەچەتەی ڕاســـتی یـــیەکە بەکـــارنەهێنم هەروەك جـاری پێشـوو، وەکـو چـۆن نهێنـیەکەی جـاکم بـۆ ئاشکرابوو.

بـــانگی بـــکەم بـــۆ ســـین ی نزیـــك فۆنتێلـــو بۆهەفتەیەك.

بانگهێشـتێکی بۆئامانـدا نـاردوو خـۆی پـێش ئەو کەوتبـوو بـۆلادێکە دوو ژووریشـی لەهـۆتێلی ((ڕاوچییەکـان)) بەکـرێ گرتبـوو و پێـی وانەبـوو کەبەدوایدا بچێت.

کاتێـك لەدارسـتانی پاشـا بەتەنهـا پیاسـەی دەکـرد کـۆمەڵەیەکی بینـی لەسـەر گیـاکە ڕاکشـابوون وقسـەیان دەکـرد یەکێکیـان دەیـوت: چـارەنووس وای خواسـت پـێکەوە لەسـەر یەك بـاخیرە لەسـاڵی ١٨٦١ بۆئەمریکـا گەشـت بـکەم، لەوێ نـایۆمی مۆرتیمـۆر و کـچەکەی و بەڕێـزێکیش بەنـاوی پـۆڵ هرمـان کەدوای بـوو بەزاوای بەڕێـز مۆرتیمۆر ببینم.

یەکێـــك لەئامـــادەبووان پێکەنـــی و وتـــی: ڕووداوێکـت بیرهێنـامەوە، دزێـك پارەکـانمی دزی بەڵام پۆڵ هرمان بۆیگەڕاندمەوە.

_ پێشتر نەمبیستووە؟

_ چونکە پۆڵ هرمان تکای لێکردم دایبپۆشم لەبەر خێزانەکەی.

پیاوە دکتۆرەکە گەڕایەوە و وتی: لەسەر ئەوباخیرەیە؟ بیرم بێت ناوی لۆردمیر بوو کەنەدی بوو لەسەر ڕەچەتەیەکی ناسراو بەناوی ((ڕەچەتەی ڕاستی)) دوا وتی هەر مرۆڤێک دڵۆپێکی لێبخوات هەرچی لەسکیدایە دەیڵێت.

_ تاقیت کردەوە؟

_ چەندین جار و سەرکەوتویش بوو.

ئۆڤید لەکاتژمێرەکەی ڕوانی و بینی کاتی شەمەندەفەرەکەیەتی، ڕۆشت بۆ وێستگە و ئاماندا پێشوازی لێکرد و بەڕێکەوتن بۆهۆتێڵ.

ڕۆژی دواتر ئۆڤید بەبیانوی سەرئێشەوە لەژوورەکە مایەوە و ئاماندا بەتەنها ڕۆشت بۆپیاسەکردن ڕۆشتە دەرەوە.

هەرکە لەهۆتێلەکە ڕۆشتە دەرەوە دڵۆپێک لەم ڕەچەتەی ڕاستییەی لەبوتڵێک شەراب ناو کاتێ ئاماندا دەگەڕایەوە بۆهۆتێلەکە بینی ئاپۆڕایەك

خەڵـــك ڕێگاكەیـــان گرتـــووە، نزیـــك بـــویەوە و گەنجێكـی لەسـەر ڕێگـاكەدا بینـی كەوتبـوو خـوێنی لـێ بەربـوو وتبوویـان كەوا سـەیارەیەك پیایـا كێشاوە.

ئامانـدا سـەیری ڕووخسـاری برینـدارەكەی كـردو شڵەژا وتی: هەی لەوە، دشمانە.

یەكێك لەئاپۆڕاكە وتی: دەیناسی؟

_ نا، لەپیاوێك دەچێت كە دەمناسی.

بەخێرایـــی دكتـــۆر هـــات و گواســـتیانەوە بۆهـۆتێلەكە. ئۆڤیـد فەرمـانی كـرد خـواردن بـبەن بـــۆ ژوورەكەی، لەســـەر مێـــزەكە دانیشـــت و ئامانداش بەرامبەری.

شەرابی ڕاستی پێشكەش دەكرد.

هێشـــتا نەگەشـــتە قـــوڕگی نیشـــانەكانی لەســـەر دەركەوت و دواتـر بەدەنگـی بەرز پێكەنـی. چەنـد ساتێكی كەم و هەرچی هەبوو دركاندی.

ئۆڤیـد زانـی كەوائامانـدا دەزانـێ ئەم وایكـردووە لە لوســی، نیەتێتـــی وەدووی بكەوێـــت و ئاشـــكرای بكات.

بەدەنگـــی بەرز قســـەیدەکرد و ئۆڤیـــد هـــاواری لێکرد: دەمت داخە، دەنگت نزم بکەرەوە.

قیژانـدی: تۆ.....نـا..... مەحـاڵە بێـدەنگ بـم، ئەبـێ خەڵکی بزانن کەوا دزو بکوژ کێیە.

دواتــر دەســتی کــردبە پەرپەچــدانەوە و وڕێــنەی دەکــرد، دواتــر پێکەنــی و دەنگــی کــپ بــوو، وشەکان لەدەمی دەرنەدەچوون.

لەپڕ لەسەر زەوی کەوت و لەهۆش چوو.

ئۆڤیـد بەخێرایـی دەسـتی گـرت و دەسـتی وەك بەفـر ساردبوو ترسا نەکا ڕەچەتەکە کوشتبێتی.

هەرچەنێـك لەشووشـــەکەدا مـــابوو بەتـــاڵی کـــردوو دەرگـــــای ژوورەکەی کـــــردەوە و خـــــاوەن هـۆتێلەکەی بینـی چەنـد هەنگاوێـك لێـیەوە دوربـوو لەگەڵ کەسێکی دیکە قسەی دەکرد.

ئۆڤیـــد: دکتـــۆرم دەوێـــت، هـــاوڕێکەم لەهـــۆش چووە.

پیــاوەکەی تــر وتــی: مــن دکتــۆرم گەورەم، لێــرەم تابریندارێك چارەسەربکەم.

_ تکایە خێراکە و بیپشکنە.

دکتــۆر ئامانــدای پشــکنیو دەرمانەکــانی لەجانتــاکەی دەرهێنــا، دواتــر بەرەو ئۆڤیــد ئــاوڕی دایەوە و وتــی: ئەگەر چارەکێــك دوابکەوتمــایە دەمــرد بەڵام پێم بڵێ بۆچی ڕەچەتەی ڕاستیت پێداوە؟

_ ڕەچەتەی ڕاستی؟

_ واز لەنکــۆڵی بێــنە، گومــانی تێــدانییە ئەتویســت نهێنــی ئەم ئــافرەتە بزانیــت، پیــاوی بــاش زیادەڕۆیت کردووە خەریکبوو بیکوژی.

_ گەورەم لەبەر هۆکاری مەترسیدار وامکرد.

_ لەســەر مــن نیــیە لەهۆکــارەکەی بگەڕێــم، ئەگەر مــن نەبوومــایە میــوانی گرتووخــانە بویــت، بەمەرجێــك بەڵێــنم پێبــدەی جــارێکی تــر وانەکەی بە پۆلیس ناڵێم.

_ بەڵێنەدەم گەورەم.

دکتــۆرەکە دوای ئەوەی جــارێکی دیــکە بەڵێنــی لێوەرگرت ڕۆشت.

ڕۆژی یەکشــەم هــات و لوســیان وەك کــاری هەمیشــەیی نەهــات بۆدیــدەنی لوســی، گومــان دڵــی لوســی تەنــی بــوو، وتــی: بێگومــان پارەیــان پێــداوە تــا وازم لێبێنێــت، چــوزانم لەوەیە چــۆن چــارەکە

ملیۆنێـــك یـــان ڕژانـــد لەبەردەممـــدا ئـــاواش ڕژاندبێتیانە بەردەمی تا واز لەمن بێنێت؟

بەدرێژایـــی ڕۆژەکە هەر لەچـــاوەڕوانی لوســـیاندا بـــوو، جارێـــك بەردەم پەنـــجەرە و چـــاو لەڕێگـــا جـــارێکیش لەســـەر جـــێگەکەی بـــوو ڕاکشـــابوو دەگریـــا شـــەوداهات، بێچـــارە بەرگەی نەگـــرت، وتی: دەڕۆم بۆخانەکەی تابزانم چیبووە.

دەرگـــاوانەکە وتـــی: بەڕێـــز لوســـیان دوو ڕۆژە گەشتی کردووە.

_ گەشتی کردووە؟ نازانی بۆکوێ؟

_ نا.

_ کەی دەگەڕێتەوە؟

_ نازانم.

لوســـی گەڕایەوە بوشـــوێنەکەی خـــۆی و ئەم گەشـــتە لەناکـــاوەی ســـەری ســـوڕماندبوو ولەهەمان کاتیشدا ترس.

چەنـــد هەنگاوێـــك دوور نەکەوتبـــووە چـــاوی کەوتە ســـەر پەنـــچەرەکەی لوســـیان، ڕوونـــاکی لێوەدەهات، کەواتە گەشتی نەکردووە.

توڕەبـــوو گەڕایەوە لای دەرگـــاوانەکە و پیـــاوەکە بەرگــری لەخــۆی دەکــرد و دەیــوت: ئەو فەرمــانی پێکردم وابڵێم هەرکات تۆپرسیت.

_ ئەو فەرمانی پێکردی؟

_ بەڵــێ، وەســفی تــۆی بۆکردبــووم، تــۆ خــاتو لوسی نیت؟

لوســـی پێویســـتی بەزیـــاتر نەبـــوو، بەگریـــانەوە گەڕایەوە بـــۆژوورەکەی و تێـــر وپـــڕ گریـــا، کەوتە ســەر ســنگی جــان و دەیــوت: جێــی هێشــتم، وازی لێهێنام.

باســـی خـــۆی و دەرگـــاوانەکەی بـــۆگێڕایەوە، و بەدەنگێکــی لەرزۆکەوە وتــی: ئێســتا نرخــی ژیــان چییە لەدوای ئەو؟ مردن لەلام شیرینترە لەژیان.

جــان دڵنەوایــی دەکــرد، لوســی هــاواری دەکــرد: دەبێ بیبینم، دەبێ بزانم بۆچی جێی هێشتووم.

_ پێویســت ناکــات کچــم، ڕاســتیەکە زیــاتر ئــازارت دەدات.

_ چییەڵێی؟ دیارە شتێك دەزانی؟

_ نا، کچم هیچ نازانم.

_ بەڵام بـــۆچی منـــی جێهێشـــت؟ لەبەرئەوەی فـــڕەدراوم، هەژارم، خـــۆ پێشـــتر ئەوانەی دەزانـــی ئەبـــێ بـــڕۆم بـــۆلای.... هەرئێســـتا دەڕۆم وناچـــاری دەکەم هەموو شتێك بڵێت.

جـــان هەوڵیـــدەدا ڕێگـــری لێبکـــات و دەیـــوت: لوســـیان تـــۆی خۆشـــەوێت، و خیـــانەتی لێنەکردویت، بەڵام هاوسەرگیریتان ئەستەمە.

_ ئەســـتەم؟ بـــۆچی؟ شـــتێك دەزانـــی. قســـەبکە، باوکم دز بووە یان بکوژ؟

_ وا بەباوکـــت مەڵـــێ کچـــم باوکـــت باشـــترین کەس بووە.

_ ئەی دایکم؟

جـــان بێـــدەنگ بـــوو، نەیـــدەتوانی بڵێـــت: بەڵـــێ دایکـــت هۆکـــارە، دایـــکە بێتـــاوانەکەت هۆکـــاری دڵ شکاندنەکەتە.

_ قســـەبکە.. چیـــتە بـــۆ بێـــدەنگی؟ لوســـیان بـــۆچی بەجێی هێشتم؟ خەریکە شێتەبم.

وەکو شێتی لێهاتبوو لوسی.

_ لوســـیان نـــاتوانی هاوســـەرگیریت لەگەڵا بکـــات لەبەرئەوەی....

قسەی بۆنەکرا، ناچار بەدەنگێکی لەرزۆکەوە وتی: دایکت تۆمەتبارە بەکوشتنی باوکی.

لوسی پڕ بەپێستی قیژاندی و وشک بوو لەجێگەی خۆی.

دوای کەمێك وتی: کەواتە دایکم کارگەکەی جۆڵ لابرۆی سووتاندوە و کوشتویەتی؟

_ دایکت بێتاوانە؟

_ بەڵام ئەویان تۆمەتبارکردووە.

_ ئەستەمە، بیرت چووە لوسیان خۆشی پێی وایە بێتاوانە؟

_ ئەگەر ئەوە ڕای بێت بۆچی بەجێی هێشتم؟

_ لەبەرئەوەی حوکمی خەڵك و دادگا لەڕای ئەو بەهێزترە.

_ دایکمت دەناسی خانمەکەم؟

_ لەبەڕێزترین ژنەکانە کچم.

_ بێتاوانە؟

_ بێتاوانە نەفرەتی لێمەکە.

_ نەفرەتـــی لێنـــاکەم، داوای بەزەیـــی بـــۆکەم، بەڵام چـــۆن ئەوە لەبیـــــربکەم کە ئەوهۆکـــــاری ئەم ئازارەمە.

_ ئەی ئەوکچـــم، مەگەر ئەویـــش نەیچەشـــتووە؟ لەبراکەت کراوە.

_ برام هەبوو؟

_ بەڵـــێ، کەس چارەنووســـی نازانێـــت ئێســـتا، دایکـــت لەگرتووخـــانە هەڵهـــاتووە نەك بـــۆ ئـــازادی بەڵکو بۆئەوەی بەدوای تۆ و براکەتدا بگەڕێت.

جـــان بەردەوام بـــوو لەقســـەکانی ئـــارام بـــوویەوە و خەوی لێکەوت.ئەوشـــەوە جـــان چـــاوی لەیەك نەنا.

بەدرێژایـــی شـــەوەکە بەجۆرێـــك دەیناڵانـــد وەکـــو ئەوەی پێشتر هیچ دایکێك نەیناڵاندبێت.

_ ١٢ _

ئـــاتیین ڕۆشـــت بۆســـەردانی لوســـیان ی هـــاوڕێی بینـــی لاوازە و خەمبـــارە وتـــی: بـــۆچی

ئاوا،خەمباری هاوڕێکەم لایخۆی دڵخۆشبیت؟ ماری هرمان سەردانی کردم وتی باوکم وەك هاوبەشی خۆی ڕاتدەگەینێت.

_ هاوڕێکەم نازانی کەوا چیم لێقەوماوە ئەگەر بزانی وانالێیت.

_ چ لێقەومانێك؟

_ ئەوەی لەنێوان من و لوسی بوو نەما.

_ چۆن؟ بۆ؟

لوسیان بۆیگێڕایەوە...

_ کێ تۆمارەکانی پێدای؟

_ بەڕێز پۆڵ هرمان.

سەری سوڕما، وتی: چۆن دەستی کەوتووە؟ چۆن گریمانی ئەوەی کرد کەوا لوسی کچی جان بێت و گەڕاوە بەدوای تۆمارەکان و بۆتی هێناوە؟ تۆبڵێی لوسی بینیبێت و بڵێت کەوا لەجان ئەچێت؟

_ نازانم ئەوەیان پەیوەندی بەمنەوە نییە.

_ بەڵام پەیوەندی بەمنەوە هەیە؟ پێم بڵێ، ئەو ئامێرەی کەباوکت دەیویست دروستیبکات پێش کوژرانی چیبوو؟

_ ئامێری سافکردن بوو.

_ لەهەمان ئەوئامێرە دەچێت کە پۆڵ هرمان دایهێناوە وپێی دەوڵەمەندبووە.

_ پێم وابێت.

ئاتیین هەرکە گەڕایەوەماڵەوە دەستەیەکی گەورەبیرەوەری دەرهێنا و دەستی کرد بەخوێندنەوەی.

هەمووی لەسەر سووتانی کارگەکە بوو.

لێبویەوە لەخوێندنەوەی و سەری لەقاند و وتی: پێ ئەچێ زانیبێتم جاك جارۆد کێیە، بەڵام سەرەتا ئەبێت بەڵگەیەکم بەدەستەوە بێت، بەڵێ بەڵگە.

ئێستا هەنگاوێك بۆ دواوە...

کاتێك ئاماندا بەئاگا هاتەوە چاوی گێڕا بەدەوری خۆیدا و لەبارۆن ئارنۆڵد دی ڕیس واتە (ئۆڤید) ی پرسی کەوا چیبووە.

_ بەهۆی خواردنی ئێوارەوە تێکچوویت، ئەگەر بانگی دکتۆرم نەکردبایە دەمردیت.

_ سەیرە، هیچم بیرنییە، بەڵام چۆن بۆ پێشەکی وام لێهات.

پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە لەدەرگا دراو دکتۆر وەژوورکەوت. ئاماندای پشکنی و وتی: خانمەکەم، ئێستا باشتری مەترسیت لەسەرنەماوە.

_ بەڵام گەورەم چۆن وام لێهات؟

دکتۆرەکە کەمێك بێدەنگ بوو، دواتر وتی: لەبارۆن بپرسە ئەو ئەتوانێ وەڵامی پرسیارەکەت بداتەوە.

ئاماندا بیری لەقسەکانی دکتۆر دەکردەوە و وتی: ئەڵێی شتێکی شارەوە لەقسەکانیدایە، بێگومان ژەهرخورادی کردووم.

هەڵپەی دا بەرەو بوتڵی شەرابەکە بەڵام بەتاڵبوو هیچی تیانەبوو، بەخۆی وت: ئێستا تێگەشتم، تەنیا دووپێکم لەمە خواردەوە بەڵام بەتاڵی کردووە تا ئاشکرانەبێت هەردیارە ژەهری تێکردووە تابمکوژێت.

ئەو ئێـوارەیە ئۆڤـید لەکەنـار دەریـا پیاسـەی دەکـرد و ئامانـــداش لەهــۆتێلەکە مـــابوویەوە، کەشـــەکەی تونـــدبوو کـــڵاوی پیرەپیاوێـــك لەبەردەم قـــاچی ئۆڤیـدکەوت ئۆڤـید خێـرا کـڵاوەکەی هەڵگـرت ودای بەپیرەپیـــاوەکە. پیـــاوە پیـــرەکە سوپاســـی کـــرد و وتی: زۆر سوپاس گەورەم....... من...........

قســەی بـڕی و لە ئۆڤـیدی دەڕوانــی، هــاواری لــێ بەرزبوویەوە و وتی: لێرەی! ئەتناسمەوە...

ئۆڤـید شـڵەژاو وتــی: بەداخەوەم گەورەم بیـرم نیـیە بەخزمەت یەك گەشتبین.

_ چـــۆن؟ ڕینـــیە بۆســـکت لەبیرچـــوو ئەوەی پارەکانت لێ دزیبوو لەسەر باخیرەی لۆردمیر؟

ئۆڤـید هەرکە ئەم قســـانەی بیســـت ســـاتێکیش نەوەســـتا یەکســـەر گەڕایەوە بـــۆژوورەکەی و ترس شپرزەی کردبوو.

ئۆڤـیـــد ئەو ئێـــوارە لەژوورەکەی مـــایەوە و ڕۆژنـــامەی دەخوێنـــدەوە، ئامانـــداش لەبـــاخچەکە پیاســـەی دەکـــرد. دانیشـــتوو دەنگـــی نـــامۆی دەبیســـت، گـــوێی لەپیاوێـــك بـــوو دەیـــوت: پیـــاوەکە کـــڵاوەکەی هەڵگـــرت و بۆیگەڕانـــدمەوە، کـــاتێ لـــێم ڕوانی زانیم یەکێکە لەگەورە تاوانبارەکان.

دەنگێکی دیکە کەئاماندا ناسییەوە دکتۆرەکە بوو، وتی: ئەو لەهوتێلی ((ڕاوچییەکان))، ناوی بارۆن ئاڕنۆڵد دی ڕیسە.

_ بارۆن ئارنۆڵد دی ڕیس، ناوێکی ساختەیە، تاوانبارە ناوی ئۆڤید سۆلیفەرە هەرئەوەی وادوێنێ بۆتانم باسکرد ئەوەی کەپارەکەی دزی بووم ئەگەر پۆڵ هرمان نەبوایە ئێستا میوانی گرتووخانەبوو.

دکتۆرەکە: دوێنێ ئەوەندەی نەمابوو ببێت بەبکوژ، بڕێك ئەو ڕەچەتە هندییە سەیرەی تێکەڵ بەخواردنەوەی هاوڕێکەی کردبوو تانهێنی لێ دەربکات بەڵام زیادەڕۆی کردبوو لەتێکەڵکردنی و خەریکبوو بیکوژێت.

کاتێ ئەم قسانەیان دەکرد ئاماندا لەپشت دارەکان خۆی حەشاردابوو گوێی بۆهەڵخستبوون بەوردی.

بەخۆی وت: ئێستا نهێنیەکەیم زانی، ناوی ئۆڤید سۆلیفەرە و بەڕێز پۆڵ هرمان چاوی لێیەتی. هەوڵی دا لوسی بکوژێت بەرگدووری کچەکەی پۆڵ هرمان، بێگومان نهێنیەکی شاراوە لەپشت

ئەم بکوژە و پۆڵ هرمانە. ئەبێ چیبێت ئەم پەیوەندییە؟ ئەوەیە ئەبێت بیزانم.

کاتێ ئاماندا گەڕایەوە بۆژوورەکەی بینی سۆلیفەر چاوەڕوانیەتی، وتی: بۆبابەتێکی مەترسیدار بۆماوەی دوو ڕۆژ دەڕۆم بۆپاریس.

_ کەی دەڕۆیت؟

_ هەر ئێستا.

ماچی کرد و دوای ئەوەی جانتاکەی هەڵگرت لەژوورەکەی وەدەرکەوت.

ئاماندا لەزەنگۆڵەکەی داو بەخزمەتکارەکەی وت: ئەمەوێ ئەو برینداڕەی سەیارەکە پیایاکێشابوو ببینم بەڵام بەنهێنی.

شتێك پارەی پێداو خزمەتکارەکە وتی: ڕێکیدەخەم دڵنیابە.

ئەو برینداڕەش ڕاووڵ دشمانی کارمەندی خانەی پارێزگابوو لەجوانی. کەتۆماری لوسی دەرهێنابوو و دای بەئۆڤید.

خزمەتکارەکە قسەی خۆی بردەسەر و بەنهێنی بۆی ڕێکخست.

کــاتێ ئامانـــدا وەژوورکەوت ســـەری ســـوڕمابوو وتی: ئاماندا!؟ تولێرەی!؟

دشـــمان ڕاکشـــابوو نەیـــدەتوانی بجولێـــت ئامانـــدا لەســـەرخۆ دەســـتەکانی گـــرت و وتـــی: هـــاتووم لەشتێکی مەترسیدار ئاگادارت بکەمەوە ڕاووڵ.

_ چی؟

_ بـــارۆن ئاڕنۆڵـــد دی ڕیـــس دەناســـی؟ مەبەســـتم ئەوپیـــاوەی کەپـــێش چەنـــد مانگێـــك لەجـــوانی دانپێدانانەکەی منی کڕی؟

_ نەفرەتـــی لێبێـــت، ئەو سەنەدانەشـــی لەبازرگـــانی شەڕابەکە بردووە کەساختەم کردبوو.

_ دووژمـــــن مـــــانە ڕاووڵ ئەیەوێـــــت تێوەمـــــان بگلێنێت.

هەرچـــی زانیبـــوو لەســـەر ئۆڤیـــد و تاوانەکـــانی بۆیگێڕایەوە.

ئامانـــدا: ئێســـتا ئەبێـــت تـــۆڵەی لێبکەیـــنەوە. بەشدارئەبی لەگەڵم؟

_ لەناخی دڵمەوە.

_ ئەبێ سەربکەوین، هەرکات چاکبویتەوە دەست پێدەکەین، دووژمنێکی مەترسیدارە بەڵام هەرئەبێ سەربکەوین.

_ ١٣ _

لەلایەن ئاتیینەوە نامەی بانگهێشتی چاخواردنەوە نێردرا بۆ لوسیان، کاتێ ڕۆشت دانیشت و وتی: جارێك وتت کەوا پۆڵ هرمان تۆمارەکەی لوسی پێداوی.

_ بەڵێ.

_ هێشتا پێتە؟

_ بەڵێ.

_ تکایە سبەینێ بۆم بێنە بۆ کارێك پێویستمە.

_ ئەبینم زۆر گرنگە بەلاتەوە ئەم بابەتە.

_ لەبەرئەوەی خەریکە بکوژەکەی باوکت ئاشکرادەکەم.

لوسیان بەسەرسامییەوە هاواری کرد، وتی: بەڕاستیتە، ئەگەر وابکەی هەتاماوم قەرزارت ئەبم.

_ ئارامبگرە تا لێکۆڵینەوەکە تەواوئەبێت، بەوبۆنەوەیە پۆڵ هرمان و کچەکەیم بۆ چاخواردنەوە بانگهێشت کردووە.

_ بۆچی کۆمان دەکەیتەوە لەکاتێکدا نامەوێت بیان بینم؟

_ کارم هەیە.

لەدەرگا دراو پۆڵ هرمان و کچەکەی وەژوورکەوتن، سەرەڕای ئەو ئازارەی لەسنگیدا بوو هەرکە ماری لوسیانی بینی گۆناکانی سوورهەڵگەڕان و لەبەختەوەرتین ئافرەتەکانی دوونیا دەچوو.

کاتێك لەچا خواردنەوە لێبونەوە ئاتیین وتی: وەرن بائێستا کۆتا تابلۆکانی خۆمتان پێ پیشان بدەم.

لەکۆتایدا لەبەردەم تابلۆیەکی گەورە کەبەتەواوی دیواری ژوورەکەی داگیرکردبوو وەستان و ئاتیین پەردەی لەسەر لابرد و وتی: ئەم تابلۆیە وێنای کارەساتێکی دڵتەزێن ئەکات

ئەوکاتەی کەکارگەکەی باوکت لەناوچوو لوسیان، لەوکەسانەش کەتێیدایە ئەو ژنەیە کەتۆمەتبارکرابوو بەکوشتنی باوکت.

ئاتیین بەدەم ئەم قسانەوە بە وردی لەپۆڵ هرمانی دەڕوانی. جاك بەخراپی پەشۆکا و شڵەژاوبوو، بەڵام کۆنترۆڵی خۆی کردبوو.

_ ئەم منداڵە بچوکەش کوڕی خاتوو دارییە یە خوشکی قەشەی ناوچەکە، و ئێستاش یەکێکە لەبەناوبانگترین پارێزەرەکان مەبەستم جۆرج دارییە یە.

لوسیان: سەیرە، ئەو تۆمەتبارە بەتەواوی لەژنێك دەچێت کەئاشناییم.

ئاتیین: مەبەستت لوسی بەرگدووورە؟

_ نا، بەڵکو ژنێکی پەنچا ساڵە بەناوی لیزا بیرین نان فرۆشە، ئەهلی ئاڵفۆرتفێڵە و وتی لەئاشنایانی باوکمە.

ئاتیین بەخۆی وت: ئەم پیاوە کاتێك تابلۆکەی بینی بەخراپی شڵەژا، ڕوانینەکانی ترس بوو، ئەکرێ جاك جارۆد بێت؟ هەر لەوکاتەوەی زانیم داهێنەری ئامێری سافکردنە گومانم بۆدروست بوو، کەواتە ئەمە کاغەزەکانی لابرۆی دزیووە،

ئەم ئـــــامێرە لەئەمریکـــــا دەرکەوت و دەیزانـــــی لوسـی کچـی جانـە، ئەبـێ چـۆن زانیبێتـی ئیتـر؟ بەڵـێ، ئەبـێ جـاك بێـت. بەڵام کـوا بەڵــگە ئەمەم کەمە.

لەو دەمەدا بەهـــۆی تـــایەکی زۆرەوە لوســـی لەسەر جێگا کەوتبوو.

جـان ڕۆژی لاکردبـۆوە هەتـا ئەوکـاتەی زانـی کەوا مەترسـی لەسـەر نەمـاوە بەخـۆی وت: ئێسـتا ئەبـێ ئەم کاغەزانە بگەڕێنمەوە بۆخاوەنەکەی.

ئەو کـــاغەزانەش جـــان چەنـــد ڕۆژێـــك پێشـــتر دۆزیبـــویەوە تـــایبەت بەدۆســـیەیەك هـــی جـــۆرج داریـــیە بـــوو، بەڵام بەهـــۆی پەیوەســـت بـــوونی بەکچەکەیەوە نەیەتوانی بڕوات.

جـان فایلەکـانی هەڵگـرت و بۆمـاڵی پـارێزەر دارییە بەڕێـــکەوت. داوای لێکـــرد و وتـــی: گەورەم ئەتوانم داوایەکت لێبکەم.

_ چاوەڕێتم خانمەکەم.

_ هـــــاوڕێیەکی دەربەدەرم هەیە، دەرکـــــراوە لەئیشـــەکەی بەبـــێ ئەوەی تـــاوانێکی هەبێـت تەنهـا تـــاوانی ئەوە بـــووە، کە کچـــی ژنێـــك بـــووە کەوا حوکمی زیندانی بۆدەرچووە.

_ چۆن ستەمی لێکراوە؟

_ نەیارەکانی شکاتیان لێکردووە لەلای خاوەن کارگەی بەرگدوورییەکە کەوا کاری لێکات و وتویانە کەوا دایکی تاوانبارە، ئیتر ئەویش دەری کردووە. هیچ یاسایەك هەیە سزای هەبێت بۆئەم کارە؟

_ نکۆڵی ناکەم خانمەکەم کەوا کارێکی ناشرینە و تاوانە، بەڵام بەداخەوە یاسا بەتاوانی هەژمارناکات.

_ یاسایەکی گەندەڵە.

_ وایە خانمەکەم.

جۆرج هەستی بەسۆز دەکرد بەرامبەری و جانیش بەهەمان شێوە بەبێ ئەوەی بزانێت کەوا کوڕیەتی.

لەم قسانەدابوون خزمەتکارەکە وەژوورکەوت و وتی: گەورەم بەڕێز پۆڵ هرمان.

جان هەرکە گوێی لەم ناوە بوو گوێ قوڵاخ بوو وتی: پۆڵ هرمان، گەورەم ئەم کەسە هۆکاری ئەم دەردەسەریەیە.

_ لەوەدەچێت باسی لوسی دەزگیرانی لوسیان بکەی؟

_ بەڵێ، بەڵێ، گەورەم.

_ دەوەرە باداوا لەبەڕێز پۆڵ هرمان بکەین باتکا لەخاوەن کارەکەی لوسی بکات تابیگەڕێنێیەوە.

دەستی گرت و بەپۆڵ هرمانی وت: ئەم خاتوونە بەڕێزە هاتووە تالەبارەی لوسی فۆرتییە قسەت لەگەڵا بکات ناوی لیزا بیرینە، نان فرۆشە لوسی دەناسێت.

جاك لەلای ئاتیین ناوی ئەم ژنەی بیستبوو بیستبووشی کەوا زۆر لەجان فۆرتییە دەچێت.

لێی ڕوانی و یەکسەر ناسیەوە، تەنها دەنگی بەسبوو تابزانێت جانە، خۆی گرت و وتی: چیت لەمن دەوێت خانمەکەم؟

_ لێتەپاڕێمەوە لوسی ڕزگاربکە، لەبرسا دەمرێت، دەس بۆهەر ئیشێك ئەبات ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەخاتوو ئۆگستین ەوە دەکەن و ئەویش دەڵێت کەوا دایکی تاوانبارە بۆ هیچ بەزەییەك دەرگای لەسەر دادەخەن.

_ بەمن چی ئەگەر دایکی خوێن مژە؟

_ بێجگە لەوە هیچی ترت نییە بیڵێیت گەورەم؟ داوای هاوکاریت لێکەم بێجگە لەتۆ کەسی تر ناتوانێ یارمەتی بدات.

جاك بەخۆی وت: منی نەناسیەوە، بەڵام خۆ من ئەوم ناسیەوە، بۆچی ئەم هەلە نەقۆزمەوە و بۆهەمیشە لەکۆڵی خۆمی بکەمەوە.

_ خانمەکەم، تۆبەشێوەیەکی پڕ کاردانەوەوە قسەدەکەی واگومانەکەم هاوڕێی بیت، دوێنێ لای هاوڕێیەکی وێنەگرم وێنەی جان فۆرتییەی تاوانبارم بینی ئەتوانم بڵێم لێکچونێك لەنێوانتاندا هەیە.

جان شڵەژا، جاك هاواری کرد: کەواتە تۆ لیزا بیرینی، تۆ جانی هەڵهاتووی، ئەبێ قۆڵبەست بکرێیت خانمەکەم، خۆم بانگی پیاوانی پۆلیس دەکەم.

بەڵام جۆرج ڕەتی کردەوە و وتی: ناتوانم ڕێگەی ئەوەت پێبدەم گەورەم.

دواتر ڕووی لە جان کرد و وتی: خانمەکەم، هەتا لەژێر سەقفی منابیت ئەتوانی بەسەلامەتی بڕۆیت بێ ئەوەی ئازارت پێ بگات.

جـــان ڕۆشـــت؛ خەریکبـــوو ئەبـــورایەوە. پـــۆڵ هرمـــان ویســـتی وەدوی بکەوێـــت بەڵام جـــۆرج داریـــیە پێشـــی لێگـــرت و وتـــی: گەورەم ئـــارەزوی قۆڵبەســـت کردنـــی ئەو ژنە لەلایەن تـــۆوە ئەمخـــاتە گومانەوە لەسەرت وەك چۆن تۆ گومانت لێکرد.

لەبەردەم ئەم وشـــانە پـــۆڵ هرمـــان پێـــی باشـــتربوو بکشێتەوە.

کـــاتێ پـــۆڵ هرمـــان گەڕایەوە بۆمـــاڵەکەی خـــۆی بـــانگی ئۆڤیـــد کـــردوو هەمـــوو ڕووداو و پێشـــهاتەکانی بـــۆگێڕایەوە و نەیـــدەزانی کەوا کۆتـــا شـــت کەدەیکـــات بینینـــی جـــانە، و چـــۆن هەوڵیـــداوە قۆڵبەســـتی بکـــات ئەگەر جـــۆرج داریـــیە ڕێگـــری لێنەکردایە.

پـــۆڵ: ویســـتم پـــۆلیس ئاگـــاداربکەمەوە بەڵام ترســـام خـــۆم ئاشـــکرابکەم و جـــۆرج داریـــیە زیـــاتر گومـــان بکات.

_ فەرمان بەچییەکەی؟

_ کوشتن باشترین چارەسەرە.

_ کوشـــتن زیـــاتر گومانـــاوی دەبێـــت، پـــۆلیس پەیوەنـــدییەك لەنێـــوان هێرشـــەکەی لوســـی و

کوشتنی جان دەدۆزێتەوە ئەگەر ئەوکات ڕوویدا ئێمە لەناودەچین.

_ کەواتە چی؟

_ بەڕێگایەکی دیکە لەناوی دەبەم، بەجۆرێک ڕێکی خەم وەکو ئەوەی ڕوودوابێت.

_ پێکات، ئەوەکارە ڕاستەکەیە.

ناونیشانەکەی پێدا و وەسفیشی کرد بۆی.

دوای نیو کاتژمێر ئۆڤید چۆڵی کرد و بیری سەرقاڵ بوو بەوەی چۆن جان لەناوببات.

هەمان شەو؛ کاتژمێرێک پێش خۆرهەڵاتن ئۆڤید خانەکەی بەجێهێشت و لەکوچێکی نزیک شەقامی بۆربۆرن نزیك خانەکەی جان وەستا.

نزیکی کاتژمێر پێنجی بەیانی ژنێکی بەهەمان ئەو وەسفە بینی کەوا جاك بۆیکردبوو، وەدووی کەوت، هەتا گەشتە نانەواخانەکە و هاوڕێکانی بەلیزا ناویان برد زانی جانە.

بەدرێژایی ڕۆژ شەقام بەشەقام ماڵ بەماڵ وەدووی بوو، هەتا تەواو ئاشنابوو بۆکوێ دەڕوات و بۆکوێ ناڕوات.

ئێــوارەکەی گەڕایەوە خــانەکەی بەخــۆی وت: بــۆ ئەمــــلاو لا ئەجەلــــی هــــاتووە، بیکـــوژم هـــیچ مەترسییەك نامێنێتەوە.

_ ١٤ _

ئـــاتیین دووبـــاره لەبکـــوژی جـــۆڵ لابـــرۆی دەکــــــۆڵیەوە، تۆمــــاره دڕاوەکەی لە لوســــیان وەرگرتبــــوو و ڕۆشــــت بــــۆ جــــوانی تاپیشــــانی پارێزگــارەکەی بــدات، وتــی: ئەمە دزییە، ئــاخۆ کــێ کردبێتــــی؟ بێگومــــان ڕاووڵ دشــــمانە دوای ئەوەی چــــاوی بەپیــــاوێکی پاریســــی دەوڵەمەنــــد کەلە ناوچەکەدا دەرکەوتووە کەوتووە.

_ لەکوێیە ئەم دشمان ناوە؟

_ دەرکـــراوە لەکـــارەکەی ڕۆشـــتووە بۆپـــاریس، ئاگـــــادارکراینەوە کەوا توشـــــی ڕووداو بـــــوو و گـــوازراوەتەوە بـــۆ هـــوتێلی ((ڕاوچییەکـــان)) لە فونتنبلو.

ئاتیین بێ دوو دڵی بەڕێکەوت.

خاوەن هۆتێلەکە: ڕاستە گەورەم، گوازراوەتەوە بۆئێرە، بەڵام ئەوڕۆ گەشتی کرد بۆپاریس وتی ڕۆژی یەکشەم لەگەڵ خاتوو ئاماندا دەگەڕێتەوە.

_ ئەوخاتوون کێیە؟

_ هاوڕێی بارۆن ئارنۆڵد دی ڕیسە.

ئاتیین لەجوانی زانیبووی ئەم بارۆنە دشمانی تێوەگلاندووە، وتی: کەواتە بارۆن هاوڕێی دشمانە.

_ نا، تابارۆن نەڕۆشت ئاماندا چاوی بەدشمان نەکەوت.

_ ناونیشانی ئەم بارۆنە دەزانی؟

_ بەڵێ لەتۆمارەکەدا نوسراوە.

بەڵام لەپاریس ئەو ناونیشانەی پێیان دابوو بارۆنی لێنەدۆزیەوە، زانی ناونیشانی ساختەی پێداون.

بەخۆی وت: ئەگەر هەر سێکەیان کۆبکەمەوە نهێنییەکە ئاشکرادەبێت بەڵام بەچییەچێت ناونیشانی هیچیان نازانم.

بە ناوئومێدییەوە گەڕایەوە ماڵەوە.

ڕۆژی دواتر ئاتیین ڕۆشت بۆسەردانی جۆرج، ئەوەی لەنێوان جان و پۆڵ ڕوویدابوو بۆیگێڕایەوە و چۆن ویستویەتی قۆڵبەستی کات ئەگەر جۆرج نەبوایە.

_ سەیرە، هەر مەسەلەیەك پەیوەندی بەجانەوە هەبێت پەنچەیەکی ئەم پۆڵ هرمانەی تیایە، بەوچی؟ بۆ ئەبێ ئەوەندە گرنگ بێت بەلایەوە؟

_ گومانت هەیە؟

_ بەڵێ، وەکو پێم وتی پێم وابێت جاك جارۆدە، تەنها بەڵگەیەکم کەمە، بەڵام دڵنیام چاوەڕوانیم درێژە ناکێشێ.

ئۆڤیدیش لەلایەکی دیکەوە بیری لەلەناوبردنی جان دەکردەوە.

وەك پێشتر وتمان وەدووی کەوتبوو هەموو ڕێگا و کونجێکی دەزانی کەوا دەیگرتەبەر.

ڕۆژێك گونێیەکی پڕ لەبەرد کردبوو لەسەر دیواری یەکێك لەماڵە چۆڵەکان لەچاوەڕوانی جاندا وەستابوو بینی لەدوورەوە بەماندوێتی دێت.

کاتێـــك وورده وورده گەشـــتە بەردەم مـــاڵەکە کیســـە بەردەکەی هاویشـــتە ســـەر ســـەری جـــان و خۆشـــی کەوت.

جـــان وئەو غـــوڵامەی کەلەپێشـــی دەڕۆشـــت لەســـەر زەوی کەوتـــن، خـــوێن لەبرینەکانیـــان دەچـــۆڕی. غـــوڵامەکە دەســـبەجێ مـــرد، جـــانیش تەنهـــا ڕووشان و برینی سوکی هەبوو.

بەڵام کاتێـــك ئۆڤێـــد بینـــی لەســـەر زەوی کەوتـــووە وایزانـــی مـــردووە خێـــرا ڕۆشـــت بـــۆلای جـــاك تـــاوەکو پێی بڵێت.

ســـەحەری یەکشـــەمە ئـــاتیین بەمەبەســـتی بینینـــی ئاماندا و دشمان بەرەو هۆتێلەکە بەڕێکەوت.

زۆر چـــاوەڕوانی نەکێشـــا و خزمەتکـــارەکە هەواڵـــی هـــاتنی پێـــدان ئـــاتیین خـــۆی پێناســـاند و وتـــی: هـــاتووم لەســـەر پـــۆڵ هرمـــان قســـەتان لەگەڵا بـــکەم، بەڕێـــز دشـــمان تـــۆ بویـــت تۆمـــارەکەت لێکـــردۆتەوە و داوتە بەبارۆن ئارنۆڵد؟

ســـەرتا دشـــمان ویســـتی نکـــۆڵی لێبکـــات بەڵام ئامانـــدا وتـــی: بـــۆچی نکـــۆڵی لێکەیـــت؟ بەڵـــێ، ئەو کـــــردی، ئەو پیـــــاوە پـــــارەی پێـــــدابوو، بەڵام تۆڵەکەینەوە.

ئاماندا باسی کاغەزە ساختەکانی بۆکرد و چۆن بارۆن پاراستویەتی تا وەکو چەکێك بەکاری بهێنێت، و ئێستا لەدوویەوەن تابیگەڕێننیەوە. نازناوی بارۆنیشی ساختەیە.

هەرچی دەربارەی تاوانەکانی زانیبوی بۆیگێڕایەوە و ناوی ئۆڤید سۆلیفەرە، و بۆ پۆڵ هرمان کاردەکات.

_ ئەمە هەمووگومانەکانم ڕاستەکاتەوە، پێم وابێت پۆڵ هرمانیش ناوەکەی ساختەکەیە و ناو جاك جارۆدە، ئەگەر بەدوای تۆڵەوەن بۆچی لەگەڵم نابن تا ناوی ئەو جانە داماوەش پاکبکەینەوە؟

هەرسێکەیان ڕێککەوتن، پیلانێکی تۆکمەیان دانا تاوەکو سەربکەوێت.

ئاتیین: بەڕای من نامەیەك بنێرین بۆ پۆڵ هرمان بەنای ئۆڤیدەوە و داوای لێبکەین ((ئەم ئێوارەیە لەماڵەکەم بم بینە)).

لەوکاتەدا دشمان لەنزیك ماڵی جاك دەبێت، هەرکە بینی وەدەرکەوێت وەدووی بکەوێت، بەم شێوەیە بەئاسانی شوێنی ئۆڤید ئاشکراکەین.

_ ١٦ _

کاتێـــک ئۆڤێـــد زانـــی جـــان نەمـــردووە، ئەو بەردانەش کە کەوتبـوونە سـەری تەنهـا تووشـی برینـی سـوکی کردبـوو و چەنـد ڕۆژێکـی کەم و چاکببوەوە، نـامەیەکی نـارد بـۆ بـنکەی پـۆلیس و ئاگـــاداری کـــردنەوە کەوا لیـــزا بیـــرین جـــان فۆرتییەیە.

لەو شـوێنەی کە نـامەکەی دەنووسـی ئەو بـاڕە بـوو کەوا نانەواخانەکـان تیایـدا کۆدەبـونەوە جانیـان دەناسـی، هەموویـان جانیـان خۆشدەویسـت و ڕێزیـــان دەگـــرت، بەهـــۆی چـــاکبونەوەی دەیانویست ئاهەنگ بگێڕن.

کاتێـک ئۆڤێـد بەمەی زانـی دانیشـت هاوبەشـی کـردن تەنـانەت لەئامـادەکردنی پێـنج فرەنکـی دا کەبڕێکی زۆرە تاکارەکەی پێ ئاسان بکات.

بەبیـری هـات ڕەچەتەی ڕاسـتیەکەی دەرخـوارد بـدات، تـاوەکو تـاپۆلیس دەگەن وابـزانن سـەر خۆشـبووە و نـاوی ڕاسـتی خـۆی وتـووە و خـۆی ئاشکراکردووە.

واڕێـــکەوت لەوکـــاتەدا خـــاتوو ئۆگســـتین کـــارێکی بەئامانـــدا ڕاســـپاردبوو، بەو شـــەقامە تێـــپەڕی و لەشوشـــەکەوە ڕووی ئۆڤیـــدی بینـــی، لەدەرگـــایەکی دیـــکە بـــێجگە لەدەرگـــای ســـەرەکی وەژوورکەوت و لەکونجێـــك بـــۆ ئەوەی ئەو ببینێـــت دانیشـــت، بەهیوای چوونەدەرەوەی و شوێن کەوتنی.

کـــاتێ دانیشـــتبوو گارســـۆنەکە هـــات بـــۆلای ولێـــی پرســـی کە چییەخـــوات، پێـــی وت کەواتە بەخۆشـــی لیزابیرینەوە ئاهەنگ ئەگێڕن.

گارســـۆنەکە وایزانـــی وەکـــو نانەواکـــانی دیـــکە ڕێزی جان دەگرێت.

ئۆڤیـــد جوتێـــك گـــوارەی فەیـــرۆزی دەرهێنـــا و بەگارۆســـــۆنەکەی وت: ئەم جـــووتە گـــــوارەیە پێشکەشی لیزادەکەم، لەکاتی ئاهەنگ گێڕانەکە.

ئەم جـــووتەش بۆتـــۆ ئەگەر یـــارمەتیم بـــدەی لەوەی ئەمەوێ.

گارسۆنەکە سەرسامبوو وتی: چیتەوێت؟

_ مـــن شـــتێك لەســـەر لیـــزا دەزانـــم ئێـــوە نـــایزانن، دەنگێکـــــــــی خۆشـــــــی هەیە، بەڵام دوای ئەوەی بەســـەر ئەوکەســـەی خۆشـــیەوێت هـــاتووە گـــۆرانی

نالێت، ئەمەوێت جارێکی دیکە گوێم لەدەنگی بێت.

_ کەواتە چی؟

_ خواردنەوەیەکی هندی سەرسوڕهێنەرم لایە هەرکەس بیخواتەوە خەمی لەبیردەچێتەوە و گۆرانی دەڵێت، ئەگەر دوو دڵۆپ بخەیتە ناو شەرابەکەی ئەم جووتە گوارەت پێدەدەم.

_ زۆر ئاسانە، بەڵام ئەترسم ئازاری بدات.

_ چۆن ئازاری بدات؟ بۆچی بمەوێت ئازاری بدەم؟ ئەوەی ئەمەوێت تەنها چێژ بینینە لەدەنگی.

_ بەڵام چۆن لەبەردەم ئەم هەمووە پێی دەدەی؟

_ شوشەیەکی بچوکت پێدەدەم سێ دڵۆپ لەو شوشە لەشەرابەکە بکە و جووتە گوارەکەت پێدەدەم.

خزمەتکارەکە قایل بوو و جووتە گوارەکە و شوشەکەی لێسەند، ڕوشتە ئەو ژوورەی ئاماندای لێبوو، ئاماندا دەستی گرت و لەچاوی ئۆڤید دووری خستەوە، وتی: بیستم لەگەڵ ئەو پیاوە باسی چیتان دەکرد، ئەیەوێت بەو شەرابە

ئەو ئـافرەتە لەناوببـات، ئـازاری بـدات، وەك چـۆن نیەتـی ئەو پیـاوە ئەزانـم ئـاواش دەزانـم شـەرابەکە بۆچییە.

گومـانم نیـیە واتزانیـوە ئـازاری نـادات بـۆیە قایـل بویت، بەڵام پێچەوانەیە.

لەبەرئەوەی خزمەتکـــــارەکە وەك نانەواکـــــانی دیــکە جــانی خۆشەویســت تــووڕە بــوو، وتــی: بۆیــدەگەڕێنمەوە و جــووتە گــوارەکەش فــڕەدەدەمە سەروچاویا.

_ نا، بەڵکو هەڵی بگرە، باوابزانێ ڕازی بویت.

_ چۆن؟

_ لەبــری خــواردنەوەکەی جــان لەخــواردنەوەکەی ئەوی بکە.

_ شەرابەکە چی لێدەکات؟

_ هەرکەس بیخــواتەوە نهێنیــی خــۆی ئەدرکێنــێ، ئەگەر بیخـــــواتەوە دان بەتاوەنەکەیـــــدا دەنێـــــت لەبەردەم ئامادەبووانــــــدا، تاوانەکــــــانی بە لەســێدارەدان کۆتــایی پێــدێت، ئەگەر بیخــواتەوە خەڵکــی نــیەتە پیســەکەی ئەزانــن و ئەزانــن کەوا دوژمنی جانە.

_ کەواتە دڵنیـابە لیـزا نـایخواتەوە، بەڵام کێـیە ئەم پیاوە؟ ئەمەوێ بە خاوەن باڕەکە بڵێم.

_ وانەکەیــت، دەری بکــات ڕیســەکەمان ئەبێــتە خوری.

_ کەواتە لەناوی دەکەم و بێدەنگ دەبم.

ئامانــدا دووســەد فرەنکــی درەهێنــا وپێیــدا دواتــر گەڕایەوە بۆکارگە.

هەمــوان دانیشــتبوون و جانیــان لەناوەڕاســتی خۆیاندا دانابوو، لەبەردەمیشیدا چەپکێك گوڵ.

لەم کــاتەدا دوو پــۆلیس وەژوورکەوتــن، ئۆڤیــدیش لەنزیکــی جــان، دڵنیــابوو لەوەی ئەم دوو پۆلیســە بۆجــان هــاتوون، بەڵام هەتــا دانــی پێــدانەنێت واناکەن.

هەمــوان دڵخــۆش بــوون بــێجگە لەئامانــدا کە لەکـــــارگەکە گەڕایەوە و لەدوورەوە چـــــاودێری دەکــردن، ئــارامی لــێ بڕابــوو هەرچــاوەڕوانبوو شەرابەکە کاری خۆی لەسەر ئۆڤید بکات.

کـــــاتژمێر ســـــێ لەخـــــواردنەوە لێبـــــونەوە، خزمەتکــارەکە قــاوەی دا بەهەمــووان، دڵــۆپێکی

لەوەی ئۆڤید کردبوو، ئەویش وایزانی لەوەی جانی کردووە.

کاتێ تەواوبوون ئۆڤید کەوتە وەسفکردنی جان و جووتە گوارەکەی بەهەدیە پێدا هەموان چەپڵەیان لێدا لەپای ئەو کارە.

ئۆڤید دەستی خستە سەرتوێڵی، خواردنەوەکە خەریکبوو کاریگەری دەردەکەوت، ئامادەبوانیش سەرسامبوون لەوەی کە دەیانبینی چاوەکانی سوور ببونەوە، خاوەن هۆتێلەکە پێی وت: بەڕێز لوبرین چیتە؟

ئۆڤید بەدەنگی بەرز پێکەنی و وتی: گەمژە ناوم لوبرین نییە، ناوم ئۆڤید سۆلیفەرە، لەشوێنێك دەژیم پۆڵ هرمان ی کوڕە خاڵم ئەو پیاوە دەوڵەمەندە بۆی دابین کردووم.

جان تەزییەك بەلەشیداهات کاتێك گوێی لەو ناوەبوو، هەموان بەوەی ئۆڤید سەرسامبوون، بەردەوام بوو لەقسەکردن: ئێوە پۆڵ هرمان دەناسن، خاوەنی کارگەی کورینوای بەناوبانگە پێم وتن خۆ کوڕە خاڵمە. بەڵام درۆم کرد، تەنانەت کوڕە خاڵیشم نییە لەپیاوانی خانەدانیش نییە، بەڵکو دز و بکوژە.

بەڵێ بیست و دووساڵ پێش ئێستا ناسیم، لەسەر باخیرەیەك بۆ نیویۆرك دەڕۆشتین، لەپای ئەو سێ تاوانەی كردبووی ڕایكردبوو، خۆی بەناوی پۆڵ هرمان ناساندبوو و كوڕی خاڵم بوو مردبوو، نهێنییەكەیم ئاشكرا كردوو لەوكاتەوە بەگوێم دەكات، ناوی ڕاستەقینەی جاك جارۆدە.

جان ئەبڵەق بوو هەستا و دەستی ئۆڤیدی توندگرت وتی: جاك جارۆد؟ ئەو جاك جارۆدەی بەپۆڵ هرمان خۆی ناساندووە؟

_ بەڵێ، ئەوە دووبارەش پێتەڵێمەوە، پۆڵ هرمانی ڕاستەقینە لەمێژە مردووە، ئەم پیاوە جاك جارۆد ناوی ئەوی بردووە، هەرئەوە بیست و یەك ساڵ پێش ئێستا بەڕێز جۆڵ لابرۆی كوشتووە و لەكارگەكەی ئاڵفۆرتفێڵ، شەرابە هندییەكەم پێدا وهەموو نهێنیەكانی خۆی پێی وتم، هەروەك چۆن بۆتۆشم تێكرد لیزا بیرین.

جان سەرسامبوو وتی: مەبەستت چییە؟

خزمەتكارەكە: ئەوەی بۆت داینابوو بێ ئەوەی بزانێ خۆی خواردییەوە.

ئۆڤید ئاگای لەقسەی خزمەتكارەكە نەبوو بەردەوام بوو وتی: ئەو شەرابەی كە

دەیخـــۆیتەوە واتلێکـــات هەرچـــی نهێنیـــت هەیە ئاشـکرای بـکەی تـۆ نـاوت لیـزا نیـیە نـاوت جـان فۆرتییە یە.

جان ترسا و وتی: دەمت داخە.

_ بەڵـێ، تـۆ جـانی، هەوڵـم دا بەبەرد بتکـوژم وەك چۆن هەوڵـم دا کچەکەشـت بکـوژم. بەڵـێ تـۆ جـانی هەڵهاتووی لەگرتووخانەی کارسۆن.

هەموان زانیان...

سـەیری ئۆڤیـد وجانیـان دەکـرد، جـان هەسـتا هـاوار بۆتـــۆ چەپەڵـــی نەفرەتـــی، ڕزگـــارت کـــردم و وئێستاش ئەتەوێ لەناوم بەیت.

بەڵـــێ هاوڕێیـــان مـــن نـــاوم جـــان فـــۆرتییەیە، مـــن نـــاوم جـــان فـــۆرتییەی حـــوکم دراوە و هەڵهـــاتووم لەگرتووخـــانە، بەڵام ئەو تاوانـــانەی کە جـــاك کردبـــووی بەســـەر منـــدا درا، ڕاســـتیەکەتان لەم ســـاختەچییە بیســـت، تەنهـــا لەپێنـــاو کـــچەکەم و کـــوڕەکەم هەڵهـــاتم کـــچەکەم کەئەم ســـاختە چیـــیە ویستی بیکوژێت.

هـــاوار لەدەس تـــۆ هەی نـــاکەس بەجـــێ، لەبەردەم هەمـــووان گەواهیـــدرا، پـــاکەبمەوە و منـــداڵەکانم چیتر شەرمەزارنابن.

ئێـوەش هاوڕێیـان ئێسـتا زانیتـان مـن کـێم، زانیتـان چی بووە خۆتان حوکم بدەن.

هەمــوان هەســتان و چەپڵەیــان بۆجــان لێــدا، ئۆڤێــدیش تووشــی دەمــارگیری بــوو لەســەر کورسییەکە کەوت.

پۆلیســەکان خەلکەکەیــان جیــاکردەوە و بەجانیــان وت: جــان فــۆرتییەی هەڵهــاتوو بەنــاوی یاســا قوڵبەستت دەکەین.

خــاوەن بــاڕەکە: بەڵکــو ئەبــێ ئەم دزە بگــرن نەك ئەم ژنە.

_ خەڵکــی کەوتــنە جموجــوڵ، و کەوتــنە نێــوان پــۆلیس و جــان، یەکێــك چپانــدی و وتــی: خێــراکە ڕاکە.

جــان دووبــارە هەڵهــات، خەڵــکەکە ڕێگەیــان بەپۆلیس نەدا، ئۆڤێد هەروەك خۆی بوو.

یەکێــك لەپۆلیســەکان بــۆ خــاوەن بــاڕەکە: بــڕوام کــرد، ئەبــێ ئەم پیــاوە لەبەردەم دادوەر قســەکانی دووبــارە بکــاتەوە. ئۆڤێــدیان بەگالیســــەکە گواستەوە بۆبنکە.

خزمەتکارەکە ڕۆشتە ژوورەکەی ئاماندا بەڵام ئەوی لێنەبوو بەخێرایی ڕۆشتبوو بۆلای ئاتیین تاوەکو پێی بڵێت.

بەڵام لەماڵەکەی نەبوو، گەڕایەوە ماڵەوە و چاوەڕێی ڕاووڵی دەکرد، هەتا کاتژمێر دوو نامەیەکی لەڕاووڵ پێگەشت وتبووی چاوەڕێی ئۆڤیدە لەوەیە ئەو شەو نەگەڕێتەوە. دڵنیابووە و ڕۆشت بەئارامی لەسەر جێگە بخەوێ بەڵام دڵی ئۆقرەی نەگرت.

ئۆڤید برابوو بۆبنکە و لەژوورێکی تاکە کەسی نرا، تاکاتێ کاریگەری خواردنەوەکە نەما خەوت.

کاتێ بەیانیەکەی هەستا خۆی لەسەر جێگەیەکی تەختە و پۆلیسێك لەپەنای دیتەوەوسەری سوڕما و وتی: لەکوێم؟

_ گرتووخانە.

تۆقاو لەجێگەکەی پەڕی وتی: کەی گیرام؟

_ کاتژمێر پێنجی دوێنێ ئێوارە، لەوپەڕی بێ ئاگایدابویت.

ئۆڤید هیچی بیرنەبوو، جەستەی شەکەت بوو پاڵی دایەوە و دەستی لەسەر تویڵی نا، هەمووی بیرکەوتەوە و بەخۆی وت: دیارە خزمەتکارەکە دەرخواردی منی داوە.

_ ئەی هاوار خۆمم لەناوبرد.

پاش کەمێک سێ پۆلیس هاتن و بردیان بۆلای دادوەر. دادوەر دەستی کرد بەپرسیارکردن وتی: ناوت چییە؟

_ بیار لوبرین.

لێی ڕوانی و وتی: بەڵکو درۆزنی.

بەپێداگرییەوە وەڵامی دایەوە و وتی: ئەگەر ناوم ئەزانی بۆلێم ئەپرسی؟

_ بەڵێ، ئەزانم ناوت ئۆڤید سۆلیفەرە.

_ ئەگەر تۆ پێی ڕازیت منیش لەسەری ڕازیم.

_ بەم قسانە سەرقاڵمان مەکە، ئەگەر تۆ وەڵامم نەدەیتەوە پۆڵ هرمان وەڵاممان دەداتەوە.

ئۆڤید موچڕکەیەك بەلەشیداهات و لەدڵی خۆیدا وتی: دیارە زۆر قسەم کردووە لەبارەکە.

_ گەورەم، دیـــارە هەڵەتێگەشـــتنێك بـــووە، وەك ئەوەی تۆمەتباربم پرسیارم لێدەكەی؟

_ بەمـزووانە دەیزانـی، ئێسـتا وەڵامـم بەرەوە پـۆڵ هرمان كوڕی خاڵتە؟

_ بەڵێ.

_ دیســـان درۆكەی، لەبـــاڕی نانەواخانەكـــان وتبـووت كەوا پـۆڵ هرمـان مـردووە، ئەم پیـاوەی ئێستا ناوی ئەوی بردووە.

ئۆڤیـد دڵینـا بـوو لەوەی هەمووشـتێكی وتـووە: سەرخۆشـبووم كـاتێ ئەو قسـەم كـردووە نـازانم چیم وتووە.

_ كەواتە كاتێـك بەلیـزا بیرینـت وتبـوو تـۆ جـانی هەڵهاتوویت ئەوكاتەش هەر سەرخۆشبوویت؟

_ جان كێیە؟ نایناسم؟

_ ئەو ژنەیە كەویســـتت بەبەرد بیكوژیـــت وەك چۆن هەوڵتداوە كچەكەشی بكوژیت.

_ كێ بوێری كردووە تۆمەتی وای خستۆتە پاڵم؟

_ ئەوانەی لەبەردەمیـان دانـت بە هەمـوو شـتێك نـاوە، زمانـت بەو خـواردنەوەیە هـاتۆتە گـۆ كەبە

خزمەتکـــارەکەت وتبـــوو بیـــدا بەلیـــزا بیـــرین، داویەتـــی بەتـــۆ و هەمـــوو شـــتێکت ئاشـــکرا کـــردووە، ئێســـتا کـــوڕی بـــاش بەو بڵـــێ لەکـــوێ نیشتەجێیت؟

ئۆڤیـد توڕەبـوو مەچەکەکـانی لەیەك نـاو گوشـی، وتـــی: لەڕێـــگەی خزمتکردنـــدا خـــراپەیەکم لەگەڵ خۆمـدا کـردووە و هەرگیـز لەخـۆم خۆشـنابم. ئێسـتا بـزانە مـن لەشـەقامی کلیشـی ١٧ دەژیـم، بـێجگە لەوە پرســـیاری هیچـــی تـــرم لـــێمەکە و وەڵام نادەمەوە.

_ پـۆڵ هرمـانی ڕاسـتی مـردووە ئەوەشـی ئێسـتا نـاوی هەڵگرتـووە درۆدەکـات نـاوی جـاك جارۆدە وایە؟

ئۆڤیـــد شـــانەکانی هەڵتەکانـــد و وەڵامـــی نەدایەوە، دادوەر فەرمـــانی کـــرد لە گرتووخـــانەی بنـــێن، ئێـــوارە ســـەرۆکی پـــۆلیس هـــات بـــۆلای دادوەر و وتـــــی: ئەتەوێ بـــــڕۆین بۆمـــــاڵەکەی ئۆڤیـــــد سۆلیفەر؟

_ ئەبـێ وابکەیـن، نیـوە شـەو دەڕۆیـن بـۆئەوەی چاو نەیتەسەرمان. ئامادەبە.

* * *

پۆڵ هرمان ئەوشەو لەسەر ئەوبروسکەی کە ئۆڤید بۆیناردبوو ڕۆشتبوو بۆماڵەکەی و ڕاووڵیش بەدویدا، سەرسامبوو نەیدۆزییەوە لەماڵەکەی، کاتژمێرێك وەستا و گەڕایەوە.

ماڵەکە لایەکی چۆڵبوو، ڕاووڵ هەلەکەی قۆستەوە ودەرگای ماڵەکەی شکاند و وەژوورکەوت چەند سندوقێکی بینی لەسەر زەوییەکە هەڵی گرتبوو بۆ بۆینس ئایرس، چەند کاغەزێك پارەشی بینی دانرابوو گەڕاو لەجزدانەکەیدا دانپێدانەکانی ئاماندا و سەنەدە ساختەکانی دۆزییەوە بەجۆرێك دڵخۆشبوو وەسف نەدەکرا بردی و وەدەرکەوت، کاتێ پۆلیس گەشتە ماڵەکەی ئۆڤید بینیان دەرگای ماڵەکەی شکاوە و کاغەزە پارەکانیش لەجێی خۆین وتیان دزی نەبووە بەڵکو بۆشتی تر هاتووە لەوەیە هاوبەشی تاوانەکانی بێت و ویستبێتی هەرچی پەیوەندی بەوەوە هەیە لەناوببات یەکسەر گومانیان لەپۆڵ هرمان کرد هەرچی لەوێ بوو هەڵیان گرت وبردیان.

ئاماندا لەوپەڕی شڵەژان بوو کاتێ ڕاووڵ وەژوورکەوت، وتی: خێراکە باپڕۆین بۆلای ئاتیین کاغەزەکانم دۆزییەوە.

_ ئەوانەی خۆمان؟

_ بەڵێ، لەگەڵ وەفاتنامەی پۆڵ هرمان لەماڵەکەی دزیم لەوێ نەبوو.

_ لەبەرئەوەی دەستگیرکراوە.

بەدەم جل لەبەرکردنەوە هەمووی بۆگێڕایەوە و پێکەوە ڕۆشتن بۆلای ئاتیین.

ئاتیین ئۆقرەی لێبڕابوو لەتاو چاوەڕوانی ڕاووڵ، لەسەر مێزەکە دانیشتبوو نامەی بۆجۆرج دارییە دەنووسی.

کرێکارێکی بانگکرد تا تابلۆ گەورەکە کەپێچابویەوە بیبات، کرێکارەکە ویستی لەسەر کەرەستەکانەوە ئەسپەدارینەکە هەڵگرێت پێی وت: وازی لێبێنە، خۆم ئەوەیان هەڵدەگرم.

کرێکارەکە سندوقەکەی هەڵگرت و لەدەسی خزا و کەوتە سەر ئەسپەدارینەکە وشکا هەرجی لەناوی سکیدابوو دەرچوو.

زۆر داوای لێبـــووردنی لەئـــاتیین کـــرد، جـــۆرج وەکو یادگاری دایکی هەڵی گرتبوو.

گرنگـــی بەکاغەزەکـــان نەدا، ســـندوقەکەی لەگەڵ کرێکـــارەکە نـــارد، گەڕایەوە بۆنوســـینی نامـــاکەی بۆجـــۆرج، پیرۆزبـــایی بیســـت وپێـــنج ســـاڵەی لێـــدەکرد، کـــاتژمێر نـــۆ ســـەردانی دەکـــات تـــاوەکو بـــابەتێکی گرنگـــی پـــێ بڵێـــت بەبـــۆنەی لەدایکبوونیەوە.

دوای ئەوەی نـــامەکەی نوســـی ونـــاردی، ســـەیری ئەو کـــاغەزانەی کـــرد کەلە ســـکی ئەســـپەکە دەرچوبوو.

وتی: تۆ بڵێی چیبێت؟

لێـی دەڕوانـــی پـــارچەیەکی جیـــاوازی لەوانـــی دیـــکە بینـــی، بـــوو بە چەنـــد پـــارچەیەکەوە، کـــاتێ کـــۆیکردەوە ئەبـــڵەق بووکـــاتێ ئیمـــزای جـــاکی بینـــی، وتـــی: خـــوایە ئەکرێـــت ئەمەهەمـــان ئەو نـــامە بێـــت کەجـــان وایزانـــی ئـــاگرەکە ســـووتاندویەتی؟ دواتـــر کاغەزەکەی هەڵگرت وخوێندییەوە:

((ئازیزەکەم جان.....

دوێنـــێ پـــێم وتـــی داهـــاتوویەك بۆخـــۆت ومنـــداڵەکانت دروســـت دەکەم، ئێســـتا بەشـــێوەیەکی خێـــرا

دروســـتمكرد، ســـبەینێ ئەبـــم بە یەكێـــك لەهەرە پیاوەدەوڵەمەنـــدەكان بە دووســـەت هەزارفرەنـــك و ئەو كـــاغەزە داهێنـــانەی بەدەســـتی دێـــنم دەوڵەمەنـــد ئەبم.

((بەداخ نەبـــی بـــۆئەو كـــارەی كەدەركـــرای ئامـــاددەبە و وەرە لەگەڵ ئەوكەســـــە بـــــۆی كەخۆشـــی دەوێیـــت و باشـــترین ژیانـــت بـــۆدابین دەكات، ئەگەر نەیەیت خەمبارئەبم، بەڵام دێیت.

ئەیلولی ساڵی ١٨٦١

((جاك جارۆد)).

ئـــاتیین هـــاواری كـــرد و وتـــی: ئەمە ئەو بەڵـــگەیە كەبەدوایدا دەگەڕام، و بێتاوانی جان ئەسەلمێنێ.

ڕاووڵ لەدەرگـــای داو وتـــی كەوا كاغەزەكـــانی لە ئۆڤیـــد بـــردووەوە ، وەفاتنامـــای پـــۆڵ هرمانیشـــی هێناوە و باوكی ماری ناوی جاك جارۆدە.

كەواتە هـــــیچ گومانێـــــك نەمـــــاوەتەوە، خزمەتكـــارەكەی بـــانگكرد و وتـــی: گالیســـكەیەك

بەکـرێ بگـرە و بـڕۆ بـۆلای لوسـیان لە کـارگەی کۆرینوا پێی بڵێ هەر ئێستا بێت بۆلام.

کاتژمێرێـک دواتـر لوسـیان هـات و وتـی: چـی ڕوویداوە؟

_ لەسـایەی ئەم گەنـجەوە بکـوژەکەی بـاوکتم دۆزییەوە.

ئاماژەی بۆ ڕاووڵ کرد.

_ کێیە؟

_ بەمـزووانە پێتەڵـێم، ئێسـتا باهەمووﻣـان بـڕۆین بۆلای جۆرجی پارێزەر.

لوسـی چـاکببوەوە، ئەو شـەوەی کەجـان ئاشـکرا بـوو چـاوەڕێی جـانی دەکـرد بەڵام بێسـوود بـوو جان نەهات.

بەیـانیەکەی کەسـێکی ڕاسـپارد تـا لەنانەواخـانەکە پرسـیاری جـانی بۆبکـات، لەولاوە بەهەواڵـی گـرنگەوە هـاتەوە بـۆلای لوسـی. هەر ئەوەنەی دەسـتکەوتبوو پێیـان وتبـوو کەوا نـاوێکی دیـکەی بەکارهێنـاوە چـونکە لەگرتووخـانە هەڵهـاتووە ئێسـتاش دیسـان ڕایکـردووە، بەبـێ ئەوەی جـۆری تاوانەکە بڵێ.

خەریکبــوو شــێت ببــێ، وتــی: خــوایە، چــۆن یــارمەتی بــدەم، ئەبــێ بچــم بــۆلای جــۆرجی پـارێزەر، پێشـتر پێـی وتبـووم کەوا چەنـد کەسـێکی بەبەزەییە.

خێـرا ڕۆشـت بـۆلای جـۆرجی پـارێزەر و باسـەکەی بـۆگێڕایەوە، جـۆرج پێـی تێـك چـوو، وتـی: ئەو ژنە نییە فایلە ونبووەکانی بۆ گەڕاندمەوە؟

_ بەڵێ.

_ تۆ خاتوو لوسیت وایە؟

_ بەڵێ، گەورەم.

دڵینـابوو کەوا پـۆڵ هرمـان هەواڵـی لەسـەر داوە، بەسـوزەوە لە لوسـی ڕوانـی و وتـی: ئەو ژنە ناوی ڕاستی خۆی پێی وتویت؟

_ وتی ناوی لیزا بیرینە.

_ ئەو نـاوەی بەکارهێنـاوە وە ئێسـتا نـاتوانین بیدزۆینەوە جگە لەگرتووخانە نەبێ.

_ ترسام گەورەم، بەڕاستی تاوانبارە؟

_ نـــازانم، بەڵام بیســـت ویەك ســـاڵ پـــێش ئێســـتا بەزینـــــدانی هەتـــــا هەتـــــایی تۆمەتبـــــارکراوە وهەڵهـــاتووە، نـــاوی ڕاســـتەقینەی جـــان فـــۆرتییە یە.

_ خوایە، دایکمە......دایکم....

بەڵام ســـتەمی لێکـــراوە، وانیـــیە، لوســـیان خـــۆی وتی تاوانی کەسێکی دیکەیان خستۆتە ئەستۆ.

خـــوایە ئێســـتا ئەزانـــم بـــۆچی ئەوەنـــدە بەســـۆزبووە بـــۆم، دایکـــمە!........ دایکـــم........ چـــۆن بێتـــاوانی بســـــــلەمێنم؟ بەزەیـــــــت هەبێـــــــت گەورەم، تـــــــۆ لەبەناوبـــانگترین پارێزەکـــانی بەزەییـــت بەدایکمـــدا بێتەوە.

لەپـڕ دەرگـا کـرایەوە و لوسـیان و دشـمان و ئـاتیین وەژوورکەوتــن، جــۆرج ســەرســامبوو بەهاتنیــان، لوســـیان لوســـی لەئـــامێزگرت و وتـــی: ئـــازیزەکەم، باهیوامان هەبێ.

جۆرج: هاتووی بڵێی لیزا بیرین ونبووە.

ئاتیین: کێشە نییە دەیدۆزینەوە.

لوســـی هەوڵیـــدا بەجێیـــان بهێڵێـــت بەڵام ئـــاتیین نەیهێشت، وتی: خانمەکەم بمێنەوە.

دواتـــر ئـــاوڕی دایەوە بەرەو جـــۆرج و وتـــی: کـــوڕەکەم ئەمـــڕۆ بویـــت بە بیســـت وپێـــنج ســـاڵ، ئەمـــڕۆش بەجێهێنـــانی ئەو وەســـیەتەیە کە قەشـــە لـــوژێ جێـــی هێشـــتووە لەدوای خـــۆی، نـــامەکەی دەرکـــردوو بەدەنگـــی بەرز خوێنـــدییەوە، ئێـــوەش لوسی و لوسیان گوێ ڕابگرن.

جۆرج خوێندییەوە: کوڕە خۆشەویستەکەم:

((لەئەیلـولی سـاڵی ١٨٦١ ئافرەتێـك ومنـداڵێکی نزیـك بە سـێ سـاڵان هـاتن بـۆلام، سـەرباز بەشـوێنیەوە بـوو، تۆمەتبـاربوو بەسـێ تـاوان، ناوی جان فۆرتییە بوو))

((ئەم ئـــافرەتە ســـوێندی بەخـــودا و کـــوڕەکەی خـــوارد کەوا بێتـــاوانە، ڕاســـتی لەچـــاو و دەنگیدابوو، متمانەم پێکرد))

((بەڵام تـاوانی مـن چیـیە، هەمووبەڵگەکـان دژی بوون و بە زیندانی هەتا هەتایی حوکم درا))

((بەڵام هەتـا ئێسـتاش دڵنیـام لەبێتـاوانی، ئەو تاوانبـارنەبوو بەڵکـو گەواهیـدەرە، هـیچم پێنەکـرا بـۆی جـگە لەوەی کـوڕەکەی بەخێـوبکەم و نـاوی بنێم جۆرج دارییە)).

هەمـــوان لەسەرســـامیدا چاویـــان گەورەببـــوو، جۆرج وتی: کوڕی جانم و لوسی خوشکمە؟

لوســی خــۆی هەڵــدایە باوەشــی بــرا تاقــانەکەی و وتی: براکەم!

هەمـــووان لەبەردەم دیمەنێکـــی وەهـــا خۆیـــان پێنەگیــرا و دەســتیان کــرد بەگریــان، جــۆرج لوســی لەئــامێز گــرت و وتــی: بەڵــێ، ئــێمە منــداڵی ئەویــن، لە چــاوی ئــێمەدا بێتــاوانە بەڵام تاوانبــارە لەچــاوی خەڵك و هیچ ڕێگەیەك بۆ بێتاوانی نییە.

ئاتیین: نا، بەڵگەم هەیە.

خوێندییەوە.

نــامەکەی جــاکی پێــدا، جــۆرج کــاتێ خوێنــدییەوە خەریکبـــوو لەخۆشـــیدا دەفـــڕی: بێتـــاوانی ئەسەلمێنم، لەکوێت بوو؟

_ لەسکی ئەسپە دارینەکەدا دۆزیمەوە.

_ بەڵـــێ، ئێســـتا هـــاتەوە یـــادم یـــاریم پێـــدەکرد، بەڵام چیمان لەدەست دێت جاك مردووە؟

_ بەڵکـــو زینـــدووە نـــاوی پـــۆڵ هرمـــانی هەڵگرتووە.

_ چی دەیسەلمێنێ؟

_ بێگومـــان دەســت و خەتــی پـۆڵ هرمانــت لایە لەگەڵ ئەوە بەراوردی بــــــکە و ڕاســــــتیت بۆدەردەکەوێ.

جۆرج وایکرد، بینی هاوتان.

لوسیان: لەنـاو بچـێ هـیچ و پـووچە، دەیزانـی مـن منـداڵی کـێم و هەوڵیـدا کـچەکەی خـۆی بـدا بەمـن، بەڵام ماوەی یاسایی تاوانەکەی تێ پەڕیووە.

ئـــاتیین: ئەگەر لەوانە بۆیـــدەرچێ لە هەوڵـــی کوشتنی لوسی و جان بۆیدەرناچێت.

جـۆرج: بـا بەدوای دایکمـدا بگەڕێـن، چـی بەسـەر هاتووە؟

لوسیان: دەیدۆزینەوە.

_ چی ئەڵێی بۆ پۆڵ هرمان؟

ئاتیین: بەگوێی مندەکەیت؟

_ بەڵێ.

_ کەواتە لەگەڵم وەرن.

هەر پێنجیـــان وەدەرکەوتـــن لەمـــاڵەکەی جـــۆرج، ســـواری دوو گالیســـکەبوون، لەڕێگـــادا ئـــاتیین

لەلای توتن فرۆشێك وەستا و دووكاغەزی كڕی كە مۆری حكومەتی پێوەبوو.

_ ١٧ _

جان دوای ئەوەی لەبارەكە هەڵهاتبوو نیشانەی شەكەتی بەڕووخسارییەوە بوو، ترس ڕەنگی بردبوو، نەوەستا هەتا گەشتە شوێنێكی چۆڵ، لەسەر بەردێك دانیشت و سەری لەنێو دەستەكانی ناو، و دەیوت: خوایە بۆ هەتا هەتایە كچەكەم لێ كرا.

بەڵام جاك جارۆد هیشتا زیندووە بە وتەی ئۆڤید، ناوی پۆڵ هرمانیشی هەڵگرتووە، دوای خواردنەوەی ئەو خواردنەوەیە مەحاڵە درۆبكات، دەستگیركراوە، بێگومان ئەزانن من بە هەڵە تۆمەتباركراوم و بێتاوانیم دەردەچێ و بەكچەكەم شاددەبمەوە و بەدوای كوڕەكەشم دەگەڕێم.

بەڵێ، لەوانەیە ئێستا جاك زانیبێتی و هەڵهاتبێت، دەستی كرد بەگریان گریانێكی قووڵ.

دواتــر خەوی لــێکەوت و تــا ســبەی خەبەری نەبــوویەوە، وەکــو کۆترێــك هەڵهــاتبێ لەتیــری ڕاوچــی وابــوو نەیــدەزانی بــۆ کــوێ بــڕوات، هەتــا گەشـــتە ڕووبــاری ســـین، لەوێـــدا بیرێکـــی مەترســـیدار بە زەهنیـــدا هـــات، لەنێـــوان خۆشەویســتی بــۆ مــردن و مــانەوەی لەژیــان، خۆشەویســـتی کـــچەکەی ڕێگـــری لێکـــرد لە خوکوشـتن و ئـارەزووی بـۆ ژیـان لەوپەڕیـدا بـوو، ویستی بڕوات بۆلای جاك.

ڕێگاکـانی پاریســی گــرتەبەر، و پرسـیاری مــاڵی پــۆڵ هرمــانی کــرد پێشــوازی لێکــرا و بەنــاوی ئۆڤیـدەوە داوای بینینـی خـاوەن مـاڵی کـرد، گومـانی لەوە هەبــوو جــاك بیەوێــت بیبینێــت بــۆیە خــۆی وەکــــو هاوبەشــــی پیشــــان دا، ڕووخســــەتی وەژووركەوتنــی پێــدا، تەنــانەت کەجــاکی بینــی تۆقاو گەڕایە دواوە، وتی: کەواتە ڕۆژەکە هات.

_ بــۆیە واتێــك چوویــت دیــارە پیلانــی کوشــتنمت دانابوو.

جــاك وایبینــی خــۆی بگرێــت لەم هەل و مەرجەدا، وتــــی: تـــۆ لێـــرەی دوو ڕوو، چـــی تـــۆی هێناوە،،چیتەوێت؟

_ نەفرەتت لێبێت هیچ و پووچ، دوای ئەوەی زانیت من کێم بوێری ئەوەت هەیە بڵێی چیمەوێت و بۆچی لێرەم؟

جاك شانەکانی هەڵتەکاند و وتی: بێگومان تۆ شێتی.

_ چەندین ساڵە بەهۆی تۆوە شێت بووم، چاکبوومەتەوە و هاتووم حسابت لەگەڵا یەکلای بکەمەوە، جاك جارۆدی نەفرەتی.

_ ئەم ناو چیە؟

_ ناوی تۆیە.

_ بەڵکو ناوم پۆڵ هرمانە دیارە شێتی لیزا بیرین.

_ دڵنیای لەوەی ئەوە ناوی منە ناوم جان فۆرتییە، بەسە درۆکردن لەلای جۆرجی پارێزەر زانیت من کێم.

_ بێدەنگ بە.

_ نا بێدەنگ نابم، بەدوامەوەن تا بمبەن بۆ گرتووخانە، بەڵام هاتووم تا تۆ نەبەم لێرە ناڕۆم، ئەبێ دانی پێدا بنێی تۆ بکوژیت و من بێتاوانم.

جاك هەوڵی دا وەڵامی نەداتەوە، بەڵام ماری لەوساتەدا وەژووکەوت، وتی: چی ڕوویداوە؟

جاك: بگەڕێرەوە بۆژوورەکەت کچەکەم، ئەم ژنە شێتە هات وهاواری دروستکردووە.

_ کەوایە بانگی خزمەتکارەکە دەکەم وەدەری نێت، ڕووی لەجان کردو وتی: تۆ کێی؟

_ لە باوکت بپرسە؟

_ چیتەوێت؟

_ دادپەروەریم دەوێت و ئەمەوێت ئەم پیاوە ڕاپێچی گرتووخانە بکرێت.

جاك: بینیت کچەکەم نەموت شێتە؟

جان: خانمەکەم بینیت بوێری ئەوەی نیە قسەبکات.

ماری: بۆ، لەزەنگۆڵەکە نادەی باوکە؟

جان: لەبەرئەوەی دەترسێت.

ماری هەوڵیدا لەزەنگۆڵەکە بدات بەڵام جاك ڕێگری لێکردوو وتی: وامەکە.

_بۆچی.

جـــان: لەبەرئەوەی نایەوێـــت کەس بزانێـــت کەوا پۆڵ هرمان جاك جارۆدی بکوژە.

جــاك واهەســتیدەکرد خــوێنی لە لاشــیەدا بەســتی، وتــی: وســبە دوو ڕوو، بەلایەنــی کەمەوە بەزەیــت بەکچەکەمدا بێتەوە.

_ نەفرەتــی! بەزەیــت بەمــن و کچەکەمــدا هــاتەوە؟ کــاتێ لابــرۆت کوشــت و کارگەکەیــت ســووتاند و پــارە و داهێنانەکەیشــت دزی، هەموویــت خســتە ئەســتۆی مــن، بیســت و یەك ســاڵ لە گرتووخــانە بووم دوور لەکچەکەم و کوڕەکەم؟

دوو منــداڵەکەم جێهێشــت و بەنــاوی پــۆڵ هرمــان ئارادبوویــت، دواتــر بەپارەکانــت گەڕایــتەوە ئێــرە و ویستت کچەکەم بکوژیت و دڵی دەربێنی .

مــاری بەدەم گــوێگرتنەوە لە بــاوکی دەڕوانـــی لەوەدەچـــوو بـــاوەڕی پێکردبێـــت، هەتـــا جـــان تەواوبوو لەقسەکردن.

مـــاری ڕووخســـاری دا پۆشـــی، وتـــی: خـــوایە، چ کارەساتێکە.

جــاك وەك شــێت هــاواری دەکــرد، وتــی: هەی مــار، هاتوویت لە مـــاڵەکەم هەڕەشـــم لێـــدەکەی. هەوڵێـــدا بیخنکێنێت.

لەدەرگــا دراو بەترســەوە هەنگاوێــك ڕۆشــتە دواوە، خزمەتكــارەكە وەژووركەوت و هەواڵــی هــاتنی دوو میــوانی پێبــوو، پــاڵی بەجــان نــا بــۆژوورەكەی و دەرگــاكەی داخســت، لەوكــاتەدا ڕاووڵ و ئــاتیین وە ژووركەوتــن، ئــاتیین چەمـیەوە لەبەردەمیـدا و وتـی: ئەترسم بێزارمـان كردبێتـــی گەورەم بەبـــێ هەواڵ هــاتین، ڕووخســارت زەد هەڵــگەڕاوە و دەستەكانیشــت دەلەرزن، نەخۆشیت؟

_ بەڵــێ، ســەر ئێشــەیەكی تونــدم گرتــووە، بەخێربێیت لەگەڵ ئەم میوانە تازەیەدا.

ئــاتیین: بەڕێــز ڕاووڵ دشــمانە، هۆكــاری ســەردانیەكەت پــێ ئەڵـێم تكـایە داینشـە گەورەم. باقسەبكەین.

جــاك دانیشــت و ئــاتیین دەســتی پێكــرد، وتــی: گەورەم لە قوتابخــانەی پیشەســازی و هــونەر لە ستالۆن دەرچوویت وایە؟

_ بەڵێ.

_ دواتر ڕۆشتویت بۆ سویسرا؟

_ بەڵێ.

_ دووساڵ لەوێ بویت؟

_ بەڵێ.

_ ئەمەوێت پرسیاری پیاوێکت لێبکەم لەسەرە مەرگدایە، لەکارگەکەی ئێوە کاری دەکرد ناوی جاك جارۆدە دەیناسی؟

_ جاك جارۆد؟ نا، بیرم نییە پیاوێکی وام ناسیبێت، بەڵام وابزانم ماوەیەك پێش ئێستا ناویم بیست، وەکو ئەوەی خوێندبێتمەوە لەکارگەکەی جۆڵ لابرۆ کاری دەکرد، بە گیانفیدای ناوبانگی دەرکرد.

_ خۆیەتی گەورەم، ئەم پیاوە دەناسی؟

_ نا.

_ دڵنیایی؟

_ کاتێ ڕۆشتویت بۆ ئەمریکا هیچت لەسەری نەبیست؟

جاك گومان لەدڵیدا دروست بوو، وتی: چۆن بیبیستم لەکاتێدا مردووە؟

_ لەبەرئەوەی زۆرێـك پێیـان وایە هەتـا ئەمـڕۆ زینـدووە، دوای کوشـتنی خـاوەن کـارگە و دزیـن و سووتاندنی لەکارگەکە هەڵهاتووە.

جـاك پێکەنـی، وتـی: خـورافەیەکی کـۆنە، ئەوەی وایکرد ژن بوو.

_ بەڵام ئەم ژنە دەڵێـت بێتـاوانم و نـامەیەکم پێـیە تاوانباری جاك دەسەلمێنێت.

جـاك هیچـی لەدەست نەدەهـات جـگە لەوەی خـۆی بگرێـت، وتـی: ئەم نـامە چـۆن دۆزرایەوە، لەکوێ؟

_ لەسکی ئەسپێکی دارین.

_ ئەوەی دەیڵێیت لەڕۆمـان دەچێـت، ڕێـگەم بـدە بڕوات پێبکەم.

_ کەواتە سـەیری ئەم نـامەیە بـکە، ڕێـگەم پێـدەی لەبەردەمت بخوێنمەوە.

_ چ گرنگییەکی هەیە بۆمن؟

دەیزانی

دواتـــر دوو كـــاغـەزى دەرهێنـــا، كاغـەزەكـــان هەمـــان ئەو كــاغـەزانە بــوو كەكڕيبــوى و مـۆرى حــوكمەتى پێبوو، كاغـەزى فەرمى بوو.

_ ئەمە چييە؟

_ وەكو ئەوەى دەيبينى .

_ بەڵێ، تێناگەم؟

_ تێـــــــدەگەى لەبەرئەوەى بەدواى كاروبـــــــارى دارايـــيەوەين، تـــۆش زۆر باشـــى لە ژمێرياريـــدا گەورەم، ســـــوودى دوو ســــــەد هەزار فرەنكـــــى لەبيست و يەك ساڵدا چەندە؟

_ سێ ئەوەنەى نرخى خۆى.

_ كەواتە شــەش ســـەت هەزار فرەنكـــى لوســـيان لابـــرۆ قەرزارى كەواســـــاڵى ١٨٦١ لەباوكيـــــت دزى.

_ ناوم پۆڵ هرمانە، ئيهانم دەكەى؟

_ بەڵكـو نـــاوت جـــاك جارۆدە، تــۆ دزيـت ئەمەش وەفاتنـــامەكەى پــۆڵ هرمـــان، دەچيـــتە بەردەم دادگـــا بۆ ئەم كارەت.

ئێستا سەرەتا دەبێ شەش سەد هەزار فرەنك بدەی.

_ هیچ بوارێك نەماوە بەرگری لەخۆم بکەم، خوایە خۆم و کچە بێتاوانەکەشم لەناوچووین.

_ هەڵەی خۆتە، پارەکە بدە و ئەبینی.

_ پارەم لێرە نییە.

_ بەڵکو ئەمڕۆ زۆر لەوەزیاترت داناوە بۆ ئوڤید سۆلیفەر.

جاك هیچ ڕێگەیەکی بۆبەرگری نەمابوو، لە ڕەفەی کتێبخانەکە کاغەزێکی دارایی بەو نرخە دەرهێنا و دای بە ئاتیین.

_ ئێستا ئەوە ماوە ئەوەی دەیڵێم لەسەر کاغەزە جێبەجێی بکە.

ئەوەی کرد کە ئەو وتی:

لێرە ئیمزای دەکەم، جاك جارۆد، دان بە ئامادەبوونی ئاتیین کاستڵ، و ڕاووڵ دشمان دەکەم.

دواتــر وەســتا لەنوســین، وتــی: ئەتەوێــت دان بەتاوەنەکەمــدا بنــێم، بەڵام ئەوە شــەرەفی کــچەکەم لەکەداردەکات واناکەم.

مــاری لەســەرخۆ بەرەو ڕووی هــات، ڕووداوەکە بەجۆرێــك کــاریگەری لەســەرهەبوو ئەتــوت بەخەوی موگناتیســی کــۆنترۆڵ کــراوە، وتــی: بەڵکو بنوسە باوکە.

بــاوکی بەدەم هەڵڕشــتنی فرمێســکەوە چــۆکی دادا و وتــی: دەیانەوێــت شــەڕەفت پــیس بــکەن کچەکەم.

جــاك نوســی: دانیپێــدادەنێم لە ئەیلــوولی ســاڵی ١٨٦١ ئەم نامەی لێرەیە بۆ جانم نووسی.

دانیپێــدادەنێم لەو شــەوەدا دووســەد هەزار فــرەنکم دزی لە خەزێــنەکەی جــۆڵ لابــرۆ و داهێنــانەکەیم دزی و کوشــتم وکــارگەکەیم ســوتاند. دانیشــی پێدادەنێم ئۆڤید سۆلیفەرم ڕاسپاردبوو بۆکوشــتنی لوســی فــۆرتییە و دایکــی جــان فــۆرتییە (لیــزا بیرین) ی نان فرۆش.

خامەکە لەدەستە لەرزۆکەکانی کەوت.

لەپــڕ جــان لەو دەرگــای کە بەســەریدا دایخســتبوو وەدەرکەوت و دەســی لەملــی جــاك نــاو وتــی:

دانیش بەوەدابنێ کەمێک پێش ئێستا ویستت لەبەردەم کچەکەتدا بمکوژی.

جاک ئەبڵەق بوو ئاتیین سەری سوڕمابوو، ماری وتی: بنوسە باوکە، ئەوە بنووسە کە جان ئەیەوێت.

ئاتیین فەرمانی پێکرد دانپێدانانەکە ئیمزابکات.

ماری کاغەزەکەی بردوو دای بەجان، وتی: ئەوە بەڵگەی بێتاوانیت خانمەکەم.

ئاوڕی دایەوە بەرەو لای باوکی و وتی: خودالێت خۆشبێت باوکە، بۆ بەخت باشیم من ئەمرم.

دواتر بە بێدەنگی لە ژوورەکە وەدەرکەوت، بێجگە لە هەناسەی باوکی نەبێت هیجی تری نەدەبیست.

* * *

لەوساتەدا لوسیان و لوسی و جۆرج و ئۆڤید و دادوەری لێکۆڵینەوە وەژوورکەوتن، لوسی

هەڵــپەی دا بەرەو لای دایکــی و لەئــامێزی گــرت بڕوای نەدەکرد کەوا دایکی بینیەوە.

ســەرۆکی پــۆلیس دەســتی لەسەرشــانی جاك نــاو وتی: بەناوی یاسا قۆڵبەستت دەکەم.

دواتــر ئــاوڕی دایەوە بەرەو لای جــان و وتــی: تــۆش خــانمەکەم ئــازادی، بەو بەڵگانەشــی کە بۆمـــان دەخـــاتەڕوو بەمـــزووانە بێتـــاوانی تەواوەتیت ڕادەگەیەنرێت.

دواتــر ئــاتیین ئەو نــامەی کە جــاك بــۆ جــانی نوســیوو بــردی، لێــرە جــان زانــی کەوا جــۆرج کــوڕەکەیەتی دیمەنێکــی کــاریگەربوو، فرمێســك وەکو تاڤگە بوو.

دوای کەمێــك ئۆڤیــد و جاکیــان ڕاگواســتەوە بــۆ گرتووخـــانە، بە هــۆڵە ســەرەکییەکەدا دەڕۆشـــتن ماریيــان بە مردوویــی لەســەر کورســییەك بینــی، نامەیەکی لەدەست بوو:

((بۆ لوسی فۆرتییە....

خـــــراپەم زۆر لەگەڵ کـــــــردی، بەڵام زۆرم خۆشویســـت خــودا تــۆڵەی کــردیتەوە و نــزام بــۆ بکە و لێم خۆشبە . ماری))

دوای سێ مانـگ حـوکمی لەسـێدارەدان تـا مردنیـان بەسەر ئۆڤید و جاك دا.

بەڵام جاك بەرگەی نەگرت و خۆی کوشت.

کـاتێ بێتـاوانی جـان سـەلمێنرا لوسـی و لوسـیان هاوسـەرگیریان کـرد و بەخۆشـی ژیـان لەگەڵ جـۆرج و جـان، دوای چەنـدین سـاڵ نەهـامەتی و زیندانی لەکۆتایدا بە خۆشی ژیا.

کۆتایی.